تصوير ابو عبد الرحمن الكردي

12

وسینی : جان جاك رۆسۆ

# پەیمانی کۆمەڵایەتی



2005

چاپی یەکەم

و/لەعەرەبییەوە

محمد صابر

# گرێبەستی کۆمەڵایەتی

نوسینی : ژان ژاك رۆسۆ
و / محمد صابر كريم

چاپی یەکەم

سلێمانی ..........................خەرمانانی ـ٢٧٠٥
2005

مافی لەچاپدان و لەبەرگرتنەوەی پارێزراوە بۆ خانەی چاپ و پەخشی ڕێنما

**ناسنامەی کتێب**

ناوی کتێب : گرێبەستی کۆمەڵایەتی

بابەت :

نوسینی : ژان ژاك ڕۆسۆ

وەرگێڕانی : محمد صابر کریم

شوێنی چاپ : چاپەمەنی گەنج

ساڵی چاپ : ٢٠٠٥

تیراژ : ١٠٠٠ دانە

گرێبەستی کۆمەڵایەتی

ئەم وەرگێڕانە کوردییە

لە هەردوو وەرگێڕانە فارسی و عەرەبیەکەیەوە وەرگێڕدراوە

وەرگێڕانە فارسیەکەی : قرارداد اجتماعی

متن و در زمینه متن

ژرار شومین / اندره سنیك

کلود مورالی / ژوزه مدینا

وەرگێڕانی بۆفارسی : مرتضی کلانتریانی

چاپ دووەم/ ١٣٨٠ هـ - ٢٠٠٠ ز

چاپخانەی ئاگا ـــ تهران

---

وەرگێڕانە عەرەبیەکە : في العقد الاجتماعي

ت : ذوقان قرقوط

الطبعة الاولى / اذار ١٩٧٢

دارالقلم ـــ بيروت ـــ لبنان

**<u>پێشکەش :</u>**

**ئەم کارە وەرگێڕانیەم بۆ ئەم دانراوە بەنرخ و مەزنە ، پێشکەشی برای بەڕێزم دلاوەر قەراغی دەکەم .**

**بەو هیوایەی وەك یەك لە پێشڕەوانی بەرجەستە کردنی پرسەکانی داد پەروەری و کێشەکانی مرۆڤی چەوساوە و رزگاری نەتەوایەتی لە کلتوری هۆنراوەی کوردیدا بەردەوامبێت**

**<u>م . ص</u>**

- (( خـەڵكی ناوچـەی " سـیرن" بانگهێشـتی ئـەفلاتونیان كـردووە یاسـایەكیان بۆبنوسـێت ، كـە بـەگوێرەی بـەڕێوەبردنی كۆمارەكەیان بۆڕێكبخاتن ، وەڵێ ئـەفلاتۆن ڕەتـی ئـەو داوایـەی كردووە و گوتویەتی كە دانانی یاسا بۆخـەڵكی سـیرن ، كـارێكی دژوارە ، لەبـەر ئـەوەی خـاوەن پـارە و پـولێكی زۆرن و تـەنها بەدوای پێكەوەنانی سامانەوەن )) **پلوتارك**

- (( كاتێك گـەلێك وەهـا خۆیـان ڕادێـنن كەلـەژێر دەسـتەڵاتی حكومـەتێكی دیكتاتۆریـدا بـژین ، ئـەوا ئـازادی بۆئـەوان كـارێكی ئەستەنگ و دژوارە )) **رۆسۆ**

- (( كاتێك دەستمدایە وەرگێڕانی دانراوێكی ئاوها گـرنگ و مـەزن ، زۆربـاش بـەئاگام لـەحاڵی دارمـاوی ڕۆشـنبیرانی كۆمەڵگەكـەم ، ڕۆشـنبیرانێك كـەزۆر خۆیـان لـەوە بەگـەورەتر دەزانـن ، ئاخـاوتنی جـدی و بوێرانـە لـە كێشـە و گرفتەگەوهەریـەكانی خـەڵكی كۆمەڵگەكـەیان بكـەن !!! . ڕۆشـنبیرانێك كـەئاخاوتن لەمافـە سـەرەتاییەكانی مـرۆڤ و دادپەروەری و رزگاری راستینە ی كۆمەڵگەو تـاك ، بـەكاری نـا ڕووناكبیری دادەنێن !!! . ئالێرەوە هەمووجار دەڵێم ئاخۆ دەبێـت وەرگێڕانی بەرهەمگەلێكی ئاوها مەزن ، بۆكۆمەڵگەیـەك ئـەوها، دەبێت چ سودێكی هەبێت و چ ڕۆڵێك بگێڕێت لە ئاگابوونەوەی مرۆگەلی ئەم كۆمەڵگەیەدا . ئاخر كۆمەڵگەیەك بەشی هەرەزۆری مرۆگەلەكەی تەنها خـەریكی بەدەسـتهێنانی سـامانداری و ژیـانی رابواردنی و ماكیاژگەرێتی بن ، لەكاتێكدا لـەسەر دەریای ئـاون و بەپیاڵە ئاویان پێدەفرۆشن ، خاوەن باشترین سەرچاوەكانی وزەن و بەخولـەك كارەبایان وێدەدەن و ... دەبێت لـە چ مەرگەسـاتێكدا بـژی و بگوزەرێنێـت و دەبێـت چـۆن بـەراوردبكرێت دەگـەڵ گەلێكدا كەسەدان ساڵ پێش ئێستا روناكبیری وەك رۆسـۆ، دوو هەزارە ساڵێك پـێش ئێسـتا بیرمەنـدی گـەورەی وەك ئەرسـتۆ و ئەفلاتۆن و گروتیۆسی بەرهەمهێناوە ... )) . **م.ص**

# پێشکەش کردن:

خوێنەری بەڕێز، ئەم کتێبەی بەردەست، وەرگێڕدراوی یەکێکە لەگرنگترین بەرهەمەکانی گەڵە فەیلەسوف و نووسەری مەزنی فەرەنسی "جان جاك رۆسۆ ۱۷k- ۱۷۷۸"، کە لەساڵی ۱۷٦۲ لەئەمستردام لە ۱۲٥ پەڕەدا بڵاوی کردۆتەوە.

بێگومان ئەم بەرهەمەی رۆسۆ لەوەدا دەردەکەوێت، کە شۆڕشگێڕانی شۆڕشی مەزنی فەرەنسا ۱۷۸۹، نووسەرەکەیان بەمامۆستای فیکری خۆیان و کتێبەکەشی کە (گرێبەستی کۆمەڵایەتی)یە، بەسەرچاوە و ئیلهامبەخشی دید و هزرە شۆڕشگێڕییەکانیان دەزانی، دیارە مەسەلەیەکی بەو چەشنەش لەخۆڕا نەبوو، بەڵکو لەو ڕاستییەوە سەرچاوەی گرتووە، کە جان جاك رۆسۆ وەك فەیلەسوف و نووسەرێکی مەزنی سەردەمەکەی، توانا و لێوەشاوەی کەم وێنەی خۆی وەستیانە بۆ داڕشتنەوەی سەرجەم بۆچوونە رامیاری و کۆمەڵایەتییەکانی لە (گرێبەستی کۆمەڵایەتی)دا بەکار هێناوە و ئەزموونی دەوڵەمەند و رادەی بەرزی هەستیارییەکەی ئاسۆی بیرێکی ئاوەڵیان پێ بەخشیوە، بەجۆرێك شێکارییەکی سەرکەوتووانەی لەلایەنە جیاوازەکانی کۆمەڵگا لەو بەرهەمەی دانیشانی خوێنەر دەدات، ئەوەش وای کردووە کە هیچ کام لەفەیلەسوف و بیرمەندە بەناوبانگەکانی سەدەی هەژدەهەم هێندەی رۆسۆ کاریگەری مەزنیان لەسەر بۆچوون و هزری سەردەمی خۆیان و نەوەکانی داهاتوو نەبوو بێت.

بێگومان، ژیانی سەخت و پڕ نەهامەتی و ئاڵۆزی رۆسۆ، لەنێوان کۆمەڵگای فەرەنسی لێوانلێو لەململانێی فیکری بێ دادی کۆمەڵایەتی و ئابووری لەسایەی سیستەمێکی ئەریستۆکراسی زۆرداری بنەماڵەی (بۆربۆن) و هەژمونی هەمەلایەنەی کڵێسای کاسۆلیکی، هەوێنی بیرێکی یاخی و کینەتۆزی لای رۆسۆ بەدژی سەرجەم رژێمە ئابووری و کۆمەڵایەتی و رامیاری سەردەمەکەی خۆی پێکهێنابوو، بەچەشنێك

لەگەڵ هەمووان دا لەڕوویەڕوو بوونەوەیەکی سەخت دابوو هەتا رادەیەك راوەدونان و دەرکردن و دوور خستنەوەبەردەوام بوو.

شیعری بلسە، رۆسۆ بەچەشنێك لەواقیعە گشتییە ناهەموارییەکەی کۆمەڵگا بێزار بوو، کە لەدید و بۆچوونەکانیدا، هەڵوێستی زێدە مەنفی سەبارەت بەدیاردە مرۆڤایەتییەکانی وەك شارستانی، زانست، هونەر، موڵکایەتی تایبەت و دەوڵەت نیشان دا و ئەوانەی بەسەرچاوەی تێکڕای بێنەوایی و ئێش و ئازارەکانی تاك و چینی تۆو و شەڕانگێزی لەمرۆڤدا و بێبەش کردنی لەسەربەستی و ئازادی و تاڕادەیەك کۆیلەکردن لەقەڵەم دەدا. ئەم بۆچوونەش هەڵدەری سەرەکی بوو تا پێچەوانەی رەوتی بیرمەندانی سەردەمەکەی کە بە (فەرهەنگییەکان) ناسرابوون و (ڤۆڵتێر) ناودارترین هەڵوێست وەرگرتن و بانگەشە بۆ بۆچوونە سەیر و بەناوبانگەکەی بکات کە بەناوی (مرۆڤی کێوی نەرم و نیان یاخود درندەی پیاوچاك) ناسراوە بەپێی ئەم بۆچوونە، رۆسۆ پێی وایە، کە مرۆڤ بەساکاری خۆی لەبناخەدا چاکەخواز و خێرخوازە، ئەوە ناهەموارییەکانی سیستەمە کۆمەڵایەتییەکەیە کە دەیگۆڕێت بۆ کەسایەتییەکی بەدخوا و شەڕەنگێز و ئازاربەخش.

هەربۆیە رۆسۆ لەنووسین و بەرهەمە بەرێیەکانیدا بەتوندی هێرش دەکاتە سەر دیاردەکانی کۆمەڵگای وەك دەوڵەت و زانست و موڵکایەتی تایبەت و شارستانی و ئەوانە بەسەرچاوەی سەرەکی تێکڕای نەخۆشی و نەهامەتییەکانی مرۆڤی هاوچەرخ و لەگەورەترین کۆسپ لەبەردەم ئازادییەکانی تاك لەکۆمەڵگادا لەقەڵەم دەدات. رۆسۆ پەڕینەوەی گروپە مرۆڤایەتییەکانی لەژیانی کۆیلەیی سەرەتاییەوە بۆ نیشتەجێ بوون و ژیانی شارستانی بەخاڵێکی وەرچەرخانی سەلبی و دەستپێکی کۆیلایەتی و نەهامەتی مرۆڤ دادەنا ئەو پێی وابوو شارستانی نەخۆشی و نەفرەتی راستەقینەیە بۆ مرۆڤ، بەبڕوای ئەو، موڵکایەتی تایبەت لەو دەمەوە دەستی پێکردووە کە خەڵکانی ساکار باوەڕیان بەو کەسە خۆسەپێنە

کردووه که پەرژینێکی بەدەوری پارچە زەوییەکدا گێڕاوە و گوتوویە: (ئەمە موڵکی منە)، ئەوەش سەرەتای کۆمەڵگای شارستانی پێکدەهێنا کە تێکڕای بێدادییە ئابووری و کۆمەڵایەتی و رامیاری و ئەخلاقییەکان لەوێوە دەست پێدەکەن.

چونکە بەهێنانە کایەی موڵکایەتی تایبەت مرۆڤ دەوڵەت و دام و دەزگا سەرکوتکەر و داپڵۆسێنەرەکانی دامەزراند تا سامان و جیاوگەکانی بۆ بپارێزێت و بەدژی زۆرینەی هەژاران تا ڕادەی کۆیلە کردنیان بەکاریان بهێنێ.

لەڕاستیدا ئەم دیدەی ڕۆسۆی هان دا داوا لەمرۆڤ بکات ماڵئاوایی لەژیان شار و شارستانی و چێژگەرایی بکات و بۆ باوەشی گەرمی ژیانی لادێ و پەیوەندی بەتینی خێزانی سەرەتایی بگەڕێتەوە و بەسادەیی ژیانێکی ئاسوودەی بێ گرێ و گۆڵ بەرێتە سەر، بەڵگەشیەکی وا کە لایەن فۆڵتێرەوە رەخنەی لێ گیرا، بەوەی لەنامەیەکی دابۆ ڕۆسۆ نووسیویە "کاتێك پیاو بۆچوونەکانم دەخوێنێتەوە هەر زوو خولیای ئەوە دیدەگرێت کەبۆ ڕۆیشتن دابەزێتە سەر چوارپەر".

شایەتی ووتنە ئەم بۆچوونانەی ڕۆسۆ لەنێوەندی فیکری و کۆمەڵایەتی سەردەمەکەی خۆیدا دەنگ و هەرایەکی گەورەی لێکەوتەوە و بەشێکی بیرمەندانی فەرەنسای پێش شۆڕشی لێ ڕاست کردەوە، ئەوەش هاندەرێکی باش بوو تا ڕۆسۆ سەرلەنوێ بەبۆچوونەکانیدا بچێتەوە و لەقاڵبێکی دیکەدا، بەشێوازێکی جیاواز، بەڵام نوێ لەپێشوو دیاریڕێژێتەوە، ئەوەش سەرەتای ئەنجامدانی کارێکی مەزن و بەرهەمێکی تازە و پڕبایەخی لێکەوتەوە کە کتێبی ((گرێبەستی کۆمەڵایەتی بوو)).

لەم کتێبەدا ڕۆسۆ سیستەمێکی رامیاری و کۆمەڵایەتی نوێ بۆ کۆمەڵگا نێو ڕیزە دەکات کە سیستەمی دیموکراسی نوێنەرایەتییە ئەو سیستەمەی تێیدا سەرلەنوێ ئازادی و سەربەستییەکان بۆ مرۆڤ لەکۆمەڵگادا دەگێڕێتەوە، ئەویش لەڕێگای گرێبەستێکی کۆمەڵایەتییەوە

که تاکه‌کان ئاره‌زوومه‌ندنه ڕێکبخه‌ن بۆ ئه‌وه‌ی گوێڕایه‌ڵی یلسیه‌ك بین که هه‌ڵقولاوی خوست و به‌رژه‌وه‌ندییه‌کانی گشتی و تێکڕای کۆمه‌ڵگا بخات.

ڕۆسۆ له‌به‌شی یه‌که‌می کتێبه‌که‌یدا به ناونیشانێکی سه‌رنج ڕاکێش ده‌ست پێده‌کات و نووسیویه (مرۆڤ سه‌ربه‌ستانه و ئازاده له‌دایك بووه و له‌هه‌موو شوێنێك کۆت و به‌ند کراوه)، ئه‌و له‌سه‌ر ئه‌وه پێداده‌گرێت که مرۆڤ له‌کۆمه‌ڵگای سه‌ره‌تاییدا ئازادییه‌کی ره‌های هه‌بووه و پابه‌ندی هیچ یلسیه‌ك نه‌بووه، به‌ڵام پاش نیشته‌جێ بوون و په‌ڕینه‌وه بۆ قۆناخی شارستانی، ده‌وڵه‌ته جیاوازه‌کانی هه‌وڵی له‌ناوبردنی سه‌ربه‌ستی و ئازادی تاکه‌کانی کۆمه‌ڵگایان داوه، هه‌ربۆیه هێنانه کایه‌ی سیسته‌مێکی نوێ پێویسته که له‌لایه‌ن ئازادییه‌کانی تاك و به‌رژه‌وه‌ندییه‌کانی مسۆگه‌ر کات و له‌لایه‌کی دییه‌وه درێژه به‌به‌رده‌وام بوونی کۆمه‌ڵگا بدات که به‌رژه‌وه‌ندییه‌کانی تاك و کۆ به‌شێوه‌یه‌کی ته‌ریب له‌ڕێگای یلسیه‌که‌وه بپارێزێت. که فۆرمێکی نوێ به‌ده‌وڵه‌ت و حکومه‌ت و دام و ده‌زگا جۆربه‌جۆره‌کانی بدات لێره‌شدا (ئیراده‌ی گشتی یاخود به‌رژه‌وه‌ندی و گیانی کۆمه‌ڵایه‌تی) به‌ردی بناغه‌ی ئه‌و فۆرمه نوێیه بێت.

له‌م به‌رهه‌مه پڕبایه‌خه‌دا ڕۆسۆ گواستنه‌وه‌ی مرۆڤایه‌تی له‌حاڵه‌تی سروشتییه‌وه بۆ حاڵه‌تی شارستانی به‌گۆڕانێکی گه‌وره له‌قه‌ڵه‌م ده‌دات، له‌به‌ر ئه‌وه‌ی یلسا شوێنی غه‌ریزه ده‌گرێته‌وه له‌دیاری کردنی ره‌فتار و ئاکاره‌کانی مرۆڤدا، هه‌ربۆیه ده‌بێت خۆی له‌به‌شێك له‌و خۆشییانه بێبه‌ش بکات که له‌حاڵه‌تی ژیانی سه‌ره‌تاییدا هه‌یبووه، بۆ ئه‌وه‌ی له‌هه‌ندێك رووی دیکه‌وه سودی گه‌وره‌تری چنگ که‌وێت، ئه‌ویش ئه‌وه‌یه که له‌گیانله‌به‌رێکی گه‌مژه‌ی وێڵه‌وه ده‌بێته مرۆڤێکی ژیر و خاوه‌ن خه‌ون و بیر.

ڕۆسۆ له‌گرێبه‌ستی کۆمه‌ڵایه‌تیدا ئازادی به‌کۆمه‌ڵگاوه گرێ ده‌دات و تێکڕای به‌گوێڕایه‌ڵی بۆ یلسیه‌ك ده‌مێنێته‌وه که هه‌ڵقولاوی به‌رژه‌وه‌ندی

کۆمەڵگا بێت، جگە لەوەی رۆسۆ هەوڵی بەخشینی پێناسەیەکی نوێمان بۆ دەوڵەت دەدات کە تێیدا لەتێکڕای گەل و دەسەڵات پێکدێت، دەسەڵاتێک کە جێبەجێکەری خولستی گشتییە و سەرچاوەکەی گەلە، باشترین حکومەت لای رۆسۆ ئەو حکومەتەیە کە کەسانی لێهاتوو و رەوشت بەرز تێیدا کاربەدەست بن، کەسانێك هەڵبژێردراوی گەل بن و جێبەجێکەری یاسایەك بن کە بەرجەستەی بەرژەوەندییەکانی کۆمەڵگا بکات.

لەگرێبەستی کۆمەڵایەتیدا رۆسۆ وەك واقیعێك دان بەمولکایەتی تایبەتی دادەنێت بەمەرجێ لەژێر سایەی چاودێری گشتیدا بێت و فراوانکردن و بەکارهێنانی ژیان، بەبەرژەوەندییەکانی کۆمەڵگا نەگەیەنێت، نەبێتە هۆی قووڵ کردنەوەی نایەکسانی کۆمەڵایەتی و ئابووری. لەم رووەشەوە رۆسۆ پێی وایە کە نابێت جیاوازی تاکەکان لەرووی توانای فیزیکی و لێهاتووییەوە رێگر بێت لەرێگای هێنانەدی یەکسانی مافە کۆمەڵایەتی و یاساییەکان بۆ تێکڕای تاکەکانی کۆمەڵگا.

رۆسۆ لەسۆنگەی پەروەردەی ئایینی پرۆتستانتییەتەوە هەوڵێکی بۆ دژایەتی ئایین و دەرپەڕاندنی بۆ دەرەوەی کۆمەڵگا نەداوە، بەڵکو ئەو پێی وایە کە دەکرێت ئایین سودی لێوەرگیرێت بۆ هێنانەدی چاکەخوازی کە لای رۆسۆ بە پایەیەکی بنەڕەتی دادەنرێت، بەڵام رۆسۆ بانگەشە بۆ پابەندبوون بەئایینێکی سادە و موسبەت دەکات کە خێری کۆمەڵگای تێیدا بێت و تۆوی چاکەخوازی و چاوپۆشی نەك رق و تۆڵە و کینە لەکۆمەڵگادا بڵاو بکاتەوە و گەل لەلایەن دەزگای ئایینییەوە بکرێتە مێگەل و بۆ مەبەستی ئاینشمانی بڕانرێت.

رۆسۆ دەنگێکی فرە زوڵاڵی رەخنەگرانە و شۆڕشگێڕانەی سەردەمەکەیەتی، ئەو پێی وابوو جگە لەشۆڕش ئەستەمە رێگایەکی دیکە سەرکەوتوو بێت لەچارەسەری باری نالەباری ئابووری و بێدادی کۆمەڵایەتی و ئیستیبدادی رامیاری لەکۆمەڵگاکەیدا، هەربۆیە رووی دەمی خۆی تەنیا ئاراستەی جەماوەر دەکرد و دەیگوت: ((مافی گەلە

حكومەتێك بڕوخێنێت كە لەسەر دژیەتی خولست و بەرژەوەندی گشتی بەردەوام بێت))، ئەو مافەی كە گەلی فەرەنسا یازدە ساڵ پاش مردنی رۆسۆ، بەخۆی رەوای بینی و پراكتیزەی كرد.

لەم قۆناخەی ئەمڕۆمان‌دا، كە كێشەی دیموكراسی و ئازادی گەرایی بنیادنانی سیستەمی حكومەتە نوێنەرایەتییەكان، بۆتە مەسەلەی پلە یەكی وڵاتانی پشكەوتوو زەجر دیتووی دەستی رژێمە دیكتاتۆری و تۆتالیتێرەكان، مەسەلەیەكی بەو چەشنە كە لەرۆژهەڵاتی ناوەند بەگشتی و لەكوردستان و وڵاتە داگیركەرەكانی بەتایبەتی، زیاتر لەنێوچەكانی دیكەی بۆتە پێویستییەكی سەرەكی و پەرۆشی جەماوەری ستەم دیدەیە.

دیارە لەسۆنگەی ئەو راستییەوە كە دیموكراسی بێ كەسانی دیموكراسی خوازنایەتە دی، هەربۆیە بڵاوكردنەوەی هۆشیاری دیموكراسی و ئاشنا كردنی جەماوەر و پەروەردە كردنی تاكەكانی كۆمەڵ بەسەرچاوە و پرەنسیپەكانی، زەمینە خۆشكەری وەدیهاتنی كۆمەڵگایەكی ئازادن، ئەوەش پەیامی پیرۆز و ئەركی بنەڕەتی غەمخۆرانی دیموكراسی و رۆشنبیرانی راستەقینەیە.

لێرەوە وەرگێڕانی ئەم بەرهەمە پڕبایەخەی رۆسۆ، لەلایەن كاك محەمەد سلێرەوە بەكارێكی پێویست و گران و گرنگ دەزانم و پێم وایە كۆمەڵگاكەمان و كتێبخانەی كوردی بەوەرگێڕانی ئەم جۆرە بەرهەمانە سودمەند و دەوڵەمەند دەبێت، هەربۆیە لەلایەنی خۆمەوە دەستخۆشی لێدەكەم و هیوای سەركەوتن و بەردەوامی بۆ دەخوازم، لەگەڵ رێزم بۆ هەمووان.

د. یاسین سەردەشتی
سەرۆكی بەشی مێژووی كۆلیجی زانستە مرۆڤایەتییەكانی
زانكۆی سلێمانی

# ئاخاوتنی وەرگێڕی کوردی:

ئەو هەلومەرجەی (گرێبەستی کۆمەڵایەتیم) تێدا کردە کوردی:-
لەڕاستیدا بەدوای بێکاربوون و سەندنەوەی مافی کارکردنم وەك فەرمانبەرێك لەدەزگایەکی ئەوەی پێی دەوترێت حکومەتی هەرێمی کوردستان –ئیدارەی سلێمانی، کە بۆ (من) تەنها وەك هۆکارێکی پەیدا کردنی بژێویم وەها بوو، بەو پێیەی کە لەسەردەمی رژێمی بەعسی دیکتاتۆریشدا، بۆماوەی هەبووە بەبڕوانامەی خوێندنمانەوە لەسەر کارێك دابمەزرێین. وەلێ لەم ئیدارەنا نەسیۆنالیستیەدا، ئەو سادەترین مافی کارکردنەش بەکەسێکی وەك (من) رەوانەدیترا، بەبێ هەبوونی هیچ هۆیەکی رەوا و لۆژیکی... بەڵێ بەدوای هاتنە پێشی ئەو بارودۆخە ناهەموارەی گوزەرانی ئابووریم، بەتایبەتیشکە (ئەز) ی رەخنەگر رادیکال، لەهیچکام لەدەزگا و سەنتەرە فەرمی و نافەرمییەکانی حیزبی نەسیۆنالیست دەسەڵاتداری ئەم پانتاییەدا بەشدار نیم لەوەرگرتنی هیچ کۆمەکێکی نەك هەر مادی بەڵکو مەعنەویش، ئیتر دەبوو لەپاڵ کرێکاری کردندا، کاری وەرگێرانیش بکەم، بەتایبەت لەگەڵ ئۆفسێتێکی وەك ئەوەی بەگرێبەست، گرێبەستەکەی (رۆسۆ) م بۆ وەرگێڕاوە، ئیتر ئەوە هەر خۆم دەزانم کە بەچ هەلومەرج و بارێکەوە ئەم کاری وەرگێڕانەم تەواو کردووە، بەهەرحاڵ ئەوە جێگای ئەوپەڕی شانازیمە کە خامەی خۆم پاك ڕاگرتووە و هەڵوێستم نەدۆڕاندووە.

- من و هەڵبژاردنی گرێبەستی کۆمەڵایەتی:-

لەڕاستیداسەرباری هەبوونی ئەو هەلومەرجە دژوارەی گوزەرانم، وەلێ نەئەوکات و نەئێستاش، هەرگیز ئامادەنیمە، دەست بدەمە کارێکی کولتووری –ئەدەبی، بەمەبەستی بازرگانی، نەخێر، خاوەن ئۆفسێتی بەڕێزی (رێنما) ش بەخۆی گەواهیدەری ئەم ڕاستییە، کە (من) چۆن پێداگربووم لەسەر جۆر وناوەڕۆکی کولتووری – فیکری –ئەو بابەتەی کە کاری وەرگێڕانی تێدا دەکەم. هەرئەوەش یەکێك لەهۆکارە سەرەکییەکانی هەڵبژاردنم بوو، بۆ وەرگێڕانی ئەم بەرهەمە بەنرخ و مەزنەی بیرمەندی گەورەی مرۆڤایەتی "ژان ژاك رۆسۆ"، لەڕاستیشدا (من) تائەو چرکەساتەی کە راستەوخۆ کەوتمە کارکردن لەوەرگێڕانیدا، جگە لەکۆمەڵێك زانیاری گشتی لەسەر "رۆسۆ" و لەسەرخودی ئەم

دنـراوەی، کـە لەسـاڵی یەکـەمی خوێـندنی زانکـۆییم لەکۆلێـژی زانسـتە سیاسییەکانی – زانستگەی بەغداد. لـەماوەی "پێشـەکییەك بـۆ زانسـتی سیاسـەت"، وەرمگرتبـوو، ئیـدی هـیچ زانیاریـیـەکی دی وەهـام نـەبوو لەسەری. لێ ئەو زانیاری گەلە، بەس بـوو بـۆ ئـەوەی هەڵبژاردنەکـەم بـۆ وی لەجێگەی خۆی بێت –

- مەزنی گرێبەستی کۆمەڵایەتی: -

سـەبارەت بـەگرنگی و مـەزنی ئـەم دنـراوەیـە، (ئـەز) تـەنها لـەم چـەند دێـرەدا دیـد و ڕا و تێگەیشـتنی خـۆم، چـڕ دەکەمـەوە، لەبـەر ئـەوەی ئـەو کـارەم زیـاتر بـۆ یـەکێکی دی بەجێهێشـت و بـەڕێز (د. یاسـین سەردەشـتی) بەو پەڕی خۆشحاڵییەوە ئەو کارەی لەئەستۆی خۆی گرت.

لەگـەڵ ئـەوەی کـە (گرێبەسـت) سەرچـاوە و سـەرگە (مـەرجع) یـەکی بەپێـز و مەزنی چۆنیەتی سەرهەڵدانی کۆمـەڵگای مەدەنییـە – حاڵـەتی مـەدەنی – لەمیلـەی لێتوێژینـەوەی ورد و بابەتیلـەی بـۆ چـۆنیەتی سـەرهەڵدانی دەسـەڵاتە سیاسـییەکان و شـێوە و جۆریـان و، پەیوەنـدیان بەیەکییـەوە، لەلایـەکی و چـۆنیەتی پێکهـاتن و چـابوونی چەمکی یاسـا و شـوێن گرتنـەوەی وەك بنـەما و بونیـادێکی سـەرەکی لەکۆمـەڵگای گـوازراوەدا – واتـە کۆمەڵگـەی مرۆیـی دوای قۆنـاخی هۆسـەگەرێتی و ئانارشیستی – و، پەیوەندی نێوان ئـەم سـەرەکیە گرنگـە – واتـە یاسـا – و هەریـەك لەدەسـتەی دەسـەڵاتدار و حکومـەت، لەلایـەکی دی و، ئاخـاوتنی ورد لەچەمکی کۆمەڵگا و تاك و لـەم قۆناخـە گوازراوەیـەدا و، پەیوەنـدی هـەریـەك لـەو دوو چـەمکە بەچـەمکەکانی (حکومـەت) و (دەسـتەی دەسـەڵاتدارم لەلایـەکی و بەچـەمکی (یاسـا) لەلایـەکی دیـەوە، دوا جـاریش واقیعی پەیوەندی نێوان هەرکام لەو بونیاد و کۆڵەکانـەی، کـە مێـژووی مرۆڤایەتی لەو چرکەسـاتەی قۆنـاخی گوازتنـەوە و تـا ئێسـتاش و، تـا ئـەو دەمەی کە بـاری بەڕێوەچـوون و پێکهاتـە سیاسـیانەی کۆمەڵگـەی مرۆیـی بـەم شـێوەیە بێـت، بەرجەسـتەکەر و پیادەکـەرێتی، ئەوانـە بـریتین لـەگرنگترین و دیـارترین پـرس و بابـەتێك کـە (رۆسـۆ) ی گـەورەبیرمەنـد، زۆر لێهاتوو و وردبینانە، هزر و توانا ئیدیلییەکانی خـۆی تێـدا بنفـەرمان کـردووە، ئاسـەرئەنجام ئـەم دنراوەیـەی لێهاتووتـە بەرهـەم، بـەکورتی و کوردییەکەی (تەز) دەڵێم: "گرێبەست ئینجیلی فیکـری سیاسی لەڕشـتە پلـەیی و گەوهەرییەکەیـدا، واتـە پەیـدابوونی دەسـەڵات و حکومەتـەکان، شـێوە و جۆرەکانیـان، پەیوەنـدییان بـەتاك و کۆمـەڵگاوە و بەپێچـەوانە و بەپێچەوانەش، رۆڵی یاسا لـەو نێوەنـەدا، وردتـر و بەشـێوەیەکی دی بڵـێم،

ئەم دنراوەیە، فراوانکەیان مەوسوعەی چەمکەکانی ئازادی و دیموکراتی و مافە".

سەیر کەن ئەو مرۆڤە پێش زیاتر لە (٢٤٠) ساڵ، لەنێو دنراوەکەیدا، گرێبەستی کۆمەڵایەتی، ئاوها ئاخاوتن لە(سیلسەت) دەکات. "رامیاری پێش هەموو شتێك مۆراڵە، ئەو مرۆڤە دەتوانێت بەدیبهێنێ کە ئیرادە و عەقڵ و ویژدان وهەستی هەیە، نەك تەنها پێویستی وسەرگەرمییەك، یان هەوەسێك...".

"پۆڵ پۆرجلان" ی چاپکەری چاپە فەرەنسیەکەی "گرێبەست کۆمەڵایەتی" لە پێشەکییەکەی خۆیدا، ئاوها ئاخاوتن لەچەمکی (سیلسەت) دەکات:-

"رامیاری پێش هەموو شتێك پەروەردەی هاوڵاتی دەخوازێت، لەوێدا ئەو پیاوە رووناکبیرانە بوونیان هەیە، ئەوانەی کە رێگە نادەن راگەیاندنە فێلاویەکان، لەخشتەیان بەرێت، چونکە تاکە خولیاکی ئەوانە بریتییە لەخۆشویستنی نیشتمان".

- کوردی ئەم قۆناخە و گرێبەست:-

لەراستیدا لەهەر جارێکدا کە بۆ وەرگێڕانی گرێبەستی کۆمەڵایەتی، خەریك بووم، لە پاڵ پرۆسەی وەرگێڕان و پێداچوونەوە و هەڵبژ کردنەکەیدا، زۆر بەوردی پرۆسەی خوێندنەوەیشیم پیادە کردووە و، ئەوەی کە (تەز) لەو پرۆسەیەدا یەکسەر و راستەوخۆ سەرنجی راکێشاوم، بریتییە لەچەندین دید و ڕا و بیربەندی ئەو رووناکبیرە گەورەیە، سەبارەت بەحاڵەتی مێگەلی هەندێك لەکۆمەڵگاکان و، فروفێڵی دەسەڵاتدارە ملهوڕ و نادیموکراسی و ناجەماوەرییەکانی لەگەیشتن بەکورسی دەسەڵات و پۆستی حوکم کردندا، هەروەها شێواز و رێکارە دیماگۆکی و لەخشتەبەرییەکانی خەڵکی مێگەل – وتە کۆمەڵگا ناهۆشیارەکان- شێواز چەوتی دەسەڵاتکردنی دەستەی دەسەڵاتدار بەناوی دیموکراتییەت و... هتد. تا دەگاتە ئاخاوتن "رۆسۆ" لەگەندەڵی و دزی و راو و رووتی دەسەڵاتدار وسەرکردەکان لەخودی ئەو خەڵکەی کە بەدەنگدانی ئەوانی گەیاندۆتە پۆستی دەسەڵاتکردن بەسەریاندا، بەتێپەڕبوون، بە لەژێرپێنانی ئاشکرای یاسا و دەستدرێژی کردنی سامانات بۆسەر مافەکانی کۆمەڵگا و تاك، هەروەها، بونیادنانی حکومەت و دەسەڵاتێك کە ئەوەی پێی بوترێت دادپەروەری ومافی خەڵکی چەوساوە، تێیدا بوونی نییە....، بەڵێ هەموو ئەو پرس و بابەتە گرنگانە لەلایەن ئەو رووناکبیرە گەورەوە لەم دنراوەیەدا ئاخاوتنی لێکراوە و زۆریش

جەختی لەسەر كراوە،(ئەز) هێلم بەژێر زۆربەیاندا هێناوە، لەبەرئەوەی كە وا دەزانم (رۆسۆ) لەئەمرۆكەدا، بۆئەمرۆكەی (مە) ی نوسیوە.

- هەندێك ئاخاوتنی دی:

بەدوای لێبوردن لەهەموو ئەوانەی كە بەجیدی و راستگۆیانە، ئەم وەرگێڕانە كوردییەی (گرێبەست) دەخوێننەوە، كە:

١ـ دەبوو لەبەرگەكەدا، (گرێبەستی كۆمەڵایەتی) بنوسریایەنەك، پەیمانی كۆمەڵایەتی، چونكە هەم لەڕووی رێزمانی وهەم لەڕووی بابەتی بەرهەمەكەوە ئەوەی یەكەمیان راستترە.

٢ـ ئەگەرچی لە (٢٠٠٥/١/٧) وە دەستم داوەتە كاری وەرگێڕانی ئەم بەرهەمە. و لەشەوی (٢٠٠٥/٢/٢٢) تەواوم كرد، لێ، دوای ئەوەی كە لەكاتی هەڵەبڕییەكەیدا لەگەڵ وەرگێڕانە فارسییەكەیدا، بەراوردم كرد، بۆم دەركەوت كە جیاوازی لەبەرچاو هەیە لەنێوان هەر دووك وەرگێڕانە عەرەبی و فارسییەكەدا، بۆیە كە ناچاربووم كە لەزۆر بەشیدا ربەراوردی وەرگێڕانە فارسییەكە بكەم و، بەو شێوەیە ئێستا بەشی زۆری وەرگێڕانەكەم لەمەی دوییانەوەنەك عەرەبییەكە. ئەوەش لەڕاستیدا، چاپ كردنی ئەم بەرهەمە و بلاوكردنەوەی زۆر بەدواخست.

٣ـ لە بەكار هێنانی هەندێك زاراوە و وشەی دیالێكت و شێوە زارەكانی زمانەكەمان، كە هێنانی هەندێك زاراوە و وشەی دیالێكت و شێوە زارەكانی زمانەكەمان، كەبۆ زۆر خوێنەر، ناڕەحەتییەك پێكدەهێنێت. هەرئەوەشە كە ئەو بەشە لەخوێنەرانی بەرهەمەكانم، رێباز و شێوازی نووسینی (من) یان بەلاوە وشك و قورسە. لێ (ئەز) ئەوە بەپێویست دەزانم و بۆ خۆشم كە بەو شێوەیە دەنووسم زۆر چێژ لەنوسین وەردەگرم.

٤ـ (ئەز) هەرگیز لەگەڵ ئەوەنییە، كە خوێنەری كەمتەرخەم و لاژی. پەروەردە بكەین، بەوەی كە هزر و ئیدپاكانمان، وەك پارویەك كە بەئاسانی قوت بدرێت، بخەینە بەردەستیان. لەڕاستیدا، ئەو خوێنەرەی كە ئەوە خەسڵەت و مۆركی پەیوەندی بێت بەدونیای كولتوورە، تەنها دەكرێت وەك راگوزار و كات بەسەربەرێكی كولتوور — فیكر، بەئەژمار بێت و ئەوەش بۆ خۆی مەرگ و ئیفلیج بوونی كولتوور و فیكرە؟

محەمەد صابر كەریم
٢٠٠٥/٦/٨

# گافەکانی ژیانی رۆسۆ

١-ژمارەکان (١٧١٢-١٧٤٢):
لە(٢٨/حزیران/١٧١٢) ژان ژاك رۆسۆ لە شاری (جنێف) لە دایك بووە ،(ئەو) کوڕی دووەمی (ئیسحاق رۆسۆ) و (سۆزان برنار) بوو ، دایکی ئەوەندەی نەبرد لە(٧/تموز) هەمان ساڵدا ، کۆچی‌دوایکرد .
ساڵانی (١٧١٢ــ ١٧٢٢) رۆسۆ لەلای باوکی دەژیا ، کە خەریکی خوێندنەوەی ڕۆمانەکان بوو بە تایبەتیش (بلۆتارك) .
ساڵانی (١٧٢٢ــ ١٧٢٤) (ئیسحاق رۆسۆ)ی باوکی لە ساڵی (١٧٢٢)و چووە شاری (نیون ـ Nyon)، رۆسۆ و(ئبراهام برنارد)ی کوڕی خاڵی لەم ساڵەدا پەیوەندیان کرد بە خوێندنگەی ناوخۆیی بەڕێز (لامبیرسییە) La mbercier ) لە شاری (بۆسی ــ Bossey ) ساڵی (١٧٢٥) رۆسۆ دەستیکردە مەشقکردن لای (دۆکۆمان ــ Ducommun )ی داتاش [1] .
لە (١٧٢٨)وە ، ڕێك لە(١٤ی ئازار)دا ، رۆسۆ دەرگاکانی (جنێف) بەداخراوی لەبەردەمیدا دەبینێت ، بۆیەکە بڕیاری ڕاکردن دەدات و بەرەو(کاسۆلیکیەت) وەردەگۆڕێت ، واتە دەبێتە (کاسۆلیکی) و لە(٢١ی ئازار)دا لەشاری (ئەنیسی ـ Annecy ) بە مەدام (دی وارنیس ــ Warnes ) دەگات و، لە (٢١ نیسان)یشدا ، لە شاری (تۆرین ــ Turin ) لە ئاینەکەی خۆی هەڵدەگەڕێتەوە .

---

[1] داتاش تاککڕای (النقاش) ی عەرەبیە ، واتە ئەوانەی کە کاری نەخشسازی دەکەن لەسەر بەردو دارو هتد .. وەرگێڕ-م.ص ـ .

(١٧٢٩ ـ ١٧٣١) دوای ئەوەی ماوەی ساڵێك لە ئیتالْیا لەلای کەسانی تایبەت خزمەتدەکات ، دەگەڵ مەدام (دی وارنیس) ژیانیان دەبەنەوە شاری (ئەنیسی) و پاشان شاری (شامپێری ـ Chambery ) و، فێری زۆر پیشە دەبێت ، بەتایبەت مۆسیکاو ، پاشئەوە هەندێ گەشت ئەنجامدەدات، لەسالأنی (١٧٣٠ـ ١٧٣١) بۆ (سویسرا) و ،لە(حزیران ـ ئاب ١٧٣١)یشدا بۆ (پاریس).

لە تشرینی یەکەمی (١٧٣١) و(حوزێرانی ١٧٣٢) رۆسۆ لە گۆڕەپانی (سافوا ـ S avoie ) کاردەکات ، ( کە ناوچەیەکە لە فەرەنسا بە تەنیشت ئیتالْیاوە) .

(١٧٣٢ یان ١٧٣٣) بەرەو (بیزانسۆن ـBesanson ) گەشتدەکات .

(١٧٣٥ یان ١٧٣٦) مانەوەی یەکەمی لە (شارمیت Charmettes ی شامپێری ) .

لە(ئەیلول ١٧٣٧) رۆسۆ دەچێت بۆ (مۆنتبیلیە ـ Montpellier ) ، پاشان لە شوبات یان ئازاری سالْی دواتردا دەگەڕێتەوە بۆ (شامپێری ) .

(١٧٣٨ ـ ١٧٣٩) رۆسۆ لە شاری (شارمیت) بە دوای پەروەردە زانستی و وێژەیی و فەلسەفیەکانی دەکەوێت و(کۆگای بیرەکان ) دادەنێت [1].

(١٧٤٠ ـ ١٧٤١) لە شاری (لیۆن) ، وەك پەروەردەکەری کوڕانی(مابلی ـMably) دەمێنێتەوە .

٢- سالْەکانی مانەوە لە پاریس (١٧٤٢ـ ١٧٥٦) :

---

[1] ئەم نوسراوە ( کۆگای بیرەکان ـ مستودع الافکار) یەکەمین پەرتوکی رۆسۆیە ـ م .ص ـ .

(١٧٤٢) هەر دەگەڵ گەیشتنە (پاریس)ی، رۆسۆ پرۆژەکەی سەبارەت بە(سیمبوڵە نوێیەکانی مۆسیکا) پێشکەش بە (ئەکادیمیای زانستی) دەکات .

(١٧٤٣ ـ ١٧٤٤) سالآنی پەیوەندییەکانی رۆسۆیە بە(دۆبان ـ Dupin )ی خێزانیەوە و لە شاری (بندوکیە) وەك سکرتێری (دیمۆنتیگۆ ـ Demontaigu ) دەمێنێتەوەو ئالەوێدا ـ واتە لەو کاتەدا ـ م.ص ـ ـ رۆسۆ ئاشنای کونجوکەلەبەرەکانی سیاسەت دەبێت .

(١٧٤٥) برادەرایەتی رۆسۆ دەگەڵ (دیدرۆ ـ Diderot ) و سەرەتای پەیوەندیبە(تیریز لۆفارسۆر ـ Theres Levasseur ) و، هەر لەم مەدامە و لەماڵە بەربادەکاندا ، منداڵەکانی دێنە ژیانەوە .

(١٧٤٦) رۆسۆ کە سکرتێری مەدام (دۆبان)ە ، دەگەڵیدا دەکەوێتە دانانی پەرتوکێك سەبارەت بە(ژنان) و (توێژینەوەیەك لە بنەرەتی زانستە مرۆییەکان )ی (کۆندیاك) بلآودەکاتەوە .

(١٧٤٨) مۆنتسکیۆ (گیانی یاساکان ـ روح القوانين) بلآودەکاتەوە .

(١٧٤٩) رۆسۆ گۆتراوەکانی لەسەر (مۆسیکا لە ئەنسیکلۆپیدیا)دا ، دەنووسێت و لە تشرینییەکەمی هەمان ساڵدا، کاتێك بەرێگاوە دەبێت بۆ شاری (فانسین ـ Vinceenes ) بۆ سەردانی (دیدرۆ)ی زیندانی ، بابەتی (پێشبرکێی ئەکادیمیای دیجۆن) لە(مەرکور دی فرانس ـ Mercure de France ) دەخوێنێتەوە ، کە بریتی بووە لە : ئایا پێکهاتنی زانست و هونەرەکان ، بەشداریان لە گۆشکردنی رەوشت ـ

Moral ـــدا کـــردووە ، بەمـــەش ئـــەقڵی ( ئـــەو) هەڵـــدێت [1] و، لـــە هەمانســـاڵدا (بۆڤـــۆن ـــ Buffon ) (مێـــژووی سروشـــت)ەکـــەی بڵاودەکاتەوە .

(٩ تموز ١٧٥٠) تاجینەکردنی گۆتراوەکەی (رۆسۆ) دەربارەی (زانست و هونـەرەکان) و ئـەم گـۆتراوەش کـە هێرشـێکە بۆسـەر ژیارییـەکانی پـاریس ، دەنگدانـەوەی مـەزن پەیدادەکات ودەبێتـە بابـەتی پیلـەبازی ـ جدل ـ و گفتوگۆی گەرم لە ساڵانی (١٧٥٠ـ ١٧٥٢)کاندا .

(١٧٥٢) لـە تشـرینی یەکـەمی ئـەم سـاڵەدا ، لەبـەردەم (لویسـی چواردەهەمدا) شـانۆیی (ئەستێرەناسـی گوندەکـە)، کـە لـە (نووسین و مۆسـیکا)ی رۆسـۆیە ، نمـایش دەکرێـت ، لێ، رۆسـۆ ، بۆئـەوەی بـە پادشای فەرەنسا نەناسێندرێت ، خۆی وندەکات . لـەکانونی یەکـەمی هەمانســاڵدا شــانۆیی (نارســیس یــان خۆخۆشەویســت) کــە رۆســۆ پێشـــەکیەکی گرنگـــی بـــۆ نووســـیوە ، لەســـەر (شـــانۆی فەرەنســـا) دەنوێندرێت .

(١٧٥٣) لە تشرینی دووەمی ئەم ساڵەدا لە شاری (سـان جیرمـان) رۆسۆ دەسـتدەکات بـەخۆدابڕین . یـان وەکـیدیبڵێین بەخۆگۆشـەگیرکردن ــ م.ص ـــ بەمەبەسـتی بیرکردنـەوە لـەو بابەتـە پێشـنیارکراوەی (ئەکادیمیای دیجۆن) بەنێوی : بنەڕەتی نایەکسانی نێوان مرۆڤ ، چییە و، ئایـا یاسـای سروشـت ، ڕێگـەی پێـدەدات ؟. لـە ڕاستیشـدا ئـەو توێژینەوەیەی کەلەم بابەتەدا کردی ، دەبێتـە پنتیلێدەرچوونی دانراوە

[1] ئاماژەیە بۆگرنگیوبایەخیخوێندنەوەی ئەوبابەتە لەلایەن ( رۆسۆ)وە بەشێوەیەك كە ئەقڵی(وی) وەك خۆر بەدەرخستوە ـ م . ص ـ .

سیاسیەکەی ، لێ، لەکانونی یەکەمی ئەم ساڵەدا ، بەهۆی نامەکەیەوە دەربارەی (مۆسیکای فەرەنسی) ڕێگەی پێنادرێت کە بچێتەناو ئۆپراوە.
(١٧٥٤) بەرەو (جنێف) گەشتدەکات و دەگەڕێتەوە بۆ کەنیسەی (کالڤینی) و بە خواردنی قوربانی کەنیسە ڕازی دەبێت و مافی هاوولآتێتی وەردەگرێتەوە .
(١٧٥٥) گۆتراوەی دووهەمی ، دەگەڵ پێشکەشیکردنێك بۆ (کۆماری جنێف) و ، پێشەکی نووسین و سەرنجەکانی بلآودەکاتەوە ، هەر لەم ساڵەدا بەرگی پێنجەمیش لە (ئەنسیکلۆبیدیا) ، تۆژینەوەکەی ڕۆسۆ بە نێوی : ئابووری سیاسی ، لەخۆدەگرێت .
٣-دابڕانی لە(مۆنتمۆرانسی ــ Montmorency )سالآنی (١٧٥٦ــ ١٧٦٢) :
(١٧٥٦) لە (٩ نیسان)دا ، ڕۆسۆ لەشاری (ئەرمیتاج) لە ئامێزی مەدام (دیبینای ــEpinay ' D )دەمێنێتەوە و دەستدەکات بە بیروێنایی (تخیل) لە خۆشەویستی (سان برۆ و جۆلی) .
لە (١٨ ئاب)دا ، سەبارەت بە بوومەلەرزەکەی (لیشبۆنە) و (برۆفیدانس) نامەیەك بۆ (ڤۆلتێر) دەنێرێت .
(١٧٥٧)حەزبازی(مغازلة)ی مەدام(دودتو ـ D'Houdetot)دەکات و، دەشکەوێتە دژایەتی دەگەڵ هەریەك لە(گریم ــ Grimm )و مەدام (دیبینای) و (دیدرۆ) ، پاشانیش لە کانونی یەکەمدا ، لە(مۆنتلیۆس ـM ontlouis )ی مۆنتمۆرانسیدەمێنێتەوە .
(١٧٥٨) ، ڕۆسۆ لەشاری (جنێف) وەلآمی گۆتراوەکەی (دالمبێر . d' Alembert) دەداتەوە ، کە لەبەشی حەوتەمی (ئەنسیکلۆبیدیا)کەدا ،

بە ناونیشانی : نامەیەك بۆ بەڕێز دالمبێر سەبارەت بە شانۆییەکان ، بڵاوکراوەتەوە .تیایدا دەردەکەوێت کە بۆچی رۆسۆ ئارەزووی لەو شانۆیە نەبووە ، کە(ڤۆلتێر) و برادەرەکانی خوازیاربوون لە جنێف بیهێننە دامەزراندن ؟ . هەر لەم ساڵەشدا لە دانانی (هیلونیزی نویٚ) بوەوە و، دەستیکردە بیرکردنەوە لە( ئەمیل )و، لەبیرۆکەی دانانی( دامەزراوە سیاسیەکان) وازیهێنا و ، دەستیدایە خەریکبوون بەلاپەڕەکانی (سان بیر)ی قەشەوە [1] .

(١٧٥٩) کتێبی (کاندید) کە رۆسۆ نەیخوێندۆتەوە ،لەلایەن (ڤۆلتێر)ەوە بڵاودەبێتەوە ، هەر لەم ساڵەدا برادەرایەتی دەگەڵ (ماریشاڵ) و مەدام (دی لوکسمبۆرگ)دا دەبەستێت .

(١٧٦١) و لەکانوونی دووهەمیدا ، (هیلۆنیزی نویٚ) بڵاودەکاتەوە و، لەوکارەیدا سەرکەوتوو دەبێت .

(١٧٦٢) و لەکانوونی دووهەمیدا ، رۆسۆ چوارنامەکەی بۆ (مالیسرب ــ M alesherbes )دادەڕێژێت ،کە پەیوەندە بە گەشتی ژیانی خۆی . لە نیسانی ئەمساڵەشدا (گرێبەستی کۆمەڵایەتی ) و لە ئازاریشدا (ئەمیل)ەکەی بڵاودەکاتەوە .

٤- ساڵەکانی دەربەدەری (١٧٦٢ــ ١٧٧٠) :

(١٧٦٢) لە (٩ حزیران)دا ، کتێبی (ئەمیل)ەکەی سەرکۆنە دەکرێت و، ڕاونانی دانەرەکەی کە هەڵدێت و، لە(١٤/حوزێران)دا پەنادەباتەبەر (ئیفردون ــ Yverdon ) ، پاشان لە(١٠/ تموز)دا پەنادەباتە (موتیر ـ Motiers ) لە میرنیشینی (نیوشاتل ــ Neuchatel )ی تایبەت بە

---

١) قەشە (سان بیر) لە ساڵانی (١٦٥٨ـ ١٧٤٣) دا ژیاوە ـ م . ص ـ .

(فریدریك)ی پادشای بروسیەکان . لە (١٩/ حوزێران)و لە جنێف هەردوو کتێبی (ئەمیل) و (گرێبەستی کۆمەڵایەتی) دەسوتێندرێن . لە(١٨/ ئاب)یشدا، لە(کریستۆف دی بۆمۆنت)ی سەرۆکی قەشەکانی پاریسەوە، ڕاگەیاندنێك لەدژی (ئەمیل) دەردەچێت ، ڕۆسۆ لە مانگی (ئازار)دا بۆ بەرگریکردن لە خۆی ، بەنووسینێك بەناونیشانی (نامەیەك بۆ کریستۆف دی بۆمۆنت) وەڵامیدەداتەوە .

(١٧٦٣) ڕۆسۆ دەستبەرداری بۆرژواییەتگەرایی خۆی دەبێت و، لەلایەن (ترۆنشان ـ Tronchin )ی هاونیشتمانیەوە (ئەو نامانەی لە گوندەوە نووسراون) بڵاودەبێتەوە .

(١٧٦٤) ڕۆسۆ بە(ئەو نامانەی لە شاخەوە نووسراون )، وەڵامی (ترۆنشان) دەداتەوە و تیایدا هێرشدەکاتە سەرئەو کارکردانەی کە لەبەرامبەری دەکارهێنراون و، دەستدەکاتە توێژینەوە لەسەر دامەزراوە ئاینی و مەدەنییەکانی شاری جنێف و لە کۆتایی تشرینی یەکەمدا بڵاویدەکاتەوە ، پاشئەوە ڕۆسۆ دەستدەکاتە نووسینی (دانپیادانراوەکانی) .

(١٧٦٥) لە کاتێکدا ڕۆسۆ مومارەسەی سرووتە ئاینیەکانی دەکات ، ودەگەڵ شوانەکە و دانیشتوانی (مۆتییر ــ Motiers ) دەکەوێتە دژایەتیکردنەوە . دوای (نامە گۆڕینەوەکان دەگەڵ بۆتافۆکۆ ــ Buttafoco )دا ، دەستدەداتە نووسینی (پڕۆژەی دەستووری کۆرسیکا) ، پاشان لە دورگەی (سان بیر) دادەنیشێت ، کە خۆشڕابوێری باڵی بەسەردا دەکێشێت . لێ، لە تشرینییەکەمدا

ئەنجومەنی (بیرنی بچوك) بڕیاری دەرکردنی دەدات ، پاشان لە تشرینی دووەم لە (ستراسبۆرگ) پەنادەدرێت و لە کانونی یەکەم لە (پاریس) .

(١٧٦٦) دەگەڵ (هیوٚم)دا دەچێت بۆ ئینگلتەرە .

(١٧٦٧) رۆسۆ دوای دژایەتیەکەی دەگەڵ (هیوٚم)دا ، دەگەڕێتەوە (فەرەنسا) و، لە کۆتایی حوزەیراندا لە شاری (تری ـ Trye ) لە ئامێزی (شازادە کۆنتی Konti ) لە (بۆفیزی ـ Beauvaisis ) جێگیردەبێت و، لە کۆتایی تشرینی دووەمی ئەم ساڵەدا لە پاریس فەرهەنگە مۆسیکیەکەی دەفرۆشێت .

(١٧٦٨) و لە نێوەڕاستی حوزەیراندا ، شاری (تیری) بەجێدەهێڵێت و دەچێتە (لیۆن)، پاشان دەچێتە (گرۆنۆبڵ) و (شامپێری) و لە کۆتایشدا لە (بۆرجوان) ی (دۆفینیە) دادەنیشێت و لە (٣٠/ ئاب)دا هاوسەرێتی دەگەڵ (تیرین)دا پێکدەهێنێت .

٥- پاریس / ساڵەکانی کۆتایی (١٧٧٠ـ١٧٧٨) :

(١٧٧٠) رۆسۆ لە(نیسان)ی ئەمساڵەدا شاری (مۆنکان ـ Monquin )کە لەکۆتایی کانونی دووەمدا رویلێنابوو، بەجێدەهێڵێت ولە(حزیران)دا لەشەقامی(بلاترییر ـpla-triere )ی پاریس ،جێگیردەبێت و دەستدەکات بە پێشکەشکردنی خوێندنەوەگەلێك تایبەت لە کتێبی (دانپیادانراوەکان)ی .

(١٧٧١) سەرەتای پەیوەندی بە(برناردان دی سان بییر ـ Bernardin de sain pierre ) و (تێڕوانینەکانی لەسەر حکومەتی پۆڵۆنیا ) کە لەسەر داوای (ویلهورسکی ـ Wielhorsky ) نوسیویەتی ، تەواو دەکات .

(١٧٧١) رۆسـۆ دەسـتدەکاتە نووسـینی (دیالۆگـەکان) کەلـە سـاڵی ڕابردوودا بە (رۆسۆ لەسەر ژان ژاك دادوەریی دەکات) دەستیداوەتیٚ و، ئەوەش لەپێناوی بەرگری لەدانراوەکان و لە خودی خۆی ، لە بەرامبەر نەوەکانی داهاتوودا .

(١٧٧٥) نوانـدنی (بیگمـالیۆن ـــ Pygmagion ) لـە کۆمێـدی (فرانسین) .

(١٧٧٦) لە (٢٤/ شوبات)دا رۆسۆ ناتوانێت دەستنوسی (دیالۆگەکان)ی لە پەیکەری کڵێسای (نۆتردام) دابنێت و ، لە مانگی نیساندا ، لە نێو شەقامەکاندا ،دەستدەکاتە بڵاوکردنەوەی ڕاگەیاندراوەکەی (بۆ هەموو فەرەنسیەك کە هێشتا دادپەروەری و راستینەی خۆشدەوێت ) . هەر لەم ساڵەشدا دەستدەکاتە دانانی دوو سەیرانی ـ نزهة ـ ی یەکەم لە کتێبی (خەونەکانی سەیرانکەرێکی تەنها ) .

(١٧٧٧) پێنج سەیرانەکەی دواتری ئەو کتێبە ، دادەنێت .

(١٧٧٨) ، ئەوەی کەماوەتەوە لە سەیرانەکانی ئەودانراوەیە دادەنێت . لـە (٢٠/ ئایـار)دا ، رۆسـۆ دەچـێت بـۆ شـاری (ئـەرمینۆ فیـل ــErmenovill ) بـۆلای (دی جـیراردان) و ، لـە(٢٦)ی ئـەم مانگـەدا دەگاتـەوە بـە(تیریـن) و لـە (٢/ تمـوز)دا ، ژان ژاك رۆسۆ کۆچـی دوایـی دەکـات و ، دوو ڕۆژ دواتـر لـە دورگـەی (بۆبلیـە ـــ Peupliers ) دەنێـژدرێت و، ئەوەنـدە نابـات ئارامگەکـەی دەبێتـە حەجگایـەکی ڕێبواران.

٦- شکۆمەندی پاش کۆچکردن :

(١٧٨٢) بە هەوڵی لیژنەیەك لە شاری (جنێف) دانراوەکانی رۆسۆ بلآودەکرێتەوە ،بەتایبەتیش ئەوانەی لەوەوپێش نەهاتبوونە چاپکردن وەك (چەند بەشێك لە ئاشتی هەمیشەیی) کەکۆمەڵە دەقێکن لەسەر (دی سان بیر)ی قەشە ، کە بەتەنها لە ساڵی (١٧٦١)دا دەرکەوتوون . هەروەها بەشی یەکەم لە (دانپیادانراوەکان) و(دیالۆگەکان) و (دەرکێشیەکان ــ الهواجس) .

(١٧٨٨) مەدام (دی ستایل ــ Mede stael ) نامەکانی خۆی لەمەڕ سروشتی ژان ژاك رۆسۆ و کتێبەکانی، بلآودەکاتەوە .

(١٧٩٠) و لەمانگی (تموز)دا بە ئاهەنگ و شانازی کردنی بێپایانەوە، پەیکەری نیوەجەستەی رۆسۆ بە شەقامەکانی پاریسدا دەگێڕدرێت .

(١٧٩١) و لە مانگی (حوزەیران)دا ، ناوی رۆسۆ دەنرێت لە شەقامی (بلاتریر ــ P latriere ) و لە(٢١ کانونی یەکەم)دا ، کۆمەڵەی دامەزرێنەر ، لەسەر دانانی پەیکەرێك بۆ رۆسۆ و بڕینەوەی مووچە بۆ هاوسەرەکەی، دەنگدەدات .

(١٧٩٢) ئەنجومەنی گشتی (جنێف) فەرمینامە ــ المرسوم ـ ی دەرکراو لە دژی رۆسۆ ، هەڵدەوەشێنێتەوە .

(١٧٩٤) و لە(٧ ئایار)دا و بەفەرمانی کۆمەڵەی دامەزرێنەر، گەلی فەرەنسا داندەنێت بەبوونیخودا و ڕۆژی دوایی و نەمری ڕۆحدا .

لە (٢٦/ ئەیلول)دا (تیریز لۆفارسۆ ــ Theres Levasseur ) دەستنوسی (دانپیانراوەکان) پێشکەش بە کۆمەڵەی دامەزرێنەر دەکات.

لە (٩ـ١١/ تشرینی یەکەم) ئێسك و پروسکی (رۆسۆ) دەگوێزرێتەوە بۆ (ئەلبانتیۆن) و، بەدوای ئاهەنگگێڕانێك بەو بۆنەیەوە لە (لیۆن) و چەندین شاری تر جەژنی فەرمی دەکرێت .

(١٧٩٥) (کانت)ی فەیلەسووف کتێبی( لە پێناوی ئاشتیەکی سەرمەدی)دا بلأودەکاتەوە .

(١٨٠١) (تیریز لۆڤارسۆر)ی هاوسەری (رۆسۆ) لە شاری (بلیسیس بللفیل ـــPlessis-Belleville )ی نزیك لە (ئیرمینۆنسفیل) ، کۆچیدوایی دەکات .

# پێشەکی

**سەبارەت** بەمنداڵێتی خۆی،(رۆسۆ)دەڵێتن :((من ، یان خۆم بە یۆنانی دادەنا، یان بە رۆمانی)، لەمەوە تێدەگەین کە(ئەو) بۆ پاڵەوانێتی، بەجۆشوخرۆش بووە و نیشتمانیەتی پاڵەوانەکانی (بلۆتارك) و(جنێف)، بۆ (ئەو) وەك شارێکی کۆن دەردەکەوت و لەبەرئەوە ئەوەندەی نەبرد کە وڵاتەکەی بەجێهێشت .(ئەو) هەروەك چۆن لە شاری (سافوا) لە گەڕان بەدوای خۆیدا بێ هیوا بوو ، لە (پاریس)یش بە هەمانشێوە ، لە تەمەنی (٣١)ساڵیدا، ڕێکەوت وەك سکرتێری باڵیۆزی فەرەنسا، ئەمی هێنایە شاری (ڤینس-Venise)، ڤێنیسیەکان ((ئەسپارتی)) نەبوون . بێگومان رۆسۆ، یەکێك بوو لەو یەکەمینانەی سەردەمی نوێ ، کەلەبەرامبەر مۆرکە رەوشتیە بەربادەکان وحکومەتێکی گەندەڵدا، وای دەبینی ((هەموو شتێك پابەندە بەسیاسەتەوە)). بەڵێ، لێ، لەوێدا بازنەیەك بوونی هەیە، چونکە حکومەت پابەندە بەو مۆڕاڵانەی-the moral -کە خۆی هاندەرێتی، ئایا مەهامی یەکهەمینیش بریتی نیە لەهاووڵاتیانیچاك ؟ سیاسەتیش پەروەردەیەکیباش دەخوازێت . ئابەمشێوەیە بیرکردنەوەی ڕۆسۆ دەهاتەپەلکێشکردن [1]، دیمەنی فەرەنساش جەختی لەسەر دیاریکردنەکانی دەکرد، ئیتر ئەوەبوو هێندەی نەبرد، تا هاتەسەر خەودیتن بەنووسین لەسەر (دامەزراوە سیاسیەکان). هەروەها کاتێك کەسەرقاڵی دانانی گۆتراوەکەی بوو لەسەر (نایەکسانی) وپاشانیش

[1] مەبەست لە پەلکێشکردنی بیرکردنەوەیەتی بەرەو دونیای سیاسەت .م.ص.

تۆژینەوەکەی لەمەڕ (ئینسیکلوپیدیایەك بۆ ئابووری سیاسی)، نوسراوی دانەرە باشەکانی دەخوێندەوە.

لە(٩/نیسان/١٧٥٦)دا، بۆ ئەوەی لە(مۆنتمۆرنسی) نیشتەجێبێت، خۆی لەژیانی گشتی دابڕان و، ئیتر دەستیکردە دانانی پلانی کارەکانی، پێش هەموو چتێکیش وبەکورتی کارەکانی (دی سان بییر-Desain+Pierre)ی قەشەی وتەوە، کەلاپەڕەکانی (ئاشتی سەرمەدیو پۆلیزنیودی Polysnodie) حکومەتی ڕاوێژکارانی، لەلابوو. پاش ئەوەش سێ پرۆژەی گەورەی تەواوکرد[1] کەبریتین لە: تەواوکردنی ئەو (دامەزراوە سیاسی)انەی کە لەساڵی (١٧٥١)وە دەستی دابوێیو، نوسینی(مۆڕاڵی هەستی- The sensitive moral) لەپێکهاتنی چاکەخوازی و کامەرانیدا و، کۆکردنەوەی کارەکانی لەمەڕ پەروەردە . هەروەها لەکاتێکدا کەچاوەڕوان کراونەبوو، ڕۆسۆ پرۆژەی دانانی (هیلۆ ئیزی نوێی-Nouvelle Hebise) وەستاند، ئەوەش لەپێناوی کارکردن لەنوسینی (دامەزراوە سیاسیەکان) ، ئەو کتێبەی کەلە دوو بەش پێکهاتووە، یەکەمیان پرەنسیپەکانی مافی سیاسیو، دووهەمیش پەیوەندیەکانی نێوان گەلان ، ئەوەبوو بەشی یەکەمی هێشتەوەو دووهەمیانی سووتاند. لەڕاستیدا ڕۆسۆ، نێوەڕۆکی ئەو سێدانراوەی لەنووسینی دانراوەکەی لەمەڕ پەروەردە: ئەمیل -E mile، بەرجەستەکرد، ئەمەی دوایش- واتە (ئەمیل)-م.ص-بەشی پێنجەمی سەبارەت بە(سیاسیەکان) دەدوێت، لێ، (ئەو) لەیەککاتدا، پرەنسیپەکانی لەمەڕ مافی سیاسی لەژێر

---

[1] مەبەست لە نووسینی دانراوی گەورەیە .

ناوی(گرێبەستی کۆمەڵایەتی)دا لەساڵی (١٧٦٢) هێنایە بڵاوکردنەوە، لێرەدا پێویستە ئاماژە بەوە بدەین کەڕۆسۆ لەو دانراوەدا پشتگیری لەپەیوەندی بەهێزی نێوان (سیاسەت وپەروەردە) دەکاتن ،کەلە (کۆماری ئەفلاتون)دا دەیدیتیەوە .

سیاسەت، بەلای ئێمەوە[1]، بریتیە لە هونەری کارگێڕایەتی کۆمەڵگەو پاراستنی ئاشتی کۆمەڵایەتی تیایدا و وەرگوڕانی یاسادانان– التشریع– بەشێوەیەك کەبگونجێت دەگەڵ ئەو گۆڕانکاریانەی کە مێژوو دەیانهێنێتن و، هەروەها چاودێریکردنی چالاکیە جۆراوجۆرەکانی خەڵکی بەشێوەیەك کەدامەزراوەکان دادپەروەرو چالاك بن، پاشانیش ڕێکدەستهێنانی–ضبط– پەیوەندیەکانی نێوان دەوڵەتان . ئێمە دەربارەی سیاسەتی دارایی‌و فێرکاری‌و ئابووری‌و کۆمەڵایەتی ئاخاوتن دەکەین، لێ کاتێك دەربارەی هونەری داگیرکردن وهونەری پاراستنی حکومەت، دەئاخفتین، دیالێکتی‌تر دەکاردەهێنین. ئەم گرفتانەش ، لەلای ڕۆسۆ، بەدڵنیاییەوە شاراوە نین، بەتایبەتیش کە(ئەو) دەزانێت، سیاسەت بریتیە لەهونەری ئەوەی کەدەکرێت–فن الممکنات–، کاتێکیش لەسەر دۆخگەلێکی هەستپێکراوی وەك:پۆڵۆنیا، جنێف، کۆرسیکا، بەڵگەداریی کردووە، ڕاستی ئەوەی سەلماندوە، یان کاتێك کە(ئابووری سیاسی)یەکەی نووسیووە. هەروەها (ئەو) ئەوە دەزانێت کەدەکرێت ڕەچاوی، یان پێشبینی زانستێکی سیاسی بکرێت کەتوێژینەوە لەو یاسایانە دەکات کەلە سروشتی شتەکانەوە،

---

[1] ئەو ئاخاوتنەی لەم (پێشەکی)یەدا هاتووە ،لەلایەن (پییرپۆرجلان)ی چاپکەرە فەرەنسیەکەی (گرێبەستی کۆمەڵایەتی)ەوە نووسراوە . ــ م.ص.

بەرهەمدێن .(مۆنتسکیۆ)ش لەکتێبی (گیانی یاساکان)دا ساڵی(١٧٤٨)، پرەنسیپەکانی ئەو زانستەی دایەدەستمان . رۆسۆ دەگەڵ ئەوەی کە نە خوازە(طموح)ی سەرلەنوێ دانانەوەی ئەو کتێبە مەزنەی هەبوو، نەتەنانەتیش خوێندکاریکردنی خودی رامیاری، بەڵکو (ئەو) دەیخواست کەدەستنیشانی بنەرەتەکانی بکات ((پرەنسیپەکانی مافی سیاسی)). لەکاتێکدا کە(مۆنتسکیو) پێش هەمووشتێك پیاوی یاساو زانایەکی کۆمەڵناسی[١] بووە، رۆسۆ فەیلەسوفێك بوو کەبایەخی بەسروشت وکامەرانی مرۆڤ، دەدا. کەواتە پێویستبوو کەلەو رێگەیەیدا دەگەڵ رامیاریدا ئامبازبێتەوە،یانوەکودی بڵێین بگاتەوە پێی، ئەی مرۆڤ وەك ئاژەڵێکی رامیاری نەناسراوە؟؟.

رۆسۆ ، بەو شێوازو میتۆدەی خۆی ئاخاوتنی لەو گرفتانە کردووە کە پێشتر (هۆبز ـ H obbose ) و هەریەك لە تیۆرستانی مافی سروشتی ـ The theorycal of Naitur Right ) وەك (گرۆتیوس ـــGrotius ) و (بوفیندورف ـــPufendorf )و (باربیراك ـــ Barbeyrac ) ورووژاندویانە . لێ، بەلای رۆسۆوە هەریەك لەو نوسەرانە زیاتر بایەخیاندەدایە پاساوخوازی بۆئەوەی کە بوونی هەیە ـ تبرير ماهو كائن ـ، تاوەکو لێتۆژینەوە لەوەی کە پێویستە هەبێت ، ئەوەش لە میانی لێدەرچوونیان لە هەبووەکانەوە ((الوقائع)) . بۆنموونە

---

[١])لە راستیدا درووستر وایە بڵێین (کۆمەڵناسێک) ، لێ لەبەرئەوەی چەمکی (کۆمەڵناس) لەلای ئێمە هێشتا بەو شێوەیە جێگیر نەبووە کە Sociologist بێت ، بەڵکو لەوانەیە توێژەرێک ،یان هەر بایەخپێدەرێکی دی ئەم بوارە چەمکی (کۆمەڵناس) بەکاربێت بۆی ، ژبەر هەندێ وام بە درووستترزانی چەمکی (زانای کۆمەڵناسی) بەکاربهێنم .

(هـۆبن) پێـی وابـوو کـە لەبـەر ئـەوەی هەریـەکێك ئاسایشـی خـۆی داوادەکرد، کەواتـە دەسـەلاّتێکی بەهێز کە نەهێلێت مـرۆڤ وەك گورگێك بێـت بـۆ مـرۆڤ ،هـەردەبێت بـوونی هـەبێت ، لێ، تیۆریسـتانی مـافی سروشتی بایەخی تـەواویان نەدا بەشیکارکردنی ئەم سروشتە چونکە ئـەوانیش هـەر لـە هەبوەکانـەوە لێدەرچـوونیان هـەبوو ، بـەڵکو (گرۆتیوس)یش بە تەواوی هەروەك (هۆبن) پاساوخوازی ژبۆ سیستەمی پیادەبوو دەکرد .

بەمشـێوەیە ئـەم (سیسـتەمە) بـەخۆی بابـەتێك بـوو ، چـونکە بـەلای رۆسـۆوە، ڕامیـاری، نـە(سروشـت) پاسـاوی دەکـرد و نەبەرژەوەنـدی و نـەهێز و نەئـەمری واقعـیش (دیفـاکتۆ)، بـەڵکو ڕامیـاری، پـێش هـەموو شتێك مۆڕاڵـە ، ئـەو مرۆڤـە دەتوانێـت بەدیبهێنێت کـە ئـیرادەو ئـەقڵ و ویـژدان وهەسـتی هەیـە، نـەك تـەنها پێویسـتی و سـەرگەرمیەك، یـان هەوەسـێك ، رامیـاری ( ئاگاییـەك بـە مـرۆڤ) پێویسـتدەکاتن ، لێ ئـەم ئاگاییـە بـوونی نیـە ، چـونکە دانـەرەکان تـەنها لـە دەوروپشـتی خۆیـان دەڕوانن و دەڵێن : ئائەمەیە مرۆڤ .

ئـەوە ڕاسـتە ، لێ، ئـەوە ئـەو مرۆڤەیـە کـە ژیـاریی ئـەورووپی کۆسمۆپۆلیتیانە ، گەندەڵی کردووە ، چونکە ئەم ژیارییە لەسەر رەتاندن وەستاوە و بەڕێوەدەچێت ، ئەوە مرۆڤی شارەکان و ڕاکردنـە بە دوای بەرژەوەندییە هەڵبەستراوەکانیەوە ، لێ، لێرەدا نموونەی مرۆڤی تریش هـەن ، پیشـەگەران و جوتیـارانی شـوێنەدوورەکان و گەلەدڕنـدەکان و هاوولاّتیـە پێشـینەکان . بـەکورتی توێژینـەوە لـەوە نـەکراوە کـە مـرۆڤ (بەشێوەیەکی گشتی) دەبێت چۆن بێت ؟، تەنانەت هـەموو ئەوەی کە

مرۆڤ دەتوانێت پێپرابگاتن ، نەبۆتە جێگەی بایەخپێدانی ئێمە، بەڵکو ئەگەر ئەو باکگراوەندەش ژێیر بکەین،ئەوا ناتوانین چتێك لە تۆباویەتی رۆسۆش تێبگەین ، ئەمە بایەخپێدانێکە بە ڕامیاری کە تیایدا مرۆڤ یان وردتر بڵێین، بەهۆیەوە مرۆڤ دەبێتە ئامڕازێك بۆ دروستکردنی خۆی نەك گەندەڵبوونی .

ئەوە بەتەواوی ڕاستە کە(مرۆڤ لەهەر جێگەیەك بێت ، دەستو پا زنجیرە)، لێ، ئایا ڕامیاری هونەری دروستکردنی ئەم زنجیرانەیە ، یانوەکو بە پێچەوانەوە، هونەری ڕزگارکردنی مرۆڤە لێیان ؟ پاشان کێ دەزانێت کە سەربەستی واتای چیە ؟؟؟ .

لە ڕاستیدا، رۆسۆ لەم زانستەوە ــ مەبەست زانستی سیاسیە ــ م.ص ـــ ـــ دەستیکردووە بە پلانەکەی لە(گۆتراوەیەك سەبارەت بە نایەکسانی) کە یەکێکە لە کلیلەکانی گرێبەستی کۆمەڵایەتی . هەرلەبەرئەوەشە کۆمەڵگای لە نێوان دوودڕکار ــ یان بەربەستکار ــ م.ص . ــدا، داناوە، بۆئەوەی بەشێوەیەکی باشتر سروشتی و ناسروشتی بۆدەربکەوێت ، بە وێناکردنی (دۆخێکی سروشتی) کە تیایدا هەریەکێك لەو دوودڕکارە بۆخۆی بەتەنیادەژێت. بەمشێوەیە مرۆڤی بنەڕەتزایە [1] ، بریتیە لەئاژەڵێکی ئارام وبێدەنگ کە بەبێ وادارکردن، پێداویستگەلێك کەم و نادابەشبوو دەیجوڵێنێت ، کەواتە بەوپێیەش بەختەوەرە و تەنهاپابەندە بەئێستاوە، لێ،(ئەو) هەر (گەوژو

[1] بنەڕەتزایە،لەبەرامبەر (الاصلی) عەرەبیەکەدا ، بەکارمهێناوە ، پێموایە لە زمانی کوردیدا لە بنەڕەتزایە درووستترمان نییە ــ م.ص ـ .

کورت بینە) ، کەچی دەگەڵئەوەشدا وبەپێی سروشتی، شایانی باشبوونە . کەواتە (ئەو) دەرگای لەبەردەمدا والآیە، تاکو پەرەبسێنێت و پێشبکەوێت ، ئالێرەدا کۆمەڵگە دێتە ناوەوە: ئەوە هەر ئەوە بە تەنها ـ واتە کۆمەڵگە ـ م.ص ـ ـ کە ماوەدەدات، وشە و یادەوەری و بیر و سۆزەکان و ویژدانیمۆڕاڵی وبەکورتی : زانینەکان وەربگرین و فێربین . بەداخەوە ئەم پەروەردەکردنە چاوکراوەییانە ـ عەقلآنیانە ـ م.ص ـ ـ نەهاتووە بەڕێوە ،بەڵکو ئەو پەروەردەکردنە ناپرەنسیپی و بێ بیرکردنەوە و بەبێ ڕێزیی سیستەمی سروشتیە، هاتووەبەڕێوە، هەربۆیەکەش دۆخێکی لێوە بەرهەمهاتووە کە پێداویستیەکانی مرۆڤی تیادا،دوو هێندەبۆتەوە ،بەشێوەیەك کە( ئەو) نەتوانێت بەبێ ئەوانیتر وەدەستیانبهێنێت ، هەر ئائەمەشە کەتاهاتووە زیاتر بێهێزی کردووە و زیاتر دابەش و پەرتوبلاّوی کردوە و، بەوپێیەش هەتابێت سەربەستیەکەی زیاترکەمبێتەوە .(ئەو)ـ مەبەستیلەو تەرزەیە لەمرۆڤی بنەڕەتزایە ـ م.ص ـ ـ لەدۆخێکی((بەناویەکچوو))دا دەژێت ، کە تیایدا هەریەکێك پێش هەرچتێکیدی، تەنها بیر لە خۆیدەکاتەوە و، لەپێناودانپیادانانیو،بالآدەستیدا تێدەکۆشێت . کەواتە مرۆڤ ، لەپێناوی مانەوەدا پێویستە لەسەر ڕازیبوون و ملکەچبوون یان خۆسەپاندن ، خۆی ڕابهێنێت ، کەواتەش لەسەر بایەخدان بە بۆچوونی ئەوانیدی . لەڕاستیدا خراپترین کۆیلەیەتی بریتیە لەپێویستکردنیشاردنەوەی ئەوەیکە ئێمە کێین و،نیشاندانی، یان دەرخستنی ئەوەی کە تیاماندا نیە ـ یان ڕاستتر بڵێین وەك ئەوەی نین خۆمان دەربخەین ـ م.ص ـ ـ. مرۆڤی سروشتی بەبێئەوەی کەخۆی

بەدیبهێنێت ، خۆی دەپلیشێنێتەوە و بەوشێوەیە وردەوردە (من)ی وەهمی، شوێنی (من)ی ڕاستەینەیی دەگرێتەوە ، کەواتە هەریەکێك لە ئێمە دووفاقی و لەشگرانە و دواجار باوەڕدێنێت بە زنجیربەندییەکەی .
ئالەم دۆخە ناجێگیرە ترسناکەدا ، بەهێزەکانیش بەخۆیان ، لە هەڵگەڕانەوە و کەڵەکەبازی بێهێزەکانڕا دەترسن .
بەمشێوەیە، شارەزاییان کێشەکەیان چارەسەردەکات : چونکە بەسەر لێشێواندنی ڕاوبۆچوونی ساویلکانەی بێهێزەکان ، دەتوانن بەراستبارکردنی دۆخە کردەییەکە باوەڕیان پێبهێنن،( نەك بڕیاری شەرعیەت بوونی) لەڕێگەی گرێبەستێکی کۆمەڵایەتی ئاوەژووگەراوە : بەوەی کە دەڵێن ئاسایشتان پێدەدەین بەو مەرجەی کە گوێڕایەڵیمان[1] پێشکەشبکەن . ئەوانە ئەوکەسانەن ، کاتێك دەیانناسین کە یاساکان پشتی بەهێزەکان دەگرێت و بێهێزەکانیش بێهێز دەکات ، ئەمان ڕەنجدەدەن و ئەوانیش حوکم دەدەن ، ئێستاکەولەمبارەدا، پێمان دەڵێن ئائەمەیە سروشت . فەیلەسوفەکانیش بە مۆڕاڵی بایەخپێدان، پاساوی وێدەدەن ، ئەو مۆڕاڵەی کەبەختەوەری لەچەند هێندەکردنی چێژ خۆشیەکان ـــ الملذات ـــدا، دەبینێتەوە، بەبێ زانینی ئەوەی کەئەوە هەموو مرۆڤێك لە کۆیلەبوونی ئارەزووەکانی و خوازەکانی و ڕابواردن و هەوەسبازییەکانیدا ، نگرۆدەکاتن ، چونکە هیچ جێگایەك نیە کە نە سەربەستی و نە بەختەوەری تیایدا نەبێت .
بەمشێوەیە ، ڕۆسۆ ، گواستنەوەی خاوەنداریێتی هۆیەکانی بەرهەمهێنان و ئاڵوگۆڕ، ژبۆ خاوەندارییەکی هاوبەش، بەشێوەیەك

---

[1] چەمکی(گوێڕایەڵی) لێرەدا زیاتر واتاو دەلالەتی( ملکەچکەرایی) هەیە ـ م .ص ـ .

خراپ و سەقەتئامێز سەرئاستدەکات ودێنێتەسەر و، ئەوەش پەلکێشانێکی کۆمەڵایەتی دیاریکراوی لێوەبەرهەمدێت کە گۆتراوەکە ــ مەبەست لە گۆتراوەیەك سەبارەت بە نایەکسانیە ــ م. ص .ــ قۆناغە گرنگەکانی ئاوها دیاریدەکاتن : بڕیاردانی خاوەنداریتی دابەشکردنی ئەرکەکان دەوڵەمەندبوون ،دوکەوتوویی . کەواتە ئەگەر زەرەرەکە زۆر بوو : ئەوا کەسێك نامێنێت کەگوێبداتە عەقڵ و ویژدانی، بەڵکو گوێبیستی هەڵە و بیرەکانی پێشووی دەبێت[1]. کەواتە بەبێ چاکەخوازی ــ فضیلة ــ مرۆڤەکان لە نائارامیدا دەژین و ملکەچی فشاری ئەو خوونەریتانە دەبن کە چاودێرن بەسەرهەموو پەروەردەکردنێکەوە ، کەچی دەگەڵئەوەشدا دانانی هۆیەکانی بەرهەمهێنان و ئاڵوگۆڕ بەو شێوە هاوبەشە ، بەسروشتێکی خراپ ئەژمار ناکرێت ، بەڵکو ئەوە ناڕۆشن وپەژێراوی دەبێت : کەواتە لەبەرئەوەی ئەو پرۆسەیە بۆ تەواو پێڕاگەیشتنی مرۆڤ بەهەموو ئەو خاوەنداریتیانەی کە سروشت پێیبەخشیوە، پێویستە ، کەواتە (ئەو) دەتوانێت ــ مەبەستی سروشتە ــ هاریکارێکی مرۆڤ بێت بۆ بەدەستهێنانی بەختەوەریەکەی ، لێ، ئەم بەخۆی تێکیدەداتن . لێرەدا دەگەینە ئەوەی بڵێین کە ئەوەندە بەسبێت پێشبینی وەرگۆڕانی هۆیەکانی بەرهەمهێنان و ئاڵوگۆڕ، ژبۆ خاوەندارییەکی هاوبەش

---

[1] بەواتا لەبارێکدا کەکەسێکی سەرمایەدار شکستبهێنێت، ئەوا نۆباڵی ئەو شکستەی ناخاتەسەر ئەقڵ و ویژدانی بەڵکو بۆ هەڵەو بیرەکانی پێشووتری ــ م .ص ــ .

بەشێوەیەکی باش بکەین ، هەروەك شارە دێرینەکان ، بەهەبوونی مەرجگەلێك دیاریکراو، دەلالەتیان لە کردەبوونی ئەوە کردووە .
ئەو وەرگۆڕدرانە باشەی هۆیەکانی بەرهەمهێنان و ئاڵوگۆڕ بۆ خاوەندارییەکی هاوبەشیش، نایەتەبوونەوە، تەنها لە ئیرادەیەکی ژیرانەی هۆشیار بە ئامراز و مەبەستەکانی نەبێت ،کەچی دەگەڵ ئەوەشدا ئێمە هێشتاهەر لەو بازنەیەداین ، کە لەبەرئەوەی مرۆڤ بەبێ هەبوونی لەوەوپێشی کۆمەڵگە ، نەئیرادە و نەعەقڵی هەیە ، کەواتە هەردەبێت ڕێکەوتێکی جیاکاری ، بوونیهەبێت تاوەکو ئەو کارە رووبداتن ، لێ، ئەمە نابێت ڕێگرمانبێت لە هیواداریمان بە پرەنسیپەکانی کۆمەڵگەیەکی دادپەروەر ، کەلەسەر ئیرادەیەکی ژیرانە ڕاوەستابێت . لەسەرئەوە دەڵێین : کە کارکردنی سەربەستانە دەگەڵ یەکێکیتردا بەواتای گرێبەستی ڕێکەوتنێکە کە هەردوولا پابەندن پێوەی .
بەمشێوەیە ، گرێبەستی کۆمەڵایەتی بەخۆی بریتیە لە چەکی دامەزراندنی شارێك[1] ، کەواتە باهەر بنەڕەتگەراییەك ــ أصالة ــ کەتیایدایەتی دیاریبکەین ، چونکە ناتوانین بڵێین کەهەر لەسەدەکانی ناوەڕاستەوە دانەرانێك ــ واتە پێکهێنەرانێك ــ م.ص ــ ــ ، بوونیان نەبووە کە پەرە بەبیرۆکەی( بەڵگەنامەی سیاسی ــ The political document ) بدەن ، لێ، ئەوە جگەلە بەڵگەنامەیەکی حکومی، چتێکیتر نەبووە ،بۆ نموونە وەك ئەو ڕێکەوتنە مۆرکراوەی( گەل ــ Volk ــ بەئەڵمانی ــ م .ص ــ) دەگەڵ بنەماڵەیەکی پادشایەتیدا بۆ

[1] مەبەست لە کاغەزنامەی بانکیە ــ صك ــی عەرەبی ــ م .ص ــ .

بەخشینی تاجی شاهانە پێیان، بەپێی یاساگەلێك بنەڕەتی دیاریکراو ، لێ،ئـەم گرێبەسـتە، هـەبوونی دەزگایـەکی ڕامیـاری پێشـتر هـەبو، دەخوازێت . لێ گرێبەستی کۆمەڵایـەتی بەبۆچوونی ڕۆسـۆ چتێکی لـەو بابەتـەی تیادا نیـە : بەڵکو ئەوانـە کەسـانێکی کۆبـوەوەن هـەروەك ئـەو هەوەسـبازانەی، وەك دەڵـێن کـە هـاوڕێی( ڕۆمۆلـۆس ـــRomulus )بوونـە ، ئەوانە تائەوکاتـەش کـە خەباتکردن لـە پێنـاوی ژیانـدا بـەخۆی یاسـا بـوو ، ئەوانـە لەهۆسـە و ئـاژاوەدا دەژیـان ، لێ، بیرۆکـەی دادپەرەوەرییان لەلا بوو، کەبەلای ڕۆسـۆوە خۆرسکیە لـە ئادەمیزاددا : ئەوانـە نیازمەنـد بـوون لەدامەزرانـدنی کۆمەڵگەیەکی‌دادپـەروەر ودەزگایەکی‌سیاسی .

وەلێ ، ئـەم مێـژووە زۆر گـرنگ نیـە ، چـونکە لـەڕووی پرەنسـیپەوە هەرکەسێك بەرەولای ئەوانی‌دی هـاتووەو، ژیـان و پـوول وپـارەی خـۆی پێشکەشـکردوون بـە(گواسـتنەوەیەکی تـەواوی خاوەنـدارێتی)، ئەگـەر مەبەسـت لـەوە کۆیلەیـەتی بێـت ، ئـەوە عـەقڵ نایبڕێـت ، بـەڵکو خەسـڵەتێکی ئـەو پڕۆسـەی گواسـتنەوەیە ئەوەیـە کـە (گشـتگیرە ـــ Comprehensive ) : واتـە هەرکەسێك بەتـەواوەتی پابەنـدە بـەوەی کـە ئەنـدامێك بێـت لـەدەزگا سیاسیەکەدا و، ژلایـەکی‌دیش گواسـتنەوە خەسـڵەتێکی تریـەتی : واتـە هـەمووان دەسـتبەرداری هەمووچـتێکیان دەبن وهەمووچتێك واتای سەربەستیە خۆدانراو ـ هەڵبەستراو ـ ەکەیان، دەگەیەنێت ، سەبارەت بە مانەوە و کوشتن و تـالانکردن و زۆرەملێتـی ، هـەروەها سەربەسـتی لـەوەدا کـەبکوژرێن و تـالانبکرێن و واداربکـرێن لەلایەن ئەوانەی بەهێزترن لێیـان . ئەوەش کەلـەم گرێبەسـتەوە دێتـەدەر

بریتیە لە ماف ، چونکە ئیتر لەمەودوا، ژیان بەواتای بەخشراوێکی سەرپێیانەی سروشت نابێت ، بەڵکو دانپیادانراوێکی کۆمەڵگەدەبێت و، سامانەکانیش چیتر دەستبەسەردا گیراو[1] نابن ،بەڵکو دەبنە خاوەنداریێتی و هەموو کۆمەڵگەش دەبنە فەراهەمکەرودابینکەرێکی، کەواتە بەبێگومان لێرەدا مرۆڤ ، لەپێناوی ئازادییەکی ڕێکخراو ـ The freedom arrangement ) لێ، جەختلێکراودا، ئازادییەکی بێ سنوور، لێ، لە دواخاڵیدا وەهمی ، لە دەستدەداتن .

کەواتە ئیتر هەموو چتێك لە دەوری واتای یاسا ڕێکدەخرێت و، یاساش بریتیە لە دەربڕین لەئیرادەیەکی گشتیو، ئەم ئیرادەیەش کاتێك گشتی دەبێت کە عەقلانیانە بێت ، واتە کاتێك کەخودی بابەتەکەی گشتی دەبێت، هەروەها کاتێك کەپرەنسیپێکی ڕەوا،بەلای هەموو عەقڵێکەوە، فراژوو دەکاتن . بەم واتایەش ئیرادەی گشتی پارێزراودەبێت ـ یان وەکیدی بڵێین بەدوور لەهەڵەدەبێت ـ م. ص ـ، واتە ئەو ئیرادە گشتییە لەبەرامبەر ئاشکرایی باوەڕەکاندا، عەقڵی پارێزراودەبێتن ،عەقڵیش خەسڵەتی هەموو مرۆڤێکی ڕووناکبیرە . کەواتە دەکرێت کەئیرادەی هەریەکێك گشتیبێتن : بەو واتایەی ئەگەر گوێڕادێری عەقڵیتایبەتی خۆم بم ، ئەوا لەبێدەنگیی هەوەسخوازیەکانمدا ، جگە لەویستی یاسا، ئیتر ناتوانم شتێکیتر بکەم. بەمشێوەیەش کاتێك کە گوێڕایەڵی یاسادەبم ،ئەوا ئازاد دەبم، چونکە ئەوکات جگە لەخۆم گوێڕایەڵی هیچیدی نابم. ئەگەریش بەزۆری پێشێلکەر و هەڕەشەکەرێك بم، ئەوا

[1] واتا هەرکەس بۆخۆی نابێت ، بەڵکو بەشێوەیەکی ڕێکخراو دەبنە خاوەنداریێتی ـ م .ص ـ .

ئەوکاتە ((ناچار دەکرێم ئازادبم)) بەوەی کەگوێڕایەڵی عەقڵ بم. بۆ نموونە ، کۆمەڵگاکانمان بەمشێوەیە کاردەکەن ، کاتێك کەلەپێناوی رزگاربوونی ئێمە و ئەوانی‌دیش، نەك لەپێناوی کۆیلەکردنماندا، وادارمان دەکەن لەسەر تەندروستپارێزی .

کەواتە پێویستە ئیرادەی گشتی لەئیرادەی کۆ جیابکەینەوە، ئەمەی دواییان بەواتای کۆی ئیرادە تایبەتە خودییەکان دێتن، بەڵکو سۆزییەکانیش . بۆنموونە دانانی سەرکردەیەك بەکۆی دەنگ، یاساکردەنی نیە : بەڵکو بابەتی ئەو پرۆسەیە تایبەتە، عەقڵیش کاتێك لەتێوەگلانیدا بۆ هەڵبژاردنی باشتر، پرەنسیپەکانی لێ بزرو ئاوادەبێتن، لەوبارەدا دەکرێت هەڵەبکاتن، هەروەها دەنگدان و بڕیاری زۆرینە ، چتێکی‌تر نین جگە لەدووئامرازی گونجاو بۆ پێزانینی ئیرادەی گشتی. ئیتر کاریگەریی فێڵ و پڕوپاگەندە دەمامککراوەکان و هەوەسبازییەکان هەرچەندێك بێت، ئەوا ئیتر ئێمە جگە لەئیرادەی ژمارەکان،چتێکی‌دی بەرەوڕوومان نیە،یان وردتر بڵێین لەبەرامبەر چتێکی‌دیدا نین . ئەوە تەنها یاساشە، کەدەتوانێت بڵێت ملدانی کەمایەتی - یان کەمینە - م . ص - - لەبەرامبەر زۆرینەدا، لەوبارانەدا کەگومانیان لێدەکرێت، زیاتر کارێکی سروشتییە .

لەوکاتەدا یاسا دادپەروەردەبێت ،لەبەرئەوەی کەبەسەرهەمواندا پرەکتیك وجێبەجێدەکرێتن، کەواتە، لەبەرئەوەی کەبەردەوام چەوسانەوە دەستکردی هەندێکیانە، ئیترناکرێت کەکەسێك بچەوسێندرێتەوە و، ئیتر ناشکرێت کەفەرمانێك لەدژی ئازادی ئەو مرۆڤە ژێرە ئەنجامبدرێت،کە مافی لەخۆوە رەفتارکردنی بەو ئازادیە نیە

: بەڵکو، لەو چوارچێوەیەدا کەسیستەمی مەدەنی لەسەر بەرژەوەندیە تایبەتیەکانی تاك،یان چین یان پارتێك، مەترسییەك پێکدەهێنێت ، ئەوا(ئەو)- واتە ئەویاسایە - م. ص - -، ئەو ئازادیەڕا سنوردار دەکاتن . لێ ، شار کەلە راستیدا لە ئیرادەکەیدا هەر یەکێکە ، پێویستە کەپارتەکان فەرامۆش بکات .

خاوەنشکۆ بریتییە لە گەل، هەروەها ئالێرەدا، دەبینین کەبیرۆکەکە نوێیە: چونکە لەتیۆریە گرێبەستیە کۆنەکاندا، گەل تەنها ئەوکاتە سەرکاردەبێتن، کەتیایدا دەستبەرداری ئازادییەکەی دەبێت و دەیداتە ئەوانەی کەهەردەم بەپادشاو سەرکار ناودەبرێن . ئەم سەروەرییەش - السیادة - وەك مافێك کەنابێت رەفتاری پێوەبکرێت دەمێنێتەوە، تەنانەت ئەوە، بەزانینی ئەوەش کەچتێك بوو گاڵتەی پێدەکرا.کەواتە هەرمرۆڤێك بەشێکە لەپادشاو لەهاوولاتی، یاسا دەڵێت و لەوەشدا دەبێت گوێڕایەڵ بێت .

تائەوکاتەی کەپرەنسیپەکان دادەنرێن،پێویستە کە ماشێنەکە[1] لەڕۆیشتندابێت و، لەوێشدا پێویستە دەستەلات جێبەندیبکرێتن، ئەودەستەلاتەی کەبڕیارە وەکیەکیەکانی یاسا دادەنێت، بەتایبەتیش دیاریکردنیفەرمانەکان، ئەودەسەلاتەیە کە پێیدەوترێت دەستەلاتدار، دەگەڵئەوەشدا،دەبینین رۆسۆ، بۆچوونی خۆی سەبارەت بە ڕژێمە سیاسیەکان، بە ڕوونی دەرنەبڕیوە، بەڵکو لەدوای مۆنتسکیو ، سەرنجی بۆ ئەوە ڕاکێشاوین کە شێوەی ئەو ڕژێمانە پەیوەندە بە

---

[1] مەبەست لەماشێنی دەستەڵاتە، کەلەئەنجامی گرێبەستی نێوان گەل و پادشاو خاوەن دەسەڵاتەکانەوە هاتۆتە پەیدابوون - م .ص - .

بارودۆخەکانەوە و دەستەی دادوەریش ــ هیئة القضاة ــ کە کەمترین ژمارەیە ، زۆر چالاکتر دەبێت ، لێ چەند ئەوەندەی زۆر بێت ، ئەوەندەش کەم مەترسی دەبێت . دەشکرێت دەوڵەتێکی گچکە، دادوەرگەلێك زۆری هەبێت ، لە دوا وێستگەشدا و سەبارەت بە دیموکراسیەتی ڕاستەوخۆ ، ئەو دەوڵەتە،دەکرێت تەواوی دەزگا سیاسیەکەی هەبێت . لەدەوڵەتێکی گەورەشدا، کە بەیەکدادانی بەرژەوەندییە رەواکان ، گەورە دەبێت ، ئەوا چالاکیەکی نێوەندی، دەخوازێت بوونی هەبێتن ، ئالەبەرئەوە پێویستە کە بەشگەرایی [1]بهێنرێتە ئاراوە ، لێ دەزگای دادوەران ــ هیئة القضاة ــ گیانبازییەك لەخۆ دەگرێت : چونکە (ئەو)، هەم گیانی دەزگایەکی تایبەت بەخۆی هەیە و، هەمیش ئیرادەگشتیەکەی بەو ئاڕاستەیەدا دەچێت کە بەرژەوەندیەکانی تێکەڵ بەبەرژەوەندی ئەودەوڵەتە بکات،کە رۆسۆ،بەلایەوە واباشترە کە دەوڵەتێکیبچووك بێت .

ئێمە دیتمان کەچۆن بنەڕەتی دەوڵەتان دژواریەك پێکدەهێنێت ، لەبەرئەوەی کە خەڵکان هێشتا ژیر نین ، ئێمە لە مێژووەوە فێرکاریەك وەدەستدەهێنین، ئەویش بریتیە لەوەی کە بونیادنەری گەلان ، یاسا دانەرێکە : هەروەك چۆن (لیکۆرگ ــ Lycurgue ) ئسپارتەی دامەزراند و ، (نۆما ــ Numa )ش، رۆمای دامەزراندو (موسا)ش یەهودی دامەزراند . ئیتر چ ئەوەی لە سەرەتاوەبێت،یان کاتێك کە تەنگژەیەکی ترسناك ــ The danger Crisis ) بونیادەکان تێکدەڕوخێنێت، ئەوا ئەوکات، گەلی نەشارەزا ، ناچار دەبێت کە، وانە لە لێزان ــ حکیم ــ یکەوە، وەربگرێت، چونکە دەکرێت کەتاکە کەسێك

---

[1] زیاتر مەبەست لە داهێنانی دابەشکردنی دەستەڵاتەکانە ــ م .ص ــ .

لەهەمووان زیاتر دووربینتربێت ، لەبەرئەوەی ئەو لێزانە پرەنسیپەکانی دادپەروەری و چەوساندنەوە، لێکجیادەکاتەوە ، لێ ئەفسنەکان بونیاد نانێت : واتە (ئەو) کە شیکاری دۆخی جوگرافی و دیمۆگرافی و سایکۆلۆژی دەکات ، ئەوەی‌کەلە توانای خەڵکیدایە وەریبگرن و ئامرازەکانی پێکهاتنیشیان، تێدەگاتن . ئا لەسەر ئەم زانینخواهیە ــ ئەبیستیم ــ، یاسادانەر، سیستەمێك لەو یاسایانەی کە زۆربەیان کتوپڕو سەرکوتگەرانەن، دادەمەزرێنێت ، لێ وەڵامدەرەوەی مەبەستەکانی‌دەوڵەتن ، ئەوەی کەگەلێك لە ڕاسپێرییەکانی (موسا) ڕوون و ڕەوانن، چتێك خۆسەپێن نیە : واتە ڕێنەدان بە وێنەکان / ڕۆژانی شەممە / خواردنگەلێك ڕێنەدراو/ ڕێساگەلێك هاوسەرێتی/ یان دابەشکردنی‌دەستکەوتەکان ؟ ئەوەش لەبەرئەوەی‌کەرۆڵی(ئەو) بریتی‌بووە لەبەردەوام پابەندکردنی گەل بە هەستکردن بەوەی کە یەکێکە و،هەروەهادەگەڵ جودابوونی دەگەڵ هەموو گەلانی‌تردا ، لەژێر سێبەری یەك شەریعەت دایە و، بە نەریتگەلێکەوە دەستبەندە، کەیەك ڕۆحی پێدەدات . لێ (لیکورگ) لە ئەسپارتە ، ئەو چتەی بە شێوازێکی‌دی چێکرد، ڕۆسۆش کاتێك برادەرە پۆڵۆنیەکانی داوای ئامۆژگاری لێدەکەن، هەوڵ دەدا کەچاو لە هەریەك لە موساو لیکورگ بکات،هەرچەندە، شێواوی ئەوانیش - واتەئەوپۆڵەندیانە ـ ئەومەترسیە هوروژمهێنەرەی زیاتر وروژاند .

لێرەدا پێویستە ئاگامان لەوەبێت کە یاسادانەر، نە پادشایە و نەدادوەرە ، بەڵکو (ئەو) لەدەرەوەی گەلە و، دەکرێتیش کە کەسێکی بیانی بێت ، کەواتە (ئەو) سیستەمێك پێشنیاردەکات، کە پادشا

لەبەڕێوەبردنی کاری وڵات یان مەملەکەتدا، پشتیپێدەبەستێت و، پاشان (ئەو) دەکشێتە دواوە ، کەواتە (ئەو) گۆشکەرێکە، کە بەشوێن هۆکارو ئامرازێکدایە کە پیاوانی پێ دروستبکات،ئەوەش بەسەپاندنی سیستەمێکی پەروەردەیی‌دەبێت بەسەر منداڵاندا، کەلەسەر ڕێککاری ــ دیسپلین ــ، رایان دێنێت ، لەپێناوی ئەوەی ببنە هاووڵاتی . (ئەو) ڕێکخەر و گونجێنەرێکی نێوان هەبووەکان و دادپەروەرێتی تەواوە ، جۆرێکە لە فەیلەسوف گەرێتی گشتگەرایی، کەبە کاریگەری بەهرەکانی و بە بەڵێندانی بە(( گۆڕینی سروشتی))خەڵکی،خۆی دەسەپێنێت ، ئەم کارەش بەواتای : دەربازکردنیان لەوگۆشەگیرییەیان و، لە نێوەندێتی خۆڕسکیانەی خود و، وادارکردنیان ، وەك ئەوەی کە توخمەکانی گشتێکن ـ the elements of society ـ، کەوەك ((یەکەی بەشی ))، نەك ڕەها، بڕواننە خۆیان ،ئەویەکەیەی‌کە ملکەچی یاسایە ، واتە کارفەرمایی‌وگوێڕایەڵی،لەتوانایدایە کە بەسەر خۆشیدا سەرکەوێت ، کەواتە چاکەخوازە . با بۆئەوەش ئەوە زیاد بکەین، کە لەپێناوی ئەوەی ویژدانەکان بە ئاگابن و خونەریتەکانیش بنەڕەتزایە بن ، ئەوا هەردەبێت کە سیستەمی یاساکان پیرۆز بێت .

ئەم رەنگە لە رۆحیەت ومۆراڵیەتی پێڕەوگەی نەتەوەیی ــ The Nationalisms) و،بەخۆی یەکێکە لە پنتە وردکاریەکانی بیردۆزەکە، چونکە لەنێوان تاکگەرایی و گشتگەراییدا، رۆسۆ دەیەوێت وێنای غیرەی ناسیۆنالیزم بکاتن و، بەلای ویەوە، تەواوی مرۆڤایەتی هەرگیز خۆشەویستییەکی‌برایانەی نەبووە: ئێمە بۆئەوەی خۆمان ببەخشین لەوەی کە هاوسێکانمان خۆشبوێت، ئەو تەتەرانەمان خۆشدەوێت کە

تەنانەت ناشیان بینین لەڕاستیدا ئەو نەتەوە یەکانیەتە بنەڕەتزایەیە ، هەر لەسەر ئەندازەی ئەزموونەکانمان دەمێنێتەوە . ئەو نەتەوەیە،ئەو بەرژەوەندیە نێوان دوورانەی کەلە تواناماندایە کە هیوامان پێیانبێت و بمانهەوێن وخۆشمانبوێتن، کۆناکاتەوە،چونکو لەپشتیانەوە نەتەوەکانی تر هەن . لێ ، رۆسۆ دوژمنی پێڕەوگەی کۆسمۆپۆلیتزمیە کە تاکڕەوەندی ـ تاکبەندی ـ تێکدەڕمێنێت ، (ئەو) هەروەها، تۆباویەتی قەشە(دی سان بیر)ی سەبارەت بە ئاشتیگشتی سەرکۆنەکرد .چونکە بەلای ویەوە، دەوڵەتان و نەتەوەکان لەنێوانیاندا کەم تێکەڵ بەیەکن و سیستەمی خود تواناِبی ئابووری دەژێتن و، لە نێوان خۆیاندا، دەگەڵ هەبوونی یاساکانی میواندارێتی، لەدۆخی خۆڕسکیدا دەمێننەوە ، لەسەر رێگا کۆنەکە، لێ ، گرێبەستی کۆمەڵایەتی گشتگیر، هەرگیز بوونی نیە ، یان (برگسۆن) گوتەنی بڵێین کە مۆڕاڵی ناسیونالیستیەتی رۆسۆ ، داخراوە .

سەبارەت بە ئاینیش کە هەوێنی یەکێتی رۆحیە، ئەو گرفتە بەهەمان تەرز خۆی فراژوودەکاتەوە ، بەمشێوەیە نوێنەری (سافوا) فێرکاریدەدات کەئاینی ڕاستەقینە، سروشتی دەبێت ، واتە لەباری لۆژیکەوەبەجێدەبێت وبۆهەرسیستەمێك و پاسەوانەکەی[1] خودایەکی ئەفرێنەر ــ داهێنەر ــ لەهەردوو لایەنی گەردوونی و مۆڕاڵیەوە بەدەردەخاتن ، هەروەك چۆن نەمری رۆحیش بەدەردەخات . هەروەها ئاین ویژدانی مۆڕاڵی جێگیردەکات و مرۆڤ لە پشتبەستن بە کارو فەرمانەکانیدا پتەوگیر دەکات .

---

[1]) واتا پاسەوانەکانی ئەو سیستەمە . کە دەلالەتە بۆ سیستەمێکی گەردوونی – م.ص – .

ئالێرەوە مۆراڵی بێباوەڕێک، بێبناغە دەبێت و، ملدانەواندنیشی بۆ گرێبەستی کۆمەڵایەتی هیچ مسۆگەریەکی نیە، چونکە (ئەو) لە رۆحی نەتەوەدا بەشداریەکی نیە، کەواتە جێگایەکی تیادا نابێت . چونکە ئایینیمەدەنی بەبێگوشینی ویژدانەکان، دڵەکان یەکدەخات، چونکە (ئەو)[1] چتێك ناسەپێنێت کە لەباری لۆژیکیەوە بەجێنەبێت،ئەوە بەگرتنەوەی دانپیانانیش بە تایبەتمەندی گرێبەستی پیرۆزیش . هەروەها (ئەو) دەمارگیر نیە ــ واتە ئاینێکی سیکتاریستی نیە ــ م.ص ــ، چونکە شێوەکانی پەرستن هەر بە ویژدانەکانەوە پەیوەندار نیە ، بەڵکو هەروەك (کانت ــ Kant )دەڵێت: لەکاری حکومەتە و کارێکی((دەستوریە)) و دەخرێتە نێو سیستەمی یاساکانەوە و ، ئازادی باوەڕەکان واتایەکی نابێت، ئەگەربێتو چەند ئاینێك کلاسیکیانە پێکەوە نەژین ، لێ ئیرادەی گشتی ناتوانێت تخوبی ئاینێکی خۆڕسکی تێپەڕێنێت .

وا پێدەچێت کە رۆسۆ دڵی هەرلای ئەو زەمەنە بووبێت کە تیایدا هەر نەتەوەیەك خودایەکی هەبووە ، لێ پێویستە لێرەدا پرسی مەسیحیەت بخەینە بەردەم خۆمان، کە جێگرەکان[2]پەیگیری بوونە ، چونکە تا ئەوشوێنەی کە(ئەو) ــ مەبەستی رۆسۆیە ــ م.ص ــ ئاخاوتن لەسەر ئاینی سروشتی دەکات ، ئێمە ئاخاوتنێکمان نیە ، بەو مەرجەی کە سیکتاریست وکەللەڕەق نەبێت،( ئەو)، وادادەنێت کە ئەوئاینە

---

[1] مەبەست لە ئاینی مەدەنیە — م .ص — .

[2] لێرەدا مەبەست لە هەڵبژێردراوەکانی کەلە بۆ ئەنجومەنەکانی وڵات ، بەتایبەتیش ئەنجومەنی نیشتیمانی — م .ص — .

گشتگیرەیە( واتەمەسیحیەت ـ م.ص ـ) کە واتای هاوسیێ بەهاوولاتی سنووربەند ناکات : کەواتە (ئەو) ناتوانێت پێڕەوگەی ناسیونالستی وەك پرەنسیپێکی کۆتایی وەربگرێت، چونکە مەسیحیەك ، لە هەندێك ڕووەوە ، ناتوانێت هاوڵاتیەکی تەواو بێت، لەبەرئەوەی کەلەدەوڵەتێکی داخراودا (ئەو)[1] نوێنەری مۆڕاڵێکی کراوەیە .

ئەوە ڕاستە کە ڕۆسۆ بانگەشەی ویژدانێکی گشتگیری کردووە و (ڤیکێری ـ Vicaire )ی جێگریش، بە ڕاشکاوی دووپەڕیی مۆڕاڵی ـ The homo moralist)[2] ی ڕەتکردۆتەوە کە هەندێك لە گەشتیارەکان لێرەو لەویێ پیایاندا هەڵداوە . ئەمەش ئەو پنتەیە کە ڕۆسۆ لەبەر چاونەکراوەیی سەبارەت بە یاسای بنچینەیی ڕەگەزی مرۆڤایەتی، لە ئاستانەیدا پەشۆکاوە، هەروەك(کانت)یش دەیداتەپاڵی .

ئەوە ڕوویەکی گرنگی هەڵوێستەکانێتی ، ئەگەریش(ئەو) هەندێك خۆپارێزی هەبوو لەسەرئەوەی کە خێزان وەك ئۆلگویەکی کۆمەڵگەی سیاسی دابنێت ، لێ ، ئەوە لەوە ناگۆڕێت کەهەردوو دامەزراوەی خێزان و کۆمەڵگە، دوو بیرۆکەی خاوەن پەیوەندیی بەهێزن بەیەکترەوە، چونکە هاوسەرێتی بریتیە لە بڕیاری گرێبەستی کۆمەڵایەتی تایبەتی نێوان دووکەس و، هەر ئەوەندەش کە منداڵەکان پێگەیین[3] ئیتر لەوێدا خێزان

---

[1] هێمایە بۆ کەسێکی مەسیحی ـ م .ص - .

[2] زیاتر مەبەست لەچەمکی (Homo Sexuality)یە. واتە (الشذوذ الجنسی) کە زیاتر کاری سێکسی نێوان هاوڕەگەزەکانە، وەك پیاو بۆ پیاو – م .ص - .

[3] مەبەست لە گەیشتنیانە بەو تەمەنەی کە خۆیان تیایدا توانای بڕیاردانیان دەبێت ـ م.ص ـ .

بەسدەبێت لەوەی کە ببێتە سروشتگەیەك ژبۆ گرێبەستبوون و، بەم واتایەش دەتوانین کەلە نەتەوەدا خێزانێکی گەورەڕا بدیتین کە تیایدا پەروەردە، گشتی وکۆمەڵیدەبێت، وەك حاڵەتی هەموو خێزانێکیش کە بەبێ پەرتەوازەبوونی ئەوهێزە سۆزداریەی کە ئەندامەکانی بەیەکەوە گرێدەدا ، ئەو نەتەوەیە ناتوانێت کە سنوردار نەبێت .

دوو دەقی گرێبەستی کۆمەڵایەتیمان هەنە ، یەکەمیان ، لە دانەیەکدایە کە تاکۆتایی سەدەی نۆزدەهەم بلاونەکراوەتەوە ، واش پێدەچێت کەلەدەوروبەری ساڵی (١٧٥٨)دا دانرابێت ، لێ ئەو دوودەقە جیاوازی باوەڕگەیی گرنگیان لە نێواندا نیە ، چونکە ڕۆسۆ، سەر لەنوێ چاویخشاندۆتەوە بەدووبەشی یەکەمیاندا ، بۆئەوەی هەماهەنگیان زیاتر پتەوتر بکات . دەقی یەکەم بە کۆمەڵگای نەژادی گشتی مرۆڤایەتی (جومگەی دووەم) دەستپێدەکات ، کە گۆتراوە [1] و گرێبەستی کۆمەڵایەتی، بەیەکەوە دەبەستێتەوە ، لێ دوای لابردنی ئەم جومگەیە لە دەقە کۆتاییەکەدا هێرش بۆسەر باوەڕگە ( المذاهب )نەیارەکان، شوێنی گرتەوە و پرسی دەسەلاتی دەوڵەتیش بۆ کتێبی دووەم دواخرا . هەروەها ڕۆسۆ سەرلەنوێ چاوی خشاندەوە بە جومگەی ئاینیمەدەنی، کە لە دەقی یەکەمدا زیاد لە پێویست هێرشگەرایی بوو ، کتێبی سێهەمیشی تەواو کرد، لەکاتێکدا کەهێشتالەدەستنوسە پانوپۆڕەکەیدابوو، ئەوەش دوای ئەوەی ، وەك وەفایەك ژبۆ دڵبەندییە یەکەمینەکانی، کە جومگەی چوارەمی

---

[1] مەبەست لە(گۆتراوەیەک سەبارەت بە نایەکسانی)یەکەی ڕۆسۆیە ، کە پێشتر ئاماژەمان بۆ کردووە
- م .ص - .

((سەبارەت بە پۆلیسی رۆمانی)) بۆ زیادکرد ، تا دەریبخاتن چۆن ((ئەنجومەنێك لە دووسەد کەس)) بەڕێوەدەچێت .

لە ڕاستیدا بڵاوبوونەوەی نووسراوەکە خێرا نەبوو ، چونکە لە فەرەنسا ڕێپێنەدراو، لە(جنێف)یش زۆر بەتوندی بڕیاری دادگای لە دژ دەرچوو، لێ ، نزیکبوونەوەی شۆڕش [1] برەویدا بە خوێندنەوەی: ئاخاوتنی زۆری لەسەرکرا کە هەندێکجار هەڵچوونی بەخۆیەوە دەدیت، بۆنموونەش (رۆبسبێر) و (سان جوسف) دەهێنینەوە یاد. لێ بەلایەنی ئەوانەوە کە ڕاستەوخۆ پەیوەندیان بە کاری سیاسی خێراوە هەبوو ، ئەوا تاڕادەیەك دوور لە هەبووەکان لێیدەڕوانراو، لێرەدا پێویستە بە تایبەتی ئاماژە بەو رێزلێنانە بدەین کە رۆسۆ پاش مردنی لێینرا ، ئەوەبوو دانراوی گرێبەستی کۆمەڵایەتی، هەم بە ئەفسانەیەك گۆڕدرا و، هەمیش ژبۆ سیمبولێك کە وروژێنەری جۆشوخرۆشی بونیادنانەوەی ژێربینای سیاسیبێت و، دروستکردن و دانانی نیوەپەیکەرێکیش بۆی لە پاریس و، گواستنەوەی لاشەکەی بۆ (پانیتۆن) و، فەرمینامەی (٧ئایار/١٧٩٤) کەبناغەی باوەڕەکانی ئاینی (سافوا ــ Vicarie Savoyard )ی پەرلەمانتار، لوتکەی ئەو شکۆ لێنانەیە . ئەگەریش ئەم دانراوە، بەوشێوەیە گرێدراوی شۆڕشەکە بووە، ئەوا شوێنەوارەکانی، رۆڵیخۆی دیت لەدادگاییکردنەکان و، لەوسۆزە پێکپرژاوانەی کە ئەو وەرچەرخانە مێژووییەمان وروژاندی ــ دەگەڕێتەوە بۆ دانەری بیانی کتێبەکە ـ م.ص ـ ـ . ئەوەبوو تا ساڵی (١٨٣٠)، رۆسۆ وەك کەسایەتیەکی هاوچەرخ مایەوەو، هەتا بەرەبەیانی

---

[1] هێمایە بۆ شۆڕشی (١٧٨٩)ی فەرەنسا .

مێژوومان لە وریاکردنەوەی مێشکەکان بەردەوامبوو . هەروەها هەریەك لە(کانت وفیختە وهیگل) بەوحاڵەتەوە، رۆسۆیان وەك یەکێك لەپیاوە فەیلەسوفە کلاسیکیەکان دادەنا .

دەکرا کە( ئەو)، وەك تۆباویەك پیاهەڵدرێت، لەبەرئەوەی لەسەر ئاستی پرەنسیپەکان، بەئەبستڕەکتی[1] مایەوە، ئەوەبوو دەیگوت کە(ئەو) ئامێرێك دادەنێت و لەسەر ئەوانیدی پێویستە کەئەو ئامێرە بناژووتن . لەڕاستیدا لەتێڕوانین لەکەلەپووری رۆسۆدا، دوو میتۆدی لێکپرژاو، پەیڕەودەکرا: ئەوەبو پەیڕەوێکیان، لەگرێبەستدا[2]، شکۆدارکردنی دیموکراتیەتی راستەوخۆو باشخوازی گەلیان دەدیتەوەو، ئەوانیدیش وەك پێشدانەوەیەکی ئەوەی ئێمە ئەمڕۆ بەڕژێمە سەرکوتگەرەکان ناوزەدی دەکەین، لێبیتێکەیشتبوون .

لەواقیعدا بەشبەشکردنی دەقەکان بۆئەوەی تاکیانە لێبڕواندرێت و، ((دەرکردنی))یان بەجۆرێك کەدەگەڵ ئەم یان ئەو بیروڕادا بگونجێت، کارێکی ئاسانە . کەچی دەگەڵ ئەوەشدا، بەڕای ئێمە، ئەوەی لەهەردوو حاڵەتەکەدا دێتەدەست، چاودەپۆشێت لەوەی کەدەستەڵات بەلای رۆسۆوە، نە گەل بێت، وەك بارە راستینەکەی و، نەقەڵەمڕەوی سیاسیش ، بەڵکو عەقڵێکی بەویژدان روناك .

کەواتە (گەل)، کەهەرخۆی سەرکارە لەمافدا، کاتێك شایانی ئەوەدەبێت کە ئیرادە گشتییەکە،لەنێوخۆیدا هەڵبگرێتن ، نەك سەرکێشی و حوکمە

---

[1] واتە لەڕووی باوەڕەکانیەوە، رۆسۆ (تجریدی) بوو ـ م .ص ـ .

[2] مەبەست لەدانراوی گرێبەستی کۆمەڵایەتیەکەی رۆسۆیە ـ م .ص ـ .

پێشینەکانی، ئەگەریش بێتو بتوانین دان بەوەدابنێین کەسەرکێشی و ئەحکامە پێشینەکان یەکتری دەسڕنەوە، ئەوە لەوەدا دەرفەتێکی گەورەتر بوونی دەبێت بۆئەوەی کەزۆرینەیان ـ واتە زۆرینەی گەل ـ م.ص ـ، گوزارشت لەئیرادەیگشتی بکات . هەرچیحکومەتیشە، ئەوا(ئەو) لەسنووری یاسادا نەبێت ناتوانێت شەرعیانە هەڵسوکەوتەکانی بکات. ئەویاسایەش خۆی داینەناوەو، یاسادانەریش لەدەرەوەی دەسەڵاتڕا دەمێنێتەوە. بەمشێوەیە بۆماندەردەکەوێت کەئەو پاڵەوانە دڵسۆزە فریادڕەسەی کەسەردەمەکەمان بەدەزگاپۆلیسیەکەیو دەکارهێنانە راگەیاندنیە سەرکەوتووەکەیەوە، پێوەی ناسراوە، هیچ پەیوەندییەکی بەتیۆری گرێبەستە مرۆڤایەتیەکەوە، نیە. بەڵکو ئەو[1]، رێك بەملهوڕ ناودەبرێت. لەڕاستیدا رۆسۆ، خەڵکانی پەروەردە خراپ، دەناسێت، ئەوخەڵکانەی کە کەمێك روناکبیرییان هەیە و، تاڕادەی نەفامیکردن بەویژدانیان، بەشێوەیەکی پێشتر خۆدەستکردەیی، سەرلێشێواون و، بڕیارەکانیان ملکەچی هەواوهەوەسەکانیان دەکەن . وەلێ، رۆسۆ هەرگیز بەهەمان رێچکەی(ماکیاڤاللی)، بیری لەئەگەریچەوساندنەوەیان ، نەکردۆتەوە،بەلامیش پێویستە کەبگەڕێینەوە ژێبۆ جەوهەر، واتە بۆئەوپرسەی کە بەردەوام دەلالەتی سیاسی راستینەی هاوسەردەمیانە، دەداتە رۆسۆ.

---

[1] هێمایە بۆ مەقولەی (پاڵەوانی فریادڕەس)ی سەردەمی نوێ ـ م .ص ـ .

رامیاری پێش هەموو چتێك پەروەردەی هاووڵاتی دەخوازێت، لەوێدا ئەوپیاوە روناکبیرانە[1] بونیان هەیە، ئەوانەی کەڕێگەنادەن راگەیاندنە فێڵاوییەکان لەخشتەیان بەرێتن، چونکە تاکە خولیایەکی ئەوانە بریتیە لەخۆشویستنی نیشتمانەکەیان، هەر لەتوانای ئەوانیشدایە کەکۆمەڵگەیەکی دادپەروەرا بونیادبنێن، لەبەرئەوەش، یان تائەوکاتەش کەنەتوانین ئەوکارە بکەین ئەوا بەکۆیلەیەتی دەمێنینەوە. رۆسۆ، وەك مۆڕاڵیەك و فەیلەسوفێك، رادەگەیەنێت کەمرۆڤان بۆخۆیان بەرپرسن لەو کۆمەڵگەی چێیدەکەن، ئیتر ئەو ئارگومێنت وبەهانە کۆمەڵایەتیە کەدەتوانن بەهانەکاری پێبکەن، هەرچیەك بێت . گرێبەستی کۆمەڵایەتیش سودێکی مێژوویی نیە، بەڵکو مەرجێکی نێوکاری ونێوئاخنیە، بۆهەر دەستەڵاتێکی سیاسی. دەوڵەتیش تەنها بەمەبەستی چاکەی مرۆڤ هاتۆتەبوون، واتە لەپێناو تەواوکردنی(ئەو)، وەك ئیرادەیەکی روناکبەخش. بەلەبەرچاوگرتنی ئەوەش کەبارودۆخە دیمۆگرافی و ئابووری و هتد...... هەرئەوەن کەهەن، کەواتە پێویستە لەسەرمان کەخۆنەدەینە دەست قەدەرێك کەمرۆڤ دەکاتە کەلوپەلێك بەتەنها، بەڵکو لەسەرمانە کەبگەڕێینەوە ژبۆ ئەومەبەستانەی دەوڵەت، کە لەگرێبەستێکدا دیاریکراون . پێویستە کەئیتر لەڕێگەی سەرکێشیەکانمانەوە، بوارێك نەدەین نە بەدیماگۆکیەکان[2]، خاوەن هەواوهەوەسەکان و، نە بەتەکنۆکراتە (هونەرییەکان)، خاوەن قەدەرەکان . ئەمەش ئەو وانەیەیە کەلەئەفلاتۆنەوە وەرمانگرتووە، واتە ئەوەی کەدەبێت فەیلەسووفەکان، لەودەوڵەتەدا کەدادەمەزرێت،

---

[1] لەبەر دەستپارێزی وەرگێڕانەکە وشەی(پیاوی روناکبیر)م دەکارهێناوە، دەگینا،دروستەکەی،مرۆڤی روناکبیرە ـ م .ص ـ .

[2] دیماگۆگیەت،لەبنەڕەتدا وشەیەکی لاتینیە،بەواتای لەخشتەبردنی بەرامبەردێت ـ م .ص ـ .

پادشـابن و، پاشـاکانیش فەیلەسـوف بـن، واتـە هـەروەها دەبێـت گۆشـکاروپەروەردکاریش بـن . بێجگـە لـەوەش، ئەوەنـدە بەسـە، بیری مرۆڤـی بهێنینـەوە کەیـەکتر خۆشویسـتنیان، کەلەسروشـتەوەڕا ئاڕاستەکراوە، بەواتای ئەوەیە کەئەوان بەڕاستی دەیانهەوێت ئازادبن، واتە فەرمانڕەوابن .

رۆسۆ لەواقیعدا، گومانێکی لەهاوسەردەمەکانی هەبوو، تەنانەت لە رۆژگارێکیشدا بەهاوولاتیەکانیشی، لەبەر تێنەڕوانین و سەرنجنەدانیان بۆ دارمانی مۆڕالْ ودامەزراوەکان . لەبەرئەوە باوەڕی بەخۆی هێنا بەوەی کە لۆژیکەکەی، زۆربەکەمی، لەتوانایدایە کەمرۆڤی ئامادەڕا بخاتـەکار، تـاوەکو تێڕوانینـەکانی بۆئـەودیو تخـوبی خێزانەکـەی درێژبێتـەوە. لەبەرئـەوەدەبینین تۆژینـەوە پەروەردەییەکەی (ئـەو)، لـەم بوارەدا خۆیگرتەوە:

ئێسـتاش لەوانەیـە لـەتوانای کۆمـەڵێك خێزانـدا بێـت، کەمنداڵـەکانیان بەگوێرەی سروشت گۆش و پەروەردەبکەن، واتە بەوریایی و لێزانیەوە . وەلێ ،(ئـەو) گرێبەسـتی کۆمەڵایـەتی لـە(ئـەمیلEmile )دا دانایـەوە و، خوێندکارەکەشـی بێئاگانیـە لـەبێهیوایی و تـالاوی شکسـتەکان، لێ ، هیـوای مامۆسـتاکەی بریتییـە لـەوەی کەمرۆڤی ڕاسـتینە، بـەردەوام بەوەکۆتاییـدێت کەخۆسـەپێنێتە سـەرئەوانەی کەجگـە لەکۆیلـە، چتێکیدی نین . با هاووێنـەکانی(ئـەمیل)یش زیادبکـەین، چونکە، ئـەو رۆژە هەردێت کەتیایدا گیانبازی ـ **المغامرة** ـ شارە کۆنەکە جارێکیدی، لەوانە بێت لەبەرگێکی نوێدا،کەدەستپێبکاتەوە .

پێـر بـورجـلان

**Pierre Burgelin**

# سەبارەت بە گرێبەستی کۆمەڵایەتی
# یان
# مافی سیاسی

***ئاگاییەك:***

**ئەم کورتە** لێتۆژینەوەیە، لەبەشێکی فراوانترەوە وەرگیراوە، کاتی‌خۆی دەستمدابووە نووسینی، بێئەوەی هێزو توانام یەکبخەم بۆ تەواوکردنی، ئەوەبوو لەماوەیەکی زووترەوە وازملێهێنا. بەمشێوەیە ئەوەی کەلەیرەدا پێشکەشی‌دەکەم ئەوکۆپلە جۆراوجۆرانەیە، کەلەتوانادابووە لەونوسینەی پێشو،هەڵیانبژێرم ، هەرچەندە کەجیابەندیان دەکەم ، لێ پێموایە کەمترین شتێکن کە لێرەدا پێشکەشی خوێنەریان بکەم، ئیتر ئەوانی‌دی نەماون .

## نووسراوی یەکەم[1]

**دەخوازم** تۆژینەوە لەوەبکەم کە ئایا دەتوانرێت لە سیستەمی مەدەنیدا، ڕێسایەك ، بۆ کارگێڕایەتی — Adminstration — بوونی‌هەبێت، کەشەرعی وجەختلێکراو بێتن، ئەوەش بەئاخاوتن لە مرۆڤ و یاساکان، وەکئەوەی کە هەن ودەتوانرێت هەبن . ئالەبەرئەوە،بەردەوام لەم لێتۆژینەوەدا هەوڵدەدەم کە ئەوەی ماف

---

[1] لە وەرگێڕانە عەرەبییەکەدا وەرگێر، دەستەواژەی (الكتاب الأوّل)ی دەکارهێناوە ، بەمشێوەیە هەموو دانراوەکە،کەچوار نووسراوە ـ واتە چوار کتێب ـ لە(چوار کتێب) دا پۆلێن کردووە ، ئەز بۆ (کتێب) کە (الكتاب)ی عەرەبییە،(نوسراو) بە دروستتر دەزانم ــ م . ص ــ .

ڕێگـــەی پێـــدەدات، نزیـــك بکەمـــەوە لـــەوەی کەبەرژەوەنـــدی Theintrest ـــــ)دەیســـەپێنێت ، ئـــەوەش بۆئـــەوەی کـــە هـــەرگیز دادپەروەری لە سوودمەندی جیانەکرێتەوە .

ئاخاوتنم لەبابەتەکەمدا دەستپێدەکەم، بیّ بەڵگەدارکردنی گرنگیەکەی و، ئەگەر یەکێکیش پرسیاری ئەوەم لێبکات کە چما (من) شازادەم، یان یاسادانەرم، وا لەسەر سیاسەت دەنووسم ؟ ئەوا، وا وەڵامی وێدەدەم کە نە ئەویانم و نە ئەمیشیان ، بەڵکو لە پێناوئەوەدا، لەسەر سیاسەت دەنووسم . بەڵکو ئەگەر شازادەیەك یان یاسادانەرێك بومایە ، ئەوا کاتیخۆم لەگۆتنی ئەوەدا بەفیڕۆ نەدەدا، کە چ پێویستە بکرێت ، چونکە ئەوکات یان دەمکرد یان وەکو بێدەنگ دەبووم .

ئەگەر وەك هاوڵاتیەکی وڵاتێکی ئازاد لەدایکبومایە، یان ئەندامێکی بنەماڵـــەی فـــەرمانڕەوا بومایـــە ، ئـــەوا ئـــەوکات هەرچـــەندەش کاریگەریی مافی دەنگدانم لەسەر کاروباری گشتی ـ The universal business ـ لاواز بوایە، لێ لەم پرسەدا بەس دەبوو بۆم، کە فەرمانی خود روناکبیرکردنەوە، بەسەرخۆمدا بسەپێنم . هەموو ئەوجارانەی کە تیایانـدا، بـە قـووڵی بـیرم لـە حکومەتـەکان کردۆتـەوە ، هەمیشـە بەختـەوەربووم بـەوەی کـە لـە لێتوژینەوەکانمـدا، ئـەو هۆکـارە نوێیانـە وەدۆزم کە پاڵمپێوەدەنێن بۆ ئەوەی حکومەتی وڵاتەکەم خۆش بوێت !.

# جومگەی یەکەم
## (بـــابەتی ئەم نوسراوەی یـــەکەمە)

**ئەگەرچـــــی** مـرۆڤ بـە سەربەسـتی لـەدایکبووە ، لێ ، (ئـەو) لەهـەموو جێگایەکدا، زنجیربەند کراوە. بەوشێوەیە ــ یان وردتر بڵێین لەسـەرئەو ریتیمە (م.ص) ــ، (ئەو)[1] خۆی وا دەبینێتەوە کە سەرکاری ئەوانیترە، لـە کاتێکدا لـەوە تێناپەڕێت کـە کۆیلـە ترینیـان بێـت . کەواتـە ئـەوەی کەئـەم گۆڕانـە چـۆن رویـداوە ؟ واز لێدەهێنم . ئـەی ئـەوە چیە کـە وای لێکـردووە شـەرعی بێـت ؟ لـەو بـاوەڕەدام کـە بتـوانم ئـەم پرسـەیان چارەسەر بکەم .

ئەگەر هیچ نرخێکم بۆ هێز ـ The power ـ دانەنایە ، ئەوا دەمگـوت: لەبەرئـەوەی هـەر گـەلێك وادار بـە ملدانەوانـدن دەکرێـت و ملـیش دانانـەوێنێت ، ئـەوا شـتێکی بـاش دەکـاتن : کـاتێکیش کـە دەتوانێـت دەسـەڵاتی ملکەچگەرایی رامالێت وبـەکردەوەش رایـدەماڵێت، ئـەوا ئـەو کارێکی باشتر دەکات : چونکە بەوە سەربەستـی خۆی وەردەگرێتـەوە، بەهـەمان ئەندازەیـەك ، یـان بـە هـەمان مافێـك کـە لێیسـەندراوە پێـی، یـانوەکو راسـتانەیان بـەهێزە ــ سـوورن لەسەرـــ بـۆ وەرگرتنـەوەی سەربەستیەکەیان ، یان ئەوەی کەسێك نیە کە بتوانێت لـە نێودەستیڕا دەربهێنێت . مافێکی پیرۆز، وا لـەسـەر سیستەمی کۆمەڵایەتی، کـەوەك بناغـەی هـەموو مافـەکانی تـرڕا سـەیردەکرێت ، دەگەڵئەوەشـدا هـەرگیز

[1] مەبەستی لە مرۆڤە — م.ص — .

ئـەم مافـە، لـە سروشـتـەوەڕا دەرناچـێت ، بـەڵکو لەسـەر گرێبەسـتـەکانڕا وەسـتـاوە . وەلێ ،(مـن) پێشـئـەوەی تـەنیا بنەفـەرمانی ئـەم لێتۆژینەوەیـە بم، پێویستە لەسەرم ئەوەی تا ئێرە پێشکەشم کردووە بیسەلمێنم .

# جومگەی دووەم
## سەبارەت بە کۆمەڵگا بەراییەکان

**کۆنترینی** کۆمەڵگاکان و تەنها سروشتییان ، بریتیە لە کۆمەڵگەی خێزان . چونکە تائێستاش، ڕۆڵەکانی بەباوکیانەوە بەستراونەتەوە، تا ئەوکاتەی لەپێناوی مانەوەیاندا پێویستیان پێیەتی و، هەرکاتێکیش ئەو پێویستیە بوونی نەما، ئەوا ئەو ڕایەڵە سروشتیەش هەڵدەوەشێتەوە، ئەوکاتەش کە منداڵەکان ئازاد دەبن لەو گوێڕایەڵیە پێویستەی سەریان، بەرامبەر باوکیان و، باوکیش لەسەرپەرشتیاریی پێویستی بۆ ئەوان دەبەخشرێت ، ئەوکاتە هەموویان وەکویەك دەگەڕێنەوە بۆ سەربەخۆییەکەیان . ئەگەریش ئەوان، بە ڕوشاخاویەوە ـ بالتحدی ـ لە مانەوەیان، بەردەوامبن، ئەوا ئەومانەوەیە سروشتی نابێت، بەڵکو خودئیرادیانە دەبێت و خودیخێزانیش، بەبێ‌گرێبەست ناتوانێت وەك خێزان بمێنێتەوە .

ئەو سەربەستیە هاوبەشە، دەرەنجامی سروشتی مرۆڤ خۆیەتی و، یاسای یەکەمیشی، بریتیە لە شەونخونی لەسەر مانەوەی تایبەتی . بایەخدانە بەراییەکانیشی ئەوانەیە کە لەسەری پێویستن بەرامبەر بەخۆی ، هەرئەوەندەش کە مرۆڤ دەگاتە تەمەنی خودڕێنمایی ـ سن الرشد ـ ئەوا ئەوکاتە دەبێتە سەرکاریخۆی، چونکە خۆی ڕلسپێراودەبێت بەوەی بڕیار لەسەرئەو ئامرازانە بدات کە مانەوەی دەپارێزن .

بەمشێوەیە ، خێزان ، بریتیە لە نموونەی یەکەمی کۆمەڵگا سیاسیەکان، بەشێوەیەك کە رابەر(یان سەرکردە –م.ص–)، وێنەی باوك پێکدەهێنێت و، (گەل )یش وێنەی رۆڵەکان ، لەبەرئەوەش کەهەموویان بەیەکسانی و سەربەستانە لە دایکبوونە ، لەبەرئەوە دەستبەرداری سەربەستیەکەیان نابن، مەگەر لەپێناوی سوودمەندییەکانیاندا ، هەموو جیاوازیەکەش لە نێوانیاندا[1]، بریتیە لەوەی کە باوك لەخێزاندا، بەوبایەخپێدانەی دەیداتە منداڵەکانی، خۆشەویستیخۆیان وێدەداتێ ، لەکاتێکدا کە لە دەوڵەتدا ،[2] ئیرۆسی سەرکردایەتیکردن، جێگەی ئەم خۆشەویستیە دەگرێتەوە کە سەرکردە نیەتی بۆ گەلەکەی .

(گروتیوس- Gratius ) نکوڵی لەوەدەکات کە دەسەڵاتێك مرۆییهەبووبێت، کە لەبەرژەوەندی دەستەڵات بەسەرکراواندا، دامەزرابێت : بەڵگەداری ئەوەش بەکۆمەڵگەی کۆیلایەتی دەکاتن . زیاتر شێوازێکی جێگیری(ئەو) لە دادگاییکردندا ، بریتییە لە سەلماندنی ماف بە واقیع . ئێمە دەتوانین میتۆدێکی زیاتر لۆژێکیتر دەکاربهێنین ، لێ ، ئەو میتۆدە زیاترلایەنگرێکی ملهوڕان نابێت .

---

(١) )((زۆرجار وابووە کەتوێژینەوە زانستیەکانی مافیگشتی شتێک نەبونە، جگەلە مێژووی خراپکاریەکۆنەکان، هەرکەللەڕەقیەکیش لەمبارەوە هەڵەیە، لەکاتێکدا کەئەم هەموو بایەخە لەتێرامان بە خوێندیکاریکردنی،دراوە)). وەرگیراو لە توێژینەوەیەکی دەستنووس لەسەر((بەرژەوەندیەکانی فەرەنسا دەگەڵ هاوسێکانیدا،بە پێنوسی (م.ل.م ـ خانەی جۆنسون) لەچاپی( ١٧٨٣)دا، ئەم سەرچاوەیە ئاوها هاتووە : توێژینەوەیەک لەسەر بەرژەوەندیەکانی فەرەنسا دەگەڵ هاوسێکانیدا . دانانی (مەرکیز) ـ خانەی جونسون ـ لە(رای)ی ئەمستردام،لەچاپدراوە ، (گروتیوس)یش، هەر خودی ئەم شتەی کرد .

(٢) ) لێرەدا مەبەست لە (دەسەڵاتدار)ە ـ م.ص ـ .

بەمشێوەیە و بەباوەڕی (گروتیوس) گومانەکە لەوێدایە کە ئایا ڕەگەزی مرۆڤ سەر بە سەد پیاوێك دەبێت ، یان بە پێچەوانەوە ئەوە ئەم سەد پیاوەن کە سەربە ڕەگەزی مرۆڤن . واش دەردەکەوێت کە(ئەو)، لەهەموو کتێبەکەیدا بەلای بۆچونی یەکەمیاندا رودەنێت .هەروەها دیدی (هۆبز Hobbes )یش هەرهەمانشتە.کەواتە بەمشێوەیە جۆری مرۆڤ – النوع البشری– بەسەر دوو ڕەوە مێگەلدا دابەشبوەو ، هەر ڕەوەیەکیش شوانێکی هەیە کە پاسەوانی دەکات بۆ ئەوەی هەڵی بلوشێت .

لەبەرئەوەش کە سەرپەرشتیکەر ، دەچێتە سەر سروشتێکی بەرزتر لە سروشتی ڕەوەکەی ، لەبەرئەوە مرۆڤلەوەڕان – رعاة البشر – کەهەرخۆیان سەرکردەکانن ، لە سروشتێکی بالاًترن لەسروشتیگەلەکانیان. ئابەمشێوەیە لە ڕۆمانی(فیلو–Philon )دا (کالیگۆلا –Caligula )ی ئیمپراتۆر ، بیری دەکردەوەو ، لەو وێکچواندنەش ئەوەی وەدەستهێنا کە پادشاکان خواوەندن و گەلانیش ئاژەڵەکانن .

ئەو دادگاییکردنە عەقلانیەی کە ئەم (کالیگۆلا) یە بەڕێوەیدەبات ، لە بناغەدا یەك چتە دەگەڵ ئەوەی هەریەك لە (هۆبز و گروتیوس) . لەپێش ئەوانیشدا (ئەرستۆ) هەرهەمان ئەم پێڕەوگەیەی هەبوە،کەبریتیەلەوەی خەڵکان بە سروشتی یەکسان نینە،بەڵکو هەندێکیان بۆ ئەوە لەدایکبوونە کە ببنە کۆیلە و،هەندێکیشیان بۆ ئەوەی ببنە سەرکار .

لە واقیعدا،(ئەرستۆ) ڕاستبووە ، لێ،(ئەو) لە نێوان دال و مەدلولدا ، تێکەڵوپێکەڵیەکی کردووە ، چونکە هیچشتێك لەوە دڵنیاتر نیە، کە کەسێکی کۆمەڵگەی کۆیلایەتی ، لە پێناوی کۆیلایەتیدا لە دایکدەبێت ،ئەوەش لەبەرئەوەی کە کۆیلەکان لە زنجیرەکانیاندا، هەمووشتێك

لەدەستدەدەن ، تەنانەت ئارەزووی رزگاربوونیشیان لێی ، ئەوانیش کۆیلەبوونی خۆیان خۆش دەویست هەروەکو چۆن هاوڕێیانی (ئۆلیس ـ Ulysse ) ئەو دڕندەییەیان خۆشدەویست کەتێیکەوتبوون[1].کەواتە ئەگەر بەسروشت کۆیلەیەك بوونی هەبێت، ئەوا لەبەرئەوەیە کەکۆیلەگەلێك دژی سروشت هەن ، لەبەرئەوەی کەهێز ـThe power ـ کۆیلە یەکەمینەکانی کردۆتە کۆیلەو ترسنۆکیوبێئیرادەیی ئەوانی، هەمیشەیی کردووە .

شتێکم دەربارەی(ئادەم)ی باوکی مەردوم، ئاخاوتن نەکرد، یان (نوح)ی ئیمپراتۆر کەباوکی سێپادشای مەزن بووە و، جیهانیان لەنێوخۆیاندا بەشکردوە، هەروەك کەکوڕەکانی (زوحەل)کردویانە، کەهەندێك تێکەڵ بەیەکیان دەکەن. هیوادارم کەلەسەر ئەم دادگوزاریەستایش بەدەستبهێنم، چونکە کێ نازانێت کە(من) راستەوخۆ یەکێکم لەوەچەی ئەوسێ شازادەیە، بەڵکو لەوانەیە من لە لقە گەورەکەشیان بم، واتە پادشای شەرعی هەموو مرۆڤایەتی بم، چونکە (من) توانای لێکۆڵینەوەو ساغکردنەوەی وەچەکانم نیە؟. شتەکە هەرچیەك بێت، ناتوانرێت نکۆڵی لەوەبکرێت کە(ئادەم) تائەوکاتەی کەتاکە تاکێکی گێتی بووە ،پادشای هەموو جیهانیش بووە، هەروەك چۆن(رۆبنسۆن کرۆز) پادشای دورگەکەی بووە، لەبەرئەوەی کەبەتەنیا دانیشتوویەك بووە تیایدا. لێ کارێکی دڵگیر لەم ئیمپراتۆریەدا[2] ئەوەیە کە پادشایەکی تەختیشاهانە، هیچ ترسێکی، نەلەیاخیبووەکانو نەلەجەنگو نەلەپیلانگێڕان نەبووە .

---

[1] بڕوانە ئەوکورتە توژینەوەی(بلۆتارک ) بەنیوی ((باناژەڵە لاڵەکان عەقڵیان دەکاربهێنن )).

[2] ) لێرەدامەبەستی رۆسۆ،ئیمپراتۆریەتەکەی(رۆبنسۆن کروزو)وە ـم.ص ـ .

# جومگەی سێهەم

## (سەبارەت بەمافی بەهێزەکان)

**بەهێزترین** تاکێك، ئەگەر هێزەکەی وەرنەگۆڕێت ژبو(ماف)و گوێڕایەڵی ئەوانی‌دی، ئەوا ناتوانێت هەمیشە خاوەن هێزێکی وەهابێت کەبەردەوام بیکاتەفەرمانڕەواو سەرکار. مافی بەهێزترینەکانیش، کەمافێکە لەڕواڵەتدا بەگاڵتەجاڕی وەرگیراوە، کەچی لەڕاستیدا وەك پرەنسیپێك دانی پیادانراوە. لێ ئایا پێویست نیە کەیەکێك ئەم ماف و هێزەمان بۆ راڤەبکات. (هێز)بریتییە لەتوانایەکی مادی و، هیچ شوێنپێیەکی‌مۆڕاڵی کەلەسەری‌بتوانرێت بەرهەمبێت، بەدیناکەم. کەواتە ملدانەواندن بۆ بەهێز، بریتییە لەکارێك لەکارەکانی پێویستگەرایی، نەك لەکارەکانی ئیرادەگەریی، ئەوملدانەواندنە، بەزۆری کارێکە کەپێداگریی دەیخوازێت، کەواتە بەچ واتایەك دەتوانێت ببێتە فەرمان و ئەرکێك ؟.

باگریمانەی چرکەساتی هەبوونی ئەم مافە هەڵبەستراوە بکەین، ئەوا(من)، دەڵێم کەلەم گریمانەیەوە جگە لەورتەورتێك کەراڤەناکرێت، هیچی‌دی نایەتەدەست. چونکە هەرئەوەندەی کەهێز توانی ببێتە بدیهێنەری ماف، ئەوا مەدلولیش دەگەڵ دالدا جێدەگۆڕێت .کەواتە هەر هێزێك کەزووترسەرکەوێت بەسەر هی پێشخۆیدا، ئەوا دەبێتە شوێنگری ماف . هەروەها هەرئەوەندەش کەتوانیمان بەبێ سزادانێك، گوێڕایەڵی ـ ملکەچی ـ م. ص ـ وەلابنێین، ئەوا لەتواناشماندا دەبێت کەیاساییانە ئەوکارەبکەین. لەبەرئەوەش کەبەردەوام بەهێزترین کەس لەسەر مافە، بۆیەکە مرۆڤ ئامانجی ئەوەدەبێت کەکاربکات بۆئەوەی

بەهێزترین بێت. کەواتە ئەوە چ مافێکە کەبەرەوینەوەی (هێز)، ئەمیش بڕەوێتەوە؟ چونکە ئەگەر (گوێڕایەڵی)، لەژێرسایەی(هێز)دا بسەپێندرێت، ئەوائیتر پێویست بەسەپاندنیگوێڕایەڵی ناکات، ئەگەریش مرۆڤ بەزۆر (گوێڕایەڵی) بەسەردانەدرێت ئەوا پابەندی نابێت،بەمشێوەیە دەبینین کە وشەی (ماف) هیچشتێك بۆسەر هێز زیادناکات، کەواتە لێرەدا ئەو وشەیە، هیچ واتایەکی نیە.

((گوێڕایەڵی دەسەلاتەکان بن))، ئەگەر ئەومەقولەیە، بەواتای ئەوەبێت کە ملکەچی(هێز)بین، ئەوەکارێکی دروستە، لێ، پێویست نیە، چونکە هەرگیز سەرپێچی لەبەرامبەردا ناکرێت. (من)، دان بەوەدادەنێم کەهەموو هێزێك لەخوداوە دێت، لێ ،هەروەهاش هەموو نەخۆشیەك هەر لەوڕاوە دێت. کەواتە، ئایا ئەوە واتای ئەوەیە کەپەنابردنە لای پزیشك ڕێنەدراوە؟ ئەی کاتێك لەگۆشەی دارستانێکدا تووشم دەبێت بەتووشی چەتەیەکەوە: ئەوکاتە هەرئەوەندە بەس نیە کەتەنها لەژێر هێزنواندنی ئەودا ناچاربم کە پارەکەی وێ دەمێ، لێ ئایا بەڕاستی، کەبتوانای شاردنەوەی پارەکەم هەبێت،ئایائەوکاتە وادارکراوم بەوەی کەبیدەمێ، تەنهالەبەرئەوەی دەمانچەکەیدەستی، ئەویش هەروەها ئەژماریهێزێکی بۆدەکرێتن !!؟؟.

کەواتە ئیتر، بادانبەوەدا بنێین کە(هێز) پێکهێنەری (ماف)نیەو مرۆڤیش تەنهاپابەندە بەگوێڕایەڵی و ملنەواندن بۆ دەستەلاتە شەرعیەکان .
بەمشێوەیە بەردەوام دەگەڕێینەوە بۆ فراژووکردنی پرسیاری یەکەمینم.

# جومگەی چوارەم

## (سەبارەت بەکۆیلایەتی)

**لەبەرئەوەی** کەمرۆڤ ،هیچ دەسەڵاتێکی سروشتی بەسەر هاونەژادەکانی خۆیدانیەو،لەبەرئەوەش کە(هێز)، هیچ مافێك بەرهەمناهێنێت، کەواتە ڕێککەوتنەکان، وەك بناغەی هەموو دەسەڵاتێکی شەرعی نێوان مرۆڤەکان دەمێننەوە .

(گروتیوس) دەڵێت: ئەگەر کەسێکی سەربەخۆ، بۆی هەبێت کەبەئارەزوی‌خۆی، دەستبەرداری ئازادیەکەی بێت و خۆبداتەدەست کۆیلەیەتی سەرکارێك، ئەی کەواتە بۆ لەتوانای گەلێکدا نەبێت، کە واز لەئازادیی خۆی بهێنێت و خۆی بکاتە سەرپەرشتکراوی[1] پادشایەك ـ دەستەڵاتی پادشایەك قبوڵبکاتن ــ م.ص ــ؟؟. لەم گوتنەدا چەند بێژراوێك(وشەیەك ـ م.ص ـ)ناڕۆشن هەنە، کەپێویستییان بەڕاڤەکردن هەیە، لێ با تەنها لەبەردەم تەنها یەك وشەیاندا بووەستین، کەبریتییە لەدەستەواژەی وازهێنان. ئەوە دەزانین کە وازهێنان ـ دەستبەرداربوون ـ م.ص ــ لەشتێك، بریتیە لەپێدانی بەیەکێکی‌دی، یان فرۆشتنی و، لەسەرئەوەش ئەو مرۆڤەی کەخۆی دەکاتە کۆیلەی یەکێکی‌دی، ئەوە بەوکارەی تەنهاخۆی نابەخشێت، بەڵکو خۆشی دەفرۆشێت، لانی کەم لەپێناوی بژێویەکەیدا: دەی باشە،ئەی کەواتە گەلێك بۆ خۆی دەفرۆشێت؟ بەتایبەتیش ئەوەدەزانین کە زۆر دوورە،پادشایەك بژێوی

---

[1] لێرەدا، لەبری(رعیة)ی عەرەبی دەکارمهێناوە ـ م.ص ـ .

ژیۆ هاووڵاتیەکانی دابینبکات، بەڵکو لەواقیعدا ئەوە پادشایە کەبژێوی خۆی لەوان وەردەگرێت و هەروەك (رابلیە ـ Rabelais)دەڵێت: (ئەو) بەکەمێکیش ناژێت. کەواتە ئایا هاووڵاتیانیش، بەومەرجە کەسایەتییان دەبەخشن وپێشکەشدەکەن، کەپارەوپوولیشیان لێوەربگیرێت؟(من) پەیبەهیچ چتێك نابەم کەمابێتەوە بۆیان تاکو بیپارێزن.

لەوانەیە بگوترێت کەزۆردار ـ سەرکوتکەر ـ م . ص ـ، ئارامی وئاسایش بۆ هاووڵاتیانی دابیندەکات. باوابێت، لێ ،چیان لەوە دەستدەکەوێت، لەکاتێکدا کەخوازە شەڕەنگێزییەکانی، پەلکێشیان دەکات و، هەروەها کاتێکیش هەڵپەوچاوتێبڕینیەکانی کەدانامرکێتەوەو، کاتێکیش تەنگپێهەڵچنینی وەزیرەکانی، زۆر زۆر لەوەزیاتر هەراسانیاندەکات تا ململانێیەکانیان ـ مەبەست لەململانێی نێوان هاووڵاتیانە ـ م .ص ـ؟، کەواتە ئەگەر ئەم ئارامیە بۆخۆی هۆکارێکی دەبەنگی و لێکەوتەییان بێت،ئیتر لەونێوەدا چیان دەستدەکەوێت؟ بامرۆڤ لەزیندانێکدا، بێدەنگ و ئارام بێت، لێ ئایائەوە بەسە، بۆئەوەی تیایدا خۆی بەبەختەوەر ببینێتەوە؟ کاتی خۆیشی، گریکە بەندکراوەکانی نێو ئەشکەوتی(گۆل)، لەکاتێکدا کەچاوەڕوانی سەرەی خۆیاندەکرد تاوەکو (گۆل) دایانپاچێت، بێدەنگ دەژیان .

کەواتە ئەو گۆتنەی کەدەڵێت: مرۆڤ بێبەرامبەر خۆی پێشکەش بەوانی دی بکات، کارێکی لەکردەنەبووەو پێشبینیش ناکرێت، بەڵکو کارێکی ئاوها، ناشەرعی و پووچە، لەبەرئەوەی ئەوەی کەئەنجامیدەدات، کەسێکی ژیر نیە، ئەگەر هەمانشت سەبارەت

بەتەواوی گەلێك بڵێین، ئەوا بەواتای ئەوەدێت کەتەواوی تاکەکانی ئەو گەلە شێتن و، شێتیش ماف چێناکاتن .

کاتێك هەرتاکێك بتوانێت کەدەستبەرداری خۆی بێت، ئەوا ناتوانێت دەستبەرداری منداڵەکانی بێت، چونکە ئەوان بەئازادیو وەك مرۆڤ لەدایك دەبنو، ئازادییان موڵکی خۆیانە، جگە لەخۆیان ـ واتە ئەومندالانە ـ م.ص ـ ـ کەس بۆینیە کەوا هەڵسوکەوتی پێوەبکات. لێ ،باوکەکە، لەپێناوی مانەوەو خۆشگوزەرانیاندا، پێشئەوەی کەبگەنە تەمەنی خودرێنمایی لەپێناوی مانەوەو خۆشگوزەرانیاندا، دەتوانێت بەناوی ئەوانەوە مەرجگەلێك رەتبکاتەوە[1] ، لێ ،ناتوانێت بەبێ مەرجو یەکجارەکیانە پێشکەشی هیتریان بکاتن، چونکە پێدانێکی لەوجۆرە دژی ئامانجەکانی سروشتەو تێپەڕاندنی مافی باوکایەتیشە. کەواتە بۆئەوەی حکومەتێکی سەرکوتکەر ببێتە شەرعی، ئەوا هەردەبێت لەهەموو وەچەیەکدا، (گەل)، لەوەرگرتن یان رەتکردنەوەی ئەوحکومەتەدا، خۆی سەرکاربێت، لێ لەبارێکی ئاوهادا،ئیتر ئەو حکومەتە، هەر بەسەر کوتگەریی نامێنێتەوە .

وازهێنانی مرۆڤ لەئازادییەکەی، بەواتای وازهێنانێتی لەئەدگاری مرۆڤیانەیو لەمافە مرۆییەکانیو تەنانەت لەئەرکەکانیشی، چونکە هیچ بژاردنەوەیەکی رەچاوکراو،ناتواندرێت بدرێتە کەسێك کەدەستبەرداری ئەوهەموو چتە بووبێت ، چونکە وازهێنانێکی لەمجۆرە پێچەوانەی

---

[1]) واتە، کاتێك کەباوکێك خاوەن چەند منداڵ، لەمیانی پرۆسەی بەکۆیلەبوونیدا ،ئەو مەرجانەی بەسەرخۆیدا پیادەدەبێت، سەبارەت بەمنداڵەکانی کەلەخوار تەمەنی خودرێنماییەوەن، بەوجۆرە بژاردەیان دەکات کەدەگەڵ خۆشگوزەرانیاندا بگونجێت ـ م .ص ـ ـ .

سروشتی مرۆڤە .هەروەها سەندنی هەموو ئازادییەك لەئیرادەی (ئەو) ـ مەبەست ئیرادەی مرۆڤە ـ م. ص ـ، بەواتای سەندنی هەموو مۆراڵێکە لەکردەوەکانی، لەکۆتاییشدا، ئەوە رێککەوتنێکی پووچ و شکستخواردو و ناکۆکە، کاتێك ژلایەکی دەسەڵاتێکی رەها بسەپێنیت و ژلایەکی تریش ملکەچییەکی بێسنوور. ئایا ئێستا، ئەوە تەواو روون نیە، کە هیچ پابەندنیەکمان لەسەرنیە لەبەرامبەر ئەوەی کەمافی خۆمانە داوای هەموو چتێکی لێبیکەین ، لێ و،ئایا هەمان ئەم مەرجە نایەکسان و نەبژێردراوە، پووچ و شکستخواردوو نیە؟؟ پاشانیش ،ئەومافە کامەیە کە پێش (من)، دەبێت بۆ کۆیلەکەم بێت، لەکاتێکدا کەهەرچی(ئەو) هەیەتی دەگەڕێتەوەبۆ من ؟، بەلەبەرچاوگرتنی ئەوەی کەمافی(ئەو)، مافی منە، کەواتە ئەم مافە، کە مافی منە ودژی منیشە، وشەیەك پێکدەهێنێت کەهیچ واتایەکی نیە.

(گروتیوس)و ئەوانیدی، هۆکارێکیدی ئەوەی کە بەکۆیلەیەتی نێودەبرێتن، لەجەنگەکاندا بەدیدەکەن، چونکە، بەبۆچوونی ئەوان، لەکاتێکدا کەسەرکەوتوو، مافی کوشتنی دۆڕاوی هەیەو، بەزیویش ـ تێکشکاو ـ م.ص ـ ـ، بۆی هەیە ژیانی خۆی، بە بەهای ئازادییەکەی بکڕێتەوە . کەواتە ئەم گرێبەستە بەهێندەی ئەوەی کەوەردەگۆڕدرێت بۆ بەرژەوەندی هەردولا، شەرعیەت پەیدادەکات.

بەلام ،ئەوە روونە کە ئەم مافە، بەهیچشێوەیەك پاگەندەیئەوەناکات کەکوشتنی بەزیوەکان لەدۆخی جەنگەوە بێتەپێکهاتن ، بەتەنها هەرلەبەر ئەم هۆیەشە ، کەمرۆڤانی حاڵەتی سەرەتایی،کەبەشێوەی لەیەکجیایی وسەربەخۆیانە دەژین، ئەو پەیوەندیە بەردەوامەیان

لەنێوانــدا نیە،کەهەمیشــە حاڵــەتی جــەنگ‌و ئاشــتی لەنێوانیانــدا بەرپاوسەقامگیربکاتن، لەبەرئەوەی ئەوان بەسروشت دوژمن بەیەك نین. چونکە ئەوە پەیوەنـدی نێـوانی وڵاتەکانـە، نـەك مرۆڤـەکان، کەجـەنگ پێکـدەهێنێت و، لەبەرئەوەشـە کـەناکرێت حاڵـەتی جـەنگ، لـە میـانی پەیوەنـدی نێـوان مرۆڤانــەوە، ســەرهەڵبداتن ، بــەڵکو لــە پەیوەندیــە واقیعیـەکانی نێـوان وڵاتانـەوە ، کەواتـە جـەنگی تایبـەت، یـان جـەنگی مـرۆڤ بـۆ مـرۆڤ ناکرێـت کـە بوونی‌هـەبێت ، نـە لـەدۆخی سروشـتدا، کـە تیایـدا هـەرگیز موڵکدارییەتیـەکی جێگیر بـوونی نیـە و، نـە لـەدۆخی کۆمەڵایەتیدا کە تیایدا هەموو شتێك لەژێر مێزی یاساکاندا دەبێت .

بەمشـێوەیە دەتـوانین بڵـێین کـە پێکدادانـە تاکیـەکان و بەرانبـەرێن و، بەرەوڕووبوونــەوە مەیدانیــەکانی ئامبــازی یەکــدی [1]بــوون، ئەوانــە کردارگـەلێکن کـە هـەرگیز دۆخ، یـان حاڵـەت جـەنگ، پێکناهێنن . لێ ئەو جەنگە تایبەتانەی کە فەرمینامەی (لویسی نۆهەم)ی پادشای فەرەنسا، رەوادار و رێپێـدراوی‌کردن و بــەهۆی((پێکهــاتنی خوداوەندیــەوە))، وەسـتان ، ئەوانـە لـە دڵڕەقـی حکومـەتی فیودالیەتەوەیـە ، سـەخیفترین رژێمێکـی فـەرمانڕەوایی کـەبوونی هـەبووە و بـە پرەنسـیپەکانی مـافی سروشتی وهەموو رامیارییەکی باش، ناکۆکبووە .

کەواتە جەنگ، هەرگیز پەیوەنـدی نێوان مرۆڤێك و مرۆڤێك نیە ، بەڵکو پەیوەنــدی نێــوان دەوڵــەت و دەوڵەتێکــە ، کــە تیایــدا، بەرێکــەوت

---

[1] ئەوانە هەمووی هێمایە بۆ حاڵەتەکانی پێکهەڵپڕژان و شەڕی تاکە کەسەکان –م.ص – – .

مرۆڤەکان، نەك وەك مرۆڤ و، نەتەنانەت وەك هاوولاتیانیش [1]، بەڵکو وەك سەربازێك ،بەرەوڕوی یەکدی دەبنەوەودەبنەدوژمنی یەکدی، هەرگیزیش نەوەك ئەندامێکی نیشتمانی، بەڵکوهەرسەربازێك وەك بەرگریکەرێکی نیشتمانەکەی. دواجاریش هەردەوڵەتێك، تەنهادەتوانێت دەوڵەتێك یان دەوڵەتانی دی،لەبەرامبەر خۆیدا وەك دوژمن ببینێتەوە، نەك مرۆڤەکان ، لەبەرئەوەی کەناکرێت هیچ پەیوەندییەك لەنێوان کۆچبەرانی ولاتێك بە ولاتی دووەمەوە، پێشبینیبکرێتن .

تەنانەت ئەم باوەڕە ـ پرەنسیپ ـ م.ص ـ ، دەگونجێت دەگەڵ هەموو باوەڕە دانپیانراوە بنەڕەتیەکانی هەموو سەردەمەکان ودەگەڵ مومارەسە جێگیرەکانی هەموو گەلانی ژیارمەند ، هەروەها ڕاگەیاندنی جەنگ، پێشئەوەی کە ئاگادارکردنەوەی هاوولاتیان بێت،

[1])لەچاپی(١٧٨٢)دا، ئەم تێبینیەزیادکراوە :((ڕۆمانەکان کە لەهەر نەتەوەیەکیتری جیهان زیاتر یاساکانی جەنگیان پێدەزانی و ڕێزیان لێدەگرت ،لە وردبینیاندا زۆر لەوە زیاتر دەڕۆشتن ، بەوەیکەرێگەیان نەدەدا هیچ هاولاتیەك کە وەك خۆبەختکەرێك سەربازیبکات ، ئەگەر بهاتایا وەك سەربازێك بە ئاشکرا بەڵێننامەی بەشداری خۆی دژی دوژمن، بەئاشکرا رانەگەیاندبایە . چونکە کاتێك کەسەر لە نوێ ئەو دەستە سەربازیەی کە(کاتونی کوڕ –Caton) سەرکردەیەکی ڕۆمەکان بووە (٢٣٤ ــ ١٤٩ )ی پ.ز)) یەکەمین هەنگاوەکانی لەشکرگیریی خۆی لە ژێر سەرکردایەتی (بومبیلیوس)دا، تیادا بەرهەڵداکرد.(کاتو)ی باوك، پێیڕاگەیاند کە ئەگەر ئەوبە ڕاستی دەیەوێت لەژێر سەرکردایەتی ئەمدا ، بەردەوام بێت لەخزمەتکردندا، ئەوا هەردەبێت بانگی بکات بۆئەوەی بێت سوێندی سەربازیی نوێ بخوات، چونکە لەبەرئەوەی کەسوێندی یەکەم سڕدراوەتەوە، ئەوا ناتوانێت کەلەدژی دوژمن چەك هەڵبگرێت. هەروەها هۆشیاریدایە کوڕەکەی، کەوانابێت بەشداربێت لەوجەنگەدا کەلەپێناویدا سوێندی نوێکردۆتەوە. من دەزانم کەوا ڕەخنەیەکم لەسەر دەوروژێت، ئەگەر ئاماژە بەهەندێك حاڵەتی تایبەتیتر بدەم، ئەوا لەمەدا من ئاماژە بەیاساو خوونەریتگەلێك دەدەم، چونکە ڕۆمانەکان زۆربەکەمی یاساکانیان پێشێلکردووەو، ئەوان لەنێو ئەو گەلانەدا تاکن کەخاوەنی باشترین یاساکانن)).

ئاگادارکردنـــەوەی حکومـــەت ودەوڵەتەکانـــە ،چـــونکە بیـــانیی، چ پادشابێت، یان کەسێك و یان گەلێك ،کاتێك بەبێ ئەوەی کە جەنگی راگەیانـدبێت ، هاتبێتـەناو دەوڵەتێکی‌دیـەوە و،دزی لـە هاووڵاتیـانی بکات، یان بیانکوژێت، یان دیلیان بکات، ئەوە دوژمنێك ناسراو نیە ، بەڵکو چەتەیەکە . تەنانەت لە گەرمەی جەنگیشیدا، میرێکی دادپەروەر لەسەر زەمینی دوژمن، ئەگەرچی بۆی هەیە کە دەستبگرێتە سەر هەموو موڵکـە گشـتیەکان ، وەلێ ،(ئـەو)هـەرگیز دەسـتدرێژی ناکاتـە سـەر کەسانی‌ئاسایی- مەبەست لە تاکەکەسە ــ م.ص ــ ، بەوەش (ئەو) رێز لەمافێك دەگرێت کەمافی خۆی لەسەر بونیاد نراوە. بەلەبەرچاوگرتنی ئەوەش کە ئامانجی جەنگ بریتیە لە تێکڕماندنی دەوڵەتی دوژمن، ئەوا بۆی هەیە ــ هێمایە بۆ پادشای سەرکەوتوو ــ م.ص ــ کە هـەموو بەرگریکەرانی‌دەوڵەتی بەرامبەر بکوژێتن ، تا ئەو کاتەی کەچەکیان لە دژی ئەم بەرزکردۆتەوە ، لێ هەرئەوەندەی کە چەکەکانیان داناو خۆیان دایەدەسـت ، ئـیتر لەوەدەردەچـن کـە دوژمـن بـن، یـان ئـامرازێکی دەستی‌دوژمن بن و،دوبارە دەبنەوە بەکەسانی‌ئاسایی و کەس مافی کوشتنی وانی نیە .

هـەروەها هەنـدێکجار دەکرێـت کەدەوڵـەتی دوژمـن تێکبڕمێنرێـت، بەبێ‌ئەوەی کەتاکە یەك کەس لەهاووڵاتیانی بکوژرێت: لەسەر ئەوانەوە دەتـوانین بڵێین: کەجـەنگ، هـیچ مافێـك نـادات و نابەخشـێت، ئەگـەربۆ بـەدیهێنانی ئامانجـەکانی پێویسـت نـەبن. لەبەرئەوەیـە ئـەو باوەڕانـە بـەباوەڕەکانی (گروتیـوس) دانانرێـت، ئەوباوەڕانـە لەسـەر ئـارگومێنتی شاعیرەکان بونیاد نەنراون، بەڵکو لەسروشتی شتەکانەوە وەرگیراون و لەسەربنەمای هزر جێگیرن .

ئەوەش کەپەیوەندی بەمافی داگیرکردنەوە هەیە، ئەوابەلای(گروسیوس)ەوە، هیچ بناغەیەکی نیە جگە لەیاسای بەهێزترین . چونکە ئەگەر جەنگ، ئەو مافە نەداتە سەرکەوتوو کەگەلانی تێکشکاو سەربەرێتن ، ئەوا ئەم مافە کە (ئەو) نیەتی، ناتوانێت بەجێگەی مافی کۆیلەکردنیان بێتەدانان . چونکە سەرکەوتوو، مافی کوشتنی دوژمنی نیە، مەگەر ئەوکاتە نەبێت کەنەتوانێت کۆیلەیان بکاتن ، کەواتە مافی کۆیلەکردن لەمافی کوشتنەوە پەیدانابێت . کەواتە ئەوەی کەوا لەدوژمنیتێکشکاوبکەین، بەبەهای ئازادییەکەی، کەهیچ مافێکمان بەسەریەوە نیە، ژیانپرا بکرینەوە !، ئەوە بژاردنەوەیەکی بێ ویژدانانەنیە . ئایا سەپاندنو دانانی مافی کۆیلەکردن بەسەر مافی ژیان ومردندا، نامانخاتە نێو بازنەیەکی بۆش وسەردەمێکی هیچگەراوە ؟؟ .

تەنانەت دەگەڵ گریمانەکردنی ئەم مافە سامناکەی کوشتنی هەموو شتێك، ئەوا (من) دەڵێم کەکەسێکی کۆیلەکراو لەجەنگێکدا، یان گەلێکی تێکشکاوو بەزیو، هیچ بەڵێن وپەیمانێك نیە، کەبەسەرکار یان داگیرکەرەکەیەوە بیبەستێتەوە، مەگەرئەوەی کەلەژێر گوشارودەکارهێنانی هێزدا،گوێڕایەڵ وملکەچبکرێت . بەمشێوەیە، سەرکەوتوو، دوای ئەوەی ژیانیبەرامبەرەکەی وەردەگرێت، ئەوا هیچ بەخشیشێك بەوناداتن [١]. کەواتە لەجیاتی ئەوەی کەبەبێ بەر،دیلەکانی

---

[١]) لێرەدا،مەبەستی رۆسۆ ئەوەیە کەشەرکەرەکان، هەمیشە ژیانیان مەترسیدارە، واتە لەبەردەم لەناوچوون یان بەرکەوتندان، بۆیەکاتێک لەجەنگدا سەرکەوتودەبن،ئەوابەمافی خۆیانیدەزانن کەبەشوێن بژاردنەوەی ئەو لەدەستچونانەیاندا بگەڕێن،کەئەوکات زیاتر لەکوشتن یان کۆیلەکردن دۆڕاوەکانی جەنگدا،دیتویاننەتەوە .

بکوژێـت، بەشـێوەیەکی سـوودمەندانە دەیانکوژێـت ـ واتـە کاتێـك کەکۆیلـەی کردووەـ م.ص ـ ، لەسـەرئەوە، سـەرکەوتوو لەبەرئـەوەی کـە بەبێ دەکارهێنانی هێز نەبێت ، ناتوانێت هـیچ دەسـەڵاتێك لەسـەر(ئـەو ـ واتـە کۆیلـە .م.ص . .) کارکردبکـاتن . ئەمـەش وایکـردووە کـەدۆخی جـەنگ هـەروەك جـارانی پێشـوو لەنێوانیانـدا بمێنێتەوەو،هـەبوونی ئەوپەیوەندییـــەش بـــەخۆی نیشـــانەی مانـــەوەی حاڵـــەتی جەنگە.دەکارهێنـانی مـافی جـەنگیش، هـیچ پەیماننامەیـەکی ئاشـتیانە ناخوازێت، چونکە ئەوان لەنێوانیاندا۔ واتە سەرکەوتو و کۆیلە ـ م.ص ـ ـ، گرێبەستێکیان پێکهێنـاوە،دەی ئەمـە زۆرباشـە : لێ ، ئـەم گرێبەستە، لەجیاتی ئەوەی کەبتوانێت حاڵەتی جەنگی نێوانیان راماڵێت، ئـەوا ئـەو حاڵەتەڕا بەردەوام دەکاتن .

بەمشێوەیە، لەهەرگۆشـەیەکەوە بڕوانینـە بابەتـەکان، دەبیـنین کـە مـافی کۆیلەکردن مافێکی پووچـە، نـەك لەبەرئـەوەی کەناشـەرعیانەبێت، بـەڵکو لەبەرئەوەی کەلەتواناادا نیـەو هـیچ واتایەکیشـی نیـە. ئائـەم دوو بێژتنـە: کۆیلـەکردنو مـاف، دوو بێـژراوی نـاکۆکن، هەریـەکێکیان ئـەوی‌تریان رەتدەکاتـەوە. ئیتر چ ئەوەی،کەکارەکـە لـەمرۆڤێك بـۆ مرۆڤێـك بێـت، یـان لەتاکێکـەوە بـۆ گـەل، ئـەوا دووبـارە، لەنەفامیەوەیـە کـەبڵێین: ((مـن ڕێکـەوتنێکت دەگـەڵ دەبەسـتم کەهـەموی لەسـەرتۆبێتو، هەمووشـی لەبەرژەوەنـدی(مـن) بێـت، هـەرکاتێك بمـەوێت جێبـەجێی دەکـەمو هەرکاتێکیش ویستم تۆ جێبەجێی بکەیت)).

# جومگەی پێنجەم

## (بەردەوام پێویستە بگەڕێینەوە ڕێککەوتنی یەکەم)

**ئەگــــەر**،باوەڕبکـەم بەتەواوی‌ئـەوەی کەتائێسـتا بەدرۆمخسـتۆتەوە، ئەواهەروەها لایەنگرانی دیکتاتۆرییەت، لەم بەرەیەدا نـەدەبوون. چونکە لەوێـدا بـەردەوام جیاوازیـەکی گەورەهەیـە لـەنێوان ملکەچپێکردنی کۆمەڵەکەسـانێك و، کـارگێڕیکردنی کۆمەڵگـەدا. ئەگـەریش کەسـانێکی پەرتەوازە، بەهەر ژمارەیەك کەهەن ،بەدوای یەکدا بخرێنـەژێر دەسەڵاتی یەك کەسەوە ، ئەوا لەپەیوەندی‌باڵادەستی نێوانیـان ئەوانەدا، هـەرگیز وێنەی پەیوەندی‌نێوان گەلێك و سەرکردەکەی نابینم، بەڵکو بەبۆچوونی (مـن)،ئەوپەیوەندیـە پەیوەنـدی خاوەنکۆیلەیـە بەکۆیلەتەواوەکانـەوە و،دەتوانرێـت کـە گردبوونـەوەی ئەوانـە بەوێنـەی گردبوونەوەیـەك بەئەژماربێتن، نەك وەکو یەکێتیەك ـ ڕێکخراوێك . م.ص . ـ . لەبەرئەوەی لەوەدا، نە خێرێکی گشتی هەیە و، نەدەزگایەکی سیاسیش . هـەروەها، ئـەو سـەرکردەیەی کـەبتوانێت نیـوەی جیهـانیش کۆیلـە بکـاتن، ئـەوا سـەرۆك حکومـەتێك نیە،بـەڵکو تاکـە کەسـێکە بۆخـۆی‌و، بەرژەوەندیشی،کەلەبەرژەوەندی‌کەسـانی ژێردەسـتی‌جودایە،جگە لـە بەرژەوەندیـەکی تایبەت،چـتێکی‌دی نیـە. ئەگـەرهاتیش ئـەم پیـاوە،بمرێتن، ئـەوا پـاش خـۆی، شاهنشینەکەی پـەرتوبڵاو دەبێـت ولەنێودەچـێتن، هــەروەك داربەڕوویـەك، دوای ئـەوەی کـەئاگری تێبەردەبێتن دەسوتێت و، دەبێتە خۆڵەمێش .

(گروتیوس) دەڵێت : دەکرێت کە گەلێك خۆی پێشکەشی پادشایەك بکات ، کەواتە بە بۆچوونی گروتیوس، گەل، پێش ئەو خۆپێشکەشکردنەی، گەلە. لێ دەگەڵ ئەوەشدا خودی ئەم خۆپێشکەشکردنە، بریتیە لە کردەیەکی مەدەنیانە و راوبۆچوونێکی گشتی، پێویستی دەکاتن، کەواتە پێشئەوەی توێژینەوە لەو کردەیە بکەین کەبەهۆیەوە(گەل)ێك پادشایەك بۆ خۆی هەڵدەبژێرێت، چاکترە کە توێژینەوە لەوکردە و پرۆسەیە بکەین کەبەهۆیەوە(گەل)ێك دەبێتە گەل، لەبەرئەوەی کەئەم کردەیە، بەلەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە پێویستگەراییە[1] پێشی کردەکەی تریان کەوتووە و، بریتیە لەبناغەی راستینەی کۆمەڵگە .

لە واقعیشدا ، ئەگەر گرێبەستی پێشتر، بوونی نەبێت ــ ئەوەئەگەر هەڵبژاردن،بەکۆی دەنگ نەبێت ــ کەواتە ئیتر چۆن چۆنی کەمایەتی،بەلای زۆرینەوە پەیڕەوی لێدەکرێتن؟؟ ، کامەیە سەرچاوەی مافی دەنگدانی سەدکەس کە سەرکارێکیان دەوێت ، لە بری (یان لە جێگەی ــ م.ص ــ ) دەکەس کە هەرگیز سەرکارێکیان ناوێت ؟ خودی یاسای زۆرینەی دەنگەکان، گرێبەستیان هێناوەتە ئاراوەو،بەلانی کەمەوە،یەکجار، رێککەوتنی دەنگەکانڕا پێویستدەکاتن .

---

[1] لێرەدا، (پێویستی)، چەمکێکی فەلسەفیەو،لە بەرامبەری چەمکی (رێکەوت)دایە

ــ م. ص ــ .

# جومگەی شەشەم

## -سەبارەت بە پەیماننامەی کۆمەڵایەتی-

(**من**)گریمانەی ئەوەدەکەم، کەخەڵکی گەیشتونەتە ئەوقۆناغە کەتیایدا، بەرخۆدان ــ بەرگریکردن ــ ی کۆسپەکان، مانەوەیان لەحاڵەتی سروشتیدا، دژواردەکات و، تەواوی هێزوتواناکانی هەر تاکێك بەتەنها، بۆ سەرکەوتن بەسەرئەو کۆسپانەدا،بەسنابێت و، لەوێدا ئەوحاڵەتە سروشتیە، ئیتر لەتوانایدا نابێت کەبەردەوام بێت و،نەژادی مرۆڤیش، ئەگەر شێوازی بوونی خۆی نەگۆڕێت ئەوا لەناودەچێت .

لەکاتێکدا کەمرۆڤان توانای ئەوەیان نیە هێزی نوێ دروست بکەن،بەڵکو، تەنهادەتوانن کە هێزە بەردەستەکانیان یەکبخەنەوەو ئاڕاستەبکەن . کەواتە، بۆمانەوەیخۆیان، هیچ ئامڕازێکی تریان لەدەستنامێنێت، تەنها پێکهێنانی هێزگەلێك نەبێت لەڕێگەی ئاوێتەکردنەوە، کەبتوانێت بەسەر بەرخۆدانی کۆسپەکاندا سەربکەوێت و، هێزەکانڕا، بەتاکە هاندەرێك، بۆکارکردن کۆبکاتەوە و، وایان لێبکات کەهەماهەنگانە بجوڵێنەوە وهەڵسوکەوتبکەن .

ئەم هێزگەلانە، بە ڕێگەی یەکگرتن نەبێت لەتوانایاندا نیە کەبێنە بوون ودامەزراندنەوە: هەروەك چۆنئەوەی کە هێزوئازادی ، سەرەکیترین هۆکاروئامڕازی مانەوەی ژیانی مرۆڤانە، کەواتە بەبێ زیان گەیاندن بەخۆیو بێئەوەی کە کاری پاراستنیخۆی فەرامۆشبکاتن،چۆن

دەتوانێت کەئەو هێزوئازادیەرا دەکاربهێنێتن ؟ ئەم دژوارییە کاتێك دێتە سنووری بابەتی لێتوێژراوەی منەوە ، ئەوا دەکرێت بەمشێوەیەی خوارەوە دەربڕینیان لێبکرێتن :

((دەستەبەرکردنی شێوەیەك لە یەکێتی،کەپارێزگاری لەهەموو هێزە بەشداربوەکە بکات و بیپارێزێت، هەروەها بەشداربوو،لەژێرسایەی ئەو یەکێتیەدا، دەگەڵ هەموو بەشداربوەکانیتردا، تەنهاگوێڕایەڵیخۆی دەبێت و،بەهەمان ئەندازەی ئەوئازادییەی کەپێشتر هەیبووە، ئازاد دەمێنێتەوە)) ، ئائەمەیە ئەوگرفتە سەرەکیەی کەگرێبەستی کۆمەڵایەتی رێگاچارەی وی دەخاتەبەردەم .

مەرجەکانی ئەم گرێبەستە بەڕادەیەك دیاریکراون، کەبچوکترین دەستکاریکردنیان ، مایە پووچ و بێ شوێنەواری دەکاتن، لەبەر ئەوەش کەبەشێوەی فەرمی رانەیەگەندراوە، هەربۆیەکە لەهەموجێگایەکدا یەکسانە و لەهەموو جێگایەکیشدا وەرگیراو و دانپیانراوو بڕیار لەسەردراوە ، هەتا ئەوکاتەش کە تاك، دوای ئەوەی پەرژینی پەیماننامە کۆمەڵایەتیەکە ژێرپێدەنێت، دەگەڕێتەوە ژبۆ مافە یەکەمینەکانی ــ سەرەتاییەکانی ــ و، ئازادییە سروشتییەکەی، کەلەپێناوی بەدەستهێنانی ئازادیی گرێبەستدا[1]،وازلێهێنابو، دووبارە بەدەستدێنێتەوە .

---

[1] مەبەست لەو ئازادیەیە کەمرۆڤ لەژێرسایەی گرێبەستی کۆمەڵایەتیدا، لەکۆمەڵگەدا دەبێتە خاوەنی، کەئازادییەکی رێژەییەو بگرە زۆرجاریش لەحکومەتە سەرکوتکەرییەکاندا، والەژێر هەڕەشەی پەراوێزکردندا .. م.ص...

ئەم مەرجانە دەکرێت هەموویان لەیەك مەرجدا چڕبکرێتەوە، ئەویش بریتییە لەوەی هەربەشداربوویەك، لەتەواوی مافەکانی بۆ هەموو کۆمەڵ، دەستبەرداردەبێتن ، لەبەرئەوەی لەسەرەتادا، هەمووکەسێك بەتەواوی چووەتەژێرباری‌بەڵێنەکەیەوەو، حاڵەتەکەش سەبارەت بەهەمووان یەکسانە و، کەواتە بە لەبەرچاوگرتنی یەکسانبوونی حاڵەتەکە بەلای هەموانەوە .. لەبەرژەوەندی هیچ کەسێك نیە کە ئەم حاڵەتەڕا بۆ ئەوانی‌تر دژواربکاتن .

بەوەستان لەسەرئەوانە، هەروەك چۆن کەپێدانی تەواوی مافەکان بەبێ مەرج و هیچ کەندوکۆسپێك، هاتۆتەپێکهاتن، یەکێتیەکەش، دەکرێت تەواوترین چتێك بێت کەبتوانرێت بکرێت و، هیچ کەسێك داوای لەسەرئەوانی‌دی نامێنێت: چونکە ئەگەر هەندێك ماف بۆ هەندێك کەس بمێنێتەوە، بەهۆی ئەوەی کەهیچ سەرخانێکی هاوبەش بۆدادوەریکردن، بوونی نیە، هەربۆیەکە هەریەکێك لەهەر پنتێکدا خێرا پاگەندەی ئەوەدەکات کەخۆی لەهەموو مەسەلەکاندا دادوەری تایبەتی خۆیەتی‌و، وردەوردەش پاگەندەی ئەوەدەکاتن کە دادوەری هەموانە، ئەوکاتەش حاڵەتی سروشتی،دوبارە پیادەوجێگیردەبێتەوەو، بەپێویستیش دامەزراوە بەرهەمهاتووەکان،بەرەو سەرکوتگەری ــ دیکتاتۆری ـ خوازمەند و مەیلداردەبن .

دواجار، کاتێک هەموو یەکێك خۆی دەبەخشێتە هەموان، لەهەمانکاتیشداولەسەرئەوەوە، بەتایبەتی خۆی نابەخشێتە هیچ کەسێك، بەلەبەرچاوگرتنی ئەوەی کەهەر بەشداربویەك، هەمان ئەوچتەی‌کەدەیداتە یەکێکی‌دی،بەهەمانشێوەش لێیوەردەگرێتەوە، واتە ئەومافەی وێ نەدراوەتێ کەهەمان مافڕا لەیەکێکی‌دی وەربگرێتەوە، کەواتە مرۆڤ ، لەبەرامبەرئەوەی کەلەدەستیداوە ، هێزێکی زیاتری دەستدەکەوێت بۆ پارێزگاری ئەوەی کەهەیەتی .

ئەگەر ئەوە دەربکەین کەلەنێوەڕۆکی پەیماننامەی کۆمەڵایەتی نیە، ئەوا ئەوەی کەدەمێنێتەوە لەم دەربڕدراوانەی‌خوارەوەدا کورتدەبێتەوە: ((هەریەکێك لەئێمە، خودی خۆی‌و تەواوی مافەکانی خۆیڕا، لەژێرئاڕاستەگەریی‌باڵای ئیرادەی گشتیدا، بەشداردەکات و، هەرئەندامێکیش وەك بەشێکی جیانەبوەوەی دەزگای کۆمەڵایەتی، وەردەگیرێتن )).

هەروەکچۆن کەکردەی بەشدارییکردن لەپێکهاتووەکەدا،بەواتای ئەوەی کەبەستنی گرێبەستێك بەدییهاتووە، ئاوەهاش بەجێگەی کەسانی لایەنی گرێبەستەکە،دەزگای سیاسی و کۆمەڵێکی پێکهاتوو، بڕیاردەداتن،کەژمارەی ئەندامەکانی، بەئەندازەی ژمارەی دەنگدەرانی‌گشت کۆمەڵگە دەبێت: ئەم دەستەیەش، لەخودی ئەم کردارەدا، یەکێتی و کەسێتی‌هاوبەش‌و ژیان‌و ئیرادەی‌خۆی،

بەدەستدێنێت . ئەم کەسێتیە گشتیەی کەبەمشێوەیە، لەیەکگرتنی هەموو کەسەکانی‌دی پێکدێت، خۆی لەڕابردوودا ناوی ((شار))[1] ی لێنرابوو، ئێستاش بەناوی کۆماری یان دەزگای سیاسیەوە، ناوزەددەکرێت‌و، کاتێك ئەندامەکانی فەرمانداری بکرێن ناوی دەوڵەتی

---

[1] ناوی‌راستینەی‌وشەی(City ـ شاری سیاسی)، تارادەیەک لەلای نوێخوازەکان سڕدراوەتەوە، بەوەی کەزۆبەی خەڵک تێکەڵی دەکەن لەنێوان(شار ــVille)و (شاری سیاسی ــ City)و،لەنێوان (دانیشتووی شار ــ Bourgois)و (هاووڵاتی ـ Citoyen)، چونکە نازانن کەکۆی خانووەکان شار پێکدێنێت، لێ هاووڵاتیان شاری سیاسی پێکدێنن‌و، ئەم هەڵەیەش بەخۆی لەسەرخەڵکی(قرتاجنە) زۆرکەوت. هەرگیز نەومم نەخوێندۆتەوە کەناوی(کوڕی شار ـCives ) لەدەستوپێوەندەکانی میرێک نرابێت، تەنانەت نە لەرۆژگاری ماکدۆنیەکان، لەسەردەمە بەسەر چووەکانداو، نەلەلای ئینگلیزەکانیش لەسەردەمی ئێستادا، ئەگەرچیش کەلەهەموان زیاتر،لەئازادی نزیکبوون. تەوە بەتەنیا، فەرەنسیەکانن کەبەشێوەیەکی راهاتوانە نازناوی(هاووڵاتی) دەکاردێنن،بێئەوەی بیرۆکەیەکی راستینەیان دەربارەی ئەم ناوە هەبێت، هەروەک لەفەرهەنگەکانیانەوە بۆماندەردەکەوێت. کەواتە ئەم دەربڕدراوە ــ هاووڵاتی ــ م .ص ــ، لەلای ئەوان زیاتر گوزارشت لەچاکەخوازی دەکات، تاکو لەماف، کاتێکیش(بۆدان Bodin) ناخاوتن لەهاووڵاتیانمان بکاتن نەک لەدانیشتوانی شارەکانمان، ئەوا بەتێکەڵکردنی ئەو دووانە، کەوتە هەڵەیەکی گەورەوە، لێ بەڕێز (دالامبیر ـd'Alember) ئەم هەڵەیەی‌نەکرد، چونکە لەگۆتراوەی ((جنێف))ەکەیدا،لەنێوان ئەو چوار تیرەیەی(بەڵکو هەر پێنجیان بەنەژمارکردنی بیانیەکانیش)کەشارەکەمان ــ ئەم ناخاوتنە دەگەڕێتەوە بۆ دانەری فەرەنسی ـ م . ص ــ، لێیان پێکدێت، بەڕوونی جیاکەریی‌کردو، لەوانەش ئەو دووتیرەیەی کە(کۆمارییەت) ـ مەبەست لەکۆماری فەرەنسایە ــ م.ص ــ، پێکدەهێنن، ئیتر نووسەرێکی فەرەنسی‌دی نادیتم کەلەواتای راستینەی وشەی(هاووڵاتیCitoyen ) تێگەیشتبێت .

لێدەنرێت و، کاتێکیش ئەوە دەوڵەت بێت فەرماندەربکاتن ناوی دەزگای دەسـتەڵاتدار و، لەبەراوردکردنیشـیدا بەدەزگاهاوشـێوەکانی خۆی بەدەستەڵاتیسیاسـی نێـودەبرێتن . لێ ، لـەلای ئەنـدامانی پێکهێنەریەوە،بەشـێوەیەکی گشـتیرا، نـاوی گـەل بەکاردەهێنـدرێت و، بـەلای تـاك تاکیئەندامانیشـەوە،هەریەکێك لەوانـە بـەهاوولاتی بانگدەکرێن، وەك بەشداربووانی دەسەڵاتی فەرمانڕەوایی و، بە وانەش کەلەدەسـتەڵاتی فەرمانڕەواییـدا بەشـدارنینە وملکەچـی یاسـاکانی دەوڵەتن بە سەرپەرشتیکراو وگزیدە ناودەبرێن .

لێ ،ئەم بیژراوانە بۆ زۆرجار واتاکانیان تێکەڵ بەیەکدەبێت، بەجۆرێك یـەکێکیان لـەجیاتی ئـەوی دییـان بـەکاردێت، لێ دەگـەڵ ئەوەشـداوبۆلابردنی هـەرگومانێك، ئەوەندەبەسـە لـەکاتی دەکارهێنانیاندا، لەواتای وردی هەریەکێکیان، ئاگاداربین .

# جومگەی حەوتەم

## دەستەی‌دەستـــەڵاتدار

**لەبیچمی** ئەوگرێبەستی یەکێتیگەراییەوە ـ العقد الإتحادي ـ ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کەپابەندییەکی ئاڵوگۆڕکراوی گەل‌و تاکەکان دەگرێتەخۆ و، هەروەها لەسەرئەوەوەڕا، هەموو تاکێك کە گرێبەستێکی دەگەڵخۆیدا ئەنجامـداوە، خـۆی لەپەیوەندییـەکی دوانەییـدا، دەبینێتـەوە : ئـەوەش وەك ئەندامێکی دەسـتەی دەستەڵاتدار لەبەرامبەر تاکەکانی کۆمەڵداو، وەك ئەنـدامێکی کۆمـەڵ لەبەرامبەردەستەی‌دەسـتەڵاتداردا . لێ لێـرەدا نـاتوانین یاسـای بنـەڕەتی لەسـەر مـافی مـەدەنی پراکتیزەبکـەین، هەرچـەندەش کەبـەگوێرەی وی،ڕەوایـی هـیچ بـەڵێنێکی لەئەسـتۆگیراو، فەراهەمکراونیـە لەبەرئـەوەی کەلەوێـدا جیاوازییـەکی ئاشـکرا هەیـە لـەنێوان ئـەوەی کـەمرۆڤ بەرامبـەر بـەخۆی بەڵێنـداربێت‌و، ئـەوەی کەلەبرامبەرهەمووانـدا، کەخۆی بەشێکە لێی، بەڵێنداربێتن .

هــەروەها پێویســتە ئامــاژە بەوەبـدەین کــە بڕیــارگیریی گشــتی، کەلەتوانایدایـــــە هـــــەموو سەرپەرشـــــتکراوان لەبەرامبـــــەر دەستەی‌دەسـتەڵاتداردا، پابەنـدبکاتن، بـەهۆی ئـەو دوو پەیوەندییـە جیـاوازەی کەلەگۆشـەی خۆیانـەوە دەڕوانێتـە هەریـەکێکیان ـــ واتـە سەرپەرشتکراوان‌و خاوەنشکۆ ـ م.ص ـــ، بەئارگۆمێنتی‌دژکارانە، لێ، ناتوانێـت کەدەستەی‌دەسـتەڵاتدارڕا، لەبەرامبـەر خـۆی پابەنـدکاتن، بەوپێیەش،ئـەوەی کـەخودی دەستەی‌دەسـتەڵاتدار بۆخـۆی یاسـایەکی دەرکــردووە کــە لــەکاتی پێویســتدا ناتوانێـت پێشـێلیبکات، ئــەوە

پێچەوانەی مۆرکی گرێبەستی کۆمەڵایەتیە . چونکە، لەکاتێکدا کە(ئەو) تەنها لەژێرسایەی یەك پەیوەندیدا نەبێت، ناتوانێت کە ئەژمارێك بۆخۆی بکات[1]، کەواتە لەوکاتەدا لەحاڵەتی تاکێکدایە کەدەگەڵخۆیدا گرێبەستدەکاتن :لەسەر ئەوبنەڕەتە، دەبینین کەهیچ یاسایەك بنەڕەتی، تەنانەت خودی یاسای گرێبەستی کۆمەڵایەتیش،ناتوانێت کەکارسپاردە بووبێتن ــ واتە لەسەر دەزگای گەل پابەندکراوبێت ــ م . ص ــ ــ ، ئەمەش بەواتای ئەوەنیە کەئەم دەستەی‌دەستەڵاتدارە، لەبەرامبەر هی‌تر- ئەوانی‌دی - م.ص - ـدا، نەتوانێت بەتەواوی بەڵێنێك بەدەستبداتن، ئەوە ئەگەر ئەوبەڵێنە سنووربەزاندنێکی‌گرێبەستەکە نەبێتن،چونکە لەمحاڵەتەدا، ئەم دەزگایە لەبەرامبەر بێگانەدا، ژبۆ یەك کائینی کردەیی وەردەگۆڕدرێتن، واتەدەبێتە تاکێك .

لێ، لەکاتێکدا کەدەزگای سیاسی، یان دەستەی‌دەستەڵاتدار، ناتوانێت کەقەوارەی خۆی وەدەستبهێنێت، تەنها لەپیرۆزی گرێبەستەکەوەنەبێت،کەواتە، تەنانەت ئەگەر ئەوانی‌دیش[2] وەربگرێتن،ناتوانێت کەخۆی پابەندابکاتن بە چتێك کەئەم گرێبەستە بنەڕەتیە تێکبدات، وەکئەوەی کە وازبهێنێت لەبەشێك لەخۆی، یان ئەوەی کەملکەچی دەزگایەکی‌سیاسی‌دی بێتن. لەبەرئەوەی کەژێرپێنانی پەرژینی ئەوگرێبەستەی کەبەپێی ئەو،دەستەی‌دەستەڵاتداربوونی هەیە، بەواتای تێکڕماندن خۆی دێت، ئەوەش کەخۆی چتێك نەبێت، ئەوا چتێکیش بەرهەمناهێنێت .

---

[1] ئاماژەیە بۆ نێوەندی دەستەڵات خۆی ــ م .ص ــ .

[2] مەبەست لەکەسانی بیانیە ــ م.ص ــ .

لەبەرئەوەش کەئەم کۆمەڵەیە بەمشێوەیەڕا یەکیگرتووە، بۆیەکە بەبێ هێرشکردنەسەر دەزگاکە، ناکرێت کەسووکایەتی بەرامبەر ئەندامێکی بکرێت، هەروەهابەهەمانشێوەش، ناکرێت بەبێئەوەی کەتاك تاکی ئەندامانی بەڕەوای‌بزانن، دەست بۆ دەزگاکە ببرێت . بەمشێوەیە، هەریەك لەفەرمان‌و بەرژەوەندی هەردووك لایەنی گرێبەستەکە، ناچاریاندەکات کەهاوکاری یەکدی‌بکەن‌و، لەسەر خەڵکان خۆیان پێویستە کەتێبکۆشن بۆ یەککستنی هەموو بەفەڕییە پەیوەندارەکانی ئەم پەیوەندییە دوولایەنیە .

بەلەبەرچاوگرتنی ئەوەی دەستەی‌دەستەڵاتدار، کەلەکەسانی‌تایبەت پێکدەهێنرێت، بۆی نیەو ناشکرێت کەخاوەنی بەرژەوەندییەکی پێچەوانەی بەرژەوەندیی ئەندامانی‌خۆیڕابێتن، کەواتە،هەرگیز ئەوەلەتوانادا نابێت، کەبیەوێت زیان بەهەموو ئەندامەکانیڕا بگەیەنێت و،دواتر لەم لێتوێژینەوەدا، دەبینین کەناتوانێت زیان، بەهیچکام لەوئەندامانەی بگەیەنێتن ، چونکەوبەلەبەرچاوگرتنی‌هەمان واقعیەت،دەستەی‌دەستەڵاتدار، یان خاوەنشکۆ، بەردەوام ئەوەدەبێت کەپێویستە هەبێتن،واتە پاك و لەخزمەت خەڵکی.

هەرچی سەبارەت بە سەرپەرشتکراوانیشە لەبەرامبەر دەستەی دەستەڵاتداردا، کارەکە بەوشێوەیەنیەوهەمان بارودۆخیان نیە، چونکە سەرەڕای بەرژەوەندی هاوبەشیشیان بە دەستەکەوە، لێ، ئەگەربێتو هۆکارێك، یان ئامڕازگەلێك پەیدانەکات ژبۆ دابینکردنی دڵسۆزییان لەبەرامبەرخۆیدا، ئەوا دابینکاریی‌کردەیی،کە فەراهەمی وەفاو پەیماندارییان بێتن، لەدەستدا نابێت .

بەواقیعیش هەرتاکێك، وەك مرۆڤێك، کەخۆی وەك هاووڵاتیەك دادەنێت، دەکرێت خاوەنی ئیرادەیەکی تایبەتی ناتەبا بەئیرادەی گشتی بێت : کەواتە بەرژەوەندی تایبەتی (ئەو)، دەتوانێت کەهەڵسوکەوت و رەفتارگەلێکی بەسەردا بسەپێنێت کەبەتەواوی ناتەبابێت بەبەرژەوەندی گشتی، هەروەهاهەستی رەهاو سەربەخۆییانەی (ئەو)، بەشێوەیەکی سروشتی دەتوانێت ئەو تێڕوانینە بێنێتەدەر،کەبریتیە لەوەی قەرزێك کە(ئەو) لەلای کۆمەڵگەهەیەتی،پشکگەلێك خۆڕاییە، کە نەدانەوەی ، زەرەرێکی کەمتر بەوانی دی دەگەیەنێت، تاوەکو زەرەرێك کە پێدانەوەی،لەوانەیە بە(ئەو)ی بگەیەنێت: بەوپێیەش لەمافەکانی هاووڵاتیبوون،واتە بەشداربوون لەدەستەڵاتدا، بەرکەوتداردەبێت ــ بەهرەمەنددەبێت ــ م.ص ــ ــ، بەبێئەوەی وەك سەرپەرشتکراوێك ئارەزووی لەئەنجامدانی ئەرکەکانی هەبێت، ئەمەش ناڕەواییەکە کەزیادبوونی دەبێتە هۆی تێکوپێکدانی دەستەی‌دەستەڵاتدار .

بۆئەوەش کەپەیماننامە کۆمەڵایەتیەکە نەبێتە بیچمێکی پووچ و ژێکەوتوو، ئەوا ئاماژەبەندییانە، مەرجێکی لەخۆگرتووە، کە هێزوتوانای تەواوی مەرجەکانی‌دی‌ڕا فەراهەمدەکاتن : کەبەگوێرەی وی، هەرکەسێك مل بۆ ئیرادەی گشتی دانەنەوێنێت ، ئەوا هەرلەلایەن ئەم ئیرادەیەوە، وادار بەو کارە دەکرێت . ئەمەش لەڕاستیدا واتایەکی‌دی نیە، جگە لە وادارکردنی تاکی یاخیبوو، بەوەی کەدەبێت ئازادبێت، چونکە ئەمە ئەو مەرجەیە کە بەخۆپێشکەشکردنی هەرهاووڵاتیەك بەدەستەی دەستەڵاتدار ، (ئەو)ڕا، لەهەر ملکەچیەکی کەسێتی دەپارێزێت ــ واتە(ئەو)ی تاك ــ م. ص ــ ، ئەومەرجەیە

کەدەستڕەنگینی و گەمەی ئامێرە سیاسیەکە چێدەکاتن، کەبەتەنها خۆی وادەکات پابەندارییە مەدەنیەکان شەرعی بن، کەئەمیش بەشوێنی خۆی و - ئەگەر ئەوەنەبێت - شتێکی نەکردەو مەحاڵ و سەرکوتگەرایی دەبێت و بەرەو ڕووی گەورەترین خراپ بەکارهێنانی دەبێتەوە .

# جومگەی هەشتەم

## سەبارەت بەحاڵەتی مەدەنی

**لەواقیعدا**، گواستنەوە لەحاڵەتی سروشتەوە ژبۆ حاڵەتی مەدەنیەت، گۆڕینێکی زۆر لەبەرچاو لەمرۆڤدا چێدەکات، ئەویش بەوەی کەدادپەروەری جێگای غەریزەڕا دەگرێتەوە و، پاشانیش کارەکانی مرۆڤ لەچوارچێوەی ڕێساموڕاڵیەکاندا ـ کەلەڕابردودا تیایاندا بوونی نەبووە ــ جێگیربێتن. کەواتە مرۆڤ، کە تا ئەوکاتە تەنها بیری هەرلەلای خۆی بووە، ئیتر،دوای ئەوەی کەدەنگی فەرمانگوزاری،جێگای رابواردنەجەستەییەکان دەگرێتەوەو، مافیش، جێگەی چاوتێبڕین و هەڵلوشگەرایی، دەگرێتەوە،(ئەم)ـ مەبەستی لەمرۆڤە ــ م.ص ـــ، دەکەوێتە بەردەم وادارکردن بەوەی کەبەپێی باوەڕگەلێك تر کاربکات و، ئیتر پێشئەوەی کەملکەچیبەزم و ڕەزمەکانی خۆیبێتن، کار بە ڕێنوێندەکانی عەقڵی خۆیدەکات . هەرچەندە کە(ئەو)، لەمبارەدا خۆی لەدەستاوەریگەلێك، کە لەسروشتەوەڕا بەدەستیهێناون ، بێبەش دەکاتن، لەبەرئەوەی ئیتر دەستاوەریەکانی دەکەونە گەشەکردن و خۆڕاهێنانەوەو، بیرەکانی فراواندەبن و، سۆزەکانی چرۆدەکەن، ڕۆحیشی بەتەواوی تائاست و ڕادەیەك بەرزدەبێتەوە کەهەردەبێت بەشێوەیەك بێت هەموو ئەوانەی ژبۆ ببژێرێتەوە، ئەگەربێتو دڵڕەقیەکانی ئەم حاڵەتە نوێیە، بەزۆری دای نەبەزێننە خوارتر، لەهی حاڵەتەکەی کەلێوەی دەرچووە ــ لەوەی ئیتر کەبەردەوام ئەو

چرکەساتەبەختەوەرە پیرۆزبکات کەبۆ هەمیشە،(ئەمی) لەئاژەڵێکی گەوژو کورتبینەوە، گواستەوە بۆ بوونەوەرێکی زیرەك، بۆمرۆڤ .
بائێستا هەموو ئەم بالانسکردنە وەربگۆڕین بۆ دەستەواژەو دەبڕینێك کەبەراوردکردنیان ئاسان بێت:
ئەوەی کەمرۆڤ لەگرێبەستی کۆمەڵایەتیدا لەدەستیدەدات، بریتییە لەئازادییە سروشتیەکەی و مافێکی ناسنوردار،لەپێراگەیشتن بەهەرشتێك کەدڵبەندی دەکات و دەتوانێت پێیڕابگاتن. لێ، ئەوەش کەدەستیدەکەوێت بریتیە لەئازادی مەدەنی و خاوەنداریێتی هەموو ئەوشتانەی دەکەونە دەستی. بۆئەوەش کەسەبارەت بەم بژاردنەوانە هەڵە تێنەگەین، ئەوا پێویستە ئازادی سروشتی، کەجگە لەهێزەکانی تاك، سنوورێکی‌دی نیە، لە ئازادی مەدەنی، کەبەئیرادەی گشتیەوە سنووردارکراوە، جیابکەینەوە و، هەروەها جیاوازی بکەین لەنێوان لەدەستبوون ـ حیازة ـ، کەشتێك نیە جگە لەدەرەنجامی هێز ، یان مافی دەستبەسەرداگری یەکهەم‌و، لەنێوان موڵکدارێتی، کە لەسەر گەواڵەنامە ـ پشتنامە ـ م.ص ـ ـ یەکی پۆزەتیف نەبێت ناتوانرێت پێکبهێنرێت .
دەتوانین بۆئەوەی کەتائێستا پێشکەشمان کردووە، زیادکردنێك بکەین، لەسەرئەوەی، لەحاڵەتی مەدەنیدا بەدەستهێنراوە، یان دەستڕاکەوتووە، واتە ئازادی مەعنەوی، کە لەڕاستیدا، بەتەنها خۆی دەتوانێت مرۆڤ بکاتە سەرکاری خۆی، چونکە حەزی ئیرۆس بەتەنها بریتییە لەکۆیلەیەتی و گوێڕایەڵی، ئەو یاسایەش کەبۆ خۆمانی دادەنێین، بریتییە لەئازادی . لێ، ئەز لێرەدا زیاد لەپێویست لەسەر ئەم پرسە گۆتنم کردووە، دەگەڵئەوەی کەواتای فەلسەفیانەی وشەی ئازادی ئەوەنیە کەلێرەدا بابەتەکەم بیگرێتەوە.

# جومگەی نۆیەم

## سەبارەت بەموڵکدارێتی پارەوپوول

**لەوکاتــەی** کەکۆمەڵگە پێکدێتن، هەموو ئەندامێك، بە گشت هێزو تواناکانیو ئەوپارەو پوولەی[1] کەلەدەستیدایە، خۆی پێشکەشی ئەم دەزگانوێیە دەکاتن . ئەم کارەش، بەواتای ئەوەنادێت کەسروشتی لەدەستبوون ـ الحیازة ـ بەگۆڕینی خاوەنەکانی بگۆڕدرێت و ببێتە موڵکیەتێك لەهەبووەکانی دەستەیدەستەڵاتدار : لێ، تائەوکاتەی کەهێزەکانی شاری سیاسی ـ دەستەی دەستەڵاتدار ـ بەپێی دەقە فارسیەکە ـ لەباری مەزنیەوە، لەئاستێکدا نیە کەبەهێزەکانی تاك بەراوردبکرێت، ئەوا بەهەمانشێوەیش رەفتاری دەستەیدەستەڵاتدار، لەواقیعدا بەهێزترو زیاتر پتەوترە، بێئەوەی کەشەرعیەتی زیاتربێت ـ لانی کەم بەلای بیانیەکانەوە ـ . لەبەرئەوە دەستەیدەستەڵاتدار،کەبەپێی گرێبەستیکۆمەڵایەتی،بناغەی هەموومافەکانە،خاوەندەستیتەواوی پارەوپولی هاووڵاتیەکانیەتی ، لێ، لەبەرامبەردەستەیدەستەڵاتداری دەوڵەتەکانیدیدا، هەمان ئەو وەزعیەتە، تەنهالەسەربنەمای مافی پاوانکاریەکهەم[2] دەدرێت ، کەدەستەیدەستەڵاتدار، لەتاکەکانەوەڕا بۆی دەگەڕێتەوە..

---

[1] لێرەدا لەزاراوەی (پارەوپوول)، باشتر نادیتمەوە کەلەبری(الاموال)ی عەرەبی بەکاربێتن. ـ م.ص ـ .

[2] واتە تەنها کاتێک دەوڵەتێک دەبێتە خاوەنی موڵکەکانی دەوڵەتێکی دی، کەداگیرکەری یەکەمینی ئەم دەوڵەتەبێت ـ م.ص ـ .

لەڕاستیدا مافی پاوانکاری یەکهەم، ئەگەرچیش زیاتر واقیعیانەترە لەمافی بەهێزترینێك کەلەسەر بنەمای زۆرکردنە،لێ، تەنها دوای جێگیربوونی مافی موڵکداریتی نەبێت،ژبۆ مافێکیراستینەوەرناگۆڕدرێت . هەموو مرۆڤێکیش بەشێوەیەکی سروشتی، مافی لەبەرامبەرهەموو ئەوشتانە هەیە،کە ئارەزووی لێیهەیە، چونکەتەنها فەرمینامە و بڕیارەکانی دیوانی دەوڵەتە، کەئەو دەکاتەخاوەنی هەندێك پارەو پوول و، ئەوەی کەدەشمێنێتەوە دەخاتەدەرەوەی سنووری خاوەنداریتیئەوەوە و ئیترئەوەی کەبۆیدیاریکراوە هەرئەوەندەیە و، لەلایەن کۆمەڵگەوە ئیتر مافێکی بۆ نامێنێتەوە . ئەمەش ئەو هۆیەیە کەوادەکات مافی پاوانکاری یەکهەم، وێڕای لاوازبوونی توندی لەحاڵەتی سروشتدا، جێگەی ڕێزی هەموو مرۆڤێکی کۆمەڵایەتی بێتو، بەپێی ئەم مافەش مرۆڤ، زۆرکەمتر ڕێزی ئەوەی خەڵکیدی هەیەتی،دەگرێت، لەوەی کەهی خۆی نییە .

بەشێوەیەکی گشتی، دەگەینە ئەوەی بڵێین، بۆئەوەی کەمافی پاوانکاری یەکهەم لەپاوانکردنی پارچەیەك زەویدا، ڕێدراوبێتن، ئەوا ئەم مەرجانەی خوارەوە پێویست دەکات:

یەکهەم: دەبێت کە ئەم زەویە هێشتا لەلایەن مرۆڤێکیدیەوە بەکارنەهاتبێت .

دووهەم: بەپلەی دووهەم، دەبێت پاوانکار تەنها ئەوەندەی بەکاربێنێت کەبۆمانەوەی پێویستدەکات .

سێهەم: نابێت بەرۆتینیاتی نێوەڕۆك بەتاڵ بخرێتە نێو هەبوونێتیەوە، بەڵکو بەکارکردن و کشتوکاڵکردن تیایدا، ئەوشتەی لەکاتیونبوونی

گەواڵنامە یاساییەکان ـ واتە السندات القانونیة ـ م . ص ـ ـدا، تاکە دەڵەتێکی خاوەنداریتیی جێ ڕێزی ئەوانیدیە .

لێ، ئایابەئەژمارکردنی نیەت وکارکردن، لەسەرمافی پاوانکاریی یەکەم، لەواقیعدا،بەواتای فراوانکردنی ئەم مافە نایەت بۆ دواپنتێکی کەبتوانرێت پێبڕابگەین ؟ ئایا دەتوانین کە سنورگەلێك بۆئەم مافە دانەنێین ؟ ئایا ئەوەندە بەسە کەمرۆڤێك پێی خستەسەر پارچە زەوییەکی هاوبەش، ئیتر دەستبەجێ بەهیخۆی دایبنێتن ؟و ئایا دەرکردنی خەڵکان، لەسەرزەمینیخۆیان وسەندنەوەی مافی گەڕانەوەیان بۆسەری، بەسەبۆئەوەی کە هەتاهەتایە نەگەڕێنەوە بۆسەری؟ کەواتە چۆن مرۆڤێك،یان گەلێك، بێئەوەیکە ئەنجامدەری کارێکی داگیرکارییانەبێتن، دەتوانێت دەست بەسەر پارچە زەویەکی فراواندا بگرێت و هەموو نەژادی مرۆڤی لێ بێبەری بکات، بەزانینی ئەوەی کەکارێکیداگیرکاریانەی ئەوها، شایانی سزادانە،لەبەرئەوەیە کە مرۆڤ و گەلانێك، لەمافی ژیان لەسەرزەمینیخود وبەهرەمەندبوون لەوخێروبەرەی کەسروشت هاوبەشانە بەخشیویەتیە هەموو مرۆڤ، بێبەشدەبن ؟ کەواتە ئایا ئەوکارەی (نونیز بالباو ــ Nunez Balbao)کەدەستیگرت بەسەر کەنارەکانی دەریای باشوور و، بەناوی تاجی (ئیسپانیا)وە، ڕەنێو چنگهێنانی دەریای باشوورو هەموو ئەمریکای خوارو بوو، ئایا ئەوە بەسە کەخاوەنداریتییان ــ هی ئەو ناوچانە ــ م.ص ــ ــ ، لەهەموو دانیشتوانەکەی داماڵێت و هەمووەدەوڵەتانی جیهانیشی لێ دووربخاتەوە؟؟. لەڕاستیدا ئەم ڕۆتینیاتە لەسەر ئەم ئاستە ئەوەندە زیادیکرد کەبێکەڵکبوونی

بەسبێت، تاڕادەی ئەوەی کەپادشای کاسۆلیکیئیسپانیا، لەبارەگاکەی خۆیــەوە، رەنێـو چـنگهێنانی خـۆی بـۆ هـەموو جیهـان رابگەیـەنێت، بــەجیاکاری ئــەوەی کەلــەوەو پێشــڕا مــوڵکی میرەکــانیتر بــووە، ئایارەفتارێکیئەوها چ مافێکڕا دەستەبەردەکاتن .

ئێســتا دەتــوانین پێشــبینی ئەوەبکــەین کەچــۆن دوای ئــەوەی زەوی تاکەکان گردبووە وهاتنەپاڵ یەك، بووە هـەرێمێکی گشتیو، چۆن دوای ئــەوەی کــەمافی ســەروەری، یــان راســتتر بڵــێین ســەرکاریی کەلــە سەرپەرشتکراوانەوە پەلیکێشـا بـۆ ئـەو زەویانـەی کەبـەکاردەهێنران، چۆن ئەم مافە لەیەککاتدا بووە مافێکی عەینیو کەسی، ئەوەش ئەوەیە کەخاوەنـدارەکان دەخاتــە بـاری پاشـکۆیەتیەکی گــەورەترەوەو لــەهێزو تواناکانیانڕا، دڵنیاخوازی رزگاربونیان چێدەکات. ئەوەش جیاکـەرەوەو ناسەرەوەیەکە ـ میزة ـ لەوەناچێت کەپادشا کۆنـەکان پـەییان پێبردبێت. ئــەوان کاتێــك کــەخۆیان کردبــووە پادشــای فــارسو ســیکیتیو ماکدۆنیـەکان، زیـاتر وەك رابـەری خـەڵکی دەیانڕوانیـە خۆیـان، تـاوەکو سەرکاری وڵاتەکە، لێ پادشاکانی ئەمڕۆ بەکارامەییەکی زیاترەوە ناویان لــەخۆیان نــاوە پادشــای فەرەنســاو ئیســپانیاو ئینگلتــەرەو هتــد.... بەمشـێوەیە، ئـەوان بـەخاوەنبوونیان ژبـۆ زەوی زیاتر،بەشـێوەیەکی دابڕی، چارەنووسی خاوەن زەویەکانڕا دەنێودەستیخۆیاندەنێن .

یەکێك لە بێهاوتاییەکانی ئەم ملکەچکردنە ئەوەیە کەکۆمەڵگە، لـەجیاتی ئــەوەی کــەئیتر بەوەنــدە ڕازیبێــت کــەپارەوپولی تاکــەکانی هــەبێت، بەڵکوهەستوهۆشیشـیان دادەماڵێـت و، بـەوەش چتێك ناکـات، جگەلـە فەراهەمکردنی خاوەنبوونیشەرعیانەیان بۆ ئەوپارەوپولانە ، ئیتر بـەوە،

داگیرکـردن دەگۆڕێـت بـەمافێکی راسـتینەو،مافی بەهرەمەنـدبوونیش بەمافیخاوەندارێتی. ئالەوێداو پاوانکارانی پارەوپولەکان بە خاوەنانی بنەڕەتیسـامانی گشـتی، وەئـەژماردێنێت و، بەلەبەرچـاوگرتنی ئـەوەی کەئیتر مافەکانیان لەلایەن تەواوی ئەندامانی کۆمەڵگەوە، ڕێزلێگیراوەو پـارێزراوە، بەهــەموو هێزیــەوە ــ هێـزو توانــای دەوڵــەت ــ م.ص ــ، لەبەرامبــەر بێگانانــدا لەومافانــە بەرگریــدەکاتن و، بەوپێیــەش ، بەملکەچـداربوونێکی سوودبەخشـانە بـۆ گـەل وبـە پێـدانی زیـاتری پارەوپولـەکانیان بەکۆمەڵگـە، بـەڵکو لـەوەش زیـاتر بۆخـودی خۆیـان ، دەکرێـت تاڕادەیـەك کەهـەموو ئـەوەی داویانـە، وەدەسـتیانکەوێتەوە، ناکۆکیـەك، کـە بەجیاکردنـەوەی ئەومافانـەی دەسـتەی دەسـتەڵاتدارو خاوەندارەکان، بە یەك دارایی هەیانە،بەئاسانی شایانی ئاڕاستەکردنە، دواتر سەبارەت بەوە روونکردنەوەی زیاتر ڕاڤەدەکەین.

هــەروەها دەکرێــت ئــەوە رووبــدات کەخــەڵکی پێشــئەوەی رەنێــو پـاوانکردنی هەرشتێك بن، بەیـەکێتی دەسـتپێبکەن، دوای ئـەوەش ئـەو زەویانــە پاواندەکــەن کەبەشــی هــەموویان دەکــات و، بەشـێوەیەکی هاوبەشیانە سوودی لێوەردەگرن، یان لـەنێوان خۆیانـدا دابەشیدەکەن، یــان بەیەکســانی، یــان وەکــو بــەگوێرەی ئــەو ڕێژەیــەی کەدەستەیدەســتەڵاتدار دیاریــدەکات. ئـیتر ئــەو ڕێگایــەی کەئــەم دەستکەوتەی پـێ ئەنجامـدەدرێت هەرچیەك بێت، ئـەوا ئـەو مافـەی کـە هەرکەسـێك لەبەرامبـەر پارەوپولیتایبـەت بـەخۆی هەیـەتی، بـەردەوام پاشکۆی ئـەو مافەیـە کەکۆمەڵگـە ژبەرامبـەر پارەوپولی هـەموو تاکـەکانڕا هەیــەتی و، ئــەوەش ئەوچــتەیە کەبــەدەرلێی، نەڕایــەڵی کۆمەڵایــەتی

لەپتەوگیرییەکی تەواو بەهرەمەنددەبێت و، نەهێزێکی واقیعیش لەمومارەسەکردنی سیاسەتدا بوونی دەبێت .

ئەم جومگەیەو ئەم نوسراوە ـ مەبەست لەکتێبی یەکەمەکەی گرێبەستی کۆمەڵایەتیە ـ م.ص ـ ـــ،بەتێبینییەك کۆتایی پێدەهێنم کەپێویستە ببێتە بناغەیەك ژبۆ هەموو سیستەمی کۆمەڵایەتی، واتە ئەوەی کەبەڵگەنامەی بنەڕەتی( لەدەقە فارسیەکەدا پەیمانی کۆمەڵایەتی،هاتووە)، لەبری ئەوەی کەیەکسانی سروشتی تێکبڕمێنێت، بەپێچەوانەوە، یەکسانی سیاسی و مەشروع، لەجێگای ئەوچتەدا دەنێت، کەسروشت لەوانەیەبەشێوەی نایەکسانی جەستەیی نێوان مرۆڤان بوونیبهێنێتن:بەپێی گرێبەستیکۆمەڵایەتی،مرۆڤان بە نایەکسانی بوونیان لەهێزو لەبلیمەتیدا، ئەوا هەموویان دەتوانن لەمافدا یەکسانبن .[1]

---

[1] ئەم یەکسانیانە.لەژێرسایەی حکومەتە بەدکارەکاندا، تەنها وەهمیو رواڵەتینو، جگەلەوەی کەنەدار لەداماوییدا دەهێڵنەوەو، دەوڵەمەندیش لەڕەنیو چنگهێنانکارییەکەیدا پاوانکارییەکەیدا ـــ م.ص ـ ـــ، نیتر سوودێکی تریان نیە. لەواقیعیشدا یاساکان بۆ ئەوانەی کەخاوەنداریتییان هەیە بەسودنو، بۆئەوانەش کەنیانە زەرەربەخشن، لەسەرئەوەش، ئەوەڕا پێکدێت کەحاڵەتی کۆمەڵایەتی سوودمەندنابێت تەنها بەو ئەندازەیەنەبێت کەهەموویان خاوەنی شتێکن و هیچ کەسێکیشیان خاوەنی شتێکی زیادەنابێت .

نووسراوەی دووەم

# جومگەی یەکەم

## مافی فەرمانڕەوایی دەستی لێبەرنادرێت

**لەڕاستیدا** گرنگترین و یەکەمینترین دەرەنجامێکی ئەو پرەنسیپە بڕیارلەسەردراوانەی پێشوو، بریتییە لەوەی کەئیرادەی گشتی بەتەنهاخۆی دەتوانێت کەهێزەکانی دەوڵەت بەگوێرەی ئامانجەکانی دامەزراندنیان، ئاڕاستەبکاتن، ئەوەش خێرێکی هاوبەشە: لەبەرئەوەی ئەگەر بەڕوویەك وەستان و ناکۆکی بەرژەوەندیە تاکیەکان، جێگیربوونیکۆمەڵگاکانی کردبێتە شتێکی پێویست، ئەوا ڕێککەوتنیخودی ئەم بەرژەوەندیانە، ئەو جێگیربوونەی ئاسانکردووە . چونکە ئەوتوخمەهاوبەشانەی کەلەم بەرژەوەندییە جۆراوجۆرانەدا هەیە، هەرئەوەیە کە رایەڵی کۆمەڵایەتی پێکهێناوەو، ئەگەریش ئەوچەند پنتەی کەهەموو بەرژەوەندییەکان لەسەری کۆکن، بوونیان نەبوایە، ئەوا لەبنەڕەتدا بوونی هیچ کۆمەڵگەیەك لەتوانادا نەدەبوو. کەواتە تەنها لەسەر بناغەی ئەم بەرژەوەندگەلە هاوبەشەیە، کە پێویستە کۆمەڵگە حوکم بکاتن .

بەوەستان لەسەرئەوەی سەرەوەڕا دەڵێم: لەبەرئەوەی کەفەرمانڕەوایی، شتێك نیە جگە لەمومارەسەکردنی ئیرادەی گشتی،کەواتە هەرگیز ناتوانێت دەستبەرداری خودی خۆی بێت و، فەرمانڕەواش،یان

دەستەی‌دەسـتەڵاتدار، کـە جگەلـە بوونەوەرـ کـائن ـ م.ص ـیکی کۆمەڵایـەتی شـتێکی‌دی نیـە، ناتوانێـت تـەنها بـەخۆی نـەبێت،نوێنراو ـRepresentativeـی چـتێکی‌دی بـێتن، دەتوانێـت دەسـتەڵات پێشکەشبکاتن، لێ،بۆ ئیرادە ئەوە ناتوانێت .

بـەواقیعیش، ئەگـەر نـەتوانرێت کەئیرادەیـەك تایبـەت، دەگـەڵ ئـیرادەی گشتیدا لەسەر پنتێك ڕێکبکەون یان ناکۆکبن، ئـەوا بەلانی کەمـەوە، زۆر ئاسـتەم دەبێـت کەئـەم ڕێککەوتنـە بـەردەوامو جێگیربێـت، لەبەرئـەوەی کـەئیرادەی تایبـەت، بەسروشـتی خـۆی بـەرەو وروژانـدن دەچـێت، لەکاتێکدا کەئیرادەی گشتی بەرەو یەکسانی پێ هەڵدەگرێت. هـەروەها زۆر ئاستەمتریشە کەمسۆگەرییەکمان بۆ ئەم ڕێککەوتنە هـەبێت، چونکە لەراستیدا ئەوکارە لەئەنجامی کارامەییەوە نیـە، بـەڵکو لەڕێکەوتەوەیـە .

لەوانەیە فەرمانڕەوا بڵێت: مـن ئێستا، ئـەوەی کەفلانەکـەس دەیهـەوێت، یـان بەلانی‌کەمـەوە دەیلـێتن، ئەوهـەم دەوێـتن، لێ ناتوانێـت کـەبڵێت ـ مەبەسـتی لەفەرمانڕەوایـە ـ م.ص ـ ـ، ئـەوەی کەسـبەینێ ئـەم مرۆڤـە دەیـەوێت، ئـەوا هـەروەها منـیش دەمهـەوێتن، بەشـێوەیەك ئـەوە لەسـەخافەتەوەیە کـەخودی ئـیرادە بـەداهاتووەوە کەلەپچـە بکـەیت و، لەبەرئـەوەش کەلـەکاری هـیچ ئیرادەیـەك نیـە کەبەشـتێك رازیبێـت کەپێچـەوانەی بەرژەوەنـدی ئـەو بوونـەوەرەبێت کەدەیهـەوێت. کەواتـە ئەگـەر (گـەل)ێـك، هـەروا بەئاسـانی بـەڵێن بەملکەچـی و گوێڕایـەڵبوون بداتن، ئـەوا ئەوکاتـە بـەپێی ئـەم گرێبەسـتە، فەرمانی‌هەڵوەشاندنەوەی خـۆی‌دەدات و،خەسـڵەتی بەگـەلبوونی لەدەسـتدەداتن . لەوکاتـەش

کەسەرکارێك بوونی دەبێت، ئەوا فەرمانڕەوایەك لەوێدا نامێنێت، لەوێشەوەڕا ئیتر دەزگای سیاسی هەرەس دەهێنێتن .

ئەمە،هەرگیز بەواتای ئەوهە نایەت کەفەرمانی سەرکردەکان ، تاکاتێك کەفەرمانڕەوا،یان دەستەی‌دەستەڵاتدار، ئازادبێت کەبە وان ـ مەبەستی سەرکردەکانە ـــ م.ص ـــ ـــ بەرهەڵستیبکات و،بەلاّم نەیکات،ئەوانا چێتەخانەی ئیرادەگشتیەکانەوە، لەحاڵەتێکی ئەوهاشدا، بێدەنگی گشتی، بە نیشانەی رازیبوونی(گەل)دێت، ئەم پرسەش بەدرێژایی توێژینەوەکەمان زیاتر روون دەبێتەوە .

# جومگەی دووهەم

## مافی فەرمانڕەوایی دابەش نابێت

**فەرمانڕەوایی**، لەبەرهەمان ئەو هۆیەی کە شایانی دەستلێبەردان وپێشکەشکردن نیە، دابەش نابێت،چونکە (ئیرادە)، یان گشتی[١] دەبێت، یان ئەوە کەوا نابێت، چونکە ئیرادەی دەزگای هەموو گەلەکەیە، یانوەکو هەرئەوەندە ئیرادەی بەچتێکیترو بەس. لەحاڵەتی یەکهەمدا ئەم ئیرادە راگەیەندراوە، کارێك دەبێت لەکارەکانی فەرمانڕەوایی و یاساییانە پێکدەهێنرێت، لێ لەحاڵەتی دووهەمدا ئەوا جگە لەئیرادەیەکی تایبەت، یان کارێکی ئیرادی، ئەوا چتێکیدی نی‌یە، بەڵکو لەلانی‌زۆردا فەرمینامەیەکەبۆخۆی .

لێ، کاتێك سیاسیەکانمان،لەبەرئەوەی‌کە نەیانتوانیوەمافی فەرمانڕەوایی لەپرەنسیپدا دابەشبکەن، ئەوا بابەتی وییان دابەشکردووە، ئەویان دابەشکردووە بۆ هێزو بۆ ئیرادەڕا، دەسەڵاتێکی یاسادانەری ـ سلطة تشريعية ـ و دەسەڵاتێکی کارگێڕی ـ تنفيذی ـ . بۆ مافەکانی باج سەپاندن و بەرهەڵداکردنی دادگوزاریی و مافی‌راگەیاندنی‌جەنگ و ژبۆ کارگێڕییەکی ناوخۆیی و دەسەڵاتێك بۆ رەفتارکردن دەگەڵ بیانیدا: بەمشێوەیە جارێك هەموو ئەم

---

[١] بۆنەوەی‌کەبکرێت ئیرادەیەک گشتی بێت، ئەوا پێویست نیە کەبەردەوام کۆمەڵی بێت، لێ نەوەپێویستە کەسەرژمێری هەموو دەنگەکانڕا بکرێت" چونکە هەرجیاکارییەکی مەبەستدار،گشتیتیەکەڕا پووچەڵدەکاتەوە .

بەشانە تێکەڵدەکەن و، جارێکیش لێکیان جیادەکەنەوە، بەشێوەیەك کەفەرمانڕەوا دەکەنە بوونەوەرێکی وەهمی و پێکهاتوو لەپارچەگەلێك لەدەرەوەڕا هێنراو، وەکئەوەی کەئەوان مرۆڤ لەجەستگەلێك ئاوێتەبکەن، بەجۆرێك کەیەکێکیان دووچاوی هەبێت و، ئەوی دیان دووباسك و، ئەوانی دیش دوولاق و، بەڵکو زیاد لەوەش، مرۆڤ هەبێتن کەهیچی نەبێت . چونکە وەك دەوترێت، جادوگەرانی ژاپۆن، لەبەرچاوی بینەران، منداڵێك دێنن و پارچە پارچەی دەکەن و بەرەو ئاسمان هەڵیدەدەن و دوای ئەوەی کەهەموو ئەندامەکانی بۆدەگێڕنەوە، کاردەکەن بۆ کەوتنەخوارەوەی منداڵەکە بۆ سەرزەوی بەزیندووی، ئەمەش هەمان ئەو فێڵەیە کە تاڕادەیەك سیاسیەکانمان دەیکەن، چونکە دوای ئەوەی رایەڵەکانی دەزگای کۆمەڵایەتی،یان ئۆرگانەکانی دەستەی دەستەڵاتدار، بەجادوییەك بازاڕیانە، کەرت کەرتدەکەن، بەڕێگایەك کەکەس پەی بەپێکەوەلکاندنەوەیان نابات،بەیەکیەوەدەنێننەوە .

ئەم هەڵەیە دەگەڕێتەوە بۆ چێنەبوونی تێگە وبیرە - Idea&concept - وردو رێکەکان دەربارەی دەستەلات فەرمانڕەوایی و دەستەی دەستەلاتدار، هەروەهابۆ دەرکەوتنەکانی ئەم دەسەڵاتە بە بەشگەلێکیەوە دادەنێن کەتەنها گوزارشتکەری خۆیەتی، بۆ نموونە، بەمشێوەیە روانراوەتە کاری راگەیاندنی جەنگ و بەستنی ئاشتی، وەکئەوەی کە لەکاری فەرمانڕەوایی بن، لەکاتێکدا کەوەهانین، لەبەرئەوەی کەهیچکام لەم دووکارە هەرگیز یاساگەلێك نەبوونە، بەڵکو هەرئەوەندە پراکتیزی یاسابوون و بەس، لەبەرئەوە هەر هەڵسوکەوتێکی

تاکیانە، حاڵەتی یاساییەکە دیاریدەکات، هەروەك کاتێك ئەو بیرۆکە پەیوەندارەی بێژەی یاسا دیاریدەکات، بەڕوونی ئەوە دەبینین .
ئەگەر بەهەمان ڕێچکە بەدوای دابەشکردنەکانی بکەوین، ئەوا دەبینین کەئێمە لەهەموو ئەوجارانەی کەوادەزانین فەرمانڕەوایی دابەشکراوە، بەهەڵەداچووینو، ئەو مافانەی کەوا دادەنرێت بەشێك بن لەم فەرمانڕەواییە، هەموویان پاشکۆیینو بەردەوام گریمانەی هەبوونی ئیرادەگەلێکی باڵا ـ سامی ـ دەکرێت، ئەم مافانە شتێك نین جگە لەپراکتیزکراوەیەکی ئەو فەرمانڕەواییە .
لەتواناماندانیە ئەوە بڵێین کەئەم ناتەواوییە لەوردبینیدا،تاچ ڕادەیەك لەمادەی مافی سیاسیدا، تەمومژی هاویشتۆتە سەر تیۆری و ڕایدانەران،یان نوسەرانی مافەکان ،کاتێك کەویستویانە مافەکانی هەریەك لەگەلان وپادشاکان،لەسەربناغەی ئەو بنەڕەتانە ـ باوەڕانەی ـ کەدایانناوە، هەڵبسەنگێنن . هەرکەسێك بڕوانێتە هەردوو جومگەی سێهەمو چوارەهەمی کتێبەکەی (گروتیوس)، دەتوانێت بەئاسانی ئەوە ببینێت کەئەم زانایە[1] و (باربیراك ـ Barbeyrac)ی وەرگێڕی،بەهۆی ترسیان لەوەیزیاتر نەڵێن لەوەیکەپێویستە، یانوەکو کەمتر لەوە ڕانەگەیەنن کەباوەڕیان پێیەتی، یان ئەوەی کەوشەیەك نەرکێنن ناکۆکبێت بەو بەرژەوەندیانەی کەخوازیاربوون نێوانیان ڕێکبخەن،دیتمان کە چۆن لەسەفسەتەگەراییاندا، شڵەژانودەستوپێیان کۆتوبەندبوو . ئەوەبو(گروتیوس)، کەپەناهەندەیەك بوو لەفەرەنساو،لەبەرئەوەی تووڕەو پەستبوو

[1] مەبەستیلە (گوتیوس)ە ـ م.ص ـ .

لەنیشتمانی خۆی و،لەبەرئەوەش کە دەیهەویست لای (لویسی سیانزەهەم) خۆی خۆشەویست بکات،هەربۆئەوەش بوو کتێبەکەی خۆی پێشکەشکرد، بەخاتری بێبەشکردنی گەلان لەهەموو مافەکانیان و پێشکەشکردنیان بە پادشاکان، بەهەموو کارامەییەك کەلەتوانادابێت پێنووسەکەی دەکارهێنا. لێرەدا ، پێویستە ئاماژە بەوەبدەین کەڕێڕەوی (باربیراك)یش بەهەمان شێوەبوو، ئەوەبوو ئەمیش دانەیەکی وەرگێڕانەکەی پێشکەشی (جۆرجی یەکەمی)پادشای ئینگلتەرەکرد، لێ لەبەدبەختی(ئەم) (جیمسی دووەم)دەرکرا، ئەوشتەی کە(ئەم) بەدوورەپەرێزبوو لەدەستەڵات دایەئەژمار ، ڕووداوێك بوو کە ئەمی ــ باربیراك ــ م.ص ـــ ناچار بەپابەندبوون بەبێدەنگی و، داونانەوە[1] و مەراییکردن کرد، تاکو پێشوازی لێکەر[2]تووڕەنەبێت . لێ ئەگەر بهاتبایە هەریەك لەم دوونووسەرە، باوەڕە ڕاستینەکانیان هەڵبژاردایە ولەسەربنەمای بنەڕەتە ڕاستینەکان، تیۆرییەکانیان ڕاگەیاندایە، ئەوا ئەوکات هەموو کۆسپەکان نەدەمان و بەردەوامیش لۆژیکی دەبوون. چونکە دەیانتوانی ڕاستیەکان بڵێن و جگە لە (گەل) ئیتر کەسی دییان نەلاواندایەتەوە، لێ، هیچ کاتێك و هەرگیز بەرگری لە ڕاستینە،کەس بەرەو سامانداری نابات و، گەلیش نەباڵێوزخانە دەبەخشێتەوە و نەوەزارەت و نەمووچەکان .

---

[1] یان وەک لەئاخاوتنی کشتیدا دەوترێت (لەفودەوران) م ــ ص ــ .

[2] هێمایە بۆ{کیوم}ی پادشای ئەوکاتەی ئینگلتەرە ــ م .ص ــ .

# جومگەی سێهەم

## (( دەكرێت ئیرادەی گشتی هەڵەبكاتن ؟ ))

**لەوانــەی** پێشووەوە، ئـەوە دەستدەكەوێت كـەئیرادەی گشـتی هـەردەم دادپەروەرو هـەردەمیش بەرەو سوودی گشتیڕا دەچێت: لێ ئـەوە، ئـەوەی لێوەنایەتەدەر كە پێداگرییەكانی (گەل) بەردەوام خاوەن مافبێت . مـرۆڤ بـەردەوام خێـری دەوێـتن، لێ ئـەم خێـره بـەردەوام بەباشـی دەستنیشـان ناكرێتن و، هـەرگیزیش گـەل گـەندەڵ ناكـات، لێ بـۆ زۆرجاران لەخشـتەی دەبات و، تەنها ئالەوێدایە كەوا گەل جەمسەری شەڕخوازی ـ نادروسـتی ـ دەگرێت .

بۆ زۆرجـار، وادەبێـت كـه لـەنێوان ئیرادەی هـەمووان و ئیرادەی گشـتیدا، جیـاوازی هــەبێت، چــونكه ئــەمیان جگەلــه بەرژەوەنــدی هاوبــەش، چــتێكیدی ناپارێزێــت، لێ، ئــەویدییان بەرژەوەنــدی تایبــەتیش دەپارێزێـت و چـتێك نیــه جگەلــەكۆی ئــیراده تایبەتــەكان : لێ، ئەگــەر لــەخودی ئــەم ئیرادەیــەی دواییــان، ئــەو زیادكــاریی و ناتەواویانــەی

کەیەکدی تێکدەڕمێنن[1] لابەرین، یان دابماڵین، ئەوا لەکۆی ناکۆکیەماوەکان، ئیرادەی گشتیمان بۆ دەمێنێتەوە .

ئەگەرکاتێك، لە راگیری(گەل)ێکی بەئاگادا، [2] هاووڵاتیان هیچ ئامرازێکیان بۆ پەیوەندی لەنێواندا نەبێت، ئەوا لەکۆی زۆربەی جیاوازیە گچکەکانەوە، بۆ هەمیشە، ئیرادەی گشتیڕا دێتەبەرهەمو، راگیرییش، بەردەوام شتێکی باش دەبێت. لێ کاتێك کە یەکێتییە بەشیەکان لەنێواندابن ـ لەئارادابن ـ م . ص ــ،ئەوا یەکێتیە گچکەکان بەزیانی یەکێتییە گەورەکە ــ دەزگای‌کۆمەڵایەتی ـ تەواودەبێتن، ئەوا ئیرادەی، هەر یەکێتییەك لەو یەکێتییانە بەلای ئەندامەکانی و بەتایبەتیش بەلای دەوڵەتەوە، گشتی دەبێت، لەوکاتەدا دەتوانین بڵێین کەلەوێدا تەنها ژمارەی دەنگدەران ، بەڵکو بەژمارەی یەکێتییەکانە وبەس، نەك بەژمارەی تاکەکان . ئالەوکاتەدا ژمارەی‌جیاوازییەکان کەمدەبێت و، ئەم جیاوازیانەش دەرەنجامێکی کەم گشتی‌تر دەدەنەدەست. لەکۆتایشدا کەیەکێك لەم یەکێتیانە بەڕادەیەك

---

[1]) هەروەک (مارکیز دارجنستون) دەڵێت ((بۆ هەموو بەرژەوەندیەک پرەنسیپگەلێک جۆراوجۆرهەیەو، رێککەوتن و کۆکبوونی دوو بەرژەوەندی تایبەتیش لەدژایەتیکردن ــ یان بەڕوو وەستان ــ م. ص ــ دەگەڵ بەرژەوەندی تاکی سێهەمدا دێتە پێکهاتن و، دەتوانێت ئەوە زیادبکات کەرێککەوتن هەموو بەرژەوەندیەکان بەدژایەتیکردنی ـ یان بەڕووەستانی ــ دەگەڵ بەرژەوەندی هەموو یەکێکدا دێتە پێکهاتن و، ئەگەر لەوێدا هەرگیز بەرژەوەندە جۆراوجۆرەکان بوونیان نەبێت ئەوا هەستمان بەبەرژەوەندی هاوبەش کۆسپێکی لەبەردەم خۆیدا نەدەدیت، نەدەکرد، ئەوکاتەیش هەموو شتێک لەرێڕەوگەی خۆیدا دەڕۆیشت و سیاسەتیش بەوە کۆتادەبوو کەهونەرێک بێت.))

٢) لێرەدا (راگیری) وەک چەمکێک واتای دەنگدان دەدات بەدەستەوە، واتە راپرسی ـ رفراندۆم ــ ـ م . ص ـ .

گـەورەدەبێت کـە بەسـەر هـەموو یەکێتییـەکانی‌تردا سـەربکەوێت، ئـەوا ئەنجامەکـە بەرهـەمی ناکۆکیـە گچـکەکان نابێـت بـەڵکو ئـەنجامی تاکـە ناکۆکیەك دەبێت، لەوکاتەداو لەوێدا ئیرادەیەك گشتی نامێنێتـەوەو، ئـەو رایەش کەزاڵدەبێت بەسەریدا تەنها رایەکی تایبەت دەبێت .

کەواتـە بۆدەرخسـتنی ئـیرادەی گشـتی بەشـێوەیەکی زۆردروسـت ، پێویسـتە کـە لەناودەوڵەتـدا، یەکێتیـە بەشیەکان، بوونیـان نـەبێت و هـەر هاوڵاتیـەکیش بـەگوێرەی باوەڕەکـانی، دیدوبۆچـوونەکانی دەربـبڕێتن . ئائەمە حاڵی ئەو دامەزراوە تاك و پایە بەرزەیـە کـە (لیکوگورس)ی مـەزن بونیـادی نـا، کاتێك کـە یەکێتیـە بەشیەکان بوونیـان پێویسـتبێتن، ئـەوا پێویستە ژمارەیان زیادبکرێن تـاوەکو پێشـبگیرێت بـەناکۆکی نێوانیـان ، هەروەك هەریەك لە(سۆلون و نێومـاو سـرفیوس) ئەنجامیانـدا، لەڕاسـتیدا ئەم یەدەکانە ،ەنها کارێکی بەسوودن بۆئەوەی بەردەوام ئیرادەی گشـتی بیر ڕووناك بێت و بۆئەوەش کەئیتر هەرگیز گەل هەڵەنەکات .

# جومگەی چوارهەم

## ((سەبارەت بەسنووری دەستەڵاتی فەرمانڕەوایی))

**ئەگەر** دەوڵەت، یان شاری سیاسی، شتێك نەبێت جگە لەکەسێکی مەعنەوی، کەژیانی لەسەر یەکێتی ئەندامەکانیڕا بەنددەبێت و، ئەگەریش گرنگترین ئامانجەکانی بریتیبێت لەپاراستن و مانەوەی خۆی، کەواتە هەردەبێت خاوەنی هێزێکی وادارگەرایی گشتیوسەرکوتگەردەبێت لەپێناوی جوڵاندنو ئامادەکردنی هەربەشێك لەبەشەکانیکۆمەڵگە، بەشێوەیەکی گونجاو. هەروەکچۆنیش کەسروشت دەسەڵاتێکیرەها بەسەر هەموو ئەندامەکانیدا، دەبەخشێتە هەموو مرۆڤێك، ئەوا بەڵگەنامەیکۆمەڵایەتیش، دەسەڵاتێك رەها،دەبەخشێتە تەواوی ئەندامانیدەستەیدەستەڵاتدار،کەهەمان ئەوتواناو دەستەڵاتەیە، کە لەژێر رێنماییوئاڕاستەگەریی ئیرادەی گشتیدایە و،هەروەك پێشتر گوتم،بە(دەستەیدەستەڵاتدار) ـ واتەفەرمانڕەوایی ـ، نێوزەددەکرێتن .

بەڵام، لەسەرمانە کەبێجگە لەکەسێتیە گشتیەکە، ئەو کەسێتیە تایبەتیانەش، کەژیانو ئازادییان بەشێوەیەکی سروشتی، سەربەخۆیە لەم کەسێتیە گشتیەی کە لێپراپێکدێت، لەبەرچاوبگرین، کەواتە لێرەدا،

جـــێ مەبەســـت بریتیەلـــەوەی کەمافـــەکانی هەریـــەك لەهاووڵاتیان ودەستەی دەســـتەڵاتدار[١] هەیانـــەو، ئەرکگـــەلێك کەئەوانەی یەکهـــەم وەکئـــەوەی کـــەهاووڵاتین هەیانـــە و پێویســـتە ئەنجامیبـــدەن و، ئەومافـــە سروشـــتیەی کەپێویســـتە هـــەیانبێت بـــەو ئەژمارەی کەمرۆڤن ،دەستنیشانبکەین.

لێـرەدا دەبێـت ئـەوە وەرگـیراو ودانپیانراوبێـت، کەهەمووئـەوەی تـاك هەیەتیلەدەســەڵات و ئــازادیی وهــەبووەکانی[٢]و، بەپێیبەڵگەنامــەی کۆمەڵایەتی،پێشکەشیدەکاتن ودەستبەردار دەبێت لێیـان، تەنهابەشێکن لەو چتانە، کەسوودمەندبوونیان ژبۆ کۆمەڵگەڕا گرنگـی خـۆی هەیـە، لێ هەروەها دەبێت ئـەوەش وەرگیراو بێتن، کەئـەوە تـەنها دادگوزارە کەئـەو گرنگیەی دەستەی دەستەڵاتدارڕا،دەستنیشاندەکاتن .

لەڕاســتیدا هەمووئــەو کارگوزاریانــەی کەهاووڵاتیــەك دەتوانێــت بــۆ دەوڵــەت ئەنجامیبــدات، هــەرکاتێك دەستەیدەســتەڵاتداریش داوای لێبکـاتن، لەسـەریەتی کـە ئەنجامیبـداتن، لێ (دەسـتەش) لـەلای خۆیـەوە، ناتوانێــت سەرپەرشــتکراوەکانی بــەهیچ کەلەپچــەیەکی ناســوودمەند بەکۆمەڵگــە، کەلەپچـــەو کۆتوبەنـــدبکاتن، تـــاکو نـــەتوانێت داوای بەجێهێنانی کارێکی ئەوهاڕا بکاتن ، چونکە لەعەقڵدا هیچشتێك بەبێ

---

[١] سەرنجی خوێنەرانی هێژا بۆنەوە رادەکێشم کە ئەم چەمکە تەنها لەوەرگێڕانە فارسیەکەدا دەکارهاتووە و لەتەواو وەرگێڕانە عەرەبیەکەدا ، زاراوەکانی خاوەنشکۆ و فەرمانڕەوا دەکارهاتوون ـــ م . ص ـ .

[٢] مەبەست لەهەبووە مادییەکانی مرۆڤە لەژیاندا ـ م. ص ـ .

هــۆ نــاپروات و هــەروەهاش هــەمان شــتیش لەژێرســایەی یاســای سروشتیدایە .
ئــەو پابەندییانــەی ـــ بەڵێننامــە ـــ کەبەیاســای سروشــتیەوە دەمانبەســتنەوە، زۆرە ملێــی نــین، لەبەرئــەوەی کــەئاڵوگۆڕکراون و، سروشتیان وەهایە کاتێک کەئێمە ئەنجامیاندەدەین، ناتوانین کەبەبێ کارکردن لەپێناو خۆماندا، کار بۆ خەڵکی دی بکەین. کەواتە بۆچ دەبێت کە ئیرادەی گشتی، هەمیشە دادپەروەربێت و بۆچ هــەمووان بــەردەوام دەیانــەوێت کەبەختــەوەری بــۆ هــەموو یــەکێکیان بێــت، ئەگــەر ئــەوە لەبەرئەوەنەبێت کەلێرەدا کەسێك نیە کەبەلای ئەم وشەیەدا((هەموو یــەکێك))،داینەشــکێنێتەوە و، کــاتێکیش کــە(ئــەو) بــۆ هــەمووان، دەنگدەدات بیر لەخودی خۆی نەکاتەوە؟ هەر ئائەمەشە کەبەڵگەبەندی دەکات لەسەرئەوەی کەیەکسانی لەمافداو، بنەڕەتی ئەودادپەروەریەی کەلێوەی دێتەدەست، لەواقیعدا لەو بەسەردادانەوەڕا ـالأفضلیة ـ Prefer ـ م.ص ـ ـ کەهەریەکێك بەخۆی ڕەوا دەبینێت، جیادەبێتەوە یان وردتر بڵێین لێیدەبێتەوە ـ م.ص ـ و، بەوپێیەش لەسروشتی مرۆڤەوەیە و، ئیرادەی گشتیش بەخاتری ئەوەی کەببێتە ڕاستینە، ئەوا پێویستە لەنێوەڕۆکیداچۆنە، لەئامانجیشیدا، ئەوهابێتن و، پێویستە کەلەهەموانــەوە لێدەرچــوون بکــات ـــ بێتەبوونــەوە ـــ تائــەوەی بەســەرهەمواندا شــایانی پراکتیزەکردنبێتن، هــەرکاتێکیش کەبــەرەو هــەرئامانجێکی تــاکی و تایبەتی ملــدەنێت، ئــەوا باردروســتیی سروشتیانەی، لەدەستدەدات، لەبەرئەوەی ئەوکاتە بۆ ئێمە نابێت، کەواتــە، کاتێــك هــەرباوەڕو پرەنســیپێکی ڕاســتینە لەوپرەنســیپانەی

دادپــەروەری، کــەڕێنماییمان دەکــات، ناموبێــت پێمــان، لــەخۆمان جیادەکەینەوە.

هەروەشـە، چـونکە کاتێـك سـەبارەت بەکردەیـەك، یـان مافێـك تایبـەتی، جیاوازییەك بوونی‌دەبێت،کە بەگوێرەی گرێبەستێکی گشتی لەوەپێشتر یەکلاکراوەوە،دەستنیشـان نـەکرابێتن، ئـەوا پرسـەکە جێگـەی ناکۆکی و ململانێیـە. ئـەوە کێشـەیەکە، کـە کەسـانی خـاوەن بەرژەوەنـدی تایبـەت، تیایدا جەمسەرێك دەبن ولەجەمسەرەکەی‌تریشەوە،دەستەی‌دەستەڵاتدار بونیان دەبێت، لێ (من)، نە ئەو یاسایە کەپێویستە پـەیڕەوی لێ‌بکرێت و، نـە ئـەو دادوەرەش کەپێویسـتە بڕیـاری تیـادا دەربکـات، بەدیناکـەم. ئەوکاتـــەش گفتوگـــۆکردن لـــە پێـــداگریی ئـــیرادەی گشـــتی سـەخافەتە،لەبەرئەوەی دەبێـت پێداگرییـەك لەلایـەن ئیرادەی گشـتیەوە بێتەرەچاوکردنەوە،کەخودی‌خۆی‌جەمسەرێکی‌کێشـەکەیەو،سـەرەنجامی ش بەلای جەمسـەرەکەی تـرەوە، شتێکی‌تر نابێت جگـە لەئیرادەگـەلێکی بیــانی‌و تایبەتی،کــە لێرەدابــەلای چەوســانەوەدا دایشــکاندۆتەوەو، هـــەردەم دووچـــاری هەڵەیـــە. لەســـەرئەوە، دەڵـــێین هەروەکچـــۆن کەئیرادەیەکی تایبەت ناتوانێت نوێنەرایەتی ئیرادەی گشتی بکـات، ئـەوا ئیرادەی گشـتیش، کاتێـك بەسـەر بابـەتێکی تایبەتـدا پراکتیزەدەکرێـت، سروشتی دەگۆڕدرێت و، وەك ئیرادەیەکی گشتی، نە سەبارەت بەکەسێك و،نەبـەکارێکیش، ناتوانێـت بڕیارێـك دەربکـاتن . بـۆ نموونـە، کاتێـك کەگەلی (ئەسینا ) ناوی لەسەرکردەکانی دەنا، یان لای دەبردن، چەپکەی شکۆمەندی دەبەخشیە یـەکێك و بەیـەکێکی‌دییش، سـزای جۆراوجـۆری دادەنــا....و، بــەجۆرەها فەرماننامەگــەلی تایبــەت، هــەموو کارەکــانی

دەسەڵاتکردنی بەبێ جیاوازی مومارەسەدەکرد، لەوکاتەدا گەل ـ هێمایە بۆئەوجۆرە گەلانە ـ م. ص ـ ـ ئیتر بەواتای وشە، ئیرادەیەکی گشتی بۆ نەدەمایەوە، چونکە ئیتر وەك دەستەی‌دەستەڵاتدار هەڵسوکەوتی نەدەکرد، بەڵکو وەك کارگوزارێکی(ئەو)، ئەمەش وادەردەکەوێت کە پێچەوانەی باوەڕگە ـ العقائد ـ گشتیەکان بێتن ، لێ پێویستە کەبوارێکم بۆ بهێڵرێتەوە بۆ خستنەڕووی بیرەکانم.

ئالەوەوە، پێویستە ئەوەمان بۆدەرکەوێت کەئەوەی ئیرادەیەك دەکاتە گشتی، ئەوە ئەوەندەی ئەو بەرژەوەندیە هاوبەشەیە کە یەکیدەخاتن، ئەوەندە بریتی نیە لەژمارەی دەنگەکان، چونکە هەموو یەکێك لەم دامەزراوەیەدا، بەپێویستەگی[1] لەسەریەتی‌کەملکەچکات بۆئەومەرجانەی کەبەسەر ئەوانی‌دیدا دەیسەپێنێت. ئالێرەوە ئەم رێککەوتنە جوان و سەرسامەی نێوان بەرژەوەندی و دادپەروەری، کەئەو مۆرکە بێگەردەی لەمشتومڕی هەموو پرسێکی تایبەتدا دەیبینین دەڕەوێنێتەوە، لەهەر بەرژەوەندییەکی هاوبەش بەتاڵەو، هەڵدەستی[2] بەیەکخستن و هاووێنەکردنی یاسای دادگەر دەگەڵ شەریعەتی نیشتماندا.

لەهەر ئاڕاستەیەکەوە چاوێك بەبەڵگەنامەی‌کۆمەڵایەتیدا بخشێنین ، ئەوا ئێمە بەردەوام دەگەینە هەمان دەرەنجام، کەبریتییە لەوەی بەڵگەنامەی کۆمەڵایەتی لەنێوان هاوولاتیاندا بڕیارلەسەرجۆرەیەکسانیەك دەداتن،

---

[1] لەسەرتاپای‌ئەم کارە وەرگێڕانیەمدا، زاراوەی (پێویستەگی) وەك چەمکێکی فەلسەفی دەکارهاتووە، کەبەرامبەری (الضرورة)ی عەرەبیە ـ م. ص ـ.

[2] هێمایە بۆ رێککەوتنی ئاماژە بۆکراو ـ م. ص ـ .

بەجۆرێك كەهەموویان بەهەمان ئەومەرجانە پابەندبن و، پێویستیشە كەهەموویان بەهەمان ئەومافانە بەهرەمەندبن. بەمشێوەیە كەهەموو كارێك لەكارەكانی فەرمانڕەوایی، یانوەكو هەموو كارێكی راست لەكارەكانی ئیرادەی گشتی، بەشێوەیەكی یەكسان هەموو هاوولاّتیانڕا بەلێندار ولەهەمانكاتیشدا سوودمەنددەكاتن، یانوەكو بەسروشتی بەلگەنامە یارمەتیاندەدا، بەجۆرێك كە دەستە تەنها پەیكەری نەتەوە دەناسێت و هیچكامێك لەو ئەندامانەی كەپێكیدەهێنن ناخاتە پێش ئەوانیدیبیەوە. كەواتە ئیتر واتای راستینەی كاری فەرمانڕەوایی ـ یان سەركردەیی ــ م. ص ــ چیە؟ لەوەلاّمدا دەلێین كەبریتی نیە لەڕێككەوتنی نێوان سەرۆك و سەركردەكراو، بەلكو رێككەوتنی دەزگای سیاسیە دەگەلّ هەموو یەكێك لەئەندامەكانی: ئەوەش لەخۆیدا رێككەوتنێكی شەرعیە، چونكە بناغەكەی بریتییە لەگرێبەستی كۆمەلاّیەتی و، هەروەها رەوایە ـ دادگوزارە ـ م. ص ـ، لەبەرئەوەی لەنێوان هەمووواندا هاوبەشەو، بەسودە، چونكونیّ جگە لەخێری گشتی، هیچ ئامانجێكیدی نابێت و، هەروەها پایەكانی پتەون، لەبەرئەوەی كەهەریەك لەهێزی گشتی و دەسەلاّتی بالاّڕا مسۆگەری دەكەن. بەو ئەندازەو هێندەیەی كەسەرپەرشتكراوان، جگە لەم رێككەوتنانە، ملكەچی هیچیدی نین،بەو هێندەیە، ئەوان بۆ فەرمانی ئیرادەی تایبتییان و، بەس، ملدەدەن، نەك بۆ فەرمانی كەسێك، پرسیارەكەش لێرەدا ئەوەیە: مافەكانی هەریەك لەفەرمانڕەواو هاوولاّتیان تاچ مەودایەك درێژدەبێتەوە؟ ئەوە ئەو پرسیارەیە كەئەو هاوولاّتیانە تاچ رادەو ئەندازەیەك لەتوانایاندایە كەدەگەلّ خۆیاندا پابەندبن، هەموو

یەکێك لەبەرامبەر هەمواندا و هەموانیش لەبەرامبەر هەموو یەکێکیاندا؟؟؟.

لەوەڕا بۆمان دەردەکەوێت کەدەسەڵاتی فەرمانڕەوایی ئەگەرچی رەهاش بێت، لێ پیرۆزەو، بەهیچشێوەیەك ناکرێت دەستی بۆ ببرێت و، سنور، تێپەڕی ناکات و ناشبێت سنووری ڕێککەوتنە گشتیەکان ببەزێنێت و، هەموو مرۆڤێکیش دەتوانێت بەتەواوی رەفتاربکات بەوەی کەئەم ڕێککەوتنانە لەپارەو پوول و لەئازادییەکەی بۆی دەهێڵنەوە، بەجۆرێك کەفەرمانڕەوا، بەهیچشێوەیەك مافی ئەوەی نابێت کەیەکێك لەسەرپەرشتکراوان زیاتر ئەستۆکار ــ تکلیف ــ م . ص ــ بکات لەیەکێکی دی، لەبەرئەوەی کەئەوکاتە پرسەکە تایبەت دەبێت و لەتایبەتمەندی دەستەڵاتەکەیدا نابێت .

کاتێك کەدانبنێم بەم جیاوازیانەدا، هەڵەیەکی گەورەیە کەبوترێت هەرملدانێك راستینە، لەلایەن تاکەکانەوە لەگرێبەستی کۆمەڵایەتیدا بوونی هەیەو بەکارتێکردنی ئەم گرێبەستە بارودۆخیان لەڕاستیدا باشتردەبێت لەوەی کەپێشتر لەسەری بووەو، ئەوەی ئەوان، لەبری ئەوەی کە ملبدەن هەستاون بەئاڵوگۆڕێکی بەسوود... ئەوان هەبوونێکی نائارام و ناجێگیریان گۆڕیوەتەوە بەهەبوونێکی باشترو زیاتر ئاسایشترو، لەجیاتی سەربەخۆیی سروشتییان، ئازادییان و، لەجیاتی توانای زەرەر گەیاندن بەهی‌تر ئاسایشی تایبەتیان و، لەجیاتی ئەو هێزەیان کەلەتوانای ئەوانی‌تردایە بەسەریدا زاڵبن، ئەومافەیان دەستدەکەوێت کەیەکێتی کۆمەڵایەتیان وادەکات تێکنەشکێت . یان وابزانرێت کەخودی ژیانیان کەبۆ دەوڵەت تەرخانیان

کـردووە، ئـیتر بـەوە بـەردەوام پـارێزراو دەبێـتو، کـاتێکیش لـەپێناوی بـەرگریکردن لـەدەوڵـەت ژیانیـان دەخـەنـە مەترسیەوە، ئـەوا لـەوکاتـەدا چ دەکەن، جگەلەوەی کەئەوە دەگێڕنەوە بۆی، کەهەرخۆی پێی بەخشیون؟ کەواتـە کاتێـک ئـەوان لەحاڵـەتی سروشـتدان، ئایـا ئـەوەیان نـەکردووە کـەزۆرجاران کاتێـک ئـەو جەنگانـەیان هەڵگیرسـاندووە، بەمەترسـییەکی گەورەترەوە کردوویانە، لەبەرئەوەی کەڕێگـەی تریـان لەبـەردەم نـەبووەو بەسەرکێشـــیکردن بەژیانیانـــەوە،بـــەرگرییان لـــەوەکردووە کـەپارێزگارییکردن لێـی سـوودی هـەبووە بۆیـان؟. واقعیـەت ئەوەیـە کـە (ئەوان) هەموویان لەسەریانە کەلەپێناوی نیشتماندا بجەنگن، ئیتر ئـەوە خواسـتی هیچـکامێکیان نیـە کـە لـەپێناوی خۆیـدا بجـەنگێت، ئایـا باشـــترنیە،کاتێـــک هەرکەســێک لـــەپێناوی دەســـتەبەرکردنی بێوەییخۆیـــــدا،بەشـــێک لەومەترســـیانەی بەرکـــــەوێت کەلەحاڵەتیبەرەورووبونیـــدا، ناچـــارە کەتەواوی‌ئەومەترســـیانەڕا لەسەرخۆینێتن .

# جومگەی پێنجەم

## ((سەبارەت بەمافی ژیان و مردن))

**هەندێك** ئەو پرسیارە دەکەن کەکاتێك تاکەکان مافی هەڵسوکەوتکردنیان بەژیانی تایبەتیانەوە نیە، ئیتر چۆن دەتوانن کەخودی ئەم مافە کەخاوەنی نین، بگوێزنەوە بۆ (دەستە)؟ لەوەناچێت کەچارەسەرکردنی ئەم پرسە گران بێت، مەگەر لەبەرئەوە نەبێت کە بەشێوەیەکی چەوت فراژوودەکرێتن. چونکە هەموو مرۆڤێك لەپێناوی پاراستنی‌ژیانیدا، مافی سەرکێشیکردنی پێوەی هەیە. کەواتە ئایا کێ وتویەتی کەئەوەی لەتاو ئاگر لەدەریایەکەوە خۆی فڕێدەدات تاوانی خۆکوشتن ئەنجام دەدات؟ ئایا هەمان ئەم تاوانە دەدرێتەپاڵ کەسێك، کەپێشئەوەی بەمەترسی وەسەرکەوتنی ئەو کەشتییە بزانێت، کەزریانێك ژێرەوژووری دەکات و ئەمی تیادا لەناودەچێت؟

ئامانجی گرێبەستی کۆمەڵایەتی، بریتییە لەپاراستنی‌ژیانی گرێدەرەکانی، چونکە ئەوەی کەبەدوای ئامانجەوەبێت، بەدوای ئامرازیشەوە دەبێت و، ئەوەی کەدەیەوێت لەسەر حیسابی ئەوانی‌دی، ژیانی‌خۆی بپارێزێت، کاتێك کەفەرمانێك پێویستیکرد، ئەوا پێویستە ئەمیش ژیانی خۆی بدات، یان کارگوزاربکات بۆئەوان. لەسەرئەمەڕا، ئەوە هاووڵاتی نابێت کەفەرمانبدات سەبارەت بەو مەترسییەی کەیاسا دەیەوێت بەرەورووی بکاتەوە، کاتێکیش کە(دەستە) - یان شازادە - م.ص - پێیدەڵێت: بەرژەوەندییەکانی‌دەوڵەت وادەخوازێت کە(تۆ)بمریت، ئەوا پێویستە لەسەری کەبمرێت، لەبەرئەوەی کە(ئەو)

هەتائێستا لەژێرسایەی ئەم هەلومەرجەدا بووە کە ژیاوەو، ئیتر ژیانیشی نیعمەتێك نیە لەسروشتەوەو بەس، بەڵکو بەخشراوێکی مەرجدارە لەدەوڵەتەوە .
تاڕادەیەك دەکرێت کە لەهەمان گۆشە نیگاوە بڕوانرێتە ئەو سزای لەسێدارەدانەی کەبەسەر تاوانباراندا دەدرێت:کەواتە بۆئەوەی نەبیتە قوربانی بکوژێك، ئەوا مرۆ ئەگەربووە بکوژێك، رازیدەبێت کەبمرێت و لەسەرئەمەش، مرۆ لەم گرێبەستەدا نایهەوێت کەگیانی خۆی ببەخشێتن،بەڵکو دەخوازێت بیپارێزێت و، ئیتر ئەولۆژیکی نیە ئەوەبسەپێت کەگرێدەرانی گرێبەستەکە لەکاتی پەیوەندبوونیان پێوەی،لەبیری ئەوەدابووبێتن کەخۆیان بەپەتی سێدارەوە هەڵواسن .
زیادلەوەش هەموو تاوانکارێك کاتێك کەهێرشدەکاتەسەر مافی کۆمەڵگە، ئەوابەنیشتمان یاخی و ناپاك دەبێت، ، ئیتر بەهۆی ئەوەی کەیاساکانی نیشتمان لەژێردەنێت، لەوەڕا دەوەستێت کەببێتە ئەندامێکی ئەو نیشتمانە، بەڵکو(ئەو) جەنگی لەسەر رادەگەیەنێت، ئەوکاتەش ئیتر پارێزگاریکردنی دەوڵەت بەرهەڵست دەبێت دەگەڵ پارێزگارییکردن لەو، چونکە پێویستە یەکێکیان ئەوی دییان لەناوبەرێت. کاتێکیش کەپەنادەبرێتەبەر لەسێدارەدانی تاوانکار، ئەوا ئەوەی وەك دوژمنێك لەسەردەکرێت، تاوەکو هاوولاتیەك، چونکە دادگاییکردن و بڕیار لەسەردەرکردن، بەڵگەو راگەیاندنی ئەوەن کە(ئەو)، گرێبەستی کۆمەڵایەتی ژێرپێناوە و ئیتر بەدوای ئەوەشدا ئەندامێکی دەوڵەت نابێت، کاتێکیش کەخۆی بەئەندامێکی دەوڵەت دادەنا، لانی کەم بەپێیئەوەی کەنشیننامە ـ **إقامة** ـ ی ئەمی هەبووە،

ئەوا ئیتر وەك کەسێك کەبەڵگەنامەکەی ژێرپێناوە، پێویستە مژدەی دورخستنەوەی بدرێتێ ، یانوەکو مژدەی مردنی وەك ئەوەی کەدوژمنی گەلە، لەبەرئەوەی کەدوژمنێکی لەمجۆرە کەسێکی مەعنەوی نیە، بەڵکو کەسێکە کەلەبەرامبەر کۆمەڵگەدا دەجەنگێت، مافەکانی جەنگیش، مافی لەناوبردنی تێکشکاوی داوەتە سەرکەوتوو .

لێ لەوانەیە بوترێت کەتاوانبارکردن تاوانبار، بریتیە لەکارێکی تایبەت، باوابێت، لێ، ئەم تاوانبارکردنە هەرگیز لەلایەن دەستەوە دەرنەچووە، ئەوە مافێکە چۆن کە(دەستە)بەخۆی ناتوانێت مومارەسەی‌بکاتن،دەتوانێت ئەنجامدانیان بەلایەنی‌دی ببەخشێت . بیرەکانم هەموو هاوئاهەنگن، لێ لەتوانامدانیە کەهەموویان لەیەککاتدا بخەمەڕوو.

سەرباری ئەوەش لەواقیعدا زۆری سزاکان، بەهەمیشە نیشانەی لاوازی، یانوەکو کەمتەرخەمی حکومەتە، کەواتە هەرگیز هیچ مرۆڤێك نیە کەنەتوانرێت وای لێبکرێت بۆ هیچشتێك دەستنەدات، ئەگەرچیش زۆر چەتون و دڕندەیش بێت، کەواتەش مافی کوشتنی هیچ کەسێکمان نیە، تەنانەت ئەگەر وەك نموونەبەندیش بێتن، تەنها ئەوەنەبێت کەنەتوانرێت بەبێ مەترسیڕا بهێڵرێتەوەو دەستی لێبەربدرێت .

وەلێ، سەبارەت بەمافی لێبوردنی، یانوەکو مافی لێبوردنی تاوانبار لەو سزایەی کەیاسا بەسەریدادەریدەکات، یان دادگەر بیژتنی لێدەکات، ئەوە بەکەس تایبەت نیە تەنها ئەوەنەبێت کەلەسەروو دادگەرەو لەسەروو یاساوەیە، واتە تەنها تایبەتە بەدەستەوە، هەروەها مافی (ئەو) لەمەدا بەتەواوی روون نیەو، هەروەهاش ئەو حاڵەتانەی کەمافی

خـۆی تیـادا بـەکاردەهێنرێت، زۆر دەگمـەنن، چـونکە لەدەوڵەتێکـدا کەبەباشی حکومەتڕانی بکرێتن، خەڵکیکەمتر بەسزا دەگەیەندرێن، نەك بـەهۆی زۆر دەرچـوونی لێبوردنـەکان، بـەڵکو لەبـەر کـەمی ژمـارەی تاوانکـاران تیایـدا: لەڕاسـتیدا کاتێـك دەوڵـەت روو لەهەڵوەشـانەوەیەولاوازە، تاوانبـاران بەئاسـانی هەڵـدێن. ئـەوەبوو لەژێرسـایەی کۆمـاری رۆمانیـدا نەئەنجومـەنی پـیران و نەکۆنسـوڵەکان، هـەرگیز مومارەسـەی مـافی لێبوردنیـان نـەکردووە، بـەڵکو تەنانـەت خـودی(گـەل)یـش هـیچ لێبـوردنێکی دەرنـەکردووە، ئەگەرچـیش کەهەنـدێکجاران فەرمانـەکانی ـــ حکومـەکان ـــ م .ص ـــ خـۆی هەڵوەشـاندۆتەوە[١]. کەواتـە زۆر لێبـوردنیی، پێشـبینی بـەوەدەدات کەتاوانـەکان خێرا وایـان لێدێت کەپێویسـت نـەبن و هـەموو تـاکێکیش دەبینێـت کەئـەوە بـەکویٚ دەگـات. لیٚ (مـن) هەسـت بەوەدەکـەم کـەدڵم ئاهـەنگێکیدی سـازدەکات و، پێنوسەکەشم لـەناو پەنجەمدا گیردەبێت، کەواتـە بامشـتومڕکردنی ئـەم پرسـانە بـۆ ئەومرۆڤـە دادپەروەرەیـە جێبهـێڵین کەهـەرگیز هەڵـەناکات و رۆژێکـیش لـەڕۆژان هەسـتی بەوەنەکردووە کەئەوبۆخۆی پێویستی بەلێبوردن بووە.

---

(١) واتە هەڵوەشاندنەوەی فەرمان و بڕیارەکانی گەل، لەلایەن خۆیەوە ـ م . ص ـ.

# جومگەی شەشەم

## ((سەبارەت بە یـــاســـا))

**تائێرە** لەسەر بنەڕەتیبەڵگەنامەی کۆمەڵایەتی ژیان و قەوارەمان داوەتە دەستەیدەســـتەڵاتدار، ئێســـتاش ئـــەوەی مەبەســـتە ئەوەیـــە کـــە بەهۆیئامرازییاسادانەرییەوە ـ **التشریع** ـ،جوڵەو ئیرادەشـی پێبـدەین، چـونکە ئـەو کـارە بنەڕەتیـەی کـە بەهۆیـەوە ئـەم دەزگایـە پێکهـاتووەو یـەکیگرتووە ، هێشـتا ئـەوەی دیـاری نـەکردووە کـە (دەسـتە) لـەپێناوی مانەوەیخۆیدا، پێویستە چ هەنگاوێك هەڵبگرێتن .

ئـەوەی کـە چـاکەو بۆرژێمـەکان گونجـاوە، هـەروەهاش بـۆ سروشـتی شتەکان بەهەمانشێوەیەو، پەیوەندی بە ڕێککەوتنـە مرۆییەکانـەوە نیە . راسـتە کـە هـەموو دادپەروەریـەك لـە خواوەنـدەوە دێـت و،هـەر ئـەویش کانگایـەتی، وەلێ، ئەگـەر بمانزانیبایە کە هـەر لـە دروستکەرەوە ــ واتـە خوداوەنـدەوە ــ م.ص ــ وەریبگـرین ئـەوا ئـیتر نەبەحکومـەت و نـە بەیاسـاکان پێویسـتیەکمان نـەدەبوو ، کەواتـە سـەبارەت بـەوەی لەوێـدا دادپـەروەریـەکی سـەرتاسـەری هەیـە و تـەنها لەعەقڵـەوە هـەڵقوڵاوە، هـیچ دردۆنگیـەك بـوونی نیـە ، لێ، ئـەم دادپـەروەریـە بـۆ ئـەوەی کـە لـە نێـوان خۆمانـدا بڕیـاری لەسـەربدەین، پێویسـتە کـە ئاڵوگۆڕکراوبێـت ، چـونکە ئەگـەر مرۆییانـە بڕوانینـە شـتەکان ئـەوا لەحاڵـەتی نـەبوونی دابینگـەری کارکردەییدا، یاساکانی دادپەروەری لـە نێوان مرۆکانـدا، پـووچ و بەتاڵ

دەبن ، لەبەرئەوەی کە(ئەو)[1] ، جگەلە خێر بۆ دڵڕەق و شەڕیش بۆ دادپەروەر، شتێکی‌دی چێناکاتن، کاتێکیش کە ئەم دادپەروەرە لە بەرامبەر هەموو خەڵك، سەرپەرشتیاری دەکات و، کەسیش لە بەرامبەریڕا پابەندییەکی نابێت ، کەواتە بۆ بەستنەوەی مافەکان بە ئەرکەکانەوەو،گێڕانەوەی دادپەروەری تائەوەی لەئامانجەکانیدا جووتبەندبێت، ئەواهەردەبێت ڕێککەوتنەکان و ئەو یاسایانە بوونیان هەبێتن . بەمشێوەیە لە حاڵەتی سروشتیدا کاتێك کە هەمووچتێك هاوبەشدەبێت، قەرزاری هیچ شتێکی ئەوانە نابم کە بەهیچ شتێك پەیمانم نەداوەتیٚ و، دانیش نانێم بەوەی کە هی ئەوانی‌ترە، تەنها ئەوکاتە نەبێت کەبە قازانج بۆم بگەڕێتەوە، لیٚ، لە حاڵەتی مەدەنیدا بارەکە بەوشێوەیە نیە، چونکە هەموو مافەکان بە یاسا دیاری دەکرێت.

کەواتە لە کۆتاییدا یاسا چیە ؟ تا ئەوکاتەی کە ئێمە بەسدەبین بەوەندەی کەجگە لە واتا میتافیزیکیەکان، هیچ زیادەیەك نەخەینە سەر ئەم وشەیە ، ئەوا بێئەوەی کە لێك تێبگەین، بەردەوامدەبین لە ئارگومێنت و بەڵگەگەرایی و، کاتێکیش کەدیاریمانکردبێت ماهیەتی یاسای سروشتی چیە، ئەوە وانابێت کە تێگەیشتنێکی باشترمان ژبۆ ماهیەتی یاسای دەوڵەت دەستکەوتبێت .

پێشتر(من) ئەوەمڕا گوتووە کە لەنێو بابەتێکی‌تایبەتدا، هەرگیز ئیرادەیەکی گشتی بوونی نیە و، لە واقعیشدا ئەم بابەتە تایبەتە، یان لەنێو دەوڵەتدا دەبێت، یان لە دەرەوەی، کەواتە ئەگەر لە دەرەوەیڕا

---

[1] واتە یاساکانی دادپەروەری ـــ م .ص ـــ .

بوو ، ئەوا ئەو ئیرادەیەی کە(بەئەم) بیانی‌دەبێت، هەرگیز بۆ (ئەم) نابێتە گشتی و، ئەگەریش ئەو بابەتە لە نێو دەوڵەتدا بێت، ئەوا تەنهابەشێکی پێکدەهێنێت و لەوکاتەشدا لە نێوانی گشت و بەشەکەیدا، ئەوپەیوەندیە دێتە بوونەوە، کە هەردووکیان دەکاتە دوو بوونەوەری لێکجیا، کە (بەش) جەمسەرێکی‌دەبێت و،گشتیش ــ بەلێدەرکردنی خودی ئەم بەشەــ جەمسەرەکەی‌تردەبێت. لێ ،گشتێك کە(بەش)ی لێدەرکرابێت، هەرگیز (گشت) نیە و، لەبەرئەوەش کە ئەم پەیوەندیە بە راوەستاوی دەمێنێتەوە، ئەوا شتێك لە(گشت)بوونی‌نابێتن، بەڵکو دوو بەشی نایەکسانن، ئەوەش ئەوەی لێوە پەیدادەبێت کە ئیرادەی یەك لەو دوو جەمسەرە گشتی نابێت ، هەمانشتیش سەبارەت بەجەمسەرەکەی تر .

وەلێ ،کاتێك کە هەموو (گەل)،دەبێتە ڕێسادانەری خۆی، ئەوا ئەو تەنها دەروانێتە خۆی و بەس، ئەگەریش لەوێدا، پەیوەندیەکی بۆ خۆی پێکهێنا، ئەوا ئەوە لە دیدێکەوە دەبێتە پەیوەندی بابەتەکە بەهەموویەوە و،لە دیدێکی‌ترەوەڕا، بابەتەکە هەمووی، بەبێ هیچ دابەشکردنێکی(گشت)، لەوێدا ئەو مادەیەی کە ڕێساکانی بۆ دادەنرێت، گشتی دەبێت، هەروەك ئەو ئیرادەیەی کە ڕێساکان دادەڕێژێت. ئەم کارەش بریتیە لەوەی کە بە یاسا ناوزەدی دەکەم .

کاتێك کە دەڵێم ئامانجی یاساکان هەمیشە گشتی دەبێت، ئەوا مەبەستی(من) ئەوەیە کە یاسا وەك پەیکەرێك دەڕوانێتە سەرپەرشتکراوان و، لەبۆ کردەکانیش، وەك ئەوەی رووتەن بن ــ ئەبستراکت ــ م.ص ــ و، هەرگیزیش وەك ئەوەی تاکێك بێت، ناڕوانێتە

مرۆڤ و، نەبۆ کارێکی تایبەتیش وەها دەڕوانێت. بەمشێوەیە، کەواتە یاسا بریتییە : لەوەی کە یاسا بتوانێت بڕیار لەسەر هەبوونی دەستیاوەرییەکان ــ **امتیازات** ــ م.ص ــ بدات، لێ ناتوانێت بە ناو[1] بیانبەخشێتە کەسێك و، هەروەها لە توانای یاسادایە کە چینگەلێك جۆراوجۆر لە نێو هاوولاتیاندا چێبکاتن ، بەڵکو ئەو ناسینەوانەش ــ **الصفات** ــ م.ص ــ، کە ڕێگە بە تاکەکان دەدات سەربەداربن ــ **انتماء** ــ م.ص ــ بۆ ئەم چینانە دیاری دەکات ، لێ ،(ئەو) بۆ چوونەناویان، ناتوانێت ناو لەم و لەو بنێت، هەروەها دەتوانێت حکومەتێکی پادشایەتی بۆماوەیی دابمەزرێنێت ، لێ ، نەدەتوانێت پادشایەك هەڵبژێرێت و، نە ناویش لە خێزانێکی پادشایەتیش بنێت، بە وشەیەك ــ ئەوە کورت دەکەینەوەو دەڵێین ــ م.ص ــ : هەموو ئەو فەرمانگوزاری و بابەتانەی کە پەیوەستن بە مەبەستگەلێك تاکیەوە، هەرگیز پەیوەندییان بە دەسەڵاتی یاسادانەرەوە نیە .

لەسەر ڕۆشنایی ئەم بیرۆکەیە ، یەکسەر ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە ئیتر ئەوە پێویست نیە، پرسیاری ئەوە بکەین کە کێ مافی داڕشتنی یاساکانی هەیە، مادامەکی کە ئەم یاسایانە کردارگەلێك دەرچوون لە ئیرادەی گشتیەوەو، نەئەوەش کەئایا (دەستە)ــ یان شازادە ــ م.ص ــ مادامەکی ئەندامێکی دەوڵەتە، ئیتر لەسەرووی یاساوەیە و، نە ئەوەش کە ئایا لە توانای یاسادایە کە زۆردار و چەوسێنەر بێت، مادامەکی مرۆڤێك نیە کەبەرامبەربەخۆی نادادپەروەربێت یان زۆرداری

---

[1] واتە یاسا ناتوانێت کەهیچکام لەو دەستیاوەریانەی کە دەیانبەخشێتە تاکەکان، بە ناویانەوە بکات ــ م.ص ــ .

خودیخۆی بێت، دەپەیوەند بەوپرسەی کە چۆن مرۆڤ ،هەم ئازاد و هەم ملکەچی یاساکانە،پرسێکی بیٚ ئەنجامە، مادامەکی کە(ئەو) ـ واتە یاساکان ـ م.ص ـ، جگەلە تۆماربەند، یان راگەیاندنی ئیرادەکانمان (!!!؟؟ –م.ص) چتێکیدی نین .

هەروەها ئەوەش ڕووندەبێتەوە کە لەبەرئەوەی یاسا، هەم گشتبەندیی ئیرادە و، هەمیش گشتبەندیی بابەتەکە، کۆدەکاتەوە، کەواتە ئەوەی مرۆڤێك، با هەرکەسێك بێتن، لەخۆیەوەڕا فەرمانی پێدەدا، هەرگیز نابێتە یاسایەك، چونکە هەتاکو ئەوەش کە فەرمانڕەوا( یان دەستە) لەبابەتێکی تایبەتدا فەرمانی پێدەدات، هەروەها نابێتە یاسایەك، بەڵکو دەبێتە فەرمینامەیەك ـ مرسوماً ـ م.ص ـ ـ و، هەروەها ئەوە نابێتە کارێك لە کارەکانی فەرمانڕەوایی بەڵکو کارێك لە کارەکانی دادگەری ـ القضاء ـ م.ص ـ ـ .

کەواتەلەدیدگای منەوە، هەموو ئەو دەوڵەتانەی کەیاساکان حوکمیدەکەن، با شێوەو فۆرمی ئیرادەکەش هەرچیەکبێت، ئەوە بە کۆمارییەت ناولێدەنێم : چونکە تەنها لەسیستەمێکی ئاوهادا بەرژەوەندی گشتی، حوکم دەکات و، کاروباری گشتیش کاروباری راستینە دەبێت. کەواتە هەموو حکومەتێکی شەرعی، کۆمارییە[1] و دواتر ئەوەش ڕووندەکەمەوە کە ماهیەتی وشەی حکومەت چیە ؟.

---

[1])بەم وشەیە تەنها ئۆرستۆکراتیەت یان دیموکراتیەتم مەبەست نیە، بەڵکو هەموو حکومەتێک کە بەشێوەیەکیگشتی، ئیرادەی گشتی دەیباتەڕێوە، بریتیە لە یاسا بۆ ئەوەی کە حکومەت شەرعی بێت، ئەوا پێویستناکات کە دەگەڵ فەرمانڕەوادا تێکەڵ بێت. بەڵکو پێویستە ببێتە پشتیوانێکی ئەو. ئالەوێدا خودی پادشایەتی ـ وەک رژێمێک ـ م.ص ـ ـ دەبێتە کۆماری. ئەوەش لە نوسراوەی دواترماندا دێتە ڕوونکردنەوە .

لە ڕاستیدا، یاساکان بەواتای دیاریکراویان، چتێك نین جگە لە مەرجگەلێك بۆ یەکێتی مەدەنی و، گەلی ملکەچی ئەم یاسایانەش، پێویستە کە هەرخۆیان دانەری بن، چونکە تەنهاکەسانێك کەلە ڕێکخستنی کۆمەڵگەیمەدەنیدا بەشدارن، مافی دانانی مەرجەکانی ئەم کۆمەڵگەیەیان هەیە، لێ ،چۆن ڕێکیان دەخەن ؟ ئایا ئەوە بە ڕێکەوتنێکی هاوبەش دەبێت، بە بۆهاتێکی ـ الهام ـ م.ص ـ کتوپڕ ؟ ئایا دەزگا سیاسیەکە، ئامێرکار ـ جهاز ـ م.ص ـ ێکی هەیە بۆ ئاشکراکردنی ئەو ئیرادانە ؟ کەواتە دیدگەرایی‌وپێشبینیگەرایی پێویست بۆ ڕێکخستنی ئەحکام وبڵاوکردنەوەی پێشکاتی ئەوانە،لەلایەن چ کەسێکەوە رادەپەڕێت چۆنیش دەتوانرێت کە لەکاتی پێویستدا بێنەدەرکردن ـ بێنەدەرچوون ـ م.ص ـ ـ و ؟ چۆنیش بۆ ئەو جەماوەرە کوێرەی کە لەزۆرجاراندا نازانێت چی دەوێتن، لەبەر ئەوەی کە بەدەگمەن نەبێت نازانێت کە چی خێری ئەوی تێدایە، چۆن بۆ ئەم جەماوەرە دەلوێت کە بۆ خۆی هەستێت بە جێبەجێکردنی پرۆژەیەکی دژوارو تا ئەم ڕادەیە مەزنی وەك سیستەمی یاسادانەری؟؟؟، لەڕاستیدا (گەل) بەردەوام خوازیاری کامەرانیە ، لێ بەردەوامیش ناتوانێت کە ئەوە دەستنیشانبکاتن . ئیرادەی گشتی بەردەوام خاڵپێکاو و ڕاستە، لێ ، بیری ڕووناکگەر، بەردەوام ئاڕاستەی ناکاتن . لەبەرئەوە پێویستە بەردەوام کار لەسەر ئەوەڕا بکەین کەکاروبارەکان وەك ڕاستینەیان بدیترێن‌و، هەندێکجاریش وەك ئەوەی کەپێویستە، ڕێگەیەك دروست کەلە مشتومڕی ویدایە،بە ئایدیای گشتی نیشانبدات و، لەفریودەرییەکانی ئیرادە تایبەتەکان بیپارێزێت

و، بەهای شوێن و زەمەنەکانی بۆڕا وەدیارخات و، سەرنجگەری بەفەڕییە هەنووکەیی - المزايا الحاضرة - م.ص - و هەستپێکراوەکان، بەمەترسی شەڕەنگێزیە داهاتووەدوور و شاردراوەکانی بۆهەڵبسەنگێنێتن . تاکەکان کامەرانی دەبینن، وەلێ ڕەتیدەکەنەوە، لەکاتێکداکە(گەل)،کامەرانی دەوێتن، وەلێ نایبینێتن . کەواتە هەموان بەبێ جیاوازییان، پێویستیان بەڕێنماییکەرێکە: گروپی یەکەم لەسەر وێکگونجاندنی ئیرادەکانیان دەگەڵ عەقڵیان پابەندبکرێن و، پێویستە کە(گەل)یش فێربکرێت لەسەرئەوەی کەبزانێت چی دەوێت و، ئالەوێدایە کە لەتیشک گشتیەکانەوە یەکێتی پێزانین و[1] ئیرادە، لەپەیکەری کۆمەڵایەتیدا دارشتە دەبێت، بەوەی کەلەژێرسایەی هاوکاریکردن وهاوئاهەنگی دروستی نێوان لایەنە جۆراوجۆرەکانی ئەودەزگایەوە، سەرەنجام هێزوتوانای لەبارتر لەهەموانەوە دێتە هەڵقوڵین - دارشتەبوون - م.ص - و، ئالێرەدایە کەپێویستەگی هەبوونی یاسادانەرێك هەستپێدەکرێتن .

[1] پێزانین کەلەبەرامبەر — الادراک — ی عەرەبییە، لێرەدا چەمکێکی فەلسەفیە، یان وردتر بڵێم دەلالەتێکی فەلسەفیانەی هەیە - م. ص - .

# جومگەی حەوتەم

## سەبارەت بە یاسادانەر

**بۆ** دۆزینەوەی باشترین یاسایەکی کۆمەڵایەتی کەدەگەڵ سروشتی نەتەوەکاندا دەگونجێت ، هەردەبێت عەقڵێکی زۆر باش کە هەموو هەواو هەوەسەکانی خەڵکی ببینێت و دووچاری هیچ کەسێکیان نەبوبێت و، هیچپەیوەندییەکی دەگەڵسروشتی ئێمەدانەبێت،لێ،قولایی ئەوسروشتەماذ پێبزانێت و بەختەوەریشی سەربەخۆبێت لێمان ، دەگەڵئەوەشدابیهەوێت کە بایەخبداتە بەختەوەریمان و، دواجاریش ئەم عەقڵە لە کاتێکدا لە پێشکەوتنی سەردەمەکاندا، شکۆمەندیەکی دوورگەرا بۆ خۆی دەپارێزێت ، بتوانێت لەسەدەیەکدا کارێکبکات و لەسەدەی دواتر [1] بەرێ بچنێتەوە، بەگوتەیەکیتر هەردەبێت خوداوەندێك هەبێت کە یاساکان دەبەخشێتە مرۆڤ .

خودی ئەو ئارگۆمێنتکارییەی کە (کالیگوڵا)، سەبارەت بەکردار، کارکردیدەکرد ،( ئەفلاتون ) سەبارەت بەماف، کارکردی دەکرد ، ژبۆ پێناسەکردنی مرۆڤی مەدەنی، یان پادشایەتی کە لەکتێبی (حوکم)ەکەیدا بەشوێنیدا دەگەڕا ، ئارگۆمێنتی لەسەر ئەوەی ئایا ئەگەر راستە کەهەبوونی پادشای مەزن، دەگمەنبووبێت، کەواتە سەبارەت

(١) گەل، تەنها ئەوکاتە ناوبانگ پەیدا دەکات کە ئەستێرەی یاسادانەرەکەی دەستەدەکاتە دیار نەمان ،کەس نازانێت بەدرێژایی چەند سەدەیە کە سیستەمی (لیکورگۆس ) بەختەوەری بۆ ئەسپارتیەکان فەراهەمکردووە ، پێشئەوەی کە لەهەموو وڵاتی یۆناندا ببنە جێگەی ململانێ .

بەکارییاسادانەری مەزن چی دەگوترێت ؟ یەکەم ـ واتە پادشای مەزن ـ م.ص ـ ـ دەبێت لەسەر هەنگاوی ئەو پەند ونمونانەی کە دوهەم بۆی وێنەدەکات بڕوات . کاتێك ئەم – واتە یاسادانەر ـ م.ص ـ ـ ، ئەو میکانیکیەیە کە ئامێر دادەهێنێت، یەکهەم ئەو کارگەرەیە کەپارچەکانی پێکـــــــەوەدەنێت و دەیئــــــــاژوێتن. ســــــــەرۆك کۆمارەکانیش،هـــــەروەك(مۆنتســـــکیۆ)دەڵێـــــت، لــــە لــــەدایکبونی کۆمەڵگاکاندا،ئەوانــەن کــە دامەزراوەکــە بونیــاددەنێن و، پاشــانیش بەشــوێنی‌خۆی، ئــەوە ئــەم دامەزراوەیەیــە کــە ســەرۆك کۆمارەکــان باردەهێنێت وچێدەکاتن .

ئەوەی کەبوێری دەستدانە ڕێکخستنی گەلێك بکاتن ، پێویستە هەست بــەوە بکـات کـە ئـەو لـەوەدا خـەریکی گـۆڕینی سروشـتی مرۆڤایەتیـە ، خــەریکی وەرگــۆڕینی هــەموو تاکێکــە ، لەکەسـێك کـە بەخودێتیەکـەی، گشـتێکی تــەواو و گۆشــەگیر پێکـدەهێنێت ، ژبـۆ بەشـێك لەگشـتێکی گــەورەتر لــەخۆی ، کــە(ئـەم)تاکــە و، بەمشـێوەیە، ژیــان وقــەوارەی‌خۆی لـــــەوەوەڕا وەردەگرێـــــت و،گـــــۆڕینی پێکهاتـــــەی مـــــرۆڤ لەپێناوی‌بەهێزکردنیداو،خستنەجێی هەبونێکی پاشبەندیی ومەعنەوی لەجێگەی هەبوونێکی مادی و سەربەخۆ،کە هـەموومان لـە سروشتەوەڕا وەرمانگرتووە .

بــەکورتی، بۆئــەوەی کــە مــرۆڤ هێــزە تایبەتیــەکانی لێداماڵــدرێتن، پێویستە هێزگـەلێك نـامۆپێی پێببەخشرێتن کە بەبێ‌یارمـەتی ئـەوانی‌تر ناتوانێـــــت دەکاریانبهێنێـــــت . هـــــەرکاتێکیش کـــــە هێـــــزە سروشــتیەکانی،مردوو و لەبەریەکهەڵوەشــاوەبن،ئەواهێزە وەرگــیراو ـــ

بەدەستهاتووەکان ـ م.ص ـ ـەکان ، مەزن و پتەوگیر دەبن و ، دامەزراوەکەش تۆکمەتر و تەواوکارتر دەبێت ، بەجۆرێك ئەگەر بێت و هەموو هاووڵاتیەك چتێك نەبێت، ئەوا ناتوانێت کە بەبێ هەموو ئەوانیتر چتێك بکاتن و،ئەوهێزە دەسکەوتووە لە گشتیش ، یەکسان یان گەورەتردەبێت لەکۆی هێزە سروشتیەکانی هەموو تاکەکان ، ئەوکاتە دەتوانین بڵێین : کە یاسادانان گەیشتۆتە دوا تەواوکارییەك ـ الکمال ـ م.ص ـ ـ کە لەتوانایدایە پێیڕابگات .

لەدەوڵەتدا، لەهەر روویەکەوەبڕوانیتە یاسادانەر ،وەك کەسێکی نائاسایی وەئەژماردێت و، نەتەنها لەرووی بلیمەتیەك کەهەیەتی ئاوهایە، بەڵکو تەنانەت لەرووی پلەوپایەشیەوە (ئەو) لەسەرو و هەموانەوەیە، هەروەها(ئەو)، نەپۆستی دادگەریی ـ قضاء ـ و نە فەرمانڕەوایی، ئەنجامدەداتن. بەڵکو بونیادی کۆماریی دەهێنێتە بوونەوەو،کەچیخۆشیبەشێك نابێت لێی.چونکە پایەی یاسادانەر،پایەیەکیبەهادارولەپێشترەو،بەهیچ جۆرێك رووی هاوبەشی بەحکومەتی مرۆییەوەنیە.چونکە فەرمانگوزارییەکی تایبەت و سەرمەندە و، هیچ چینێکی هاوبەشیش لەنێوانی و نێوان دەسەڵاتی مرۆییدا، نییە، چونکە ئەوەی کە دەسەڵات بەسەرمرۆڤدادەسەپێنێت،ناتوانێت کەدەسەڵات بەسەریاساکانیشدابسەپێنێت و ، پێچەوانەکەشی هەر ڕاستە ، ئەگینا بەدەرلەوە،یاساکانی(ئەو) دەبێتە ئامرازگەلێك بۆ رازییکردنیهەواو وهەوەسەکانیو،بەزۆریش جگەلەدرێژەدانی نادادپەروەرییەك،هیچ دەرەنجامێکیدی نابێتن و، هەرگیزیش سەرکەوتوونابێت

لەوەی کەبتوانێت ڕێگربێت لەوەی کەمەبەستەتایبەتیەکانی ، پیرۆزی کارەکەی بگۆڕێت و گەندەڵبکاتن .

کاتێك کە( لیکۆرگۆس )،یاساگەلێکی بەخشیە نیشتیمانەکەی، ئەوا ئەوەی بەدوورکەوتنەوە لەموڵکدارێتی دەسپێکرد ، چونکە ئەودەم لەزۆربەی شارە گریکییەکاندا،یاسای باو ـ عرف السائد ـ م.ص ـــ وابوو کەدانانی یاساکان بدرێنە بیانیەکان و ، بۆ زۆرجاریش کۆمارە نوێیەکان لە ئیتالیا،ئەم نەریتەیان گرتۆتەبەر، هەروەها کۆماری (جنێف)یش، پەنای بردۆتە بەرئەوە و بەوەش بارودۆخی[1] باشتربووە،(ڕۆما)ش لەگەشترین سەردەمی مێژوویی خۆیدا،پانتاییەك بووە بۆجۆرەها تاوانکاریی هەڵقوڵاوی دیکتاتۆریەت وستەمکاریی، بەجۆرێك کەخۆی لەسەر لێواری تیاچوون دیوەتەوە . لەبەرئەوەیە کەهۆردووك دەسەڵاتی یاسادانەری وفەرمانڕەوایی،لەنێودەستی یەك گرووپدا کۆ کردۆتەوە .

لەکاتێکدا کەخودی دە فەرمانڕەواکە ( Decmvirs)، هەرگیز نەچونەتە ژێر کارتێکردن بە مافی کارکردن بۆ پێشخستنی هیچ یاسایەك بەئارەزووی دەسەڵاتیان ، ئەوا(بەگەل)یان دەگوت : هیچ چتێك لەوانەی

(١) ئەوانەی کەتەنها وەك زانایەکی لاهوتی دانەنێن بە(کالڤن)دا ـ هێمایە بۆ ( جۆرج کالڤن)ی رابەری بزاڤی ریفۆرمکەری ئایینی سەدەکانی ناوەراست لە ئەوروپا -م.ص ـــ، ئەوا بلیمەتی(ئەو) پێنازانن. نووسینەوەی کارەعەقڵانیەکانمان کە(ئەو)لەدانانی بەشێکی کەورەیدا بەشداربووە، پێشنیارکردنی ئەوریفۆرمەئایینیەش بەهەمان ئەندازەجێکەی شانازییکردنیەتی، تاکاتێکیش کەخۆەویستی نیشتمان وئازادی تیاماندا جۆشی هەبێتن، ئەوا هەرشۆڕشێکی کەزەمەن بتوانێت لەباوەڕوئایینی ئێمەدا بەرپای بکاتن،ئەوابەردەوام یادەوەری ئەم پیاوە مەزنەش هەرگیزلای ئێمە،بەداوای لێخۆشبوونی هاوکاتدەبێت .

کــە ئێمــە پێشــنیاری ئێــوەی دەکــەین، بــەبێ دڵبەنــدیتان نابێتــە یاسـایی.ئـەی ڕۆمانیـەکان بائێوەخۆتـان دانـەری ئـەو یاسـایانەبن کـە بەختەوەریتان فەراهەمدەکەن .

کەواتە پێویست ناکات کە نوسەری یاساکان،هیچ مافێکی یاسادانەری هەبێت و،خودی گەلیش، کاتێك بیەوێت ، ناتوانێت کە دەستبەرداری ئەم مافە بێت، کە ناتوانرێت بگوازرێتەوە ، لەبەرئەوە بەپێی بەڵگەنامەی بنچینەیی، جگە لەئیرادەی گشتی چتێکی‌دی نیە کە تاکەکان پابەند بکاتن، ئێمەش هەرگیز ناتوانین جەخت بکەین لەوەی کە ئیرادەیەکی تایبەت جوتبەندە بە ئیرادەی گشتی، تەنها دوای تێپەڕکردنی نەبێت بەپرۆسەی دەنگ لەسەر دانی‌لەلایەن گەلەوە ، لێرەدا دەبێت ئاماژە بەوەبدەم کە پێشتریش ئەم راستیەم گوتووە، لێ دووبارەکردنەوەی بێ سوود نیە .

بەمشێوەیە، کەپێکەڤەرا لەپرۆسەی یاسادانەریدا، دووچت دەبینین کەوا دەردەکەون تەباو کۆك نەبن، یەکەم: کردەیەك لەسەرو توانای مرۆڤایەتیەوەو،دووهەمیش دەسەڵاتێك لەپێناو پراکتیزەکردنیدا ، کەچتێك نیە باسبکرێتن .

لێرەدا دژواریەکی‌دی هەیە کەشایانی بایەخپێدانە، ئەویش بریتیە لەوەی ئەو فەرمانڕەوایانەی کەدەیانەوێت بەزمانی خۆیان بۆ خەڵك بدوێن، نەك بەزمانی (ئەمان) ئەوا ناتوانن تێیانبگەیەنن، چونکە هەزارجۆر بیر هەیە کە کەوەرگێڕانیان بۆ زمانی گەل کارێکی ئاستەمە، هەروەها ئەو تێڕوانینانەی کە زیادەڕۆیی دەکرێت لەگشتاندنیان و ئامانجە زۆر دوورەکانیش ، پێزانینیان لەسنوردەردەچێت،چونکە

هــەمووتاکێك تەنهائەوبەشــەلەبەرنامەی ڕژێمــی دەســەڵات پێــدەزانێت وئارەزوولێــدەکاتن کەدەگــەڵ بەرژەوەنــدی تایبەتیــدا دەگونجێــت و،دژوارانەش،بەگرنگیئەو بەفەڕیانـە دەزانێت، کەبەشیئەون و بەهۆی ئــەو بێبەشــکردنە بەردەوامــەی کەیاســا بەســوودەکان بەســەریدا دەیسەپێنن .

بۆ ئەوەش کە گەلێك تازە پێگەیشتوو ، چێژلە پرەنسیپە بنچینەییە دروستەکانی سیاسەت وەربگرێت و لە بونیادنانی دەوڵەتدا پەیڕەوی لـە ڕێسا بنچینەییەکان بکات ، ئەوا هەر دەبێت کە مەدلول، ببێتە دال و ڕۆحی کۆمەڵایەتیش بچێتە سەرەوە – یان پێشەوە بگرێت ـ م.ص ـ ـ ، ئەو دەوڵەتەی کەپێویستە لـە چێکردنی ڕژێمەکـە خۆی بێت ، بـەڵێ ڕژێمەکـە خـۆی و، مروگـەلیش وەکچـۆن پێویسـتە، ئاوەهـا لەبـەردەم یاســاکاندابن . بەمشـێوەیە، کەواتــە پێویســتیەك لەوێــدا دەبێــت : لەبەرئــەوەی کــە یاســادانەر،نەدەتوانێت هێــز و،نــەئارگۆمێنتکاری دەکـاربهێنێتن ، کەواتـە لەسـەریەتی کـە پەنابەرێتـە بـەرجۆرێکیدی لـە دەسەڵات کە دەکرێت بـەبێ زەبروزەنگ بـەڕێوەببرێت و، بـەبێ زۆرکـاری، باوەڕهێنراو بکرێتن .

هەربــەو دەلالەتانــەبووە کــە بــاوانی نەتــەوەکان لەهــەموو ســات وشــــــوێنێکدا،بەخاتریداوایکۆمەککردن، وادار بەپەنابردنەبــــــەر هاتنەناوەوەی ئاسمـان بوونـە و،کـارە عەقڵانیەکانیخۆیان گەڕاندۆتـەوە بــــۆ خوداوەند،تائــــەوەی گــــەلان واداربکــــاتن کــــە ملکەچــــی ئەویاسایانەیسروشــت بــن کەهاووێننــەی یاســاکانی دەوڵــەتن، وەك ملکەچـی ئـەو – مەبەسـت لەدەوڵەتـە ــ م .ص ــ ــ ژبـۆ یاسـاکانی

سروشت، دانیش بنێن بەوەدا کەهەمان ئەوتوانایەی کە چێکەری مرۆڤەکانە،چێکەری شاردەوڵەتیشە ، هەروەها ئازادانە ملبدەنە ئەو یاسایانەی کە لایەنداریی بەرژەوەندیەگشتیەکانە .

ئەم عەقڵە سەرمەندەی کە دەچێتە سەروی پێزانینی خەڵکانی ئاسایی ، بریتیە لەوعەقڵەی کە یاسادانەر حوکمەکانی خۆی، لەسەردەمی نەمرەکانداپێدادەنێتن، تا ئەوەی بەدەسەڵاتی خودایی سەرکردایەتی ئەوانە بکاتن کە حیکمەتی مرۆڤایەتی [1] ناتوانێت جێگەیان پێ لەقبکاتن ، لێ ،هەموو مرۆڤێك مافی ئەوەی نییە کە خوداوەند وا لێبکاتن کە بئاخاوتنێت و،کاتێکیش کەخۆی بەوەرگێڕی گۆتنەکانی(ئەو)بناسێنێت،خەڵکی باوەڕ پیتی بکاتن[2].کەواتە رۆحی یاسادانەری مەزن،بریتیە لەو موعجیزەیەی کە پێویستە پەیامەکەی (ئەو) بسەلمێنێت ، کەواتە لەتوانای هەموو مرۆڤێکدایە کەلە بەرد تابلۆگەلێك نیگاربکاتن ، یانوەکو نێو کارێك – ناوبژیوانێك ـ م.ص ـ ـ بۆ پەیام – Oracle – بکڕێتن ، یان پاگەندەی پەیوەندیەکی نهێنی بەخوداوەندێکەوە بکاتن ، یانوەکو باڵندەیەك ڕابهێنرێت بۆ ئەوەی فێری بەگوێدا چرپاندنی بکاتن ، ڤەیانیش دیتنەوەی ئامرازگەلێك بەدناوی دی، بۆئەوەی(گەل)ی پێلەخشتە بەرێتن . لە ڕاستیدا ئەوەی

---

( ١) ماکیاڤیلی دەڵێت (ڕاستەکە داڕێژەرێکی یاسا ناساییەکان نییە، کەتیایدا گەل پەنای بۆ خودا نەبردبێت ،لەبەر ئەوەی یاساکان بەبێ ئەوە وەرنەدەگیران، چونکە لەوێدا یاساگەلێک زۆر هەن کە فەرمانڕەواکان یان لێزانەکان دەیزانن و لەخۆیاندا هۆکارگەلێکیان نیە کە بتوانێت ئەوانیدی باوەڕ پێبهێنێت . (نامەی تیوتس لیڤوس – نوسراوی یەکەم – جومگەی یازدەهەم ) .

(٢ ) واتە ئەوەی کەسانێک پڕوپاگەندەی ئەوە بکەن کە وەرگێڕنیان ڕاڤەکەری خوداوەندێکن ـ م . ص ـ .

جگەلەوانە نەتوانێت چتێك دی بکاتن، ئەوا لەتوانایدا دەبێت ، تاوەکو ئەگەر بەپێکەوتیش بێ، کۆمەڵێك گەوژە لەدەوریخۆی گردبکاتەوە ــ لێ هەرگیز ناتوانێت کە دەسەلاتێك دابمەزرێنێت، بەڵکو خێرا دەگەڵ تیاداچوونیخۆی کارەکەشی بەرەونەمان دەچێت ــ. لەبەر ئەوەی کە شکۆمەندی مایەپوچ، پەیوەندییەکی ڕەتبووپێکدەهێنێتن ، کەواتە چتێك نابێت کەبەردەوام لێزانینی[١] (ئەو)،دادگوزەر و ڕەوابکاتن .لە راستیدا شەریعەتی یەهودی هێشتاکونێ هەرماوە و ، شەریعەتی (( محمد ))ی کوڕی( ئیسماعیل )یش، کەماوەی دە سەدەیە حوکمی جیهان دەکاتن و، هەتا ئێستاش هەر هەواڵی مەزنێتی ئەو پیاوانە دەداتن کە دایانسەپاندووە ، لە کاتێکیشدا کە گومڕایی فەلسەفە[٢]، یانوەکو گیانی لایەنداریی کوێرانە، جگە لەکۆمەڵێ نوشتەبازی بەختەوەر ، چتێکیتریان تیا بەدی ناکات ، ئەوا سیاسەتی راستینە سەرسامە بەو بلیمەتیە مەزن و بەهێزییەی کە سەر پەرشتی دامەزراوە بەردەوامەکانیان دەکاتن .

لەهەموو ئەمانەوەڕا، دەگەینەئەوەی کە دەگەڵ ( وارپۆرتن – Warburtan )دا،بڵێین کەلەلایئێمە سیاسەت وئاین ئامانجێکی هاوبەشیان هەیە، بەڵکو لەناو بنەڕەتی نەتەوەکاندا هەر یەکێکیان وەك ئامڕازێك، سوود بەویدیان دەگەیەنێت .

---

[١] ) لە تەواوی ئەم وەرگێرانەمدا چەمکی(لێزانین)م لە بەرامبەر ( حکیم)ی عەرەبی دەکار هێناوە .

[٢] واتە لوتبەرزی یان خۆ بەگەورە زانی فەلسەفی ــ م . ص ــ .

# جومگەی هەشتەم

## (( سـەبارەت بە گەل ))

**هەروەکچۆن** کە ئەندازیارێکی بیناسازی، زەوی دەپشکنێت و هێزی خۆراگرتنی دەدۆزێتەوە ـیان ئاشکرای دەکات ـ م.ص ـ ـ پێشئەوەی کەبینایەکی گەورەی لەسـەرڕا دروسـتکردبێت، ئاوهـاش ماموستایەکی لێزان هەربەخۆی، دەستناداتە نووسینی یاساگەلێك باش، بەڵکو پێشئەوە،دەستدەکاتەپشکنینی ئەوەی کە ئەگەر ئەو گەلەی کە لەپێناویـدا ئـەو یاسـایە دادەنرێـت، توانـای هـەڵگرتنی بارەکـانی ئەوپرۆسەیەی هەیە، لەبەر ئەم هۆیە بوو کە ئەفلاتون، رەتی دانانی یاساگەلێکی کرد بۆ ( ئەرکادییەکان – Arcadien) و ( قۆرینیەکان – Qyreniens ) چونکە دەیزانـی کـە ئەوانـە دەوڵەتمەنـدن و شـان نانێنەژێر یەکسانی : لەبەر ئەم هۆیەش بوو کە لە(کریت)[1] یاساگەلێك لـەبارمان دیـت و، هـەروەها خەڵکگـەلێك خراپیش،هـەروەها(مینـوس–Minos)یش،نەیتوانی کەگـەلی(کریـت) لـەژێر یاسـاگەلێك چـاکدا ڕێکبخاتن، چونکە ئەوان بەخۆیان شڕوبەدبوون .

لـە ڕاستیدا هـەزاران نەتـەوە لەمێـژوودا هاتوونەتـە پێکهـاتن کـە هـەرگیز لەقۆناغـە زێڕیینیەکانیانـدا نـەیانتوانیوە یاسـا لـەبارەکان لەسەرخۆیان ڕاگرن ، تەنانەت ئەو نەتەوانەش کە توانیویانە ئەوە بکەن ، ئەوە تەنها بۆماوەیەکی زۆر کەم بووە .

کەواتە گەلانیش وەك تاکەکان [2] لە لاوێتیاندا نەبێت، گوێڕایـەڵ نابن و، بەچوونەپێشی تەمەنیش،ئیتربەکەڵکی چاکسـازی نایـەن و ، ئەوکاتـەش

---

[1] دوورگەیەکە دەکەوێتە سنورە دەریاییەکانی یۆنانەوە لە دەریای سپی ناوەڕاستدا – م. ص ... .

(٢) لە چاپی (١٧٨٢ ) دا هاتووە : ((زۆربەی گەلان و هەروەها تاکەکانیش ...... )) .

کەخوونەریتـەکان جـێگیردەبن وبڕیـارە پێشـترەکانیش ڕەگـدادەکوتن ، هەوڵـدان بـۆ چـاککردنیان [1]ترسـنـاك وکـارێکی بەفیڕۆچـوو دەبێـت ، بـەڵکو(گـەل) هـیچ هـەوڵێکی ڕزگـارکردنی لـە ناخۆشیـەکانی ڕاناگرێـت ، هـەروەك ئـەو نەخۆشـە گـەوژ و ترسـنۆکانەی کـە هـەر دەگـەڵ دیتنـی پزیشکێکدا پشتە ملیان دێتە لەرزین .

هەروەکچۆن ئەو نەخۆشیانەی کە سەری مرۆڤ گێژ دەکەن ، بەمەش یادکردنەوەی ڕابردووی لێدەسێننەوە،ئاوهاش ڕاستە کە هەندێکجار لە مێژووی دەوڵەتێکدا ڕێکدەکەوێت کە هاتنی سەردەمگەلێك توندوتیژی، شۆڕشگەلێك لە گەلەکانیاندا بەرپا دەکاتن هـەروەك ئـەوەی تەنگژەگـەلێك دیـاریکراو بەسـەر هەنـدێك کەسـیدا دەهێنێـت و، بـەو شـێوەیەش لـە دەروونیدا کینهاتنەوە لە ڕابردوو جێگەی بیر چوونەوە دەگرێت و ، ئیتر ئەو دەوڵەتەی کە جەنگە مەردمیەکان ـ The Civil Warـم.ص ــ ــ لێکـی بڵاوکردوّتـەوە ، لەوانەیـە کـە سـەرلەنوێ لەسـەر دار و پـەردووی ئەوجەنگانە لە دایکبێتەوە و، بە دەربازبوونی لە چنگی مردن زیندوێتی لاوێتـی وەربگرێتـەوە. ئـەوە حـاڵی( ئەسـپارتە ) بـوو لـە سـەردەمی ( لیکوگـورس )دا ، هـەروەهاش حـاڵی ( ڕۆمـا ) لـە دوای ئـەو پادشـایانەی کـــە هـــەر یـــەکێکیان بـــە( تـــارکوین - Tarquin ) نـــاودەبرا و،هەروەهائەمـەحاڵی هەریـەك لـە هوّڵەنـدی و سویسـریە کـانی ئـەم سـەردەمەمانە، دوایدەرکردنـی ملـهوڕان لەوڵاتـەکانیان. لـێ ئـەم

---

[1] ) واتە چاککردنی ئەو خوو نەریت و بڕیار - ئەحکام - ڕائەی، کە ڕەگیان داکوتیوە و سەقامگیر بوونە ــ م . ص ــ .

ڕوداوگەلەچتێکی دەگمەنن، ئەوانە جیاکاریەکن ، هەمیشە هۆکاریان دەگەڕێتەوە ژبۆ دەستوری تایبەت بەدەوڵەتێکی دیاریکراو. بەڵکو دەکرێت کەدووجاران لەمێژووی گەلێکدا ڕوونەداتن . چونکە (گەل) کاتێك لەحاڵەتی هەمەجیەتدابێت ، دەتوانێت کەخۆی ئازاد بکاتن ، لێ کاتێك کە توانا و وزەکانی مەدەنیەتی پێنامێنێت، ئەوا توانای ئەوەی نامێنێت ، کەواتە لەوکاتەدا پشێویەکان دەتوانن تێکیبڕمێنێنن، بەبێ ئەوەی کە ئیتر لەتوانای شۆڕشەکاندابێت ژیانی نوێ بکاتەوە،ئیترهەرئەوەندەش کەکۆتوبەندەکانی لێکترازان ، پەرتوبلاوردەبێتەوە و بوونێکی نامێنێت ، ئەوکاتەش یان وردتر بڵێین، ئیتر دوای ئەوە پێویستی بەسەردارێکە نەك فریادڕەسێك. ئەی گەلانی ئازادیخواز باهەردەم ئەم پەندەتان لەبیر بێت : کەدەڵێت(دەتوانرێت کەئازادی وەدەست بخرێت ، لێ ، ئەگەر لەدەستدەرچوو ، ئەوا هەرگیز ناتوانرێت کەوەدەست بهێنرێتەوە ).

نەتەوەکان ، هەروەك مرۆڤان ، خاوەنی ئەو قۆناغی پێگەیین و خودرێنماییەن ، کەپێویستە پێشئەوەی بچێتەژێر رێکردەیی یاساکانەوە، پێبڕابگاتن. لێ، لەلای هەندێك گەل ئەم قۆناغە بەردەوام بەوشێوەیە نیە کە پێزانینی ئاسانبێت ، خۆ ئەگەریش دەپێشیڕا بکەوین، ئەوا هەوڵەکانمان بەخۆڕادەڕواتن ، چونکە هەندێك لەگەلان خاوەنی هەمان سەرەتای پەیدابوونن و ، هەندێکیتر بەدوای دە سەدەدا پێبڕادەبن . لەڕاستیدا روسەکان لەبەرئەوەی کەپێشتر پێشکاتی خۆی مەدەنی بوونە، ئەوا هەرگیز نابنەمەدەنی،(بوترس)یش بەخۆی خاوەنی بلیمەتی لاسایی کردنەوەبووە ،وەلێ بلیمەتیی واقیعی نا

،واتەئەوەی کەبتوانێت هەموو چتێك لەهیچ دروووست و چێبکاتن . چونکە هەندێك لەو کارانەی کردوونی چاکبوون، وەلیٚ زۆربەیان لەجێگەی خۆیدا نەبوون، (ئەو) گەلەکەی خۆی وەك گەلێکی دڕندە دەبینیو،ئەوئاگاییەی نەبووکەبەوپلەیە لەپێگەیین ــ خودتوانایی ــ م.ص ـ ـــ، بگات کەتیایدا مەدەنیبێتن و، لەکاتێکدا کە گەلی رووسی تەنها بۆ جەنگ ڕادەهێنا،هەوڵی بەمەدەنیکردنیشیدەدا .

بەمشێوەیە،(بوترس)یش،دەویست کە لەهەر روسییەك ئەڵمانی و ئینگلیزییەك چێبکاتن ، لەکاتێکدا کەدەبو بیانکاتە رووس ؟ ئەوەبوو ڕێی دەگرت لەوەی کە سەرپەرشتکراوانی هەرگیز ببنە ئەوەی کە دەیانتوانی ببن ، ئەوەش بە باوەڕپێهێنانیان بەوەی کەئەوان بەکردەنی هیچ نەبوونە،چونکە ئەوەی کە(ئەو) دەیکرد، هەمان ئەوچتەبوو کەپەروەردەکەرێکی فەرەنسی، بەدروستکردنی فێرخوازەکەی[1] دەیکردن، بەوجۆرەی کە لە ماوەی منداڵێتیدا گەشاوەبێتو،ئیتردوایئەوەهەرگیز چتێك نەبێت شایانی باسکردن بێت.ئیمپراتۆری رووسان، لەبیری تێکشکانی ئەوروپادایە، وەلیٚ ئەوەخۆیەتی کەلەسەردەستی ئەوانیدی تێکدەشکێت . (تاتار)ەکان، کەبەپاشبەند و هاوسێی (رووس)ەکان دادەنرێن ، واپێشبینیدەکرێت کەببنەسەرداریئەو ئیمپراتۆریەتە و سەرداری ئێمەش بەیەکەوە ، وای بۆ دەچم کەئەم شۆڕشە هەڕوبداتن چونکە هەموپاشاکانیئەوروپا،دەستیان لەنێودەستییەکناوە تا رووودانی ئەوە خێراتربکەن .

---

(١) هێمایە بۆ (تلمیذ)ی عەرەبی ، واتە لەقوناغیخوێندنی سەرەتاییدا ـ م. ص ـ .

# جومگە ی نۆهەم

## (سەبارەت بەگەلی "پاشکۆ")

**هەروەکچۆن** سروشت، لەپێکهاتنی باڵایدا پەیکەرێکی باشی داوەتە مرۆڤ [1]، بەجۆرێك ئەگەر لەو سنورەڕا، کەمتر یان زیاتربێتن،ئەوا یان کەرتەوزل دەردەچێت،وەیان کورتەباڵا. سەبارەت بەدەوڵەتیش رەچاوی لەهەمان سنورێکی ئەوهاباش کردووە،کەبتوانێت لەپێکهاتنیدابیگاتێ، تاوەکو نەئەوەندە گەورەتر بێت، کە باش نەتوانێت فەرمانڕەوایی بەسەردابکات و، نەئەوەندەش بچوك، بۆ ئەوەی بتوانێت بۆخۆی پارێزگاری لەخۆی بکات . کەواتە لەهەموو دەزگایەکی سیاسیدا سنورێکی باڵای هێز هەیە، کەئەو دەزگایە ناتوانێت تێپەڕیبکاتن ، بۆ زۆرجارانیش بەهۆی زیادەڕۆیی لەمەزنێتیدا، لێی دوور دەکەوێتەوە،چەندەش کەڕایەڵ و پەیوەستەگی کۆمەڵایەتی فراوانتر بێتن ، ئەوەندە ئەو پەیوەندیە خاودەبێتەوە. بەشێوەیەکی گشتی، دەوڵەتی بچوك ڕێژەییانە بەهێزتر دەبێت لەدەوڵە تێکی گەورە .

لێرەدا بۆ سەلماندنی دروستی ئەم ڕاستیە گشتیە، هەزار بەڵگە هەیە :

---

[1] ) لەوەرگێڕانە عەرەبیەکەیدا زاراوەی ( الرجل ) بەواتەی (پیاو) هاتووە، ئەز ئەو هەم بەڕاست نەزانی، چونکە لەوێدا نوسەری دانراوەکە هیچ مەبەستێکی دەکارهێنانی جیندەری نەبووە تا ( مێ ) یان (نێر ) بکرێتەوە ــ م.ص ـ .

یەکەم : لەمەودا دورەکاندا ئیرادە دووکەرتتردەبێتن ، هەروەکچۆن کە کێش لەجەمسەری بەرزکەرەوەیەکی -رافعة - درێژتردا قورسدەبێت، هەروەها چەندە جەمسەرەکانیش زیادبکاتن، ئەوەندە تێچوونی زیاتردەبێت ، لەبەرئەوەی هەموو شارێك پێش هەموو چتێکیدی دەزگای کارگێڕیی خۆی دەبێتن کە گەل خەرجیەکانی‌لەئەستۆ دەگرێت،بۆ هەرناوچەیەکیش کارگێڕایەتی خۆی دەبێتن ، هەروەها ئەمیش، گەل خەرجییەکانی دەکێشێنتن ، پاشانیش بۆهەر ولایەتێك بەهەمانشێوە، دواجاریش حکومەتە گەورەکان و نوێنەرانی پادشایەتی کە چەند پلەیان بەرز بێتەوە پێویستە ئەوەندە بەدەستبلأویەوە پارەو پولیان بدەینێ ، ئەویش بەردەوام لەسەر داهاتی گەلی داماو دەبێت و،لەسەرهەموو ئەوانەشڕا، ئەو کارگێڕایەتیە دێتن کە هەموان دەپلیشێنێتەوە. کەواتە ئەم بارگرانیە زۆرانە بەردەوام هێز و توانای سەرپەرشتکراوان بەفیڕۆ دەداتن ،لەجیاتی ئەوەی کە هەموو ئەم ڕژێمە جۆراوجۆرانە،حکومێکی باشتریان بکەن، حالەتیان خراپتر دەبێت لەوەی کەملکەچی یەك ڕژێم بونایە . لە حالێکی ئاوهاشدا داهات و سەرچاوەیەکی وا نامێنێتەوە کەبتوانرێت بەرەنگاریی ڕووداولەناکاوەکانی پێبکرێتەوە و، کاتێك دەولەتێك بەمەبەست هەولی وەدەخستنی داهاتگەلێك دەدات، ئەوا بەردەوام لەکەناری کەوتنەناو مالوێرانیەکی سەرتاسەریدادەبێتن .

ئەوەش هەمووچتەکان نیە ،چونکە کارەکە هەرلەودا نابێت کەحکومەت کەم دینامیکی‌وسست بێتن لەسەپاندنی ملکەچبوون لەبۆیاساکان و،ڕێنەدان بەبەدکارییەکان و هەلسەنگاندنی دلڕەقیەکان و

پێشگرتن لەروودانی ئەوپڕۆژە یاخیگەراییانەی کە لەوانەیە لەجێگادوورەکاندا رووبداتن ،بەڵکو (گەل) خۆشەویستی کەمتردەبێت ژبۆ ئەو سەرکردانەی کەهەرگیز نایاندینێت و،بۆ ئەو نیشتیمانەشی کە لەدیدگای ئەودا، دەگەڵ هەمووجیهاندا یەکساندەبێت و،ژبۆئەو هاوولاتیانەشی کەزۆربەیان بەلای ئەمەوە بێگانەدەبن.تەنانەت خودیاساکان ناتوانن تەبابن دەگەڵ هەموو ئەو ژمارە زۆرە لەویلایەتی جیاوازدا، کە هەریەکێکیان مۆرکی جیاوازی خۆی هەیە و، لەژێر سایەی دۆخگەلێك ئاو و هەوای ناکۆك بەیەکدا، دەژێتن و بەوپێیەش ناتوانێت کە بەرگەی شێوەی خودی حکومەتەکە بگرێت .

لەسەرئەمانەوەڕا،دەڵێین کە یاساگەلی جۆراوجۆر،تەنها پەشێوی و نائارامی لەنێوان گەلاندا چێدەکاتن ، چونکە کاتێك کە لەژێر بەیداخی خودی سەرکردەکاندا دەژین و، لەسەر پەیوەندیی بەردەوامدەبن دەگەڵ یەکدیدا، هەندێکیان خۆ دەگوێزنەوە بۆلای هەندێکی دییان، یانوەکو هاوسەرێتیڕا پێکدەهێنن و لەبەر ئەوەش کە ملکەچی خوونەریتگەلێکی ترن، لەبەر هەمووئەوانە، هەرگیز ئەوە نازانرێت کە ئەگەر لەڕاستیداکەلەپوورەکانیان موڵکیان بێت یان نا.کەواتە بەهرەکانیان ژێرگڵ دەنرێت و، چاکی و بەفەڕییەکان فەرامۆش دەکرێن و، بەدیوخراپیەکانیش بەبێ سزا دەمێننەوە،لەوکۆمەڵگەیە لەخەڵك کە هەندێکیان هەندێکی دییان ناناسن و، دەسەڵاتێکی کارگێڕی بالاش لەیەك جێگادا گردیان دەکاتەوە . کاتێکیش ئەو سەرکردانەی کەلەژێر قورسایی بارگرانیەکاندان، بەخۆیان ناتوانن کاروبارەکان ڕاپەڕێنن ، ئەوا ئەوکات ئەوە فەرمانبەرەکان دەبن کەحکومی دەوڵەتڕا دەکەن .

دواجاریش ئەوکارکردانە -أجراءات -ی کەبۆ پاراستنی دەسەڵات گشتیڕا، پێویستە لەبەربگیرێن و هەروەهاش زۆر ئەفسەری دوردەستیش،حەزدەکەن خۆیان بدزنەوەلێی ،یانوەکو خۆیانی بەسەردا بسەپێنن ، بەڵێ ئەم کارکردانە هەموو ئەو بایەخپێدانە گشتیانەڕا دەمژێت -یان لوش دەداتن - م.ص -، کەواتە ئیتر چتێکیان ژبۆ بەختەوەری گەل، لێڕانامێنێتەوە و، بەئاستەمیش ئەگەر تۆزێکیان بۆ بەرگریکردن لێبمێنێتەوە. بەمشێوەیە زیادە خەرجیەکان [1] جەستەی ئەو دەزگایە دەکرۆژن کەبە بەراورد دەگەڵ دەستورەکەیدا، زیادەڕۆیی لەقەبە و گەورەیداکراوە، ئەوا لەژێرقورسایی خودی بارگرانیەکانیدا دەڕوخێت و تێکدەهاڕێت .

لەلایەکی‌دی دەوڵەت هەردەبێت کەبناغەیەکی دیاریکراو بۆخۆیڕا دابینبکاتن، بەخاتری فەراهەمکردنی پتەوی وبەرخۆدانی لەبەرامبەر ئەو زەمینلەرزانەی کەدوچاری دەبێت، ئەو هەوڵ و تەقەلایانەش کەناچار دەبێت بیداتن بەخاتر پشتگیریکردنی‌خۆی ، چونکە هەموو گەلان هێزێکی ڕەتکەرەوەیان [2] هەیە کەبەردەوام پاڵ بەهەندێکیانەوە دەنێت کەلەدژواری هەندێکی‌دیاندا هەڵسوکەوتبکاتن،بەوپێیەش لەسەرحیسابی هاوسێکانی هەروەك گێژەڵوکەکەی(دیکارت)،بەرەوپاوانخوازی‌ملدەنێت.بەمشێوەیەش، زۆرنابات کەبێهێزەکانیان، دووچاری هەڵلووشین دەبن و، زۆر بەکەمیش

(١) لەناخاوتنی میللیانەی لایخۆماندا دەوترێت دەسەڵات نەوەندە (سەیرو سەفا)ی زۆرە ، واتە سەیران و سەردان و ڕابواردنەکانی هێندە زۆرن ،بەجۆرێک کە جەستەی گەلی داکرۆژیووە - م.ص — .

(٢) ئاماژە یە بەو هێزەی کەنەویستراو و نەفراتلێکراوە ، بەحوکمی نێومرۆکی شەڕەنگێزیانەی — م.ص — .

یەکێکیان دەتوانێت پارێزگاری لەمانەوەی بکاتن، مەگەر ئەوەی دەگەڵ هەمواندا ، خۆی بخاتە نێو هاوسەنگ کردنێکەوە کەوابکات تاڕادەیەك لەهەموو جێگەیەکدا پەستان و فشاربەیەك یەکسانین.لەوانەوەڕا، بۆمان دەردەکەوێت کەهۆگەلێك فراوانخوازی دەخوازن و، هۆگەلێکیش هاتنەوەیەك و، بەدیهێنانی گونجاوترین قەوارەیەکیش ژبۆ پارێزگاریکردنی دەوڵەت،لەنێوان ئەم،یان ئەو دەوڵەتدا ،بریتی نیە لە کەم بەهرەیی سیاسەت .

بەشێوەیەکیگشتیشڕا،دەکرێت بڵێین کەبەڵگەکانیگروپییەکهەم، تەنها دەرەکی وڕێژەیین و،دەبێت ملکەچی بەڵگەکانیگروپی دوهەم بن، کەناوخۆی و ڕەهان،یەکەم شتێکیش کە پێویستە کار بۆ بەدیهاتنی بکرێت، بریتیە لە زیاتر پشتبەستن بەوداهاتانەی کەشانشینیەکی پەلوپۆ فراوان، فەراهەمی دەکاتن، دەگەڵ ئەوەشدا دەوڵەتگەلێکمان دیت کە بەشێوەیەك پێکهاتوون کەپێویستی داگیرکردن، چووەتە ناو خودی دەستورەکەیەوە و، بەخاتریمانەوەشی، ناچارە کەبەبێ پچڕان و وەستان فراوانبێتن، لەوانەشە کەلەسەر ئەم بەختەوەریە پێویستە، زۆر دەستخۆشکەریش لەخۆی بکاتن، دەگەڵ ئەوەش کەسەبارەت بەچرکەساتی داڕوخانی بێ ئەملاوئەولای، لەکۆتایی فراوانبونیدا ئاماژەیەکی وێ بداتن .

# جومگی دەهەم

## "سەبارەت بەگەلە ""پاشکۆکان ""

دەتوانین هەردەزگایەك لەدوو روەوە پێوانە بکەین ، ئەوانیش بریتین لەفراوانی روبەری ولآت و، ژمارەی دانیشتوانەکەی و، لەنێوان ئەم پێوانەو ئەو پێوانەشدا، پەیوەندیەکی گونجاو هەیە بۆ ئەوەی دەوڵەت مەزنێتی ڕاستەقینەی خۆی بدرێتێ. لەراستیدا ئەوە کەسانن کەدەوڵەت چێدەکەن وئەوە زەویشەکەخۆراك دەداتە کەسان ، کەواتە ئەم پەیوەندیەسەبارەت بەوەیە کە زەوی بەشیِ خۆراکدانی دانیشتوانەکەی دەکات و، هەروەها ئەوەندەش دانیشتوانی تیادا بێت کەزەوی بتوانێت پێداویستییەکانیان دابینبکات . چونکە بەسەرپەرشتیاریی ئەم خۆگونجاندنەیە،کەوا دەوڵەتێك بەدانیشتوانێکی دیاریکراوەوە،دەتوانێت دوا ئاستێك لەتواناداری ئیدارەبکاتن ، لەبەر ئەوەی ئەگەر لەوێدا زیاد لەوەی پێویستی بێت زەوی هەبێت ، ئەوا ئەوکاتە پاسەوانی کردنی تێچوندار دەبێت و، چاندنیشی - کشتوکاڵکردنی -م.ص- بەشێوەیەکی تەواو دابین نابێت و، بەرهەمیش زیاد لەپێویستی دەبێت و،لەوەشدا هۆکاری کەوتنەناو جەنگە بەرگریەکان، دێتەبەرهەڵدابوونەوە. ئەگەریش دەوڵەت ئەمەندەی نەبێت کەبەشی بکاتن،ئەوا لەپێناوی پڕکردنەوەو تەواوکردنی پێداویستیەکانیدا، دەبینێت کەوا ، ملکەچی پێزانینی هاوسێکانێتی، هۆکاری کەوتنە ناو جەنگە بەرگرییەکانیش ئالێرەدایە ، چونکە

هەرگەلێك ئەگەر بەحكومی بارودۆخەكەی جگە لەهەڵبژاردن لەنێوان جەنگ وبازرگانیدا ، ئیتر رێكارێكی دی لەبەردەمدا ڕا نەبێتن ،ئەوا لەخۆیدا بێهێزدەبێت و كە كاروباریشی لەسەر هاوسێكانیڕا و لەسەر ڕووداوەكانڕا دەوەستێت ، ئەوا هەرگیز هەبوونێكی كورت ونەسرەوت نەبێت چتێكیتر بەسەرنابات،كەواتە ئەو،یان ئەوەتەهیتر تێكدەشكێنێت و، بەوەش باری خۆی دەگۆڕێت و،یان ئەوەتە ملكەچی هی تر دەبێت و،ئەوكاتەش نابێتە چتێكی جێگەی باس و،هەربۆیەكەش ناتوانێت كە ئازادیی خۆیڕا بپارێزێت، مەگەر یان بەهێزی گچكەكان، یانوەكو بەهێزی مەزنگەرایی .

لەڕووی ژمارەییەوە، لەتوانامانىدا نیە كەڕێژەیەكی دیاریكراو لەنێوان فراوانبوونی زەویو ژمارەیدانیشتواندا،كە هەریەكێكیان ئەوی دییان تەواودەكات، دابنێین، ئیتر ئەوە چ بەهۆی هەبوونی ئەو جیاوازییانەوە بێت، كەلە ئەدگارەكانی خاك وپلەی بەپیتی و سرووشتی بەرهەمهاتوەكان و كاریگەری ئاوو هەوادا هەن ، یان وەكو بەهۆی ئەو جیاوازیانەوەبێت كەتێبینیان دەكەین لەشیمای دانیشتوانەكەیدا، ئەوانەیان كەلەوڵاتە بەپیتەكاندان كەمتر بەكاردەهێنن لەچاو ئەوانەی كەلەوڵاتە ووشكوبرنگەكاندان . هەروەها پێویستە كەڕەچاووی دواڕێژەو كەمترین ڕێژەیەك بەپیتی لەژناندا بكەین، بۆ ئەوەی كەزەوی دەتوانێت بیداتە دانیشتوان وبۆئەوچەندەیەش،كەیاسادانەر بەهیوایە لە دامەزراوە كانیدا،بەشدارییانبكاتن،بەجۆرێك نابێت كەدەستەڵاتەكەی لەسەرئەوەبونیادبنێت كەدەیبینێتن بەڵكولەسەرئەوەكەپێشبینیان دەكاتو،ئەوەش ئەوەندەی كەنابێت لەسەرباریئێستایدانیشتوان

بوەستێت ، ئەوەندە لەسەر ئەو حاڵەتەڕا بووەستێت کە پێویستە بەشێوەیەکی سروشتی پێڕابگاتن، دواجاریش هەزاربۆنە لەوێدا بوونیهەیە کە تیایدا رووداوە تاکگەرییەکان لەجێگادا داوایدەکاتن یان رێگەی پێبداتن روبەرێك زەوی بگرێتەوە زیاد لەوەی کەوا دەردەکەوێت پێویستە . بەمشێوەیە یە کە مرۆڤ
لەولاتە شاخاوییەکاندا زۆر بلاو دەبێتەوە ــ پەلدەهاوێت ــ م.ص ـــ،بەهۆی ئەوەیکەبەروبوومە سروشتیەکانی وەك دارستانەکان ولەوەڕگاکان، کاریکەمتریان پێدەوێت و ،بەهۆی ئەوەش کە ئەزمونەکان فێرمان دەکاتن کەژنان تیایاندا زیاتر بەپیتڕن [١]، تاوەکو ولاتە دەشتییەکان ، لەوێوەوەش کە جگە لەروبەرێکی کەم نەبێت ئیتر روبەری لێژایی فراوانی تیادانیە ، ئەو روبەرەکەمەش تاکە روبەرێکە کە بۆ کشتوکاڵ پێویستە پشتی پێببەسترێتن ، بەپێچەوانەی ئەوەش لەکەناری دەریاکاندا دەتوانرێت کەلەناوچە گەلێك تەسکدا بگیرسێیتەوە، تەنانەت ئەگەریش لماوی یان بەردین بێتن ، لەبەرئەوەی کە راوکردن تیایدا دەتوانێت خەڵکی کۆبکاتەوە بۆ بەرپەرچدانەوەی چەتەکان [٢]، ژلایەکیدیش لەبەرئەوەی کەلەرێگەی دامەزراندنی [٣] کۆلۆنیەکانەوە رزگار کردنی ولات لەدانیشتوانە زیادەکەی ئاساندەبێتن
.

---

(١) هێمایە بۆ پیتتربوونی پرۆسەی زاوزێی ژنان لەوناوچەشاخاویانەدا تاوەکو ناوچە دەشتەکییەکان ــ م.ص ــ .

(٢) مەبەست لەچەتەکانی دەریایە ( قراصنة البحر ) ــ م.ص ــ .

(٣) واتە زەوییە داگیرکراوەکانی،یان ولات و ناوچە داگیرکراوەکانی پرۆسەی داگیرکاریی دەوڵەتە کۆلۆنیالیستەکان ــ م.ص ــ .

بۆ پێکهێنانی هەرگەلێك پێویستە كە مەرجێکی‌دی بۆ ئەو مەرجانەی سەرەوەڕا زیاد بکەین ، کەناکرێت جگە لەخۆی بەهیچ مەرجێکی‌دی بگۆڕدرێت ، کەچی بەبێ ئەویش ئەوا هەموو ئەو مەرجانە بێ ئاکام دەبن ، لەبەر ئەوەی ئەو زەمەنەی کەتیایدا دەوڵەتێك ڕێکدەخرێت هەروەك ئەو زەمەنەی کەتیایدا تیپێك [1] چێدەکرێن، بریتیە لەو ماوەیەی کەتیایدا دەزگاکە توانایی بەرخۆدانی کەمترە و تێکڕماندنیشی ئاسانترە . چونکە لەراستیدا لەحاڵەتی ئاژاوەی وەهادا دەتوانرێت زیاتر خۆڕاگیری بکرێت، تاوەکو ماوەیەك کە خاوبوونەوە تیایدا پیادەیە و هەرکەسێك بایەخدەداتە شوێن و جێگای خۆی – پلەو پایە –م.ص– تاوەکو بایەخدانی بەو مەترسیەی کەدەورەی داوە ، ئیتر هەرئەوەندەی دەوڵەت لەماوەی ئەم تەنگژەیەدا توشی جەنگێك یان برسێتیەك یان وەکو ئاژاوەیەك بێتن،ئیتر بێئەملاولا بۆ خۆی دەڕوخێتن .

لەوانەیە کەبەدرێژایی ئەوحاڵەتە تەنگژاویانە، حکومەتگەلێك زۆر دامەزرابێتن، وەڵێ پێشئەوە، خودی ئەم حکومەتانەبوون کەدەوڵەتیان لەوکاتانەدا روخاندووە ، کاتێك کە کەسانی پاوانکار ئەو پەشێویانە دەوروژێنن، یانوەکو بەردەوام لەچاوەڕوانیی ڕودانیدابن ، تائەوەی لەگەرمەی ترس وسامی گشتیدا، ئەو یاساتێکڕمێنانە پیادەبکەن، کەهەرگیز گەلێك کەخاوەن جەستەو دڵێکی جێگیربێتن، ناتوانێت وەری بگرێتن ، کەبەهۆیەوەجیاکاری لەنێوان کاری یاسادانەر و کاری ملهوڕان دەکرێتن .

---

[1] مەبەست لەتیپی سوپاییە ، کەبەرامبەری (الکتیبة) ی، عەرەبیە – م.ص – .

کەواتە کام گەلەیە کە بۆ یاسادانان، لەباردەبێت ـ ئەرێی دەبێت ـ م.ص ـ ؟ ئەوەیە کە دوای ئەوەی لەسەر بناغەی بنەچە یان بەرژەوەندی، یان وەکو ڕێککەوتنێك ، دەبینێت کەوا گرێدراوی یەکێتیەکە ، هێشتاکە نەچۆتە ژێر ڕکێفی ڕاستینەی یاساکان و ، هێشتاکونێ خاوەن خوونەریت و باوەڕگەلێك پوچی لەناخداچەسپیونیە،ئەوەیەکەترسی نیە لەچونەژێر بارگرانیەکانی پەلامارێکی لەناکاو و، ئەوەیە کە بەبێ ئەوەی خۆی بئاخنێتە کێشمەکێشی هاوسێکانیەوە، بەتەنیا دەتوانێت لەبەرامبەر هەموویاندا خۆڕابگرێتن، یانوەکو یەکێکیان دەکاربهێنێتن بۆ بەرپەرچدانەوەی‌ئەوی‌دیان،ئەوەیەکەهەموئەندامێکی‌دەتوانێت کە بۆ هەموان ناسراوبێت بەجۆرێك ناچارییەك بونی نابێت بۆ ئەوەی کە کەسێك نەتوانێت بچێتەژێری، بدرێتە ملی تەنها کەسێکەوە ئەوەیە کەلەتوانایدایە بەبێ گەلانی‌دی هەڵبکات و گەلانی‌دیش بتوانن کەبەبێ ئەم (١) هەڵبکەن و،ئەوەی کە نە دەوڵەمەندەو نە نەدارەو،بۆخۆی دەتوانێت خۆیڕا دابینبکاتن،دواجاریش :ئەوەیە کە پتەوی گەلێکی دێرین دەگەل دانراوەکانی گەلێکی نوێدا پێکڤەڕا کۆبکاتەوە .

---

(١) ئەگەر دوو گەلی هاوسێی یەك هەبن و یەکێکیان نەتوانێت کەبێ ئەویدی هەڵبکاتن،ئەوا ئەم دۆخە بۆ یەکەمیان زۆر گراندەبێت و بۆدووەمیش زۆر مەترسیدار، لەمحاڵەتەشدا هەموو نەتەوەیەکی لێزان بەخێرایی هەوڵی خۆی دەداتەگەڕ بۆ ڕزگار کردنی نەتەوەکەیدی لەم پاشکۆیەتیە . ئەوەبو کۆماری (تلاسکالا)ی کەمارۆ دراوو لەناو ئیمپراتۆریەتی مەکسیکیدا ، بەبێ (خوێ) هەڵکردنی پێباشتربوو،تائەوەی لەمەکسیکیەکانیبکڕێتن، یائەوەی ڕازی بێت بەخۆرایی لێیان وەربگرێت چونکە لێزانەکانی ئەم کۆمارە لەپشت ئەو پیاوەتیەوە تەڵەیەکی دانراوویان دەدیت ، بۆیە کەئازادیی خۆیان پاراست ، دواجاریش ئەم دەوڵەتە کچکۆکەیە بووە ئامرازێکی وێران بوون وتێکڕمانی ئەو ئیمپراتۆریەتە مەزنەی کەدەوری دابوو ـ واتە ئیمپراتۆریەتی (مەکسیکی ) ـ م.ص ـ ـ .

لەراستیدا ئەوەی کە کاری یاسادانەر دژواردەکاتن، بریتی‌یە لەوەی کەپێویستە تێکیبڕمێنێت، زیاترە لەوەی کەپێویستەبونیادینێت، ئەوەش کەتائەم ئاستە سەرکەوتن دەگمەن دەکاتن، بریتیە لەئاستەمی دیتنەوەی سادەیی سروشت بەدرانەپاڵی دەگەڵ پێداویستیەکانی کۆمەڵگا، لەراستیدا فەراهەم بوونی ئەم مەرجانە بەیەکەوەڕا، زۆر زەحمەتە ، لەبەرئەوەی کەدەبینین دەوڵەتگەلێکی کەم، پێکهاتنێکی چاك پێکهاتوونە .

دەولەتانێك لەئەوروپادا هەن، کە هێشتا لەبارن بۆ یاسادانان وەك دورگەی کۆرسیگا، ئەو ئازایەتی‌و خۆڕاگریەی کەئەم گەلە ئازایەیان فێرکرد کەچۆن ئازادیی خۆی بسەنێتەوە و بەرگری لێبکاتن ،هەروەها ئامادەشیان کرد بۆ هەڵکەوتنی ئەو پیاوە لێزانەی–حکیم–م.ص–ی کەفێری پارێزگاریکردنی ئەو ئازادیەی بکاتن ،لەراستیدا هەستێکی‌ناوخۆییم بەوەهەیە کە رۆژێك دێت ئەم دورگەبچوکە هەموو ئەوروپا سەرسام بکاتن .

# "جومگەی یانزەدەهەم"

## (سەبارەت بەرژێمە تەشریعییە جیاوازەکان )

**ئەگەر** ئاخاوتن لەمەڕ چاکەو خێری مرۆڤان بکەین،کەئامانجی هەموو سیستەمێکی یاسادانەرییە، ئەوا رێك دەبینین کەلەم دوو مەبەستە سەرەکیەدا خشتبەندە : یەکسانی و سەربەستی ، سەربەستی، ئەگەرنەبێتن، ئەوا بە بەهانەی پاشکۆیەتیی تایبەتی بەشێك لەهێزی کۆمەڵگەی لێرادەسێندرێت و، یەکسانیش، تەنها لەهەبوونی سەربەستیدا،دەتوانێت هەبێتن.

پێشتر، زانیمان کە سەربەستی مەدەنی چیە، لێ سەبارەت بەیەکسانی،دەبێت بڵێین کەنابێت وا لەم وشەیە بگەین کە هەموو تاکەکان لەباری هێز و سامانەوە ، بەتەواوی وەك یەك ویەکسانن، بەڵکو مەبەست ئەوەیە کە(هێز) رووتکراوەیە لەهەر زەبروزەنگێك وتەنها بەپێی یاسا کاری پێدەکرێت، سەبارەت بە سامانداریش نابێت کەهیچ کەسێك ئەوەندە دەوڵەتمەندبێت کەبتوانێت هاوولاتیەکی دی بکڕێت و، نابێت هیچ هاوولاتیەکیش بگاتە ئەو رادەیە لەنەداری، کەناچار بەخودفرۆشی بکاتن، بۆگەیشتن بەو ئامانجەش،ئەوا دەبێت کەتواناداران لەکەڵەکەکردنی سامان و سەپاندنی قەڵەمڕەوییاندا،لایەنی دادپەروەریی بگرن و،نەدارانیش لەئارەزووخوازی وچاوچنۆکیاندا، میانڕەوبن .

هەندێك دەڵێن کەئەم یەکسانیە تەنها وەهمێکە لەوەهمەکانی هیواخوازی و، بەکردەوە ناتوانرێت بوونی هەبێتن، لێ ئەگەر دڵڕەقی کارێك بێت، بواری لێدەربازبوونی نەبێت، ئایا ئیتر ئەوە دەرەنجامەی دەبێت کەلایەنی کەم پێویست بەرێکخستنی نەکات ؟ کەواتە لەبەرئەوەی

کەبەردەوام هێزی چتەکان، ڕێك بەرەو تێکڕمانی یەکسانی ملدەنێت ، ئەوا ئیتر پێویستە کەهێزی یاسادانەریش،بەردەوام بەرەو پارێزگاریکردنی بچێتن . لێ لەهەموو ڕژێمێکی چاکدا، پێویستە ئەم ئامانجە گشتیانە ڕاستبکرێنەوە، لەهەموو وڵاتێکدا، بەهۆی ئەو پەیوەندیانەوە کەدادەمەزرێن، چ لەبارودۆخی نێوخۆییەوە بێت، چ لەڕێگەی مۆرکی دانیشتوانەوەبێت، پێویستە کەلەسەر بناغەی ئەم پەیوەندیانەوەڕا، ژبۆ هەموو گەلێك، باشترین ڕژێمێك لەپێکهاتن دیاریبکرێتن، نەك تەنها لەبەر خودیخۆی بەڵکو لەبەر ئەو دەوڵەتەی کەجێبەرنجێتی. بۆ نمونەش ئەگەر هاتو خاکەکەی وشکهەڵاتو و ناڕێك بوو، یانوەکو وڵاتەکەخۆی بۆ دانیشتوانەکەی زۆر تەسك بێت ، ئەوا پێویستە ڕوو لەپیشەسازیی و هونەر بکرێتن، کەدەکرێت ئاڵوگۆڕی بەرهەمەکانیان بەکەرەستەخۆراکیە ناتەواوەکان بکرێت و،بەپێچەوانەوەش،ئەگەردەشتیدەوڵەمەندو لاپاڵیبەپیت هەبوونەو،ئەگەریش لەزەویەکی باشدا،دانیشتوانەکە کەم بوون، ئەوا هەردەبێت کەبایەخ بەرەو کشتوکاڵ بچێت، کەدەبێتە هۆی زۆربوونی ژمارەی دانیشتوان و دوورکەوتنەوە لەو پیشانەی کەدەبنەهۆی چۆڵبوونی وڵات لەدانیشتوانەکەی و، کۆکردنەوەیان لەناوچەگەلێك کەمدا[1] . ئەگەریش وڵاتەکە پێکهاتبێت لەکەنارگەلێك درێژبووەوەو چاك ، ئەوا هەردەبێت کەدەریاکەی بەپاپۆڕ و کەشتی پڕبکرێتەوە و، بایەخبدرێتە بازرگانی و کەشتیوانی، هەر ئەمەشە

---

[1] مارکیزدارجیستون" دەڵێت کە لقەکانی بازرگانی دەرەکی بەشێوەیەکی گشتی سودێکی دروێنە نەبێت، ئەوا چتێکیدی بۆ وڵات -شانشین - نادات دەست ، ئەوەش لەوانەیە کە هەندێک کەس و بەڵکە هەندێک شاریش دەوڵەمەندبکاتن، لێ هەرهەموو نەتەوە، هیچ چتێکی لێوە دەستناکەوێت و حاڵی گەلیش بەهۆیەوە -واتە بەهۆی ئەو بازرگانیەوە ـ م.ص ـ، چێتر نابێت .

کەژیانێکی بوژاوە،وەلیٚکورتماوە،دەستەبەردەکات.هەروەهائەگەر وڵاتەکە،کەناردەریاکانی بەردین و دوورەدەستبن و،ژبۆکەشتیوانی دەستنەداتن، ئەوا دانیشتوانەکەی ناچاردەبن خەریکیڕاوەماسی بن وبەژیانێکی نیمچەکۆچەریانە رازییبن و،بەوەش ژیانێکی هێمنترولەوانەشە بەدڵنیاییەوە باشترو،زیاتربەختەوەرانەتربژێتن.
بەکورتیلەپاڵ ئەم پرەنسیپەبنەڕەتیەهاوبەشانەینێوان هەمواندا، هەموو گەلێك لەخۆیدا خاوەن ئەو فاکتەرەیە، کە ئەو پرنسیپگەلە بەشێوەیەکی تایبەت ڕێکدەخات و،واشدەکات کەیاسادانراوەکەی هەرتایبەت بەخۆی بێت.بەمشێوەیەش ئاین لەرابردودا بەلایەنی جووەکانەوە و لەسەردەمی نوێشدا بەلایەنی عەرەبەکانەوە، بریتی بووە لە ئامانجێکی سەرەکی،بەلایەنیئەسینیەکانیشەوە(وێژە) ئامانجیان بووەو،ئەسپارتەکان جەنگ ئامانجیان بووەو، بازرگانیش ئامانجی قرتاجەکان و،(صور )[1] یەکان بووەو،رودیسیەکانیش کەشتیوانی ئامانجیانبووە،ئەسپارتەکان جەنگ ئامانجیانبووەوڕۆمانەکانیش چاکەخوازی ئامانجیان بووە ، دانەری (ڕۆحی یاساکان )یش بەنموونەگەلێك زۆرەوە ، شارەزایی یاسادانەریانەی دەرخستووە کەڕژێم بەئاڕاستەی هەموو ئەم ئامانجانە ئاڕاستەدەکاتن .
لەراستیدا ئەوەی کەبەردەوام پێکهاتەی دەوڵەتێك مکۆمدەکات، بریتییە لە ڕەچاوکردنی خوونەریتەکان بەووردی، بەجۆرێك کە پەیوەندیە سروشتیەکان و یاساکان بەهاوئاهەنگیەکی تەواو و بەردەوامیەوە، لەهەمان پنتەکاندا پێکڕا دەگەن و تاڕادەیەکیش چتێکیدی لەکاری ئەم یاسایانە نابێت، جگە لەمسۆگەر کردن و

[1] مەبەست لەشاری (سور)ی لوبنانە کەدەکەوێتە کەناردەریای سپی ناوڕاست ـ م.ص ـ

هـــاوڕێکردن و هەڵســـەنگاندنی ئـــەو پەیوەندیانـــە. لـــیٛ، ئەگـــەر یاســـادانەرئامانجەکەی‌نەپێکا،وەکئەوەی پرەنســـیپێك جیـــاواز لـــەو پرەنســـیپەی کەلەسروشـــتی چـــتەکانەوەڕا، داڕشـــتەدەبێت ، پەیرەویدەکاتن،بەجۆرێك کەلەکاتێکدا پرنسیپێکیان بەرەو کۆیلەیەتی ملدەنێت، پرەنسیپەکەی‌تریان بەرەو سەربەستی ، یان وەکو یەکێکیان لەسەر ساماندارى رادەوەستێت و، ئەوی دییان لەسەر دانیشتوان، یەکێکیان لەسەر ئاشتی، ئەوی دییان لەسەر داگیرکاری. ئێمە دەبینین کەیاســاکان لەوکاتــەدا بەشــێوەیەکی هەســتپێنەکراو، دەســتی بـــەلاوازبوون کـــردووە و، دەســـتوریش بەگەنـدەڵبوون، دەزگاکـــانی دەوڵەتیش لەسەر پشێوی بەردەوام دەبێت، تاوەکو وردەوردە دادەڕمێن یـان دێنـەگۆڕین، ئـەوکات سروشـتی تێکنەشـکاوی حکومـەت، خـۆی دووبارەدەکاتەوە .

## (جومگەی دوانزەدەهەم )
## "دابەشکردنی یاساکان "

**لـــــەپێناوی** ڕێکخستنی هەموانـدا، یـانوەکو دانـی بەدەوڵـەت، بەشێوەکی باشتر کەلەتوانادابێت، رایەڵگەلێك هەن کەپێویسته لەبەرچاو بگیرێت یەکەم : کاری دەزگاکە بەتەواوکارتێکردنی لەسەرخۆی، واتە پەیوەندی هەموو بەهەموانەوە، یانوەکو پەیوەندی فەرمانڕەوا بە دەوڵەتەوە، ئەم پەیوەندییەش هەروەك دواتر دەیبینین، لەپەیوەندی لایەن و جەمسەرە نێوکارەکان پێکهاتووە . ئەو یاسایانەی کەئەم پەیوەندیەڕا ڕێکدەخەن پێیان دەگوترێت یاساسیاسیەکان، هەروەها ناوی یاسا بنەڕەتیە کانیشی لێڕادەنرێت و،ئەوەی کەئەم یاسایانە حەکیم بن چتێکی بێ پاساو نیە ، چونکە ئەگەر لەهەموو دەوڵەتێکدا جگە لەتاکەهۆکارێك یان ئامرازێکی باش بۆ ڕێکخستنی ، ئیتر هۆکاری دی نەبێت، ئەوا ئەو گەلەی دایهێناوە پێویستە کە پابەندیبێت و کاری پێوەبکاتن ، لێ ئەگەر ئەو ڕژێمەی کە هەیە، خۆی خراپ بێت ، کەواتە ئیتر بۆچی ئەو یاسایانە بە بنەڕەتی دابنێین کە پێشدەگرێتن لەنێوان ئەم ، یان وردتر بڵێین ناهێڵێت کە(ئەم) چاك دەرچێت ؟ ژلایەکی‌دیش، هەرچۆنێك بێت،(گەل) بەردەوام خۆی سەرکاردەبێت لەگۆڕینی یاساکانیدا، تەنانەت ئەگەریش باشترین یاسایەك بن، لەبەرئەوەی ئەگەر ئەو خۆی بخوازێت و خۆشحاڵ بێت بەوەی کەزەرەر لەخۆی بداتن ، کەواتە ئیتر کێ مافی هەیە کە ڕێلێبگرێت .

رایەڵ، یان پەیوەندی دووهەمیش، بریتیە لەپەیوەندی ئەندامەکان دەگەڵ یەکدیدا و، پەیوەندییان دەگەڵ هەموو دەزگاکەدا. ئەم پەیوەندییەش لەبەرگرتەی ـاعتبارـم.ص- یەکەمدا، پێویستە کەزۆر گچکە بێت و، لەبەرگرتەی دووهەمیشدا ئەوەندەی لەتواندابێت، پێویستە گەورەبێت ، بەجۆرێك کەهەموو هاوولاتییەك لەکاتێکدا کەدەگەڵ شاری سیاسیدا، لەسەر پەیوەندیەکی دوورمەودایە، ئەوادەبێت دەگەڵ هەموو ئەوانەی تردا تەواو سەربەخۆبێت . ئەوەش کارێکە کە بەردەوام بەهەمان ئامڕازێکەوە ڕێکردەدەبێت ، چونکە لەوێدا، جگە لەهێزی دەولەت کەسەربەستی ئەندامەکانیڕا چێدەکاتن، ئیتر هێزێکیدی نیە ، یاسا مەدەنیەکانیش،لەم پەیوەندیەی دووەمەوەڕا،داڕشتە دەبن .

دەتوانین کەلەجۆری سێهەمی پەیوەندی نێوان مرۆڤ و یاساڕا بڕوانینن ، ئەویش بریتیە لەملکەچنەکردن ژبۆ سزادان ، ئەمیش داڕشتەی یاسا جەزائیەکانە، کەلەبنەڕەتدا سزای هەموو یاساکانیدیە، زیاتر لەوەی کە جۆرێکی تایبەت بێت لەیاساکان .

ئەم سێجۆرە،لەیاساکان جۆری چوارەمیشیان بۆ زیاد دەکرێت کەلەهەموویان گرنگترە و ،بریتیە لەو یاسایەی کە نەلەسەر بەرد دەنەخشێندرێت و، نەلەسەر برۆنز، بەڵکو لەدڵی هاوولاتیاندا و، پێکهاتنی ڕاستینەی دەوڵەتیشرا، چێدەکاتن و، هەموو ڕۆژێك هێزگەلێکی نویێ بەدەستدەخاتن، هەروەهاش کاتێك یاساکانیدی پیردەبن، یان دەکوژێنەوە، ئەوا ئەم،یان پایەکانیڕا دەجولێنێت، یانوەکو تەواویان دەکاتن و، لەڕۆحی ڕژێمەکەیدا، پارێزگاری لە گەل دەکاتن و،

وردەووردەش لەجێگای هێزی دەسەڵات هێزی نەریتەکانرا، دادەنێت، مەبەستم لە مۆرك وخوونەریتەکانە، بەتایبەتیش رای گشتی،کەلقێکی نەناسراوەلای سیاسەتمەدارەکانمان، لێ ، سەرکەوتنی هەموویاساکانی‌تری پێوەبەستراوە : ئەوە ئەو لقەیە کە یاسادانەری مەزن، لەپێکهاتیدا بایەخی پێدەداتن ، لەکاتێکدا وادەردەکەوێت کە (ئەو ) تەنها بایەخ بەرێکخستنگەلێك تایبەت دەداتن، لێ لەواقیعدا چتێك نیە، جگەلەکۆڵەکەکانی‌تەنیشتی‌سەربانی‌بینایەك،لەکاتێکدا کە عورفی بەردی نێوکار و رێك، دارشتەو بونیادنەری سەرخانی بونیادی کۆمەڵایەتین،کە وردەورده پەیدادەبن، کلیلی پتەوی (ئەو) پێك دەهێنن. ئەو یاسایانەی کەفۆرمی حکومەترا پێکدەهێنن، بریتین لەودەستە جۆراوجۆرانەی یاساکان، کە پەیوەندییان بە بابەتی توێژینەکەمانەوە هەیە .

# نوسراوەی سێهەم

((**پێش ئاخاوتن** لەسەر شێوە جیاجیاکانی حکومەت ، هەوڵدەدەین واتای دروستی ئەو شێوەیە لە(حکومەت ) دیاری بکەین ، کەتائێستا بەتەواوەتی روون نەکراوەتەوە ))

جومگەی یەکەم

(بەشێوەیەکی گشتی سەبارەت بە حکومەت )

**سەرنجی** خوێنەر بۆئەوە ڕادەکێشم کەپێویستەئەم جومگەیە بەبایەخەوە بخوێننەوە،(من ) بۆ ئەوانەش ــ یان ئەوانەی کەنایانهەوێت چاوکراوە و ئاگادارین،تاکە پیتێکیش لەهونەری تێگەیاندن نازانم (!!) .

بۆ پەیدابوونی هەموو کارێکی ئازادانە، دووهۆکار هەنە، کەلە ڕوودانیدا یارمەتیدەدەن ، یەکهەمیان /بەرجەستەیی –**معنوی** –م.ص– کەبریتییە لەو ئیرادەیەی کە دەستنیشانی کردارەکە دەکاتن و،دووهەمیش مادییە :واتە ئەوهێزەی کەجێبەجێی دەکاتن ، چونکە کاتێک بەرەو ئامانجێک دەڕۆم، ئەوا سەرەتا، پێویستە کەخواستی چوونبۆیم هەبێتن . دووهەمیش دەبێت کەهەردوو پێم، بۆلای بمباتن ، ئەگەر گۆتێک [1] بیەوێت رابکات و هەروەها کەسێکی شۆخ وشەنگیش [2] نەیهەوێت رابکاتن، ئەوا لەهەردوک حاڵەتەکەدا،هەردوکیان لەجێگەی خۆیاندا دەمێننەوە، دەزگای سیاسیش هەمان پاڵنەرو هاندەری هەیە.

---

(١) هێمایە بۆ کەسێکی دەستوپا شکاو،یان نیفلیج،کە بەهیچجۆرێک تواناى ڕۆیشتنی نیە – م.ص – .

(٢) هێمایە بۆ کەسێکی زیت ولەشوڵار ڕێک و بەکوڕ... – م.ص – .

هەروەها دەتوانین لەنێوان هێزو ئیرادەدا، جیاکاری بکەین ، بەجۆرێك کەئەمیان بەناوی دەسەڵاتی یاسادانەری و، ئەوی‌دیان بەنێوی دەسەڵاتی کارگێڕییەوە دەبێت ، چونکە بەبێ یارمەتی ئەو دوو دەسەڵاتە،هیچتێك نەڕێدەکات تیایاندا و نەپێویستیشە ڕێبکاتن . پێشتر دیتمان کە دەسەڵاتی یاسادانەری تایبەت بەگەلە و،جگەلەو، تایبەت بەهیچ چتێکی‌دی نابێت، بەپێچەوانەشەوە ئاسانە کەلەوباوەڕو پرەنسیپە دانپیانراوانەی پێشەوە [1]، ئەوەڕابببینین کە ناکرێت دەسەڵاتی کارگێڕی، تایبەتمەندی کۆمەڵێك کەس نەبێت، بەو پێیەی - یان بەوناسیەنەی -م.ص- کەئەو کۆمەڵەیە، یاسادانەر، یان فەرمانڕەوا بن ، لەبەرئەوەی کە ئەم دەسەڵاتە لەکردارگەلێك تایبەت نەبێت پێکناهێتن ، ئەو کردارانەش، هەرگیز لەتایبەتمەندی یاسا نابێت و، بەوپێیەش ئەویش -مەبەست لەیاسایە - م.ص - -،لەکاری ئەو فەرمانڕەوایە نابێت، کە کردارەکانی‌جگەلەوەی یاسایی بن،ناکرێن چتێکی‌دی بن. کەواتە پێویستە کە هۆکارێکی تایبەت بۆ هێزی گشتی‌را پێکبهێنرێتن و بونی‌هەبێت،کەبەپێی ئاراستەگەرییەکانی‌ئیرادەی گشتی، یەکیدەخاتن ودەیجوڵێنێتن و،خزمەتی پەیوەندی دەوڵەت بەفەرمانڕەواوە دەکاتن و، ئەوەی کە یەکێتی ڕۆح بەجەستەوە لەمرۆڤدا دەیکاتن،ئەمیش تارادەیەك لەکەسێتی گشتیدا دەیکاتن. لەدەولەتدا ئائەمەیە هۆکاری هەبوونی ئەو

---

[1] مەبەست لەوبیرو باوەڕو پرەنسیپانەی دانەری نوسراوەکەیە، کەتانەو جێکایە فراژووکراون و ناخاوتنیان لەسەرکراوە - م.ص - .

حکومەتـەی کەبێهیچپاسـاوێك، (ئـەو)و(فـەرمانڕەوا) تێکەڵـدەکرێن، لەکاتێدا کە (ئەو) جگە لە نۆکەرێکی،چتێکی‌دی نیە [١].

کەواتـە حکومـەت چـیە ؟ بریتیـە لـە دەزگایـەکی نێوکـاری نێـوان سەرپەرشـتکراوان و فـەرمانڕەوا، لـەپێناوی پەیوەنـدی ئـاڵوگۆڕ کـراوی نێوانیـان و، راسـپێردراوە بەجێبـەجێکردنی یاسـاکان و وەکویـەك پارێزگـاریکردن لـەئازادی مـەدەنی وسیاسـی . ئەنـدامانی ئـەم دەزگایـە بەجێگر -والی - م.ص-، یان پادشـاکان واتـە دەسـەڵاتدارەکان، نـاوزەد دەکرێت و دەزگاکەش هەمووی پێی دەوترێت شـازادە -میر - م.ص- [٢] لەسـەر ئائەمـە بـووە، ئەوانـەی وای بۆدەچـوون ،کـە ئـەو رەفتـار و هەڵسوکەوتەی کە بۆخۆی و بەگوێرەی خۆی، ملکەچی سەرکردەکانی دەبێن، هـەرگیز بریتـی نیـە لەگرێبەسـتێك، ئەوانـە زۆر لەسـەر راسـتی بوونـە . چـونکە ئـەو هەرگیز،جگـە لـە سـپاردنی فەرمانکارییەك لەلایـەن فەرمانڕەواوە و بەوفەرمانبەرانەی راییدەکەن، چتێکی‌دی نیـە، بەجۆرێك بەناوی ویەوە،ئەو فەرمانکاریانە (٣) مومارەسە دەکـەن کەموتمانـەخوازی لەسـەرڕا پێکـردون و، هـەر ئـەویش دەتوانێـت دیارییبکـاتن و راستیبکاتەوە ـ گۆڕانکاری تیادا بکاتن ـم.ص-،هـەرکاتێکیش ویسـتی لێیانڕابسـەنێتەوە، دیـارە ئـەوەش لەبەرئـەوەی کـە ملکەچـکردنێکی

---

[١] مەبەست لەچوونەخزمەت بوون ونۆکەربونی فەرمانڕەوایە ژبۆ حکومەت ـ م.ص ـ .

[٢] لەبەر ئەمەیە کەلە(بندقیە ) ناوی خاوەنشکۆی شازادە دەنرێت لەئەنجومەنی حکوم، تەنانەت کاتێکیش کە (دۆق ) هاوبەشی تیایدا نەبێت .

[٣] واتە : فەرمانبەران لەواقیعدا بەناوی فەرمانڕەواوە مومارەسەی کردەییانەی فەرمان و کارەکانی دەستەڵاکەڕا، دەکەن ـ م.ص ـ .

لەمجۆرە پێچەوانەی سروشتی دەزگا کۆمەڵاتیەکەیەو بەئامانجی یەکێتییەکەش ناکۆکە .

بەوەستان لەسەرئەوانە ، دەتوانم ناوی حکومەت، یان ئیدارەیەکی باڵا، لەسەر مومارەسەی شەرعیانەی دەسەڵاتی کارگێڕیرا، بنێم و، ناوی شازادە یان جێگر،[1] یان دەسەڵاتدار، لەسەر ئەوکەسە، یان ئەو دەزگا راسپێردراوەی ئەم ئیدارەیەڕا بنێم .

لەبەرئەوەی کە ئەو هێزە نێوبژیوانە ـ نێوکار –م.ص– انەی، کە پەیوەندییەکانیان، پەیوەندی هەموو بەهەمووان،یان پەیوەندی فەرمانڕەوا بەدەوڵەتەوەڕا، پێکدەهێنن، لەحکومەتدا بوونیان هەیەو دەتوانرێت کە ئەم پەیوەندییەی دواییان بنواندرێت بەو پەیوەندیەی نێوان جەمسەرە بەردەوام هاوهێزەکان .کەنێوەندێتی گونجاویان بریتیە لەحکومەت. کەواتە حکومەت ئەو فەرمانانەڕا لەفەرمانڕەواوە وەردەگرێت کەبۆ گەل دەریان دەکاتن و، بۆئەوەش کەدەوڵەت لەهاوسەنگیەکی دروستدا بێت دەگەڵ هاوسەنگی هەمواندا،ئەوا پێویستە لەوێدا یەکسانی هەبێت لەنێوان دەرەنجام،یانوەکو دەسەڵاتی حکومەت لەخۆیداو دەرەنجامێك، یانوەکو دەسەڵاتی ئەو هاووڵاتیانەی کە ژلایەکی فەرمانڕەوان و، ژلایەکیدی سەرپەرشتکراوون ، سەرەڕای ئەوەش بەبێ تێکدانی ڕێژەکە، دەستبەجێ ناتوانین کەهیچکام لەم سێ تخوبە دەستکاری بکەین، چونکە ئەگەر فەرمانڕەوا بیهەوێت کەحوکم بکاتن، یانوەکو ئەگەر جێنشین دەیهەوێت یاساکان دەربکاتن، یانوەکو

---

[1] زاراوەی (جێگر)م لەبری(وال)ی عەرەبی بەکاهێناوە،کەتانێستاش لەئەدەبی نوسین و ناخاوتنی کوردیدا، هەر (والی) بەکاردەهێندرێت ـ م.ص ـ .

ئەگەر سەرپەرشتکراوان رەتی ملکەچبوون وگوێڕایەڵی دەکەنەوە – ئەوا گرژی وپەشێوی جێگای رژێمداری دەگرێتەوە و، ئیتر هێز وئیرادەش بە هاوئاهەنگی کارناکەن-. بەمشێوەیەش دەوڵەتی لێکهەڵوەشاو، لەنشێویەکانی سەرکوتگەرایی، یان لەئاژاوەگەرایدا، تێکدەڕوخێت .

دواجاریش، کاتێک کەلەنێو هەموو پەیوەندییەکدا، تەنها نێوەنجیەکی رێژەیی بوونی هەیە، کەواتە هەروەها تەنها یەك حکومەتی چاکی لەتوانادابووی ناو یەك دەوڵەتیش بوونیدەبێت. لیّ، لەبەرئەوەی کە هەزارەها روداو هەیە کەدەتوانێت پەیوەندییەکانی گەلێك بگۆڕێتن ، کەواتە لەتوانای حکوماتە جۆراوجۆرەکاندا نابێت، کەنەك هەر بۆ گەلە جۆراوجۆرەکانیش دەستبداتن و چاکبێتن، بەڵکو تەنانەت هەروەها بۆیەك گەلیش لەکاتی جیاوازدا .

وەك هەوڵێك بۆ دانی بیرۆکەیەك لەسەر ئەو پەیوەندیە جیایانەی کە دەتوانێت بەسەر ئەم دوو ئاستە دوورەدا، زاڵبێت، وەك پەیوەندییەك کەدەربڕینی ئاسانتربێت، بەژمارەی گەلەکان، نموونەیك دەهێنمەوە .

باوای دابنێین کەدەوڵەتێك لەدەهەزار هاوولاّتی پێکهاتووە، کەواتە وەك کۆمەڵی و دەزگایی نەبێتن،ئەواناتوانین لەفەرمانڕەوا بڕوانین، لیّ هەموو کەسێك بەو پێیەی کەسەر پەرشتکراوێکە، وەك تاکێك لێیدەڕواندرێت و، بەمشێوەیەش بوونی فەرمانڕەوا بەلای تاکێك لەسەرپەرشتکراوانەوە، هەروەك بوونی دە هەزارە بەلای یەکێکەوە –یان یەکەوە– م.ص– ، واتە بەرکەوتەی هەموو ئەندامێکی دەوڵەت لەدەسەلاّتی فەرمانڕەوایی، تەنها هێندەی بەرکەوتەی یەکێکە

لەدەهەزار، سەرباری ئەوەی کە بەتەواوی ملکەچیرا دەبێتن. ئەگەریش(گەل)،لەسەدهەزار کەس پێکهاتبێت، ئەوا حاڵەتی سەرپەرشتکراوان ناگۆڕێت و، هەروەها هەموو یەکێکیش دەچێتە ژێرباری دەسەڵاتی هەموو یاساکانەوە، ئەوە لەکاتێکدا دەنگی — کەبڕادەیەك هاتۆتەوەیەك،تاوەك بەشێك لەسەدهەزاریلێهاتووە — لەو کارتێکردنەی کەلەکاتی دانانی ئەم یاسایانەدا هەیبووە،دەجارکەمیکردووە. لەکاتێکیشدا کەبەردەوام دەنگی یەکێك لەسەرپەرشتکراوان، هەروەك خۆی دەمێنێت ، ڕێژەی فەرمانڕەوا، بەپێی زیادکردنی ڕێژەیی دانیشتوان زیاددەکاتن، لەوەشڕا ئەوە دێتەدەر کەچەندە ژمارەی دانیشتوان زیادبکاتن، ئەوەندە پانتایی ئازادی کەمدەهێنێت وگرژدەبێتەوە.

کاتێك کەدەڵێم ڕێژەکە زیاددەکاتن،ئەوامەبەستم ئەوەیە کەبەوە لەیەکاسانی[1]دوردەکەوێتەوە، بەمشێوەیە لەتێگەی ئەندازەیدا — engineering concept — چەندە کە ڕێژەکە گەورەتربێت، ئەوەندە لەتێگەی هاوبەشگەراییدا — the socialist conncept— ڕێژەکە کەمدەبێتن،چونکەلەحاڵەتی یەکەمدا ڕێژەکە وەك چەند لێیدەڕواندرێتو،لەدەرەوەی دەستکەوت — هاتوەدەست — م.ص — دێتەئەژمارکردن،لەحاڵەتی دوهەمیشدا،کەوەك چۆنیەتی یان هاووێنەبون -التماثل — م.ص — لێیدەڕوانرێت، وەك پلەی وێکچوو، دێتە ئەژمار و نرخاندن.

---

[1] واتە چەند ڕێژەی دانیشتوانی دەوڵەتێک، یان هەر قەوارەیەکی دەسەڵاتدار، زۆربێت، ئەوا ئەوەندە بەدیهێنانی یەکسانیش دوورکردە دەبێتن — م.ص — .

بەهەرحاڵ، چەندە پەیوەندی ئیرادەتایبەتەکان بە ئیرادەی گشتییەوە کەمبکاتن، واتە پلەی وێکچوونی نێوان وێژە و نەریت ویاساکان، کەمتردەبێتن. هەروەها پێویستە کەبەهەمان رێژە هێزی سەرکوتکردن ـ بەواتای وێژەدانی ـ مزص ـ ـ زیادبکاتن، بەو پێیەش بۆ ئەوەی کە حکومەت چاکبێتن ئەوا پێویستە چەندە کەگەل ژمارەی زۆرتربێت ئەویش ڕێژەی هێزی زیاتر بێتن .

ژلایەکی دیش، لەکاتێکدا کە فراوانکردنی دەولەت، بوارێکی فراوانتر لەفریودەری ـ الاغراءات ـ م.ص ـ و لەئامرازەکانی خراپ دەکارهێنانی دەسەلاتەکەیان ژبۆ شەونخونانی دەستەلاتی گشتی،دابیندەکاتن، ئەوا ئیتر واپێویستدەکات کەچەندە پێویستبێتن کەحکومەت،بۆ دەستڕاکشانی بەسەر گەلدا بەهێزبێتن فەرمانڕەواش، بەشوێنیخۆی بۆ دەستڕاکشانی بەسەر حکومەتدا بەهێزبێتن.(من) لێرەدا ئاخاوتن لەهێزێکی رەها ناکەم، بەڵکو لە هێزێکیڕێژەیی بۆ هەموو بەشە جۆراوجۆرەکانیدەوڵەت . لەم پەیوەندیە دووسەریەشڕا ، ئەوەدێتەدەر کەڕێژەی بەردەوامی نێوان هەریەك لەفەرمانڕەوا و میر وگەل، هەرگیز خۆسەپێنی نیە ، بەڵکو دەرەنجامێکی پێویستی سروشتی دەزگا سیاسیەکەیەو، هەروەها ئەو بونیادلەسەرڕانراوەیە، کە: تا کاتێك کە یەك لە جەمسەرە دوورەکان، واتە گەل،وەك سەرپەرشتکراوێك، جێگیرەو بەیەکێتی نوێندراوە ،ئەوا هەموجارێك دەرەبەرە –دال –م. ص– دووسەریەکە، زیاد یان کەمدەکاتن، دەرەبەرە ئاسانەکەش بەهەمان ڕێچکە، زیاد یان کەمدەکاتن، بەوپێیەش ئاستی مام ناوەندیش دەگۆڕدرێت. ئەوەش

ئەوەمان بۆ ڕووندەکاتەوە  کە پێکهاتەی هیچ حکومەتێك نیە، کەتاك و ڕەها بێتن،بەڵکو دەکرێت لەسروشتدا،حکومەتگەلێك جیاواز، بەهێندەی هەبوونی دەوڵەتگەلێك جیاواز لەگەورەیدا ، بوونی هەبێتن .

ئەگەریش یەکێك،گاڵتە بەم ڕژێمەی من بکات و ڕێگەبە خۆی بدات بڵێت :کەبەڕای (من ) بۆ دۆزینەوەی ئەم ڕێژە مامناوەندییە و پێکهێنانی دەزگای حکومەت، جگە لە دەرهێنانی ڕەگی چوارینەیی ژمارەی(گەل)[1]، چتێکیدی پێویست نیە ، ئەوا ئەو وەڵامەی ویٚ دەدەم کەلێرەدا(من )،ئەم ژمارەیە تەنها وەك نموونە دەهێنمەوە، لەبەرئەوەی کە ئەو پەیوەندییانەی کە گفتوگۆیان لەسەردەکەم تەنها بەژمارەی مرۆکان نایەنە پێوانە، بەڵکو بە شێوەیکی گشتی، بەو چەندە کردارەی کە بەژمارەیەکی زۆری هۆکارەکان یەکدەگرێتن، دەپێورێتن، سەرباری ئەوەش (من ) بۆ دەرخستنیدەربڕدراوە ئەندازەییەکان، خوازەی کەمترین وشەیەکم کردوە کە توانرابێت،دەگەڵئەوەی کە بێ ئاگانیم لەوەی کەچەندە بەرجەستەییەکان ـالکمیاتالمعنويةـ،ناتوانرێت بەپێوانە ئەندازەییە وردبینیەکان، پێوانە و هێندکاریبکرێن .

لەواقیعدا، حکومەت لەوێنە گچکەکراوەکەیدا، بریتیە لەوەیکە دەزگا سیاسیەکە، لەوێنە گەورەکراوەکەیدا پێکدەهێنێتن ، کەواتە(ئەو) کەسێکی بەرجەستەییە، کەخاوەنی ئەدگارگەلێك دیاریکراوە و، هەروەك فەرمانڕەوا چالاکە و وەك دەوڵەتیش نێگەتیڤە، دەشکرێت کە ژبۆ پەیوەندگەلێك وێکچوویدی شیبکرێتەوە، کەبەدوایدا لێوەی ڕێژەیەکینوێ،دێتەدروستبوون و، هەروەهاش لەم ڕێژەیەوە، هاووێنەی

[1] چەمکێکی ماتماتیکیە ـ م . ص ـ .

سیستەمی دادگاکان، ڕێژەیەکی دی دێتەدروستبوون. بەمشێوەیە تاکو دەگەینە ئاستێکی مامناوەندی، کەشایانی دابەشبوون نیە ، واتە بۆ یەك سەرۆك یان دەسەڵاتدارێکی باڵا، کە لەم نێوەندە بەدوای یەکدا هاتووەدا، بتوانینن وەك یەکێتی نێوان زنجیرە داشکاوەکان و زنجیرە ژمارەکان [1] مەزندەی بکەین .

بۆئەوەش کە بەجۆراوجۆربونی ئەم تخوبانەش نەشڵەژێین، تەنها بەوەندە بەسدەبین کەوابڕوانینە حکومەت کەدەزگایەکی نوێبێت لەدەولەتدا و، لە گەل و فەرمانڕەوا جیابێت و، لەنێوان ئەم وئەویشدا ، نێوەند یان نێوبژیوانێك بێتن .

لێ ،لێرەدا لەنێوان ئەودوودەزگایەدا ــ گەل و حکومەت ــ، ئەو جیاوازیە سەرەکییەهەیە، کە بریتیە لەوەی دەوڵەت لەخۆیدا هەیەو، لێ، حکومەت بەبێ فەرمانڕەوا، بوونی نابێت، لەسەرئەمەشڕا،ئیرادەی باوی حکومەت، نابێت یانوەکو پێویستە کە جگە لەئیرادەی گشتی، یان یاسا،چتێکیدی نەبێت و،هێزیش تەنها بریتیە لەهێزی گشتیڕا بە چەقبەندیکراوی و، ئیتر هەر ئەوەندە کە خوازرا کارێکی ڕەهاو سەربەخۆ لەخۆیەوەڕا بهێنرێتن، تاوەکو پەیوەستی گشتی، دەستدەکاتە خاوبوونەوە ئەگەریش لەدوایدا، ئیرادەیەکی تایبەتی زیاترچالاکتر لەئیرادەی فەرمانڕەوا، ژبۆ خۆی بهێنێتەبوون، ئەوا بەخاتری سەپاندنی گوێڕایەڵی ژبۆ ئەم ئیرادە تایبەتە، هاتەسەر دەکارهێنانی ئەوەی کەلەدەستیدایە لەهێزی گشتی،بەجۆرێك کەتاڕادەیەك لەوێدا دوو فەرمانڕەوا بێتەئاراوە ، یەکێکیان

---

[1] دوو زاراوەی بیرکارییین ــ م . ص ـ .

بەمافبوونیەوە و، ئەوی‌دییان بەکردەبوونەوە، ئیتر دەستبەجێ، یەکێتیە کۆمەڵایەتیەکە دادەڕمێت و دەزگا سیاسیەکەش هەڵدەوەشێتەوە .

دەگەڵئەوەشداو، بۆئەوەی کە دەزگای حکومەت ژیانێکی راستینەی هەبێت، کەلە دەزگای دەوڵەتیرا جیابکاتەوەو، هەموو ئەندامەکانیش بتوانن کەبەهاوئاهەنگیەوە کاربکەن و دەگەڵ ئەو ئامانجەشدا کەلەپێناویدا هاتۆتەدامەزراندن،ڕێکبکەون، پێویستە کە(منێکی‌تایبەتی-م.ص-) [1] هەبێت کەبریتیە لەهۆشیارییەکی هاوبەشی نێوان ئەندامەکانی ، هێزێك، ئیرادەیەکی تایبەت کەبەهۆیەوە بەرەو پارێزگاریکردنی دەچێت.ئەم هەبونە تایبەتەڕا، هەبوونی کۆبوونەوەگەلێك و ئەنجومەنەکان و دەسەڵاتێك بۆ دەستاوێریکردن و چارەسەرکردن ومافەکان ونازناوەکان و ئەو دەستیاوەرییانەی کەتەنها تایبەتن بەحکومەت و، وادەکات کە پۆستی دادوەریش -الحاکم -م.ص-، زیاتر ڕێزدارتربێت بەو ڕێژەی کە دژوار بێتن ، بارگرانیەکانیش بەشێوەیەك دەبن کەلە ڕێگەی ڕێکخستنی ئەم گشتە پاشکۆیەی گشتدابن، بەجۆرێك کە هەرگیز زیادلەسنووری‌خۆی، لەپێکهاتنی خۆی پێکهاتەی گشتیڕا نەگۆڕێت، بەردەوامیش ئەو هێزە تایبەتە دیاریکراوەی کەبۆ پارێزگاری لەخۆیەتی، جیابکاتەوە لەو هێزەگشتیەی تایبەتکراوە بۆ پارێزگاری لەدەوڵەت . بەکورتیەکەی بەردەوام دەبێت لەپێناوی گەلدا، ئامادەبێت کەحکومەت بکاتە قوربانی، نەك بەپێچەوانەوە، واتە گەل بکاتە قوربانی حکومەت .

---

[1] لەدەقە بنەڕەتیەکەدا، ئەو دوو کەوانەیە نیە، بەپێویستمزانی کەبۆ ئەو چەمکەی دابنێم -م .ص- .

ژلایەکی دیش،هەرچەندە کەدەزگای دروستکراوی حکومەت، خۆی دروستکراوی دەزگایەکی دروستکراوی دیەو، ئەگەر راستبێتن بڵێین کە جگە لەژیانێکی خوازراو و وەرگیراو و پاشکۆبەند، (ئەو) چتێکی‌دی نیە، ئەوا ئەمە ڕێگەناگرێت لەوەی کەلەتوانایدابێت تارادەیەك و،بەجۆرە زیندەگیەك ـ دینامیکیەتێك –م. ص– کاربکات، یان خێراییانە کاربکات و، تاڕادەیەکیش خاوەنی تەندروسیتەکی تۆکمەبێتن. دواجاریش بێئەوەی کەراستەوخۆ لەئامانجی پێکهاتنی‌خۆی لایدابێت، دەتوانێت بەگوێرەی ڕێگەوشێوازی چێبوونی کەمێك لێڕا دووربکەوێتەوە .

لەبەرئەوەی کەپەیوەندییە جۆروجۆرەکانی کەپێویستە لەنێوانی حکومەت ودەزگای دەوڵەتدا پێکبێت، بەگوێرەی ئەو پەیوەندییە راگوزاریی وتایبەتیانەی کەبەهۆیانەوە خودی ئەم دەوڵەتە دەگۆڕێت، هەموو ئەو جیاوازیانەرا دروستدەکاتن ، چونکە زۆرجار ئەو حکومەتەی کە لەخۆیدا بەچاکترین حکومەت دادەنرێت، دەبێتە خراپترینیان ، ئەگەر پەیوەندیەکانی بەپێی خەوشەکانی ئەو دەزگاسیاسیەی لادارێتی، نەگۆڕێتن .

# جومگەی دوهەم

## پرەنسیپێك کە کۆڵەکەی شێوە جیاوازەکانی حکومەتە

بـــۆ روونکردنـــەوەی هـــۆی گشـــتی جیـاوازیی نێوانحکومەتـەکان، بەهەمانشـــێوەی کەلـــەنێوان(دەســـتە)ودەوڵـــەت،جیاوازییمان کـــرد، لەیرەشـدا لـەنێوان هەریـەك لـە(دەسـتە)و(گـەل)و(حکومـەت ـــ بـەو ناونیشانەی کەهێزی کارکردووە ـ))،جیاوازی دەکەین .

دەزگای دەسەڵاتداران، دەکرێت کە لەزۆرترین یان کەمترین ژمارەی ئەندامان پێکڕابێتن ، چونکە تێبینی ئەوەکراوە کەچەندە ژمارەی گەل زۆر بووبێت ، ئەوەنـدە پەیوەنـدی فـەرمانڕەوا بـە سەرپەرشـتکراوانەوە گـەورە بـوە ، بـە پێوانەیـەکی پێشـتر زانـراو ، دەتـوانین هـەمان چـتیش سەبارەت بە پەیوەندی نێوان حکومەت و فەرمانڕەوا ببێژین .

بـەڵام ، کـە بارەکـە بـەمجۆرە بێـت، کـۆی هـەموو هێـزی حکومـەت ، هەرگیز ناگۆڕێتن ، بەڕەچاوکردنی ئـەوەی کە بەردەوام ئەو هێـزە هێزی دەوڵەتـە:بـەجۆرێك ئـەوەڕا دێتەدەسـت، کـە ژبـۆ بـەڕێوەبردنی ئەندامـە تایبەتیەکانی، چەندە لە هێزی خـۆی دەکاربکاتن ، ئەوەنـدە بۆکارکردن لە بەرژەوەندی هەموو گەل، ئەو هێزەی کە دەمێنێتەوە، کەمدەکاتن .

کەواتـــە چـــەندە کـــە ژمارەیئەنـــدامانی حکومـــەت زۆربـــن ، ئەوەنـــدە حکومەتەکـە لاوازدەبێـت و، لەبەرئـەوەش کـە ئـەم ڕێسـایە بنەڕەتیـە، بۆیەکە هەوڵی زیاتر دەدەم کە ڕونکردنەوەی زیاتری ویدەمێ .

دەتوانین کە لەکەسی دەسەلأتداردا[1]،سێ ئیرادەی تەواولەیەك جودا و جیاواز ، جیاکاری بکەین :

یەکهەم : ئیرادەی تایبەت بەخۆی، وەك تاکێك کەتەنها ڕوە و بەرژەوەند و سوودی تایبەتیخۆی ملدەنێت . دوهەم : ئەو ئیرادە هاوبەشەی نێوان دەسەلأتداران، کەتەنها گرێدراوی بەرژەوەندیی حکومەتەو،دەتوانرێت پێیبوترێت ئیرادەی دەزگا و، بەلای حکومەتەوە گشتیە و بەلای دەوڵەتیشەوە کە حکومەت بەشێکی پێکدەهێنێت ، تایبەتە . سێهەمیش: ئیرادەی گەل، یانوەکو ئیرادەی فەرمانڕەوایی(یان دەستە)، کە بریتییە لە ئیرادەیەکی گشتی، چ سەبارەت بەدەوڵەت کە بەگشتی دێتەدانان و، چ سەبارەت بەحکومەت کە بەبەشێك لە گشت، دێتەدانان .

لەسیستەمێکی یاسادانەری تەواودا ، پێویستە کە ئیرادەی تایبەت وتاکی، پووچ و بەتاڵبێتن و، ئیرادەی دەزگای تایبەت بە حکومەتیش، بەتەواوەتی پاشکوبێت و، بەدوای ئەوەشدا ئیرادەی گشتی، یان ئیرادەی فەرمانڕەوا، پێویستە کە بەردەوام بالأدەست بێت و تەنها بنکەی هەموو ئیرادەکانیدی بێتن .

بەپێچەوانەوشەوە، ئەم ئیرادە جۆراوجۆرانە ، بەپێی ڕژێمی سروشتی، چەندە چەقبەندییان زیاد بێت،ئەوەندە چالاکیان زیاد دەبێت و، لەسەرئەمەش بەردەوام ئیرادەی گشتی، لاوازتریان دەبێت و،بەدوای

---

[1] زاراوەی دەسەلأتدار لێرەدا لە بەرامبەر ( الحاکم )ی عەرەبیەکەدا، دەکارمهێناوە.لێرەداسەنجی خوێنەرانی هێژا بۆئەوەرادەکێشم کەلە وەرگێڕانەفارسیەکەدا، دەستەواژەی( هەرنەندامێکی حکومەت )دەکارهاتووە.هەروەها هێمابەوەدەکەم کەلەم جومگەیەدانزاراوەیناوبراو،دەلالەتە بۆهەمونەندامێکی دەستەلأتداری نێودەزگای حکومەت . ـ م . ص ـ .

ئەویشدا ئیرادەی دەزگاکە،[١] لێ ئیرادە تایبەتەکە بەهێزترینی هەموو ئیرادەکان دەبێتن، بەجۆرێك کە هەموو ئەندامێك لە حکومەتەکەدا، پێشئەوەی چتێکدی بێتن، خۆی دەبێتن بەپلەی دووەمیش، دەسەڵاتدار دەبێت و، پاشانیش هاوولاتیەك دەبێتن. بەشێوەیەکی راستەوخۆ، ئەوەش پلەبەندیەکی دژکار دەبێت دەگەڵئەوەی کەرژێمی کۆمەڵایەتی [٢]دەیخوازێتن .

ئەمە، بەشێوەیەك مەترەح و فراژوودەبێت کەحکومەت هەمووی لەنێودەستی یەك کەسدا دەبێت ، بەجۆرێك کە ئیرادە تایبەتەکە و ئیرادەی دەزگاکە، بەتەواوەتی یەکگرتوودەبن و، بەدوای ئەوەشدا ئیرادەی دەزگاکە، دەبێتەخاوەنی بەرزترین پلەیەك لەهێز، کەبتوانرێت بەدەستی بهێنێتن . لەسەرئەمەش کاتێك کە دەکارهێنانی هێز، پەیوەستدەبێت بەپلەی ئیرادەکەوە [٣]و، هێزی رەهای حکومەتیش، هەرگیزناگۆڕێتن، ئەوالەوەوە، ئەوەدێتەدەست کەحکومەتی تاکەکەسی، چالاکترینی حکومەتەکانە. بەپێچەوانەشەوە، کە حکومەت، بەدەسەڵاتی یاسادانەری ، یەکدەخەین و (دەستەش)[٤] ،دەکەینە فەرمانڕەوا و، لە هاوولاتیانیش ئەندامانی حکومەتڕا پێکدەهێنین، ئەوا ئیتر ئیرادەی دەزگاکە، کەلەوکاتەدا تێکەڵ

---

[١] لێرەدا بەپێویستیدەزانم ئاماژەبەوەبدەم کەزاراوەی(دەزگا) لەم وەرگێڕانەمدا ،هێمایە بۆ(دەزگای حکومەت) ـ م.ص ـ .

[٢] بەواتای سیستەمی کۆمەڵایەتی ـ م . ص ـ .

[٣] واتە ڕێژەی چەندێتی ئیدارەکە ـ م .ص ـ .

[٤] بەواتای(میر)یش دێت.لەجێگاکانی دیشدا، بەهەمانشێوە، دیارە سەردەمی نوسینی ئەم دانراوەیە سەردەمێک بووە، بەرادەو ڕێژەیەکی لەبەرچاو، ئەو پۆست و کەسایەتیانە تیایدا باوو باڵادەستبوونە، هەربۆیەکە(رۆسۆ) لەم دانراوەیدا زۆر دەکاربهێناوە، لێ دەکرێت بۆ دوای ئەو سەردەمە بەتایبەت لەئێستادا، ئەو زاراوەیە دەلالەت بێت بۆ تاکراکانی لە(سەرۆک و خاوەنبڕیارانی سیاسی و دەسەڵاتدارانیدی) ـ م .ص ـ .

بەئیرادەی گشتی بووە ، لەم ئیرادەی گشتیە چالاکی زیاتر نابێت و، بواریش بۆ ئیرادە تایبەتەکە چۆڵ دەکاتن، تائەوەی لەتەواوی هێزیدابمێنێتەوە . بەمشێوەیەش ، ئەو حکومەتەی کە بەردەوام خاوەنی هەمان هێزی رەهایە ، دێتە نزمترین باری هێزە ڕێژەییەکەی، یان کارتێکردنەکەی.

ئەم پەیوەندییانە بەدیهێنراون و، هەروەها بەهەبوونی ئیعتبار گەلێکی دیەوە کەلە پشتگیریکردنیدا بەسوودن ، بۆنمونە ئێمە دەبینین کەهەموودەسەلآتدارێك لەدەزگایەکدا زیاترین چالاکیەکی هەیە تائەوەی هەموو هاوولآتیەك لەدەزگاکەدا پێکیدەهێنێت و ، بەدوای ئەوەشدا ئیرادە تایبەتەکە ئەوەندەی کە کاریگەری لەسەر کاروکردەوەکانی حکومەت هەیە، ئەوەندە لەسەر هەڵسو کەوتەکانیفەرمانڕەوا(دەستە)،نییەتی،چونکە هەموو ئەندامێکی حکومەت تارادەیەك و بەردەوام فەرمانێکی لەحکومەتەکەدا پێدراوە، یان پێسپێردراوە ، لەکاتێکدا کە هەموو هاوولآتیەك ئەگەر بەجیا وەریانبگرین ، هیچ ڕۆڵ و فەرمانێکیان لە فەرمانڕەوایەتیدا نیە، یان پێکناهێنن . ژلایەکیدیش ، چەندە کەدەوڵەت فراوانتربێتن، ئەوەندە هێزی راستەقینەی زیاددەکاتن ، ئەگەرچیش کەئەم هێزە، بەهۆی فراونبونیەوە زیادناکات : لێ، کاتێك دەوڵەت کەوەکوخۆی دەمێنێتەوە و، ژمارەی ئەندامانی حکومەتیش، بێئەندازە زیاددەکاتن ، ئەوا حکومەت هێزێکی راستینەی گەورەتری لەوەڕا دەستناکەوێت ، لەبەرئەوەی ئەم هێزە بۆخۆی، هێزی دەوڵەتە، کەبەردەوام پێوانەکەی بەیەکسانی دەمێنێتەوە.بەمشێوەیەش هێزی ڕێژەیی حکومەت، یان

چالاکیەکەی، کەمدەهێنێت، بێئەوەی کەهێزە رەها و راستینەکەی بتوانێت زیادبکاتن .

هەروەهائەوەی کەچەندەژمارەی کارپێسپێردراوەکان،زیادبکاتن ئەوەندە بەرێوەچونی،یان ئەنجامدانی کارەکانیش هێواشدەبێتن ، چتێکی جەختلێکراوە و ئەوەش کە زیاد لەپێویست بایەخبدرێتە عەقڵخوازی، نابێتەهۆی سەرکەوتنێکی تەواو، دەرفەتەکانیش لەدەستدەچن،زۆرجاریش زیادەڕۆیی لەئاڵوویرکردن و دەستاو دەستکردندا ، بەری دەوڵەت بەفیڕۆدەباتن .

پێش کەمێك ، ئەوەم سەلماند کە چەندە ژمارەی ئەندامانی حکومەت(دەستەڵاتداران)،زیادبکاتن،ئەوەندەدەسەڵاتی حکومەت، خاودەبێتەوە، پێشئەوەش ئەوەم سەلماند کەچەندە(گەل) زۆربێت، ئەوەندە پێویستە هێزی سەرکوتکردن زیادبکاتن ، کە لێوەی ئەودەرەنجامەپەیدادەبێت کە پەیوەندی دەسەڵاتداران بەحکومەتەوە، پێچەوانەی پەیوەندی سەرپەرشتکراوانە بە فەرمانڕەواوە(دەستە)،واتەچەندە کەبارستایی(دەستە) زیادبکاتن ئەوندەش لەسەرحکومەت پێویستە کە چەقبەندتربێت ، بەشێوەیەك کەلەچاو زیادبوونی ژمارەی دانیشتوانی وڵات ، ژمارەی کارمەندانی حکومەت دەبێت کەمبکرێتەوە .

دەگەڵئەوەشدا، لێرەدا (من) تەنها ئاخاوتن لەهێزی رێژەیی حکومەت دەکەم، نەك لەسەر تەواوکردنی دەسەڵاتەکەی ، چونکە وبەپێچەوانەوە چەندەکە ژمارەی دەسەڵاتداران زۆربێت، ئەوەندەش ئیرادەی دەزگاکە لەئیرادە گشتیەکە نزیکدەبێتەوە ، لەبری ئەمەش، هەروەك پێشتر گوتم

کەخودی ئیرادەی ئەم دەزگایە، لەژێرسایەی یەك دەسەڵاتداردا، جگە لە ئیرادەیەکی تایبەت، چتێکی‌دی نابێت. بەمشێوەیەیە کە ئەوەی ژلایەك دەستماندەکەوێت، ژلایەکی‌دی لە دەستی دەدەین ، بەوەش لێهاتوویی یاسادانەر، لەزانینی دیاریکردنی ئەو پنتەی کە تیایدا ئیرادە و هێزی حکومەتەکە، یەکدەگرێتن، دەبێتە وەهمێکی بەردەوام لە هاوڕێکیەکی ئاڵوگۆڕکراودا و، لەگونجاوترین پەیوەندیی دەوڵەتدا .

# جومگە سێهەم

## (( دابەشکردنی حکومەتەکان ))

**لەجومگـــەکانی**پێشودا،دیتمان کەبۆچە بەژمارەی ئەوئەندامانەی کە لێراپێکـدێتن، جیـاوازی لــە نێـوان جـۆرە جیاوازەکـانی حکومــەت وشـێوەکانیدا، دەکـەین ، ئـیتر لـەم جومگەیـەدا، ئـەوە دەمێنێتـەوە کـە ببینینن ، چۆن ئەوە ئەنجامدەدرێت ؟

فـەرمانڕەوا لەوێسـتگەی یەکەمـدا ، دەتوانێـت کەبـە دەسـتپارێزی و دڵنیاخوازیەوە، دەسەڵاتبداتە سەرهەموو گەل، یـانوەکو بەشـی گـەورەی ، بەجۆرێك کە لەوێدا، هاوولاتیانی دەسـەڵاتدار، زۆرتـربن لـەهاوولاتیانی تاکبەنــد ــــIndividual ــــ،ئەم شـێوەیە لەحکومــەت پێیــدەوترێت دیموکراسیەت .

یــانوەکو دەتوانێــت کەحکومــەت لەنێودەســتی ژمارەیەکیکەمــدا گیربەنـدبکاتن ، بـەجۆرێك کەلەوێـدا هاوولاتیـانی تاکبەنـد زۆرتـر دەبـن لەدەســـەڵاتداران، ئـــەم شــێوەیە پێیــدەوترێت ئۆرســتۆکراتیەت، دواجــاریش دەتوانێــت کــە حکومــەت لەنێودەســتی تــەنها یــەك دەسەڵاتداردا، چەقبەندبکاتن، کەهەموو ئەوانەیدی دەسـەڵاتیان لـەوەوە وەربگـرن.ئەم شێوەی سێهەمە کـە زۆرتـرین شـێوەبلاوەکانی دەسـەڵاتە، پێیدەگوترێت پادشایەتی، یانوەکو حکومەتی پادشایەتی .

پێویستە تێبینی ئەوە بکەین کەهەموو ئەم شێوازانە ، یان لانـی کـەم، ئـەو دوانـەی یەکـەمیان، شـایانی کـەم و زیـادکردنن ، بـەڵکو تاڕادەیـەك لەهەڵســوکەوتکردندا، ئازادییــەکی فراوانیــان هەیــە، چــونکە، یــان

وەکی‌دی بڵێین بەشێوەیەك کە دیموکراسیەت دەتوانێت کەهەموو گەل بگرێتەخۆ، یان ئەوندە بەرتەسکبێت کە نیوەی بگرێتەوە، هەروەها ئۆرستۆکراتیەتیش بەجێگەی‌خۆی، دەتوانێت کەلەگرتنەخۆیدا بۆ نیوەی گەل، خۆی بێنێتەوەیەك، تائەوەی بێتەسەرکەمترین ژمارەیەك کەلەتوانادابێت، بەبیٚ دیاریکردن. تەنانەت خودی پادشایەتیش شایانی جۆرێك لەدابەشکردنە ، ئەوەبوو کە (ئیسپارتە) بەردەوام و بەحوکمی دەستورەکەی، دوو پادشای هەبووە ، هەروەها هەروەك ئەوەی کەلە ئیمپراتۆریەتی ڕۆمانیدا دیتمان، کە لەیەککاتدا، چەند ئەباتیرەیەکی‌هەبووە،کەهەندێکجاران بەیەکەوە گەیشتۆتە(٨)، ئەوە بەبێئەوەی بتوانین بڵێین کە ئیپراتۆریەتەکە دابەشبووە . بەم شێوەیە،پنتێك هەیە کەلەلایدا دەتوانین بڵێین، بەوەی کە هەموو شێوەیەك لەشێوەکانی دەسەلآت، تێکەڵ بەوشێوەیە دەبێتن کە بەدوایدا دێتن ، بەجۆرێك دەبینین کە حکومەت تەنها لەژێرئەم سیٚ ناوەیدایە کە لەڕاستیدا شایانی چەندەیە جیاواز لەشێوە دەبێتن، بەوەندەی کەلەدەوڵەتەکەدا هاوولآتیان هەبێتن .

بەڵکو، لەوێدا لەوهەی زیاتر هەیە : بەوەی کە خودی ئەم حکومەتە، لەهێندێك ڕووەوە، لەتوانایدا دەبێتن کەبۆچەند بەشێکی‌دی دابەشبکرێتن ، بەشێکیان بەڕێگایەك بەڕێوەببرێت، بەشەکەی دیش، بەڕێگایەکی‌دی، ئەوا دەتوانرێت کەلەم سیٚ شێوە تێکەڵەوە، شێوەگەلێکی ئاوێتەکراوی دی، بێتەبەرهەم کە هەموویەکێکیان بەشوێنی خۆی، شایانی دابەشبوونە ژبۆ هەموو شێوە ئاسانەکانی دی.

لەهەموو سەردەمەکاندا مشتومڕو پیلەبازیەکی زۆر، دەربارەی چاکترین شێوەکانی دەسەلات بەڕێوەچووە، بەبێ ڕەچاوکردنی ئەوەی کەهەریەکێك لەو شێوانە لەحاڵەتێکی دیاریکراودا، چاکترین دەبن و، لەحالاتگەلێکی دیدا خراپترین .

کەواتە ئەگەر پێویستبێتن ژمارەی دەسەلاتدارە بەشداربووەکان لەدەوڵەتە جۆراوجۆرەکاندا، پێچەوانانەدەگەڵ ژمارەی هاولاتیاندا هاوڕێیەك بێتن ، ئەوا ئەوە، ئەوەی بەدوادادێتن کەبەشێوەیەکی گشتی حکومەتی دیموکراتی ،بۆ دەوڵەتە گچکەکان گونجاودەبێت و، ئۆرستۆکراتیەتیش لەدەوڵەتە مامناوەندییەکان دێت و، پادشایەتیش بۆدەوڵەتە گەورەکان گونجاودەبێتن ، ئەوەش ڕێسایەکە، کە ڕاستەوخۆ لەپرەنسیپەکەوە[1]، وەردەگیرێت و وەدەستدەخرێت، لێ،چۆن بتوانرێت ئەژماری ئەودۆخەجیاوازانە بکرێتن کەدەبنە هۆی جیاکارییەکان ؟.

---

[1] واتە لەپرنسیپی دابەشکردنی حکوماتەکانەوە ـ م . ص ـ .

## (جومگە چواردەهەم)
### ((سەبارەت بەدیموکراتیەت))

**ئەوەی** کە یاسا دادەنێت، لەهەموو کەسێکی‌دی، زیاتر دەزانێت کە چۆن پێویستە جێبەجێبکرێت و لێکبدرێتەوە، کەواتە لەسەر ئەمەوە وادەردەکەوێت کەبۆ یەکگرتنی هۆردووك دەسەڵاتی کارگێڕیی و یاسادانەری، لەدەستوور باشتر، چتێکی دی نییە، لیٚ ،هەر خودی ئائەمەیە کەوادەکات ئەم حکومەتە لەزۆر ڕووەوە ناتەواوبێت،لەبەرئەوەی ئەو کاروبارانەی کە پێویستە جیاوازیان لەنێوانیان بکاتن، بەوشێوەیە نابێتن و، لەبەرئەوەش کەحکومەت و فەرمانڕەوا، بەلەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە هۆردوکیان تەنها یەکێکن، ئەگەر ڕاستبێتن کە بڵێین جگە لە یەك حکومەتی بێدەسەلات، چتێکی دی پێکناهێنن .

کەواتە، نەئەوە چاکە، کەیاسادانەر هەرخۆی جێبەجێکەریشی بێت و،نەئەوەش کە گەل، سەرنجی‌خۆی لەکاروبارەگشتیەکانەوە بگۆڕێت ژبۆ ئامانجە تایبەتیەکان ، چونکە هیچ چتێك لەوە مەترسیدارترنیە کە مەسەلە تایبەتیەکان، کاریگەرییان هەبێت لەسەر کاروبارە گشتیەکان و، خراپی دەکارهێنانی یاساکانیش لەلایەن حکومەتەوە، لەگەندەڵی یاسادانەر، زیانی کەمترە ، وەك دەرەنجامێکی جەختلێکراوی مەبەستە تایبەتیەکان، بەلەبەرچاو گرتنی ئەوەش کەلەوێدا جەوهەری دەولەت گەندەڵکراوە، کەواتە ئیتر هەموو ڕیفۆرمێك لەکردنەهاتوو دەبێت Impossible .

ئەو گەلەی کە هەرگیز دەسەڵات خراپ دەکارناهێنێت، ئەوا هەروەهاش سەربەخۆیش The independent خراپ دەکار ناهێنێتو ، ئەو گەلەش کەبەردەوام بەچاکی دەسەڵاتداریی دەکات،ئەوا پێویستی بەوە نابێتن کە حکوم بکرێتن .

ئەگەریش دەستەواژەی-گۆتراوەی — م. ص — دیموکراتیەت ، بەهەموو واتایەکی وردیەوە، وەربگرین، ئەوا دەبینیین کە هەرگیز دیموکراتیەتی راستینە، بوونی نەبووە و،هەرگیزیش بونی نابێت ، چونکە ئەوی کە پێوانەی سیستەمی سروشتییە، ئەوەیە کە ژمارە گەورەکە،دەسەڵاتداریی بکاتن و ژمارەگچکەکەش دەسەڵات کراوبێت و،ناتوانین پێشبینی ئەوەبکەین کەهەموو گەل پێکڤەرا و،بەردەوام وەك چاودێرێك لەسەر کاروبارەگشتیەکان بمێنێتەوە و، بە ئاسانیش دەتوانین ئەوە ببینین کە ناتوانرێت لەپێناوی ئەودا لیژنەگەلێك دابنرێت بەبێ گۆڕانکاری لەشێوەی ئیدارەکەیدا.

لەواقیعدا و لەباری پرەنسیپەوە ، لەوباوەڕەدام بتوانم بڵێم کە کاتێك فەرمانەکانی حکومەت لەنێوانی چەند دەزگاو دیوانێکدا دابەشبووە ، ئەوا زوو یان درەنگ ، کەمترین ژمارەیان دەستدەگرێت بەسەر گەورەترین ئەندازەی دەسەڵاتداو ئەگەرچیش ئەوە بەهۆی ئاسان ڕاپەڕاندنی ئەو کارانەوەبێت کە بەسروشتی دۆخەکە دەیانگەیەنێتە ئەوە.

ژلایەکی دیش،لەسەر ڕێی بەدیهێنانی حکومەتێکی لەوجۆرە چەند دژوارییەك بوونیان هەیە ؟ یەکەم دەوڵەتێکی زۆر گچکە دەخوازێت کەگەل تیایدا بەئاسانی بۆ هەموان بریتەڕێوە و، هەموو هاوولاتیەکیش

تیایـــدا بەئاســـانی هـــەمووهاووڵاتیانی دی، بناســـێت. دوەمـــیش سـادەییەکی گـەورە لـەمۆرك و وێژەونـەریتی دەسـتەڵاتداردا،دەبێتەهۆی ڕێگەنـەدان بەپەلپـەلبوونی کاروبارەکـان و، چونە نێو مشتومڕی پرسە ئاڵۆزەکانــەوە - گرێکوێرەکانــەوە - م .ص - . سـێهەمیش: لـەنێوان تاکەکانیـــــدا ، لەلایـــەنی یەکســـــانی و لەلایەنیبودجـــەی سـامانەوە،جیاوازییەکی هێندەلەبەرچـاو، بـوونی نەبێتن،چـونکە بـەبێ یەکسـانی لەسـامان، یەکسـانی لەمافـەکان و لەدەسـەڵاتدا،ناتوانێت کەماوەیـــــەکی درێـــــژتر بـــــەردەوامبێتن .

دواجاریش،پێویســـتەکەتاکەکانیگەل،هێندەبایەخ بەماکیاژگـــەرایی وخۆشبوێری نەدەن و، هەروەهاش بودجەی تایبەت بەوانە، تابتوانرێت کەمبکرێتـەوە، چـونکە ماکیاژگـەرایی لەسـنوور دەرچـوو،هاندەری بەدەستهێنانیسـامانە،بەوپێیەش،ماکیاژگەری، هـەم سـاماندار و هـەم نـەدارڕا گەنـدەڵ و بۆگـەن دەکـاتن ، یـەکێکیان بـە خـاوەنموڵکبوون و، ئەویدیانیش بەفریوخواستن، یان لـەئاخی بەسامانبووندا، بەمشێوەیە ئـەو خوونـەریتی ماکیاژگەریـە، مـرۆڤ والێـدەکات تـاوەکو بـەخاتری خۆپەرسـتی و سـەیرانگەری، نیشـتیمانی خـۆی بفرۆشـێتن،هەروەها هاووڵاتیـان بەرەولـە خۆبـای بـوون و گـەوژی و مێگـەلی ژیـان بردنەسـەر، دەباتن و، هاووڵاتیانیشڕا لەدەوڵەت دەستێنێت و، تائەوەی هەنـدێکیان بکاتـــە کۆیلـــەی هەنـدێکی دییـــان و هەمووشـیان بکاتـــە کۆیلـــەی هەواوهەوەسەکانیان .

ئەمەش ئەو هۆیەیە کەوایکردووە نوسەرێکی بەناوبانگ ، چاکەخوازی، بکاتە پرەنسیپی کۆمارییەت[١] ، چونکە هەموو ئەم مەرجانە، بەبێ چاکەخوازی،توانای مانەوەیان نابێتن، لێ ئەم بلیمەتە، بەهۆی ئەوەی کەجیاکاریە پێویستیەکانی کارکرد نەکردووە ، زۆرجاران لەبۆچوونەکانیدا، داخران یاوەری بووەو، هەندێکجاریش ئاسۆپرونی، وەلێ ، ناڕۆشنی لەگوتاریدا، وایلێکردووە کەبێئاگابێت لەوەی کەبەیەکسانبوونی توانای دەستەی‌دەسەڵاتدار، لەهەموو‌جێیەکدا، بەواتای ئەوەدێت کە خودی پرەنسیپەکەش پێویستە کەلەهەموو دەوڵەتێکی چاکدروستبوودا، بوونی هەبێتن ، بەڵکو لەڕاستیدا بەپلەگەلێك جیاواز بەپێی شێوەی حکومەتەکە .بابۆ ئەوەش زیاد بکەین کە حکومەتێك نیە زیاتر لەحکومەتی دیموکراتی، یان گەلی کە تائەم ئاستە بەرەوڕووی –یان لەبەردەم –م . ص – جەنگە مەردمیەکان و پەشێویە نێوخۆییەکاندا بێت، لەبەرئەوەی کە هیچ حکومەتێك نیە بە هەمانشێوەی توندملنان وبەردوامبوونی(ئەو)، ملبنێت ژبۆ گۆڕانکاری لەشێوەیداو، هیچ حکومەتێکیش نیە کەوەك (ئەو) [٢] تائەوەی لەجێگای خۆیدا جێگیرڕا بمێنێتەوە، زۆرێك لەوریایی و ئازایەتی داوابکاتن. لەبەرئەوەی کە بەتایبەتی لەمجۆرە دەستورانەدا، هاوڵاتی پێویستە کە بەهێزو پاپتەوبێت و، هەموو ڕۆژێك، لەناخی دڵیەوە، ئەو گۆتەیە بڵێت، کە یەکێك لە خاوەنشکۆ باشەکانی [٣]

---

[١] هێمایە ژبۆ (ئەفلاتۆن ) – م . ص –

[٢] مەبەست لەحکومەتی دیموکراتی وکەلیە – م . ص – .

[٣] بریتییە لەخاوەنشکۆ – Palatinی بۆسنیو باوکی پادشای پۆلۆنیاو دۆقی (لۆرین ).

پۆڵۆنیا دەیگوت (( من ئازادییەکی هاوبەندی ترسم، پێباشترو پەسەندترە، لەئاشتیەکی هاوبەندی کۆیلەیەتی )).

ئەگەربێتو گەلێك لەخوداکان هەبێتن کە دیموکراتیانە حکومی خۆی بکاتن ، ئەوا حکومەتێك خاوەن ئەم ئاستە لە پۆشتەگەری بەکەڵکی مرۆڤ نایەت .

## جوگەی پێنجەم

### ((سەبارەت بە ئۆرستۆکراتیەت))

**لێـــرەدا** دووکەسـی گوزارەییمـان [١] هەنـە کەیـەکێکیان بەتـەواوی لـەوی‌دیيان جیـاوازە، ئـەوانیش:حکومـەت وفـەرمانڕەوا(دەسـتە)ن ، لەدەرەنجامیشدا دوو ئیرادەی گشتی : کە یەکێکیان پەیوەستە بەهەموو هاوولاّتیانەوە و، ئەوی دیش تەنها بەئەندامانی ئیدارەکەوە.بەمشێوەیە وسـەرباری ئـەوەی کەحکومـەت وەکئـەوەی خۆی دەیهـەوێت، دەتوانێت ئاسایشی ناوخۆ دیسپلینڕا بکاتن ، ئەوا هەرگیز بەناوی فەرمانڕەواوە، واتە بەناوی خودی گەلەوە نەبێت، ناتوانێت کە بەرەنگاری(گەل) بکاتن، ئەمەش ئەوەیە کە پێویستە هەرگیز ژێبرمان نەچێتن .

حکومەتـە بەراییەکان،ئۆرسـتۆکراتیانە حـوکمی خۆیـان کـردووە، ئەوەبوە سەرۆك خێزانەکان، لەنێوان خۆیاندا دەستگۆڕکێی کاروباری گشـتیان کـردووە و، لاوانـیش بـەبێ ئاسـتەنگێك سـەری خۆیـان ژێبـۆ دەســـــەڵاتی ئەزموونەکـــــە دانەوانـــــدووە. ئـــــالێرەوەبووە کـەناوەکانی{ریشسـپی و سـەری‌گەورە و شـێخ و بەساڵاچـوان}[٢]، هاتونەتەدەرکەوتنـەوە و، تائێسـتاش هەمەجیـەکانی ئـەمریکای بـاکور،

---

[١] گوزارەیی، لەبەرامبەر (معنوي) عەرەبیدا، دەکارمهێناوە ـ م . ص ـ .

[٢] نەوچەمکانەن کەلەنێو پێکهاتەو کۆمەڵەخێزانی و هۆزکەرییەکاندا لەبەرامبەر کەسانی بەرپرس و خاوەنبڕیار،یان کوردکوتەنی(قسەڕۆیشتو)دا دەکاردێن ـ م.ص ـ.

لەڕۆژگاری ئەمڕۆماندا خۆیان حوکمی خۆیان دەکەن و، کاروباریشیان بەباشترین شێوە بەڕێوەدەچێت .

وەلـێ ،هەرئەوەنـده کەنایەکسـانی وئەوجیاوازیانەیکەلەڕژێمەکـەوە دەردەکـەون، جێگـای جیاوازیـە سروشـتیەکانڕا دەگرێتـەوە ، ئـیتر سـامانداری وهێـز[1]، لەتەمـەن پەسـەندتردەبن وئۆرسـتۆکراتیەتیش دەبێتـە هەڵبـژاردنیی، لەبەرئـەوەی کـە دواجـار و بەگوازتنـەوەی هێـز دەگەڵ موڵك وکەلوپەلەکاندا ، لەباوانـەوە بۆ ڕۆڵـەکان، ئۆرستۆکراتیەتی خێزانـەکان خشـتبەنددەکات، ئـیتر حکومـەتیش دەکاتـە بۆمـاوەیی و،لەبەرئەوەشـە دەبیـنین کەلـە ئەنجومـەنی پیرانـدا ئەنـدامانێکی تەمـەن بیست ساڵی هەنە.

کەواتـە لەوێـدا سـێ جـۆر لەئۆرسـتۆکراتیەت هەنـە : سروشـتی و هەڵبژاردنی و بۆماوەیی. یەکهەمیان بۆ گەلە سەرەتاییەکان دەستدەداتن و، سـێهەمیش خراپترینـی هـەموو حکومەتەکانـە، لـێ دوهـەمیان باشترینیانە ....... کەبریتیە لەئۆرستۆکراتیەت بەواتای راستەقینەی .

سەرباری ئەدگاری – ناسینەی –م .ص – جوداخوازیانەی لەنێوان هەردووك دەسەلاتەکەدا، ئەم حکومەتە ئۆرسـتۆکراتیەتە ، بەهەڵبـژاردنی ئەندامـەکانیڕا دەناسـرێتەوە[2]، چـونکە لەحکومـەتی گەلیـدا هـەموو هاووڵاتیـان دەسـەڵاتدارەکان دەهێننـەبوون، لـێ، لەژمارەیـەکی کەمـدا

---

[1] لەراستیدا وشەی ـ Optimates ـ لەلای پێشینەکان بەواتای بەهێزتردێتن، نەک باشترین .

[2] مەبەست لەجۆری دووەمی حکومەتی ئۆرستۆکراتیە ـ م . ص ـ .

گیربەندیان دەکەن و، بەهەڵبژاردنیش نەبێت نابنە دەسەڵاتدار[١].
ئەوەش ئامرازێکە کە بەو ئەندازەیەی ئەسپاردەخوازی و زانست و ئەزمون و هەموو هۆیەکانی پەسەندکاری دی،کەدەبێتەهۆی سەرکەوتنی تاك وبەدەستهێنانی ڕێز، جێگەی هەڵسەنگاندنی گشتی دەبێت، بەوئەندازەیەش دەسەڵات عەقلانیانە بەڕێوەدەبرێت .

لەسەرو ئەمانەشەوە، ئەوا کۆبوونەوەکان بەئاسانی پێکدێن و کاروبارەکانیش بەشێوەیەکی باشتر مشتومڕکاری دەکرێن و، کارەکانیش بەسیستەمیەکی زیاتر و بایەخدارتر ڕادەپەڕێنرێن و پایەداربوونی دەوڵەتیش لەلای بێگانەکان، لەرێگەی پیرگەلێکی خانەدان،زیاتربەرەوسەردەچێت،تاوەکو لەرێگەی نوێنەرانێکی ترۆ و ریسوا، کەهیچ ناوبانگێکیان لەکارباشی و زیرەکی نیە .

کورتەی گۆتن ئەوەیە : کەباشترین وسروشتیترین ڕژێمێك، ئەو ڕژێمەیە کە تیایدا ژیرترین کەسانێك حوکمی خەڵك بکەن ،دیارە کاتێك کەئەو دڵنیاییە بوونیدەبێت لەوەی کە ئەو ژیرانە،ئەگەر پشتی خەڵکەکەش بشکێنن ، ئەوا لەپێناوی بەرژەوەندیاندایە[٢].

---

[١] زۆر گرنگە،کەشێوەی هەڵبژاردنی دەسەڵاتداران بەیاساکان ڕێکبخەین : چونکە ناتوانین کەبەدووربین لەکەوتنەناو ئۆرستۆکراتی بۆماوەیی،لەرێگەیبەجێهێشتنیەوە بۆ حکومەت.هەروەك بەلایەنی هەردوو کۆماری(بندقیەو بیرن)وە،رویدا، ئەوەبوو کە یەکەمیان لەدێرزەمانەوە هەڵوەشایەوە،وەلێ دووهەمیان هەتانێستاش بەهۆی لێزانینی بێهاوتای ئەنجومەنی پیرانەکەیەوە ماوەتەوە، ئەوەش بریتیە لەجیاکارییەکی زۆر شکۆمەندانەو مەترسیدارانە .

[٢] زۆر گرنگە،کەشێوەی هەڵبژاردنی دەسەڵاتداران بەیاساکان ڕێکبخەین : چونکە ناتوانین کەبەدووربین لەکەوتنەناو ئۆرستۆکراتی بۆماوەیی،لەرێگەیبەجێهێشتنیەوە بۆ حکومەت،هەروەك بەلایەنی هەردوو کۆماری(بندقیەو بیرن)وە،رویدا، ئەوەبوو کە یەکەمیان لەدێرزەمانەوە هەڵوەشایەوە،وەلێ دووهەمیان هەتانێستاش بەهۆی لێزانینی بێهاوتای ئەنجومەنی پیرانەکەیەوە ماوەتەوە، ئەوەش بریتیە لەجیاکارییەکی زۆر شکۆمەندانەو مەترسیدارانە .

کەواتــە پێویســتە بەهیچشــێوەیەك، ســوود لەفەرمانگــە تایبەتــەکان وەرنەگیرێت و، دەهەزار کەس بۆ کارێك تەرخان نەکرێت کە سەد کەس دەتوانن بەباشترین شێوە ئەنجامیبدەن . لێ، پێویستە تێبینی ئەوهە بکەین کە لێرەدا بەرژەوەندی دەزگاکە، بەکەم کردنەوەی ئاڕاستەکردنی هێزەگەلیەکە دەسپێدەکاتن، ئاڕاستە کردنێك کە بەپێی ئیرادە گشتیەکە بێت و، ئاڕاستەیەکی دی، کە ناکرێت بخرێتە ئەولاوە، بەشێکی هێزی کارگێڕیی، لەیاساکان دەسێنێت .

بــەلآم ، ســەبارەت بــەکاروبارە تایبەتیــەکان، ئــەوا لەدەوڵــەتێکی زۆر گچــکەدا و، لای گــەلێکی زۆر ســـەرەتایی و، زۆر رێــك وراســـتیش ، پێویستە راستەوخۆ بەدوای جێبەجێکردنی یاساکاندا، ئیرادە گەلییەکە نەیــەتن ،هــەروەك لەحاڵــەتی دیموکراتیــەکی باشــداهەیە . هــەروەهاش پێویستە کەنەتەوە ئەوەندە گەورەنەبێتن بەجۆرێك کە هەموو سەرکردە خۆتــەرخانکردوەکانی دەســتەلآتکردنی، بتــوانن بڕیــاری بــایکۆتکردنی فــەرمانڕەوا دەربکــەن و دەســتدەنە ســەربەخۆبوون، تا لەکۆتایدا خۆیــان ببنەســەرکار . لــێ ، ئەگــەر ئۆرســتۆکراتیەت چاکەگەریەك کــەمتر لــەهی حکومــەتی گــەلی داوابکــاتن ، ئــەوا هــەروەهاش زیــاتر لەچاکەگەرییە تایبەتەکانی داواکاتن ، وەك دادپەروەری لـەنێوپڕیزەکانی دەوڵەمەنـدان و بــاوەڕخوازی لــەلای نــەداران ، چــونکە لێــرەدا وادەردەکــەوێت کــە یەکســـانیەکی تۆکمـــە و ورد لەشـــوێنی خۆیـــدا نـــابێتن ، بـــەڵکو لـــە (ئەسپارتە)ش، پەیڕەوپلێنەکراوە .

دەگەڵئەوەشــدا ئەگــەر ئــەم شــێوەیە، ئەندازەیــەکی دیــاریکراو لــەجیاوازی، لەســامانـدا پێویســتدەکاتن .ئــەوا بەشــێوەیەکی گشــتی،

بەدڵنیاییــەوە بۆئەوەیــە کــە ئیــدارەکردنی کاروبــاری گشــتی، بەوانــە بسپێردرێت کـە لەتوانایاندایـە زیـاد لەکەسـانی دی، کـاتی خۆیـانی ژبۆ تەرخانبکەن.کەواتەبەپێچەوانەوە،گرنگ ئەوەیە کە هەڵبژاردن ـ choos ـێکی پێچەوانە، ڕووبداتن، کە هەندێکجاران گەل فێری ئەوەبکات کەلە بوێری و نەبەزی مرۆڤدا، هۆکارگەلێك گرنگتر لەدەوڵەمەندی هەنە، ژبۆ پەسەندکردن .

# جومگەی شەشەم

## سەبارەت بە پادشایەتی

**ئێمە** تائێستا حکومەتمان، وەك کەسێکی بەرجەستەیی و کۆمەڵی لێڕوانیوە، کە بەهێزی یاسا، یەکخراوە و، لەدەولەتیشدا بەسەر دەسەلاتی کارگێرییەوە راستگرە. ئێستاش لەسەرمانە کە هەموو ئەم دەسەلاتە ــکۆکراوەی‌دەسەلاتەکە ــ م.ص ــ، لەنێودەستی کەسێکی سروشتی، مرۆڤێکی راستینەدا، لێبڕوانین ، کەهەرخۆی بەتەنها بەگوێرەی یاساکان، مافی دەکارهێنانی هەیەو، ئەمەش ئەوەیە کەبە حکومەت، یان پادشا، ناودێری دەکەین .

چونکە تەواو بەپێچەوانەی ئیدارەکانی دییەوە [1]، کەتیایاندا بونەوەر -کائن -م . ص - یکی کۆمەڵی ، یان دەستەیی نوێنەری تاکێك دەکاتن،لەم ئیدارەیەدا،تاکێك نوێنەری بونەوەرەکۆمەڵیەکە دەکاتن، بەجۆرێك ئەو یەکێتیە بەرجەستەییەی کە حکومەت پێکدەهێنێت، لەهەمانکاتدا بریتیە لەیەکێتیەکی مادی و، بەشێوەیەکی سروشتی هەموو ئەو تایبەتمەندییانەی کەیاسا بەکۆششێکی زۆر، لەوی‌دیدا کۆیدەکاتەوە ، بەکۆکراوەی لەمیشدا هەیە .

بەمشێوەیەشە کەئیرادەی‌گەل وئیرادەی حکومەت وهێزی گشتی دەولەت و، هێزی تایبەتی حکومەت، هەموویان وەلامدەری یەك هۆو دنەدەردەبن و،هەموو جولێنەرەکانی ئامێرەکە لەهەمان ئەو دەستەدا

---

[1] مەبەست لەدوو دەسەلاتەکەی دییە ، واتە دیموکراتیەت و ئۆرستۆکراتیەت - م . ص -

دەبن ، هەموو چتێکیش بۆ هەمان ئامانج دەڕواتن . کەواتە لەوێدا، بەهیچشێوەیەك ئەو بزاڤگەلە بەرهەڵستکارەی کە هەندێکی دییان تێکدەڕمێنن، بوونی‌نیە و،هەروەهالەتواناشماندا نیە، پێشبینی ئەوەبکەین، کە کامەجۆر لەودەستورانە، یان وردتر بڵێین، چ جۆرە دەستورێك هەیە، کەتیایدا کۆششێکی زۆرکەم، کارێکی زۆر گەورە بەرهەمدەهێنێتن . لەراستیدا ئەو وێنەیەی (ئەرشمیدس) کەبەبێدەنگی لەسەر کەنارێك دانیشتووە و بێهیچ خۆماندوکردنێك،کەشتیەکی زۆر گەورە بەرەو لای خۆی رادەکشێت،لەتێڕوانینی(من)دا خاوەنشکۆیەکی کارامە دەنوێنێتن کە لە نوسینگەکەی خۆیەوەڕا،دەوڵەتە فراوانەکەی حکومەدەکاتن، بەشێوەیەك کاتێك وا دەردەکەوێت کە دانیشتووە ، هەموو چتێك دەجوڵێنێتن.لێ ئەگەر لەوێدا هەرگیز حکومەتێك زۆرچالاك نەبێتن ، ئەوا هەرگیزیش حکومەتێك، کەتیایدا ئیرادە تایبەتەکە دەسەلاتێکی فراوانی دەبێت و بەئاسانیەکی زیاترەوە زاڵدەبێت بەسەر ئیرادەکانی تردا بونی‌نابێتن، بەراستی هەموو چتێك بەرەو هەمان ئامانج دەڕواتن ، لێ، ئەم ئامانجە رەها نیە و بریتیە لە ئامانجی خۆشی گشتی، هێزی ئیدارەش، هەرئەوەندە کەخۆی هەڵوەشاندەوە ئیتر زەرەر بەدەوڵەت دەگەیەنێت .

پادشاکان دەیانهەوێت کە حوکمێکی رەها بکەن و، دەنگێکی قووڵیش، ئاگاییان وێدەدات بەوەی باشترین ئامرازێك بۆئەوەی کەوابن، بریتییە لەبەدەستهێنانی خۆشەویستی گەلەکانیان .ئەم پرەنسیپە زۆرجوانە،بەڵکو لەهەندێ رووشڕا، زۆر راستە، لێ بەداخەوەبەردەوام لەدەرواری پادشاکاندا، جێگەی گاڵتەجاڕیە. ئەوەش گومانی تێدانیە،

کە ئەو دەسەڵاتەی کەلە خۆشەویستی گەلانەوە دێتن ، مەزن دەبێتن، وەلیٚ، راگوزاری و مەرجدار دەبێتن ، هەرگیزیش پادشاکان باوەڕی پێناکەن ، کەواتە باشترین پادشاکان دەیانهەوێت بەتوانابن لەئەنجامدانی ئەوکارەی کەخوازیارین و ستەمیش لەگەل بکەن، بەبێئەوەی واز لەفەرمانڕەوایی بهێنن: بێهودەیشە کە وانەدەرێکی سیاسی، ئامۆژگاری ئەوەیان بکاتن کە لەبەرئەوەی هێزی گەل، هێزی ئەوانە،ئەوا ئیتر بەرژەوەندی مەزنیان ئەوەیە کەگەل پێشکەوتووبێت – گەشەسەندوبێت –م . ص – هەروەها ژمارەی زۆربێت و خاوەن سامانێك بێتن : چونکە ئەوان زۆر بەباشی دەزانن کە ئەوە کاریگەریەکی وای نابێتن .چونکە بەرژەوەندی کەسێتیان بریتیە لەوەی: کەگەل لاوازبێتن، داماوبێت و ، هەرگیزیش لەتوانایدا نەبێت بەرەورپوییان بکاتن .

(من) لەسەرئەوگریمانەی کەدەلێت سەرپەرشتکراوان بەردەوام بەتەواوی ملکەچن ، داندەنێم بەوەی ئەوکاتە بەرژەوەندی حکومەت ئەوەیە کە گەل بەهێزبێت، بۆئەوەی ئەم هێزە لەلای هاوسێکانی سامێکی پێبەخشێتن، بەو ئەژمارەی کە ئەو هێزە، هێزی خۆیەتی [1]، وەلیٚ ،لەبەرئەوەی کە ئەم بەرژەوەندیە دووەکی و پاشکۆیە و هۆردوك گریمانەکەش دژبەیەکن، کەواتە سروشتی دەبێت کە حکومەت و پادشاکان چاکتری وپەسەندتری بدەنە ئەو پرەنسیپەی کە راستەوخۆ زۆرترین سودی وانی تێدایە . هەرئەمەش بوو کە(سامۆئیل)، بە هێزەوە بۆ عیبرانیەکانی بەرجەستەکردو، هەرئەمەش بوو کە(ماکیاڤلیلی)،

---

[1] واتە هێزی حکومەت خۆی – م . ص – .

بەئاشکرا کاری دەکرد بۆ روونکردنەوەی ،چونکە کاتێك (ئەو)، وای نیشاندەدا کە وانە پێشکەش پادشاکان دەکاتن، مەزنترین وانەشی دەدایە گەلان،بەمشێوەیە کتێبی میری ماکیاڤیللی نوسراوێکیپیرۆزە لای کۆمارییەکان[1].

ئێمە لەپەیوەندیە گشتیەکانەوە ئەوەمان دیت کە پادشایەتی ژبۆ دەوڵەتە گەورەکان گونجاو نییە و، هەروەهاش لەمیانی لێتۆژینەوەمان بۆی، لەخۆیدا دەبینین کە وەهانیە . چونکە چەندە کە کارپێدراوانی ئیدارە گشتیەکە زۆربن، ئەوا ئەوەندە پەیوەندی حکومەت بەسەرپەرشتکراوانەوە کەمدەکات و، لەیەکسانی نزیك دەبێتەوە ، بەجۆرێك کەئەم پەیوەندییە دەبێتە یەك، یانوەکو خودی یەکسانی لەدیموکراتیەتدا . ئەم پەیوەندییەش بۆخۆی چەندە کە دەوڵەت هاوکاربێت لەپتەوبوونی رایەڵەکانیدا ، ئەوەندە زیاددەکاتن و ، بەڵکو کاتێك کە حکومەت لەنێودەستی یەك کەسدابێتن،ئەوابالانسیئەورێژەیە دەگاتە ئەوپەری مەودای، کەواتەئەگەر بۆشایی نێوان حکومەت و گەل

[1] بۆ چاپی(١٧٨٢) ئەمەزیادکراوە:ماکیاڤیللی پیاوێکەسەرراست و هاوولاتیەکی چاک بووە:لێ،بەهۆی هۆگری ژبۆ بنەماڵەی(مەدیتشی)لەبارودۆخی تێکشکانینیشتیمانە کەیدا،ناچاربووە کەخۆشەویستی خۆی بۆ ئازادی وەشارێت. هەڵبژاردنیشی بۆئەو پاڵەوانە کپکراوە،بەخۆی بەسە،بۆ دەرخستنیمەبەستەنهێنیەکەی،هەروەها بەراوردکردنی پرەنسیپە بنەرەتیەکانی لەکتێبی(میر)ەکەیدا بەپرەنسیپەکانی لەگۆتراوەکانی لەسەر(تیت لیف Tite -Live )و مێژووی وی لەسەر فلۆرەنسا،ئەوە دەسەلمێنێت کەئەم سیاسیەبیرقووڵە،هەتائێستا بەختی تەنها لەخوێنەرگەلێک سەرپێیی وکەندەڵدا هەبووە . دادگای پاپاویەتیش،بەیەکجاری ئەوکتێبەی رێنەدراوکردووە، سەرەم بەوەش ناسوڕەمێ چونکە رونترین وێنەگرتنێکی گەندەڵی وی،ـ مەبەست ئەو دادگایە ــ م . ص ــ، لەراستیدا وێنەگرتنی ئەم بووە .

گەورەبوو، ئەوا ئەوکات پەیوەندی دەوڵەت بەهاوولاتیانەوە لەنێودەچێتن ، کەواتە لەپێناوی بەرهەڵداکردنی ئەو پەیوەندیەشدا هەردەبێت کە پلەوپایەگەلێك نێوکار- واتەکارمەندان ــ هیواخوازبین .بۆئەوەش خانەدان و پیاوچاکانێك بێنەکەڵك لێوەرگرتن ، بەم بارەشەوە لەوهەموو چتە،هیچیان ژبۆ دەوڵەتێکی گچکە گونجاونین ، چونکە هەموو ئەو پلەو پایانە، دەبنە هۆی تێکو پێکدانی .

وەلێ ، ئەگەر حوکمکردنی دەوڵەتێکی گەورە، گرانبێتن، ئەوا حوکمکردنی بەتەنها یەك کەس گرانترەو ، هەموو مرۆڤێکیش دەزانێت چ رودەداتن،کاتێك کەپادشا جێگرەکانیخۆی دادەنێت .

کەواتە لەوێداخەوشێکی گەوهەری هەیەو، هیچ دەربازبوونێکیش لێی نیە، ئەم خەوشە بەردەوام حکومەت پادشایەتی لەپلەیەکی خوارتریحکومەتیکۆماریدا دادەنێت ، ئەوەش بریتیە لەوەی کە لەمەی دواییاندا،تارادەیەك وای لێدێت کە دەنگی گەل، هەرگیز بۆ نێوەندەبالآکان بەرزنەکرێتەوە،مەگەر تەنها بەهۆی کەسانێکی ڕوناکبیرو بەتواناوە نەبێت، کە ئازایانە ئەو کارەدەکەن : ئەوە لەکاتێکدا کە ئەوانەی لە پادشایەتیەکاندا ئەورۆڵەدەبینن، بۆ زۆر جاران، تەنها بریتین لە گەندەڵەگچکەکان و دەهۆبازان و [1]پیلانگێڕە گچکەکان، کە بەهۆی ئەو خولیا پروپووچانەوەیان لەدەرواردا، دەگەنە پۆستە بەرزەکان و، پاشانیش هەر ئەوەندە کە دەستیاندایە کارەکانیان، ئیتر گێلیان ژبۆ جەماوەر دێتە دەرکەوتن ، گەلیش لەم هەڵبژاردەدا ــ The choos ـ زۆر لەپادشاوخاوەندەستەلات، کەم هەڵەترە، ئا لەبەرئەوەشە

[1] مەبەست لەخەڵکانی چاڵەڵکەن و داونێرەوەی ناو دەسەلآت و حکومەتەکانە - م . ص ـ .

کە زۆر بەدەگمەن لەوەزارەتی حکومەتێکی پادشایەتیدا، کەسێکی خاوەن بوێری راستینە بوونی دەبێتن ،بەهەمان ئەندازەی کەلە لوتکەی حکومەتێکی کۆماریدا پیاوێکی گێل هەبێتن. هەروەها کاتێک رێکەوتێکی بەدەگمەنی رۆژگار، جلەوی کارەکان لەحکومەتێکی پادشایەتیدا،کەبەهۆی ئەوپۆلە بەدکار و خراپە لە خەڵکی ئیدارییەوە ،خەریکەتیادەچێتن، دەداتەدەست یەکێك لەوانەی کەبۆ دەسەڵاتکردندروستکراون ، ئەوامرۆڤ لەوبنەما ریفۆرمگەراییانەی ئەو بەتەواوی سەرسام و حەپەساودەبێتن ، ئەوکاتەش کارەکانی دەبێتە قۆناغێکی مێژووی لەژیانی وڵاتەکەدا .

بۆئەوەی بتوانرێت کە دەوڵەتێکی پادشایەتی، حوکمێکی باشبکرێتن، ئەواهەردەبێت کەمەزنی و فراوانیەکەی گونجاوبێت دەگەڵ تواناکانی ئەوەی کەحوکمدەکاتن . لەراستیدا دەستەبە سەراگرتن لەحوکمکردن ئاسانترە ، چونکە بەبەرزکەرەوەیەکی ـ رافعة ـ گونجاو دەتوانرێت کەبەیەك پەنجە جیهان هەڵتەکێنیت، لێ بۆچاودێریکردنی پێویستی بەهەردوو شانی (هەرقل ) هەیە . هەرچەندەش کە قەبارەی دەوڵەت بچوکبێت،ئەوا پادشاش بەردەوام وایلێدێت کە زۆر گچکەبێت، کاتێکیش و بەپێچەوانەوە وا روودەدات کەدەوڵەتەکە، بۆ سەرۆکەکەی زۆر گچکەبێتن، کە ئەوەش کارێکە زۆر بەدەگمەن روودەداتن ، ئەوا هەروەها حوکمەکەش وادەبێتن، لەبەرئەوەی سەرۆك کاتێك بەردەوام خەریکی بەدیهێنانی هیواگەورەکانێتی ، بەرژەوەندییەکانی گەلەکەی ژێبردەچێت، سەرەنجامیش بەهۆی خراپ کەڵکوەرگرتنی لەتواناکانی،ئەوا زەرەری زیاتردەبێت لەزەرەری پادشایەك کەئەو

تواناکاریانەی نیە . کەواتە ئەگەر راستبێت بڵێین،ئەوا پێویستە کەقەڵەمڕەوی هەر پادشایەك لەدەستپێکی دەستەڵاتکردنیدا ، بەپێی تواناکانی دیارییبکرێتن، لەکاتێکدا توانا و لێوەشاوەییەکانی ئەنجومەنی پیران خاوەنی پێوانە و کارکردگەلێك جێگیرە ، دەوڵەتیش دەتوانێت کەسنورێکی جێگیری هەبێتن، بەباشی ئیدارە بکرێتن .

زیانی هەرەزۆری دەسەڵاتی تاکەکەسی، بریتیە لە لەدەستدانی ئەو زنجیرەبەندیەبەردەوامەی کەلەهەردووك سیستەمەکەیتردا، پەیوەندیەکی نەپچڕاوە پێکدەهێنێت، چونکەکاتێك کە پادشایەك دەمرێت، ئەوا پێویستە کە پادشایەکیدی بێتەشوێنی ؟ لەبەرئەوەی کە هەڵبژاردنەکان رێگە بە هەبوونی ماوەگەلێك دابڕانیی ترسناك دەداتن، کە بەدەرنین لەئاژاوەو وروژاندنە گەورەکان. ئەگەریش هاوولاتیان لەسەر ئەندازەیەك لەپاکی و سەرڕاستیەك نەبن، کەزۆر بەکەمی دەگەڵ ئەم حکومەتەدا دەگونجێت، ئەوا گەندەڵی وزۆربۆهێنانیشی بۆزیاددەبێتن، بۆکەسێکیش کە دەوڵەتی کڕیوە، زۆرقورسدەبێت کەئەمیش بەشوێنیخۆی دەوڵەت نەفرۆشێتن و، ئەو پارەیەی کە بەهێزەکان بەزۆر لەویان سەندووە،ئەمیش بەزۆر بەلاوازەکانی نەبژێرێتەوە . بەمشێوەیەش زوو یان درەنگ، هەموو چتێك لەژێر سێبەری ئیدارەیەکی ئاوەهادا دەخرێتە بەر کڕین و فرۆشتنەوە ، و لەوێشدا ئیتر ئەو ئاشتیەی کە لەژێرسایەی پادشاکاندا دەبنەخاوەنی، خراپتر دەبێتن لە ئاژاوەی ئەو ماوانەی کە تیایدا تەختی دەسەلات بەتاڵە .

بۆ دووربوون لەم خەوشانە چی ئەنجامدراوە ؟ لەخێزانگەلێك دەستنیشانکراودا تاج کراوەتە رەچەڵەکی و، سیستەمێك ژبۆ رەچەڵەکگەرایی دانراوە، کە بەهۆی مردنی پادشاکانەوە، رێ لەهەر ناکۆکییەك دەگرێت سەرهەڵبداتن . ئەوکاتە ئەو سیستەمە بەجێگرتنەوەی خەوشەکانی ماوەی سەرپەرشتیکردن، لەشوێنی خەوشی هەڵبژاردنەکان، ئارامییەکی رواڵەتی بەسەر ئیدارەیەکی لێزاندا پەسەنددەکاتن و ، گیانبازی ئەوەی کە سەرۆکگەلێك منداڵ و درندە و پەککەوتە، لەسەر خەڵکی بن، بەسەر کێشمەکێشی هەڵبژاردنی پادشاچاکەکان، پەسەند دەکاتن . ئیتر ئەوەش لەبەرچاونەگیراوە، کە بەمشێوە خۆدوچارکردنەی مەترسیەکانی ئاڵتەرناتیڤ ـ جێگیرکاری ـ م.ص ـــ وادەکەین کە هەموو دەرفەتەکان لەدژمان کۆبکەینەوە . لەراستیدا ئەو وشەیەی کە (دنیس Denis )ی لاو، هێنایەرو، زۆر لێزانانەبو، کاتێك کە باوکی لەسەرکارێکی نابەجێ، سەرزەنشتی دەکرد،باوکی پێیدەگوت:((ئایا (من) رەفتارێك وەهام کردووە، تاوەکو تۆ بەوشێوەیە بەرەنگارم بیت !))، وەڵامی کوڕەش:(( ئاخ !مەگەر باوکی ئێوە پادشانەبووە؟؟)).

هەموو دۆخەکان بۆ پیاوێك کە بۆحوکمکردنی ئەوانی دی، بەرزکراوەتەوە ، دێتەبەردەست ، ئەوەش ژبەر بێبەشبوونی لەدادپەروەری و لێزانی . وەك دەگوترێت کۆششێکی زۆر دەدرێت بۆ ئەوەی پادشا گچکەکان، فێری هونەری دەسەلاتکردن بکرێن و،واشدەرناکەوێت کەئەم فێرکردنە، سودیان پێبگەیەنێت، چونکە لەوانەیە واباشتربێت کەدەستبکرێت بەفێرکردنی هونەری گوێڕایەڵیان

.مەزنترین ئەو پادشایانەش کە مێژوو نەمری کردونە هەرگیز لەپێناوی دەسەڵاتکردندا چێنەبوونە، لەبەرئەوەی کەدەسەڵاتکردن، زانستێکە کەمرۆ دوای ئەوە نەبێت کەزۆری لێرا فێربووبێت، هەرگیز ناتوانێت کەمترین جڵەورا لەدەستنێت و ، وەرگرتنیشیرا، بەگوێرایەڵی زۆرتردەبێت لەوەرگرتنی بە فەرمانکردن ـ ئەمرکردن ـ م.ص ـ.

ناجێگیری حکومەتی پادشایەتی لەئەنجامی ئەم کەمهێنانەیە لەخۆگرتوویدا –دەستبەندی –م . ص – کەواتە ئەو کەجارێك ئەم ڕێگایە دەگرێتەبەر و، جارێکی دیش، یەکێکی دی، بەپێی مۆرکی پادشای دەسەڵاتدار، یان کەسە دەسەڵاتدارەکان ، ئەوا نە دەتوانێت بەدوای ئامانجێکی جێگیردا، زۆر بڕوات و، نە لەسەر نەریتێکی لۆژیکیشرا،دەتوانێت بمێنێتەوە:هەر هەڵگەڕانێك بەردەوام وادەکات کەدەوڵەت لەپرەنسیپێکەوە ژبۆ پرەنسیپێکی دی و،لەپرۆژەیەکەوە ژبۆ پرۆژەیەکیدی،جوڵاوبێتن ـ ناجێگیربێتن ـ م.ص ـ، ئەوەش بارێکە لەو حکومەتانەی دیدا، کەتیایدا بەردەوام پادشا هەرخۆیەتی ، هیچ جێگەیەکی نابێتن . هەروەها بەشێوەیەکی گشتی، دەبینین کە ئەگەر لەدەرواردا [1] نەفامی زیاتربێت ، تاکو لەئەنجومەنی پیراندا، ئەوا لەم ئەنجومەنەشدا، لێزانی ـ حیکمەت ـ م.ص ـ، زیاتر هەیە تاوەکو لەدەرواوداو،کۆمارییەکانیش بەدیدگەلێك زۆر جێگیر و بەدواچونێکی باشتردا، بەدوای مەبەستەکانیان دەچن ، لەکاتێکدا کە هەرشۆڕشێك لەناو وەزارەتدا، شۆڕشێکی لەناو دەوڵەتدا،لێپەیدا دەبێتن ، لەبەرئەوەی کەئەوپرەنسیپە هاوبەشەی نێوان هەموو وەزارەتەکان و، بەڵکو

---

[1] مەبەست لەکۆشکی حکومڕانی پادشایەتیە ـ م . ص ـ .

تارادەیـــەکیش نێـــوان هـــەموو پادشـــاکان، بریتیـــە لـــە نـــاکۆکبوون بەپێشـینەگەری لەهەموچـتێکدا . هـەروەهاش لـەخودی ئـەم پەیوەنـدی لەدەســتدانەوە، ئــەو سەفســەتە زانــراوەی سیاســیە پادشــاییەکان، چێدەبێتن، کە بریتیە لـەوەی تـەنها بەبەراوردکردنی حکومـەتی مـەدەنی بەحکومـەتی خێزانـی و، پادشـا بەخاوەن خێـزان ، بـەس نـابن، ئـەوەش هەڵەیەکـە پێشـتر دراوەتـەدواوە، بـەڵکو هەروەهابەسـەخاوەتەوە هـەموو چـاکیەکانی، کــە دەتوانرێــت پێویســتی پێیبــێتن، دەدەنــەپاڵ ئــەم دەسەلاتدارە و گریمانەی ئەوەش دەکـەن کە بـەردەوام پادشـا، ئـەوەبێتن کـە پێویسـتە ببـێتن : ئـەوەش گریمانەیەکـە، کەبەهۆیـەوە و بەراییانـە، حکومەتیپادشایەتیبەسەرهەرحکومەتێکیتردابەســــــــەندتردەبێت ، لەبەرئــەوەی بێئەملاوئــەولا بــەهێزترینی حکومەتەکانــەو هــەروەهاش بۆئــەوەی کەببێتــە باشــترینیان، هیچــی کــەمنابێتن، جگــە لــەئیرادەی دەزگایەك کەزۆرتر گونجاوبێت دەگەڵ ئیرادە گشتیەکەدا .

وەلـێ ، ئەگەرپادشـاکە،بەسروشـتی خـۆی کەسـێکی نادروسـت بێـت و بەدەگمەن بوونی هـەبێت، هـەروەك (ئـەفلاتون ) دەڵێتن[1]،ئەوا چـەندجار دەبێـت، کەسروشـت و بـەختی، بۆ تـاج لەسـەرنانی، بـاش بەردەستبێتن و،ئەگــەریش پــەروەردەی پادشــایەتی،جگەلــەوەی گەنــدەڵیانبکاتن،چ دەرەنجــامێکیدی نــەبێتن ، ئــەوا پێویســتە چ هیوایــەکمان هــەبێتن لەزنجیرەیەك لەو پیـاوە بەدوای یەکداهاتوانەی کەبۆ حوکمکردن، لەبەر فێرکـردن وپـەروەردەکرنێکی بالادابوونـە ؟ تێکـەڵکردن لـەنێوان حـوکمی پادشـایەتی و حـوکمی پادشـا، ئـەوە بـەخۆی بریتیـە لەبەدەسـتی خـۆ

---

[1] Incivili.

خۆڕاخستنە هەڵەوە . کەواتە بۆ ئەوەی بزانین کە حکومەت لەخۆیدا چیە، ئەوا پێویستە لەسایەی پادشاکورتبین و دڵڕەقەکانەوە لێیڕا بڕوانین ، چونکە ئەوان وەك ئەوەی کەهەن، دەسەلآت دەگرنەدەست، یان ئەوەی کە دەسەلآت وایان لێدەکاتن .

ئەم گرفتانە لەدیدبیینی نوسەرە تیۆریەکانماندا، ون نەبووە ،لێ، ئەوان هەرگیز پێوەیڕا خەریك نەبوونە، کەواتە هەروەك دەڵێن ، چارەسەرەکە بریتیە لەگوێڕایەڵیکردن بەبێ پرتەوبۆڵە. خودا لەتوڕەبوونیدا پادشاخراپەکان دەنێرێت و، پێویستیشدەکات کەلەئاسمانەوەڕا سزایەك وەرگرن، گومانیشی تێدانیە کە ئەم گۆتنانە بۆ گۆشکردنی ئیدیاکان،کاریگەرە، لێ نازانم کە ئەگەر گوتاردان لەسەر تریبیونەکانەوەڕا، زیاتر گونجاوتر نەبێتن لە بە ڕاپۆرتکردنی لەکتێبێکی سیاسیدا . چیش بڵێین سەبارەت بەو پزیشکەی کە بەڵێنی موعجیزەکاری دەدات و، کەچیهەموو کارامەیی وشارەزاییەکەشی ئەوەیە کەهانی نەخۆشەکەی بدات کە خۆڕاگربێتن ؟.

باش دەزانین کەلەسەرمانە دەسەلآتێکی خراپڕا،لەسەرخۆگرین کاتێك کە دەبێت بەتوشمانەوە، لێ ، پرسەکە لەپەیداکردنی دەسەلآتێکی باشدایە .

# جومگەی حەوتەم

## سەبارەت بەحکومەتە تێکەڵەکان

**هەرگیز** و بەواتای وشە، حکومەتی سادە و ساکار بوونی نیە ، چونکە هەردەبێت کەتاکی سەرکردە ـ سەرۆك ـ م.ص ـ، دەسەلاتدارانێکی پاشبەندی هەبێت، حکومەتی گەلیش پێویستە کە سەرۆکێکی هەبێت. ئابەمشێوەیەیە کەبەردەوام دەبێت لەدابەشکاری دەسەلاتی کارگێڕیدا، پلەبەندییەك لەژمارە گەورەکانەوە ژبۆ گچکەکان هەبێت، دەگەڵ ئەم جیاوازیەشدا ژمارەگەورەکان، جارێك پەیوەستن بەگچکەوە و جارێکی دیش، گچکە پەیوەستدەبێت بەگەورەکەوە .

هەندێکجار دابەشکارییەکی یەکسان، لەوێدا دەبێت، ئیتر ئەوە چ لەوکاتەدا بێت کە بەشە پێکهێنەرەکان، لەحالەتی پاشکۆییەکی ئالۆگۆڕکراودا دەبن،هەروەها ئەوەی لەحکومەتی ئینگلتەرادا بوونی هەیە،یانوەکو چ لەوکاتەدا کە هەموو بەشێکی دەسەلاتەکە سەربەخۆدەبێت-لیّ بەشێوەیەکی تەواونا - هەروەك لەحالەتی (پۆلۆنیا)دا، ئەم شێوەیەی دواییان خراپە ، لەبەرئەوەی هەرگیز یەکێتی لەحکومەتەکەدا،بینانابێت و دەوڵەتەکەش تیایدا لەڕایەڵ بەندیی - پەیوەستداریی - م . ص - بێبەشە .

کەواتە، کامە جۆریان پەسەندترە : حکومەتی سادە، یان حکومەتی تێکەڵ ؟ ئەمە پرسیارێکە جێگەی مشتومڕێکی گەورەیە لەنێوسیاسیەکاندا و، هەردەبێت بەهەمان ئەو وەلامەی کە پێشتر

سەربارەت بەهەموو شێوەیەکی دەسەلآتکردن، وەلآمم وێدایەوە ، وەلآمی وێدرێتەوە .

حکومەتی یەکپارچە لەخۆیدا لەبەرئەوەی‌کەیەکپارچەیە ، باشترین جۆری حکومەتەکانە، لیٚ، کاتێك کەدەسەلآتی کارگێڕیی بەشێوەیەکی تەواو پەیوەستنابێت بەدەستەلآتی یاسادانەریەوە و گوێڕایەلٚی‌نابێتن ، واتە کاتێك کەتواناداری‌حکومەت لەبەرامبەر تواناداری فەرمانڕەوادا،سەروتردەبێت لەوەی نێوان حکومەت و(گەل)دا هەیە ، ئەوا پێویستە کە بەدابەشکردنی دەسەلآت، کاربکرێت بۆ چارەسەرکردنی ئەم ناڕێکیەی کەلەم ڕێژەیەدایە، ژبەرئەوەی کەدەسەلآتی هەموو بەشەکانی حکومەت، لەچاو سەرپەرشتکراوان،هێزوتوانای کەمترنابێت،وەلیٚ،دابەشکردنی تواناداری،ئەوە پێویستدەکات کە ئەو گشتە لەبەرامبەر فەرمانڕەوادا، خاوەن هێزێکی‌کەمتربێتن . یان وەکی‌دی بلٚێین لەکاتێکدا کە دابەشکردنی دەسەلآتەکە، کەم هێزتری دەکاتن ، وەك ئەوەی کە پێکەوەڕابێتن، ژهەمبەری فەرمانڕەوادا .

هەروەها، بەدانانی دەسەلآتدارانێك ـ کاربەدەستانێك ـ نێوکار، کاردەکرێت ژبۆ دوورکەوتنەوە لەهەمان ئەو زیانە،ئەم کاربەدەستە نێوکارانە،پێکهاتەی یەکپارچەیی حکومەتڕا ناهێننە گۆڕین،بەلٚکو تەنهادەبنەهۆی بەدیهێنانی وەکیەکی و هاوسەنگی لەنێوان هۆردووك دەسەلآتی کارگێڕیی و یاسادانەری و بەلٚکو لەپاراستنی مافی هەرکامێکیان . لەو کاتەشدا حکومەتەکە تێکەلآو، نابێت بەلٚکو لەنێوان

هێــزی ئــەودوو دەســـتەڵاتە دا ، دەســـتەڵاتێکی یەکســـان و وەکیـــەك دێتەبوونەوە .
هەروەها دەکرێت بەئامرازگەلێك وێکچوو، ئەم زیانە دژە – دژە زیـان – م . ص – پـەی پێبـەرین ، کـاتێکیش کـە حکومەتەکـە تاڕادەیـەکی زۆر هەڵوەشـاوە دەبـێتن، ئـەوا هـەردەبێت دادگاگـەلێك ژبـۆ چـەقبەندکردنی دابندرێتن . ئەمەش لەهـەموو دیموکراتیەکانـدا بەڕێوە دەچێتن . کەواتـە لەحالـەتی یەکهەمـدا حکومەتەکـە دابـەش دەکرێـت بـۆ لاوازکردنـی و، لەحالــەتی دووهەمیشــدا بــۆ بــەهێزکردنی دابەشــدەکرێت . چــونکە لەحکومەتە سادەکانیشدا، هۆردووك ئاستە ئەوپەڕیەکەی هێز و لاوازی، بونیـــان هەیـــە ، لەکاتێکـــدا کـــە شـــێوە تێکـــەڵکراوەکان، هێزێکـــی مامناوەندیرا دەدەنەدەست .

# جومگەی هەشتەم

## سەبارەت بەوەی کە هەر دەسەڵاتێك بۆهەموو وڵاتێك گونجاونیە

**لەبەرئـــەوەی** کـە ئازادی بەرێکـە، کـە لەهـەموو ژینگەکانـدا بەرهـەم نایـەتن ، کەواتـە لەدەسـت هـەموو گەلانیشـدا نـابێتن ، وچـەندەش لـەم بـاوەڕەی کــە(مۆنتسـکیۆ) داینــاوە، تێــڕامێنین، ئەوەنــدە هەســت بەراســتباری دەکــەین و، چــەندە کــە بەرهەڵســتی بکــەین ، ئەوەنــدە بەبەڵگەگەلێك نوێوە، بوار بۆ بڕیارلەسەردانی خۆشدەکەین .

لەهــەموو حکومەتــەکانی جیهانــدا، کەســی گشــتی، بێئــەوەی چــتێك بەرهـــەمبهێنتێت ، دەکـــاردەهێنێتن، کەواتـــە لـــەکوێوەڕا، مـــادە دەکارهێنراوەکـــە بەدەســـتدەهێنێتن ؟ لـــەکاری ئەندامەکانیـــەوەڕا . ئەوەکاری زیادەی تاکەکانە، کە پێویستی جەماوەر بەرهـەم دەهێنـێتن و، لەمەشــەوەڕا ئــەوە دێتەدەســت، کــە حاڵــەتی مــەدەنی ناتوانرێــت بمێنێتــەوە، تــەنها بەئەنــدازەی ئــەو زیادەیــەی کــاری خــەڵکی نــەبێت لەپێویستیەکانیان .

هەرواشە، ئەم زیادەیە لەهەموو وڵاتانی جیهانـدا وەك یـەك نیـە ، بـەڵکو لـەزۆرێك وڵاتـدا، زۆرزۆرە و لـەوڵاتانێکی دیـدا کەمـەو، لەوڵاتگەلێکیشـدا هەرنیە و، لەهەندێك وڵاتیشدا نێگەتیڤە . ئەم پەیوەندیە لەسـەر بـەپیتی ژینگەکــە و جــۆری ئــەوکارەی کەزەویەکــە دەیخوازێــت و سروشــتی بەرهــەمهاتوەکانی و هێــزی دانیشــتوانەکەی، رادەوەســتێت و، لەســەر زۆری، یــان کــەمی دەکارهێنــانی پێویســتیان و، لەســەر هۆکارگــەلێك وێکچوویدی لەپێکهاتنی ئەو پەیوەندیەدا کارلێکەرە .

لەلایەکی دیش، هەموو حکوماتەکان یەك سروشتیان نیە ، چونکە هەیانە، کەم یان زۆر بەڵادارترە ، هەروەها جیاوازییەکان لەسەر ئەم پرەنسیپەی دیش، بونیاددەکرێت : کەبریتیە لەوەی چەندەکە باجەگشتییەکان، لەسەر چاوەکانیانەوە دورترین ئەوەندەش قورس و گران دەبن . ئەم بارگرانیە کەبەچەندێتی سەپێندراوەکان نایەتە پێوانەکردن، بەڵکو لەسەر ئەو ڕێگەیەی کە پێویستە بیگرێتەبەر، تاوەکو بگەڕێتەوە نێو ئەو دەستە، کە لێوەی دەرچووەو، کاتێکیش کە ئەم سووڕە – گەڕە– م .ص – خێرادەبێت، لەسەر بنچینەیەکی دروست دادەمەزێت، ئەوا ئەوکاتە دانەکە، زۆر بێت یان کەم، گرنگ نابێت،چونکە ئەوە هەر گەلە کە بەردەوام دەوڵەمەند دەبێت و، بەردەوامیش باری مادی بەباشی دەڕوات بەڕێوە و، بەپێچەوانەشەوە ئەگەرچیش ئەوەی کە گەل دەیداتن، کەم بێت ، ئەوا کاتێك کەئەم کەمەی هەرگیز بۆی ناگەڕێتەوە ،بەردەوام بەوەرگرتن ـ **العطاء** ـ م.ص ـ ژێرپێ دەنرێتن ، ئەو کاتەش هەرگیز دەولەت، دەوڵەمەندنابێت و، گەلیش بەردەوام، نابڕوا دەبێتن .

لەسەرئەوە، ئەوە پێکدێتن کە تاوەکو ماوەی نێوان گەل و حکومەت،زیادبکاتن،ئەوەندە باجەکان قورستردەبن.بەمشێوەیەشە کە لەدیموکراتیەتدا، گەل بارسوکتر دەبێت و، لەڕژێمی ئۆرستۆکراتیشدا بارەکانی زیاتر دەبێت ، لێ ، لەپادشایەتیدا قورسترین بار، دێتە کۆڵی . کەواتە ڕژێمی پادشایەتی تەنها بۆ نەتەوە دەوڵەمەندەکانڕا گونجاوەو ، ئۆرستۆکراتیەتیش بۆ دەوڵەتانی کەم سامان و، هەروەها رووبەر بچووك و ، دیموکراتیەتیش بۆ دەوڵەتانی دەوڵەمەند و هەژار .

لەواقیعدا ، چەندە ئێمە لەم کارە تێڕامێنین و وردبینەوە، ئەوا لەنێوان دەوڵەتە ئازادەکان و پادشایەتیەکاندا[١]، جیاوازی دەبینین، بەمشێوەیە: لەدەوڵەتانی ئازاددا، هەموو چتێك بۆ بەرژەوەندی گشتیڕا دەکاردێتن ، لێ، لەپادشایەتیەکاندا ئەوا هێزە گشتی و تایبەتەکان ئاڵوگۆڕکراودەبن و، هەرکامێکیان بەلاوازی ئەوی‌دییان زیاددەکاتن . لەکۆتایشدا لەجیاتی ئەوەی کەدەسەڵاتی سەرکوتگەری،بۆئەوەحوکمی سەرپەشتکراوان بکاتن کە بەختەوەریانبکاتن، ئەوا(ئەو)، بێدەرەتانیان دەکاتن، تاوەکو بتوانێت حوکمیان بکاتن .

بەوەستان لەسەرئەوەش،لەهەر هەرێمێکدا، هۆکارگەلێك سروشتی بوونیان هەیە، کەبەهۆیانەوە دەتوانین شێوەی حکومەتەکەی دیاریبکەین[٢]و،بەڵکو تەنانەت جۆری ئەو دانیشتوانەش دیاربکەین کە پێویستە تیایدا بژین. ئەو شوێنە وشکوبرنگانەی کە چەند هەوڵیان تیابدرێت بەرهەمێکی وای نابێت، پێویستە کە بەنەچێنراوی بمێننەوە، یانوەکو جگە لە دڕندەکان، کەسی دی، تیادا دانەنیشێت. ئەو جێگایانەش کە کارکردنی خەڵك تیایدا، تەنها ئەوەی لێوەدێنێتەدەر کە زۆر پێویستبێتن، پێویستە کە بەگەلانی بەربەری نیشتەجێبکرێتن و، هەموو سیاسەتێکیش تیایدا،لەکردەنەهاتودەبێت - impossible م.ص ـــ. ئەوجێگایانەش کە تیایدا بەرهەمی کارکردن، تەنهابەشی بەرزکردنەوەی خواستەکانی دەکاتن، ئەوانە بۆ نیشتەنیبوونی گەلانی نیمچەدڕندە گونجاون، لەبەرئەوەی کە پەیدابوونی هەر شارستانییەك

---

[١] مەبەست لەدەوڵەتە شانشینەکانە ـ م . ص ـ .

[٢] گەراندنەوەی شێوەی نەودەسەڵاتەی کەهێزی‌ژینگەکە رایدەکێشێت ـ م.ص ـ.

لەسەر ئەمجۆرە سەرزەمینانە ، لەتوانادانیە. لیّ، ئەو سەرزەمینانەش، کەزیادەکار تیایاندا، زۆرزۆرنیەو،بەرامبەرو یەکسانە، ئەوانە دەبێت بەگەلانیئازاد تایبەتبکرێن و،ئەوانەش کەتیایاندا زەوی چێنراو، بەپیت و بەرهەم زۆرە و،رووبەریان فراوانەو، لەبەرامبەر کارێکی کەمدا دەستکەوتی زۆر دەدەنەدەست ، ئەوا پێویستە کە بەوگەلانە تایبەتکرێن کە حەزیان لەوەیە حوکمی پادشایەتییان هەبێت ، تاوەکو زیادە دەستکەوتی سەرپەرشتکراوان، بۆ خەرجی رابواردنەکانی پادشا بێتە تەرخانکردن !، چونکە واباشترە کە حکومەت ئەم زیادیەڕا بمژێت ،تائەوەی تاکەکان پەرشوبلاوی بکەنەوە – یاری پێبکەن – م . ص – دەشزانم کە جیاکارگەلێك هەنە ، لیّ خودی ئەم جیاکاریانە، لایەنگریی لەبنەڕەتە رێساییەکە دەکەن، بەوەی کە زوو، یان درەنگ، ئەو شۆرشانە بەرهەمدێنێت کە کاروبارەکان دەگێڕنەوە بۆ سیتەمی سروشتی .

بەردەوام پێویستە جیاوازی بکەین لەنێوان یاساگشتیەکان و، ئەو هۆکارە تایبەتیانەی کە کاریگەرییان راستدەکەنەوە، کەواتە کاتێك تەواوی ناوچەکانیباشوور حکومەتی کۆمارییان تیادا پیادەبێت و، باکوریش، هەمووی دەوڵەتگەلێك سەرکوتگەر بێت ، ئەوا راست دەبێت کە بەکارتێکردنی ژینگە ، سەرکوتگەری بۆ وولاتەگەرمەکان گونجاو دەبێت و، بەربەریەتیش بۆ وڵاتە ساردەکان گونجاو دەبێت، سیاسەتی لێزانانەش، بۆ ناوچە نێوەراستەکان دەستدەداتن . هەروەها لێرەدا ئەوەشم بەخەیاڵدا دێت کەدەگەڵ داننان بەم پرەنسیپەدا، دەکرێت کە پیلەبازییەك دەربارەی پراکتیزەکردنەکەی بوروژێندرێت: چونکە لەوانەیە بگوترێت کە وڵاتگەلێك سارد هەن ، کەچی زۆر دەوڵەمەند و،

وڵاتگەلێکی باشوریش زۆر برنگن ، لیٚ، ئەم گرفتە تەنها لەلای ئەوانە گرفتە کەکارەکە بەسەر هەموو رووەکانیدا هەڵناگێڕنەوە . کەواتە هەروەك پێشتر گۆتم، هەردەبێت هۆکارەکانی کار و هێز و دەکارهێنان و.... هتد لەبەرچاوبگرین .

باوای‌دابنێین کەدووپارچەزەوی یەکسانن: یەکێکیان (٥) بەرهەمدێنێت و،ئەوی‌دیيان (١٠)،کەواتە ئەگەر دانیشتوانی یەکهەمیان،(٤)دەکاربهێنن و،دانیشتوانی دووهەمیش(٩)، ئەوا زیادەی‌بەرهەمهێنانی یەکهەمیان،(١|٥)دەبێت و،زیادەی دوهەمیشیان(١|١٠)دەبێت. لەبەرئەوەش کەپەیوەندی نێوان هۆردووك زیادەکە، پەیوەندییەکی‌پێچەوانەیە،کەواتە ئەوزەویەش کەتەنها(٥)بەرهەمدێنێت،دووئەوەندەی ئەوزیادەیە دەدات، کە زیاد دەبێت لەوپارچەیەی(١٠)بەرهەمدێنێت .

وەڵێ،پرسەکە هەرتەنها پرسی بەرهەمێکی دووهێندەکراو نیە و، بەشێوەیەکی گشتیش باوەڕناکەم یەکێك هەبێتن بوێری بکات بەپێتی وڵاتەساردەکان،بە بەپێتی وڵاتەگەرمەکان یەکسانبکاتن. دەگەڵئەوەشدا باگریمانەی ئەوەبکەین کەئەم یەکسانیەباڵادەست بێت ،واتەبمانەوێت کەبەرهەمی{ئینگلتەرە} لەبەرامبەر {سەقلیە}دا ،لە تەرازویەکدا دابنێین و،{پۆڵۆنیا}ش ژهەمبەری{میسر}.ئەگەر بەرەو باشوور بچینەناوەوە ،ئەوا {ئەفریقیا}و{هیند}دەبینین و، ئەگەر بەرەو سەرەوەی باکووریش چوینەناوەوە،ئەوابەیەکجاری چتێك بەدی ناکەین. کەواتەبەگریمانەی راستی یەکسانی بەرهەمهێنان لە دوو وڵاتی یەکهەمدیاندا، چ جیاوازییەك لەکشتوکاڵدا بەدیدەکەین، کەلە

{سەقەلیە} تۆوکاری،یان چاندنی زەویەك،چاڵکردنێکیکەمی زەویەکە زیاتر، چتێکیدی پێویستناکات و،چەندەش چاندنی زەویلە{ئینگلتەرە} پێویستیبەرەنجی زیاترە؟!. لەسەرئەمەشرا ، کاتێك کەزەویەکە بۆپێدانی هەمان بەرهەمداریی،هاوکارییەکی زیاتر داوادەکات،ئەواهەردەبێت، بەپێویستەگی کەزیادەکە، کەمتر بێتن .

سەرباریئەوەش،باتێبینیئەوەبکەین، کەرێژەی دەکارهێنانی کەرەستەیخواردەمەنیلەلایەن خەڵکی وڵاتەگەرمەکانەوە ، زۆرکەمترەلەهی خەڵکی وڵاتەساردەکان، چونکە ژینگەی یەکهەمیان ، ئاوها لەخەڵکەکەی دەخوازێت، کەژبۆ پاراستنی تەندروستیان میانڕەوبن:ئەوروپاییەکانیش دەزاننکەئەگەربەوسیستەمەپەیڕەوکراوەیواردنیانەوەلەوڵاتەگەرمەکاندا بژین،ئەواهەموویان دووچاری سکچوون وبەدهەرسی دەبن، واتەهەموویانبەهۆی(دۆسنتاریا)وخراپهەرسکردنەوەدێنەلەناوچوون. هەروەك{شاردان} دەڵێت: ((بەبەراورد دەگەڵ ئاسیاییەکاندا ، ئێمە ئاژەڵگەلێکین، کەنیبالیزەین،گورگین.هەندێکیان میانڕەوی فارسەکان دەگەڕێننەوە، ژبۆئەوەی کەوڵاتەکەیان کەمبایەخدەداتە کشتوکاڵ،بەپێچەوانەوە(ئەز)لەوباوەڕەدام کەوڵاتەکەیان مادەی خواردەمەنی کەمتر تیادایە ـ لەبەرئەوەیپێویستی دانیشتوانەکە کەمترەبۆی ـ . ئەگەربهاتبایە،میانڕەویان لەخواردەمەنیدا بەهۆی برینگبوونیوڵاتەکەوەبوایەو،ئەواجگەلەونەدارانەی کەمێك دەخۆن،کەسیدی تیادا نەدەبو، لەکاتێکدا کەهەموویان بەشێوەیەکی گشتی،کەمدەخۆن،ئەوا وادەبوو کەرێژەیخواردن، لەهەموو هەرێمێکدا

بەپێی بەپیتی هەرێمەکە، زیادوکەم بکاتن،لەکاتێکدا کەئەو میانڕەویەلەخواردندا لەهەموو ناوچەکانی شانشینیەکەدا،بەیەك شێوەباوی‌هەیە.ئێرانیەکان لەشێوازی ژیانیان زۆر رازین و،دەڵێن کەبەسە بۆمرۆ تابڕوانێتە رەنگی دەموچاویان و، ئیتر بۆی‌دەرکەوێت کەتاچ ئاستێك لەرەنگی دەموچاوی مەسیحیەکان چێترە. بەراستیش رەنگی پێستی فارسەکان، هەر یەکە ، چونکە پێستیان جوان و نەرم و لوسە، لەکاتێکدا پێستی ئەو ئەرمەنانەی بندەستیان ، کەوەك ئەوروپیەکان دەژین ، زبرەو پڕە لەزیبکە و جەستەشیان قەڵەو و دوگنە.

تاوەکو لەهێلیٚ یەکسانیرا[1] نزیکوەبین، ئەوە دەبینین کە مرۆڤان بۆدرێژەدانی ژیان،کەمتر بەلای خواردندا ئارەزوویان هەیە ، بەجۆرێك وادەردەکەون کە هیچ گۆشت ناخۆن و، خواردنی بەردەوامیان بریتیە لەبرنج وگەنمەشامی و نیشایە ، بۆ نمونە لە وڵاتی هندستان ملیۆنان مرۆڤ ، خواردنی هەریەکێکیان لەرۆژێکدا قرشێکی[2]تێناچێت و ، ئێمەش لە خودی‌ئەوروپادا جیاوازیگەلێك هەستپێکراو لە دڵبۆبردن ـ حەزلێکردن ـ م.ص ـ لەنێوان گەلانی باکور و خەڵکی خوارودا ، بەدیدەکەین . لەوانەیە کە ئەوەی ئەڵمانیەك بەیەك ژەم دەیخواتن ، ئیسپانیەك بەهەشت رۆژ بیخواتن ، هەروەها لەو وڵاتانەشدا کە خەڵکی تیایاندا، زۆر شەڕەنگیز و بە بەلاٚن، کەشخەیەتی ژبۆ کاروبارێکی دەکارهێنانی دەگۆڕێتن. بەمشێوەیە لەئینگلتەرە مێزی خوانەکانیان بەبابەتی گۆشت دەرازێتەوە ، لەئیتاڵیاش بەگوڵ و شەکرەمەنی[3].

---

[1] ئاماژەیە بۆ ئەو هێلەی کەگۆی‌زەوی‌دەکاتەدووبەشەوە ـ م.ص ـ .

[2] بچوکترین یەکەی پارەی دەکارهێنراوە لەووڵاتانێکی وەك (سوریا لوبنان ..... ) وەك (فلس )ی جارانی پارەی عێراق ـ م . ص ـ .

[3] مەبەست لەبابەتی شیرەمەنی وەك بسکیت و چۆرەك و برمە و هتد .. ـ م . ص ـ .

هەروەها کەشخەیەتی جلوبەرگیش، هەمان جیاوازیگەلێك دەردەخاتن ، ئەوەتە لەو ژینگانەی کە تیایاندا، وەرگۆڕانی وەرزەکانی ساڵ، خێراوتوندکارە، خەڵکی جلوبەرگی سادەو باشتر بەکاردەهێنن و، لەو ولاٚتانەشدا کە خەڵکی تەنها بۆ جوانکاری بەرگدەپۆشن،بەجۆرێك ئەوەندەی کەبۆ خۆدەرخستنە بۆ کەڵکوەرگرتن نیە ، خودی بەرگەکانیش بابەتێکی کەشخەیەتی دەبێتن . بۆ نمونە لە (ناپۆلی )[1] هەمووڕۆژێك، دەبینین خەڵکی لە ( پۆزیلیپی Pousilippe) سەیران دەکەن و، بەبێ گۆرەوی چاکەتە نایابەدرێژەکانیان هەڵکێشاوە ، هەمان چتیش سەبارەت بەبیناو خانووەکان دەچەسپێت، چونکە کاتێك خەڵکی ترسی کەشوهەوایان نابێت ئیتر هەموو بایەخیان دەچێتەسەر رازاندنەوە و کەشخەچێتی، بۆ نمونە لە(پاریس ولەندەن)، حەزدەکەن لەگەرمی و ئارامیدا بژین، کەچی لە (مەدرید)، بایەخدەدەنە ساڵۆنە گەورەکان ، کەهیچ دەربا ـ Window ـ م.ص ـ یێکی نیە کە دابخرێت، بۆیەکە هەروەك ئەوەی لەکونەمشکێکدابن تیایدا دەخەون .

خواردنی ولاٚتە گەرمەکان چێژدارترن وخۆراکیترە[2]،ئەمەش جیاوازی سێهەمە کە هەردەبێت کاربکاتەسەر دووهەمیان، چونکە لەئیتاڵیا بۆچی خەڵکی ئەوئەندازەیە لەسەوزە دەخۆن ؟ لەبەرئەوەی لای ئەوان باشە و خۆراکیە وتامیشی خۆشە ، لەفەرەنساش سەوزەوات تەنها دەگەڵ ئاوداوەك خۆراك دەکاردێت ، بەجۆرێك لەسەرخوانەکان بایەخی پێنادرێت ، دەگەڵئەوەشدا بەشێك لەزەوی داگیردەکات و، لانی کەمیش، هەمان رەنجێك کەلە کشتوکاڵدا دەدرێت ئەمیش- واتە

---

[1] نێستا شارێکی سەرەکی ئیتاڵیایە، پێشتریش، یەکێکبووە لەمیرنشینە بەناو بانگەکانی ئیتاڵیا ـ م . ص ـ .

[2] لەبەرامبەر (مغذي ) عەرەبیدا دەکارهێناوە ـ م.ص ـ .

سەوزەوات ـ م.ص ـ دەیهەوێتن. ئەزموونیش دەریخستووە کە گەنمی باکووری ئەفریقیا ، ئەگەرچیش لەگەنمی فەرەنسا کەم پتەوتربێت ، ڕێژەیەکی زیاتر لەئارد دەداتەدەست ، هەروەها گەنمی فەرەنسا بەشوێنی خۆی ، لە گەنمی باکوور[1]، ئاردی زیاتردەداتن . لە هەموو ئەمانەوەڕا، دەگەینە ئەو دەرەنجامەی کە پلەبەندییەك هاوشێوە -هاووێنە- م .ص - بوونی هەیە . کەبەشێوەیەکی گشتیڕا، بەهەمان ئاڕاستە لەهێڵی یەکسانیەوە بەرەو بەستەلەك[2] تێبینیدەکرێت و ، لەسەر ئەمەشەوەڕا،ئایا ناهەقیەك ئاشکرانیە کە لەبەرهەمهێنانێکی یەکساندا، ئەندازەیەکی کەمترسان لەخواردن بێتەدەست ؟.

دەتوانم کە ژبۆ هەموو ئەم ڕەپێشچاوگیراوە جۆراوجۆرانە، پێشچاوگیراوێکی دی، زیادبکەم کەلێیانەوەڕا هاتۆتەدەر، لێ ، تۆکمەتریان دەکاتن ، ئەویش بریتیە لەوەی کە وڵاتە گەرمەکان کەمتر پێوسیتیان بەدانیشتوانە تاوەکو وڵاتە ساردەکان و، دەتوانن کە ژمارەیەکی زیاتریان خۆراکداربکەن . ئەمەش کارێکە کەبەردەوام زیادەیەکی چەندبەرامبەر بە قازانجی دەسەڵاتە سەرکوتگەرەکە پێکدەهێنێت. چونکە، چەندە کە هەمان ژمارەی دانیشتوان ڕووبەرێکی گەورەترڕا داگیربکاتن،ئەوەندە شۆڕشەکان دژوارتردەبن ، لەبەرئەوەی نە بەخێرایی و نەبەپەنهانی ناتوانرێت کە دەستگۆڕکێ - ئاڵوگۆڕ- م.ص ـ ئەنجامبدرێتن ، لەبەرئەوەش بەردەوام، وائاسانترە بۆ حکومەت کە نەخشەو پلانی شۆڕشگێڕان ئاشکرابکاتن و ڕێگەی هاتووچۆیان

---

[1] مەبەست لەباکوری ئەوروپایە - م . ص -

[2] ئاماژەیە بەبەستەلەکی باکوور و باشوریگۆی زەوی - م . ص -

لێبگرێتن : لێ، چەندە کە ئەندامانی گەلێك، هەندێکی لەهەندێکیڕا نزیکبێتەوە، ئەوەندە توانای حکومەت بۆدەستدرێژیکردنەسەر دەستەڵاتی ئەوان ، کەمدەبێتەوە ، سەرکردەکانی شۆڕشیش،دەتوانن کە بەهەمان ئەو دڵنیاییەوە، کەپادشا لەئەنجومەنەکەیدا بیروڕا ئاڵوگۆڕدەکاتن ، ئەمانیش لەژوورەکانیانەوە بیروڕا ئاڵوگۆڕبکەن، ئیترجەماوەریش بەخێرایی دەتوانێت لەگۆڕەپانە گشتیەکاندا کۆببێتەوە، هەروەك کۆبوونەوەی سەربازەکان لەسەربازگەکانیاندا . کەواتە جیاکاری - ناسینکاریی - م.ص - حکومەتێکی ملهوڕ، بریتیە لەوەی کە لە ڕوبەرگەلێك فراواندا هەڵسوکەوتدەکاتن و، بەیارمەتی پنتگەلێك کۆڵەکەیەوە کەخۆی دروستیدەکاتن،تاوەکو مەودای درێژببێتەوە وەك قوڵی بەرزکەرەوە[1]، ئەمیش هێزی زیاددەکاتن، کەچی بەپێچەوانەوە هێزی گەل، تاوەکو چەقبەند نەبێت، کاریگەرنابێتن و،بەبڵاوبوونەوەشی،وەك پاشماوەی ئەوبارووتەی کەلەسەرزەوی پەخشەوەبوەو،گەردگەرد نەبێت داناگیرسێتن،ئەمیش دەڕەوێتەوە و، وندەبێتن. بەمشێوەیە ئەو وڵاتانەی کە دانیشتوان کەمترن دەبنە زۆرترینی ئەو وڵاتانەی کە ژێر ملهوڕی دەستدەدەن : ئاژەڵە جەستە پەتکەرەکانیش، لەبیابانەکاندا نەبێت بونیان نیە .

---

(١) ئەمە ناکۆک نیە دەگەڵ ئەوەی پێشترگوتومە لە(نوسراووی دووەم - جومگەی نۆهەم)، سەبارەت بەخراپیەکانی دەوڵەتە گەورەکان،چونکە لەوێدا مەبەست لەدەسەڵاتی حکومەت بووە بەسەر ئەندامەکانیڕا،لەکاتێکدا لێرەدا مەبەست لەهێزی دەوڵەتە لەسەر سەرپەرشتکراوانی. ئەندامە پەرشو بڵاوەکانی وەك پنتگەلێك کۆڵەکەیی ڕاژەی دەکەن بۆ ڕاستەوخۆکارکردنەسەر خودی ئەو ئەندامانەو، بەم شێوەیەیە کە درێژی باسکی بەرزکەرەوەکە لەیەکێك لەحاڵەتەکاندا لاوازییەکی بۆ پێکدەهێنێت ولەحاڵەتی دیشدا بەهێزیی وی، دەردەخاتن .

# جومگەی نۆهەم

## نیشانەکانی حکومەتی چاك

**کەواتە** کاتێك بەشێوەیەکی ڕەها، پرسیار دەکەین باشترین حکومەت کامەیە؟ ئەوا ئێمە پرسیارێك فراژوودەکەین، کەبەو ئەندازەیەی دیارینەکراوە چارەسەری نیە، یانوەکو ئەگەر بمانەوێت، بەو ئەندازەیەی کەلە بارودۆخە ڕەها و ڕێژەییەکانی گەلاندا، پێکهاتەگەلێك لەتوانادابوو ـ بەسەرداڕاشکاو ـ م.ص ـ بوونی هەیە ، چارەسەرگەلێکی چاکیش بوونی هەیە .

کەچی کاتێك کە پرسیار دەکەین کە ئەو نیشانەیە کامەیە کە بەهۆیەوە دەتوانین ئەوە بزانین کە گەلێك حوکمێکی باشدەکرێت یان خراپ ؟ ئەوا ئەوکاتە پرسیارەکە بەئاڕاستەیەکی دی، دەبێت و، وادەبێت کەبتوانرێت کەوەلامێکی درووست بەم پرسە وێدرێتەوە. لێ (ئەوە) هەرگیز چارەسەر ناکرێت .... لەبەر ئەوەی کە هەریەکە بەڕێگەی خۆی دەیهەوێت چارەسەری بکاتن . لەحکومەتیپادشایەتیدا، سەرپەرشتکراوان دەستخۆشی لەئاسایشی گشتی دەکەن و، هاوولاتیانیش،لەحکومەتێکی دیموکراتیدا، لەئازادی تاکەکان دەستخۆشیدەکەن.گروپییەکەم، دابینگەری ـ **insurance**ـ پوولی پەسەندتردەکات و، ئەوی دیش، ئاسایشی کەسەکان ، گرووپێك حکومەتی توندوتیژئامێز، بەباشترین جۆر و، ئەوی دی، لایەنگری لەوەدەکات کەبریتی بێت لە حکومەتی چاولەهەڵەپۆش ونەرمونیان، ئەم دەیهەوێت کە تاوانەکان سزایان هەبێت و، ئەوی دی، دەیهەوێت

لەروودان و کەوتنەوەی خۆبپارێزت، یەکێك، وای لاباشە کەلەلایەن هاوسێکانەوە، خاوەن سامێك بین ،کەچی ئەوی دی، وای پێباشە کەلەلایان نەناسراوبین و، لەکاتێکدا کەیەکێك بە ئاڵووێرکردن بەپارەوە، دڵخۆشە، ئەوی دی، داوای نان بۆ گەل دەکاتن. کەواتە تەنانەت ئەگەر خەڵکی، لەسەر ئەم پنتانە و پنتگەلێك دی هاوشێوەیان، رێکبکەون، ئایا ئەوکاتە لەچارەسەرەکە نزیکتر دەبین ؟ مادامەکیش لەچەندێتیە بەرجەستەییەکاندا پێودانگی دیاریکراو نیە، کەواتە تەنانەت ئەگەریش لەسەر نیشانەکەش رێکبکەوین ، ئەوالەسەر رێژەبەندی – ئەندازەگیرییەکە – م.ص – چۆن رێکبکەوین ؟؟.

ئەز بەردەوام لەلای خۆمەوە، سەرسامم بەوەی کەتائەم رادەیە خەڵکی نیشانەیەکی سادەڕا، نکوڵی لێبکاتن، یانوەکو لەسەر رێکنەکەوتن لەسەری، نیازخراپیەکیان هەبێتن. کەواتە ئامانج لەدەزگایەکی سیاسی چییە ؟ بریتیە لە پارێزگاری لەئەندامەکانی و خۆ شگوزەرانیان . ئەو نیشانەیەش کامەیە کە زیاتر جەخت لەپارێزراوی بوون وخۆشگوزەرانیان دەکاتن ؟ لە زیادبوونی ژمارەی ئەندامەکانیو ئەوکۆمەڵەیەی کەحکومڕانیان دەکاتن . کەواتە لەتوێژینەوەلەسەرئەم نیشانەیە،پێویستناکات ئەوەندە دووربرۆین،کەجێگای پیلەبازی بێتن، چونکە ئەگەر هەموو بارودۆخەکان یەکسانبوون،ئەوا ئەوحکومەتەی کەلەژێر سایەیدا، بەبێ ئامڕازگەلێکی دەرەکی و، رەگەزنامەگۆڕین و دانانی کۆلۆنێلەکان[1] ، ژمارەیدانیشتوانی زیاددەکاتن،بێهیچ گومانێك باشترین جۆری حکومەتەکانە. ئەو حکومەتەش کەلەژێر

---

[1] مەبەست لەوڵاتە داگیرکراوەکانە، کەلەقۆناغی بزاڤی کۆلۆنیالیدا، راستەوخۆ لەلایەن دەوڵەتەکۆلۆنیالیستەکانەوە،دەهاتنە داگیرکردن و دەسەڵاتکردن - م.ص -

سایەیدا ،(گەل) کەم دەکات ،یان بەتەواوی رو لەفەوتان دەبێت، ئەوە خراپترین حکومەتێك دەبێت .ئێستاش ئەی کارامەکانی نەخشەدانان وژمێریـــاری، ئـــیتر نۆبـــەی ئێوەیـــە، تـــا بهێنرێنەژێرلێپرســـینەوەو ئەندازەگیریی سامانەکانتان وپێوانەکردنتان [٣] .

---

[٣] پێویستەکەبەهەمان پرەنسیپەوە،فەرماندەین بەسەرنەوسەردەمانەیکەشایانیپەسەند کارین،بەلایەنی بەرەوپێشچوونی‌نەژادی‌مرۆڤیەوە،ئێمەزۆردڵبەندوسەرسامبوین بەو سەردە مانەی کەپێشکەوتنی وێژەو هونەرەکانمان تیادادەدیتن،ئەوەبێ قوڵبوونەوە لەبابەتی نهێنی کلتورەکەی و بێ لێروانین لەکاریگەری شومی Id aqud imperitos humanitas nocabatur , cum pars sevititis esset. نایالەحیکمەتی کتێبەوە نەو بەرژەوەندیەبێهاوتایەنابینین کەوالەدانەرەکان دەکات بێنەزمان ؟ نەخێر چەند بتوانن لەوەدا ناخاوتنبکەن،ئەوانەوە راستنیەکە هەموو چتێک بەشێوەی سروشتی خۆی دەڕوات لەولاتێکداکەسەرەرای پێشکەوتنوگەشەکردنی،ژمارەی دانیشتوانەکە ی کەمدەکاتن، هەروەها ئەوە بەس نیەکەداهاتی هۆنەرێک سەدهەزارلیرەبێتن،بۆ ئەوەی کەسەردەمەکەی بەباشترین سەردەم بێتەدانان. پێویستە کەبایەخبدەینە خۆش گوزەرانی سەرجەم نەتەوەکان بەتایبەتیش بەو دەوڵەتانەی کە ژمارەیان زۆرە،زیاتر لەبایەخدانمان بەخۆشی روالەتیانەو دڵنیاخوازی سەرکردەکان . لەوانەیە کەبەستەڵەک ـ زوقم ـ م.ص ـ چەندهەرێمێک تێکبداتن، لێ بەدەگمەن دەبێتەهۆی بڵاوبوونەوەی برسێتی . کەواتەشۆرشەکان و جەنگە ناوخۆییەکان،سەرکردەکان زۆر دەترسێنێت، لێ بەڵاڕاستەقینە بۆ نەوگەلانە پێکناهێنێت کەتەنانەت دەتوانن ببنە خاوەنی ماوەیەکی پشوخۆشی، لەکاتێکدا کەناکۆکی و دووبەرەکی لەسەرنەوەی کێ دەبێتەملهوڕی داهاتووی، لەئارادایە. لەراستیدا گەشەکردن یان مەینەتیە راستیەکانی،لەحاڵەتە بەردەوامەکەیەوەڕا پێدەبێتن،چونکەکاتێک کەهەموو چتێک بەپلیشاوەیی و وردوخاشبوون لەژێردەسەڵاتی کۆیلەکردندا دەمێنێتەوە، نەوا تەوکاتە هەموو چتێک لەکاردەکەوێت ـ بێکەڵک بوون ـ م.ص ـ نالەوکاتەدایە کە سەرکردەکان بەسەربەستیەوە دتوانن گەلان تێکو پێکبدەن ـUbisolitudinem faciunt ـ Pacem oppellant ـ کاتێکیش کە دوبەرەکییەکانی سەرکارەگەورەکان، شانشینی فەرەنسای دەلەرزاند،قەشەی پاریس دەچووە نێو پەرلەمان و خەنجەرێکیش لەنێو گیرفانیدا بوو، لێ، ئەوە نەبووە رێگر لەبەردەم ئەوەی کە گەلی فەرەنسا بەختەوەر بژێت و لە تێروتەسەلیدا شەریف و ئازادانە، زیادبکاتن . لەکۆنیشداولاتی گریک ـ یۆنانی کۆن ـ م.ص ـ لەناوگەرمەی کەمەرشکێنترین جەنگدا پێشدەکەوتن " لەکاتێکدا کەسەرتاپای ولات لەخەڵکی ناپۆرەی دەهات ، خوێنێکی زۆردەرژاو ، هەروەک (ماکیاڤیلی) گۆتویەتی، کە کۆمارییەکان ـ هێمایەبۆحکومەتەکۆمارییەکان ـ وادەردەکەوت لەنێو شەڕو کوشتارو دەربەدەرکردندا بەهێزدەبوون "چونکەچاکەخوازیی هاوولاتیان و وێژەوهونەریان وەمۆرک و سەربەخۆییان، کاریگەرییان زیاتربووە لەتۆکمەبوون و یەکخستنیدا ، تاوەکو کاریگەریی و کارتێکردنەکانی هەموو ئاژاوە و دووکەرتبوونەکانی لاوازکردنی . لەراستیدا پشێویکەلێک کەم،ئاخی خەڵک دەجولێنێت و(ئازادیش زیاتر لە ئاشتی کاردەکات ژبۆ پێشکەوتنی جۆر The quality ـ م ـ ص ـ ) .

# جومگەی دەهەم

## (دەستەڵات خراپ بەکارهێنانی حکومەت وگەیشتنیبەگەندەڵی)

**هەروەها** چۆن کەئیدارەی تایبەت، بەبێپچڕان لەدژی ئیرادەی گشتی کاردەکاتن،ئاوەهاش حکومەت هەڵدەستێت بەکۆششیشێکی بەردەوام لەدژی فەرمانڕەوایی و، چەندە کە ئەم کۆششە زیادبکاتن ئەوەندەش دەستورەکە گەندەڵ و تێکدەچێتن ، لەبەرئەوەی کە هەرگیز لەوێدا ئیرادەی دەزگایەکیدی، بوونی نیە کە بە بەرەنگاریکردنی دەبێتەهۆی هاوسەنگی دەگەڵ ئیرادەی پادشادا، چونکە زوو یان درەنگ، هەردەبێت کەلەکۆتاییدا پادشا فەرمانڕەوا، بچەوسێنێتەوە و، رێککەوتنی کۆمەلأیەتیشڕا بسڕێتەوە . ئەمەش بریتییە لەو خەوشە رەنگداکوتراوە حەتمیەی کەهەرلەلەدایکبونی دەزگاسیاسیەکەوە ، بەبێ وەستان، بەرەو تێکڕماندنی دەڕوات ، هەروەکچۆن کەپیری ومردن، جەستەی مرۆڤ هەڵدەوەشێننەوە .

کەواتە لێرەدا، بۆ لادان و داخزانی حکومەت دوو ڕێگای گشتی هەیە، ئەوانیش بریتین لە: چەقبەندی توانا و ، دابەشبوونی هێز .

کاتێک حکومەت ، کەلەژمارەی گەورەوەڕا بۆ ژمارەی زۆرکەم و، لەمیشەوەبۆ یەك کەس کەمدەکاتەوە، واتەکاتێك لەدیموکراتیەوە بۆ ئۆرستۆکراتیەت و لە ئۆرستۆکراتیشەوە ژبۆپادشایەتی، شێوەی دەگۆڕێتن،ئەوەلەوێدا، چەقبەندی توانا پەیدادەبێتن . ئەمەش خواستی سروشتی هەرحکومەتێکە،چونکە ئەگەر لەژمارەگچکەکەوە ژبۆ گەورەکە پاشەکشە بکات ، ئەوا دەتوانین بڵێین کە

دەسـتەڵاتی خۆی خاودەکاتەتەوە، لـیّ ئـەم پێشـکەوتنە پێچـەوانەیە، لەکردەنـەهاتووە. لەواقیعـدا هـەرگیز حکومـەت خـۆی نـاگۆڕێتن ، مەگـەر کاتێـك کـە وزە بەفیڕۆچـووەکەی، بـەهێز لێـبڕاوی بەجێیـدەهێڵێتن ، ئیترناتوانێت کە بیپارێزێت. هـەروەها کاتێکیش لەسەرەولێژبوونەوەی لەدەستدانی هێزیدادەبێت،ئەوادەبێت هێزی خۆی بەتەواوی چەقبەندکات و ، کەواتە کاتێك کـە وزە دەسـت بـە خاوبوونـەوە وسستیدەکاتن، ئـەوا هەردەبێت نویّ و گیربەنـدی بکـەین، ئـەگیان ئەو دەوڵەتـەی کەپاراستنی کۆمەڵگەی پێڕاسپێردراوە، لەبنەوەڕا دەستدەکاتە ڕوخان وداتەپین.

حاڵەتی هەڵوەشانەوەی دەوڵەت، دەکرێت بـەدوو دەستڕازە ڕووبداتن : یەکهـەم : کاتێـك کەپادشـا وازدەهێنێـت لـە دەسـتەڵاتکردنی دەوڵـەت بـەگوێرەی یاسـاکان و دەسـەڵاتی فـەرمانڕەوا پاوانـدەکاتن . ئالەوێـدا گـۆڕانێکی بـیّ وێنـە رودەداتـن ، بـەوەی کەئـەوە حکومـەت نابێـت، کـە دێتەوەیـەك – گرژدەبێتـەوە – م.ص ـ بـەڵکو دەوڵـەت دەبێـت، مەبەستم ئەوەیـــە کەدەوڵـــەتی گـــەورە هەڵدەوەشـــێتەوەو، لێـــوەی و تیایـــدا، دەوڵـــەتێکی دی لەئەنـــدامانی حکومـــەترا پێکـــدەهێنێت، کەبەلایـــەنی هـــەموو گەلـــەوە، چ نیـــە جگـــە لەملـــهوڕو ســـەرکارێکی وی[1]،بـــەجۆرێك هەرئەوەنـــدە کـــە حکومەتەکـــە فـــەرانڕەوایی پـــاوانکرد ، ئـــیتر بەڵگـــە کۆمەڵایەتیەکـــە دەســـڕدرێتەوە و ئەوهاوولاتیەئاســـاییانەیش ـــ کـــە بەڕاستی دەگەڕێنـەوە بـۆ باوەشـی ئازادییـە سروشـتیەکەیان ـ، لەسـەر گوێڕایەڵی و ملکەچبوون وادارەدەکرێت وئیتر پابەندی نابن .

---

[1] واتە سەرکارێکی خودی گەل ـ م . ص ـ .

هەروەها، هەمان چت رودەداتن ، کاتێك کە هەریەك لەئەندامانی حکومەت بەتەنیا ئەودەسەڵاتە پاواندەکەن، کەوەك دەزگایەك نەبێت ، نابێت ومارەسەیرا بکەن ، ئەوەش پێشێلکارییەکی یاساکانە و،لەوەی یەکەم کەمترنیە و، هەروەهاش ئاژاوە و هۆسەیەکی گەورەتر دەنێتەوە . کەواتە لەوێدا،ئەگەر راستبێت کەبڵێین، بەو ئەندازەیەی کەکاربەدەستانیحکومەتمان دەبێت ، بەو ئەندازەیەش حکومەت بوونی دەبێت و، ئەو دەوڵەتەش کەلە حکومەت،کەمتر تووشی دابەشکاری بووە ، لەناودەچێت یانوەکو شێوەی دەگۆڕێتن .

کاتێك کە دەوڵەت هەڵدەوەشێتەوە، ئەوا خراپ دەکارهێنانی دەسەڵات ــ بەهەرجۆرێکبێتن ــ ناوە باوەکەی ئاژاوە،وەردەگرێت، ئەگەریش بەردەوامبین لەجیاکاریدا، ئەوا دیموکراتیەت ژبۆ هۆسەگەرێتی هەڵدەوەشێتەوە و، ئرستۆکراتیەتیش ژبۆ ئۆلیگارشیەت[1] ئەوەش زیاددەکەم کە پادشایەتیش ژبۆ ملهوڕی هەڵدەوەشێتەوە ، لێ، ئەم دەربڕدراوانە ناروون و تەومژاویە و لێکدانەوەی زیاتر داوادەکاتن .

فەرمانڕەوایملهوڕ، بەواتا هاتووەناوەکەی -دەکارهاتووەکەی ــ م.ص ـ بریتیە لەو پادشایەی کەبەبێ گوێدانە دادپەروەری و یاساکان ، بەزەبروزەنگئامێزی دەسەڵاتدەکاتن و بەواتایەکی وردتر ئەو کەسەیە ـ تاکەیە ــ م.ص ــ کە بێ ئەوەی مافی هەبێتن، دەسەڵاتی پادشایەتی لەدەستیخۆیدا موڵدەکاتن. ئەمەش ئەو واتایەیە کە گریکەکان لە وشەی

---

[1] ئۆلیکاریشیەت بریتیە لەدەسەڵاتی رەهای پادشایەتی ـ م . ص ـ .

(ملهوڕ )ڕا تێدەگەیشتن، ئەوەبوو ئەوان، بێجیاوازی، لەسەر چاك وخراپی، لەو پادشایانەیان دەنا کە دەسەڵاتەکانیان ناشەرعی بوون[١]. بەمشێوەیەش هۆردوك ملهوڕوپاوانکار،دو وشەن کەبەتەواوی دەلالەت لەیەك واتادەکەن . وەك لێنانی ناوی جۆراوجۆر لەسەر کاروبارگەلێك جۆراوجۆر، ناوی‌فەرمانڕەوای‌ملهوڕ دەنێم لەپاوانکاری دەسەڵاتی پادشایەتیو،فەرمانڕەوای‌سەرکوتگەریشلەپاوانکاری‌دەستەی‌دەستەڵاتدا ر، کەواتە فەرمانڕەوای ملهوڕ، بریتیە لەوکەسەی کەنایاساییانە دەستەڵاتیڕا بەدەستەوەگرتووە، وەلێ، یاساییانە دەسەڵاتدەکاتن . سەرکوتکاریش،بریتیەلەوەی کەخۆی لەسەرویاساکانەوەدادەنێت بەمشێوەیەش دەکرێت کە ملهوڕ، سەرکوتگەر نەبێت، لێ سەرکوتگەر، هەمیشە ملهوڕ دەبێت .

---

(١) ملهوڕەکان بریتین لەوانەی کە بەزۆری هێز، دەستیانگرت بەسەرنەو شارانەدا کە ئازادییان لەدەستدا، (کۆرنیلیوس نیپوس،لەکتێبی "میلیتادس "ەکەیدا). ڕاستە کەوا "ئەرستۆ " لە ( Mor.de Nicom.,I.VIIII,C10 )یدا، بەوە ملهوڕی لەپادشا جیادەکردەوە،کە یەکەم ژیۆ بەرژەوەندی تایبەتی خۆی دەسەڵات دەکاتن و، دووەهەمیش تەنها ژیۆ بەرژەوەندی سەرپەرشتکراوانی " لێ زۆربەی دانەرەکان بەشێوەیەکی گشتی بەواتایەکی تەواو جیاواز، لەوشەی ملهوڕ دەدوێن ، بەتایبەتیش هەروەک لەکتێبەکەی(ئەکزۆنۆڤ)ەوە بەناوی{ Hieron }وەڕا،بۆمان دەردەکەوێت، کەوا لەسەرنەو جوداکارییەی(ئەرستۆ) وەڕا، ئەوە دێتەدەست کەلەسەرەتای دروستبونەوە - مەبەست لەدروستبونی مرۆڤە - - م .ص - تانها ژی، ناتوانین کەبڵێن پادشایەک بوونی هەبوويێت - مەبەست لەو ئەرزەیە لەپادشا کە{ئەرستۆ} ئاخاوتنی لێکردووە - م . ص - .

# جومگەی یانزەهەم

## سەبارەت بەمردنی دەزگای سیاسی

**ئـــەوە** ئـەو لێژەنگـە سروشـتی و حەتمیەیەکـە ئـەو حکومەتانـەی باشترین پێکهاتیان هەیە، بۆی دادەخزێن، کەواتە کاتێك کە ( ئەسپارتە و ڕۆمـــا ) لەنێوچـــوونە، ئـــیتر چ دەولـــەتێك دەتوانێـــت بەمانـــەوەی ســـەرمەدیانەی هیوابخوازێـت ؟. ئەگـەریش بمانـەوێ کـە پەیکـەرێکی هەمیشـەیی چـێبکەین، ئـەوا پێویسـتە هـەرگیز وابـیر نەکەینـەوە کـە سـەرمەدی بێـت، کەواتـە بۆئـەوەی کـە سـەربکەوین پێویسـتە کەهـەوڵی نەکردەبووەکان نەدەین و، ئەوەندە لـەخۆبایی نـەبین کەپتەوییـەك بدەینـە کاری مرۆڤ، بەجۆرێك کەخودی کاروبارە مرۆییەکان نەچنە ژێرباری .

دەزگـــای سیاســـی هـــەروەك جەســـتەی مـــرۆڤ، هـــەر لەچرکەســـاتی لەدایکبونیـەوە دەسـتدەکاتە مـردن و لـە خـودیدا، هۆیـەکانی لـەناو چـوونیرا هـەڵگرتووە، لـیێ، دەکرێـت کـەبۆ هەریـەکێکیان پێکهـاتنێکی تۆکمـەتر، یـان کـەم تۆکمـەتر هـەبێت، کەماوەیـەکی درێـژتر یـان کـورتتر، توانای پاراستنی وی هـەبێت. لەراستیدا چێبوونی مرۆڤ لەدەستکردی سروشتە، کەچی چێبوونی دەولەت، لەبەرهـەمی کارامەییەوەیە، کەواتە درێژبوونـەوەی ژیـانی مـرۆڤ، پەیوەنـدی بەخۆیانەوەنیە،بـەڵکو تەمـەن زۆریی‌ژیـانی دەوڵـەت، بـۆ دواسنورێك کـە لـەتوانادابێت، لەسـەر ئـەوان رادەوەسـتێت ــ بەپێـدانی وی باشـترین پێکهاتنێـك، کەلـە توانادابێـت بکـرێتن ــ راسـتە ئـەو دەوڵەتـەی باشـترین پێکهاتـەی هەیـە ، هـەردەبێت

ڕۆژێک، بێتە کۆتاییهاتن، وەلێ ، ئەگەربێتو ڕوداوێکی چاوەڕوان نەکراوی بەسەردانەیەت کەپێشکاتی خۆی دەبێتەهۆی لەناوچوونی،ئەوا لەهوویان زیاترڕا دەژێتن.

پرەنسیپی ژیان لەناو دەسەڵاتی فەرمانڕەوایدایەو، دەسەڵاتی یاسادانەریش بریتیە لە دڵی دەوڵەت، لەکاتێکدا کەئەوە عەقڵی دەسەڵاتی کارگێڕییە کەفەرمان بەهەموو لایەنەکان دەکات جووڵەبکەن، دەشکرێت، یان وەکی دی بڵێین، دەشبێت کە عەقڵ دوچاری ئیفلیجیبێت،دوای ئەوەش کەسەکە هەرزیندو بمێنێت، هەروەك مرۆڤێکی گەوژڕا بمێنێت و بژیتن، لێ ، ئەوکاتەی کەدڵ لەئەنجامدانی فەرمانەکانی دەکەوێتن، ئیتر گیانەوەرەکەدەمرێتن . دەوڵەت هەرگیز بەیاساکانەوە بەردەوام نابێت، بەڵکو بەدەسەڵاتی یاسادانەریەوە، چونکە یاسای دوێنێ، نابێتە پابەند بۆ ئەمڕۆ، لێ، بێدەنگی ــ نقەنەکردن ــــ م.ص ـــــ بەرازیبوونێکی نێوئاخنی دادەنرێت،فەرمانڕەواش لەسەریەتی کەبەردەوام لایەنگیری ئەو یاسایانە بکاتن کە ڕەتیاننەکاتەوە ــ نایانسڕێتەوە ــ م.ص ــ ئەوە لەکاتێکدا کەدەتوانێت بیانسڕێتەوە. هەر ئەوەندەش ڕابگەیەنێت کەبۆجارێك دەیهەوێتن[1] ، ئەوەئەگەر نەیسڕێتەوە، بەردەوام دەیهەوێتن .

کەواتە بۆچە، ئەم هەموو ڕێزەمان بۆیاساکۆنەکان هەبێت ؟ ئەوە لەبەرخودی ئەم هۆیە ، چونکە هەردەبێت کە ئێمە باوەڕ بکەین بەوەی کەبەرزترین ــ پایەدارترین ــ م.ص ــ ئیرادەگەلێك پێشین بوونە، کە توانیویانە بەدرێژایی ئەم ماوەیە پارێزگاری لەمانەوەیان بکەن ــ واتە

[1] واتە بۆیەکجار ئەو یاسایانە بوێتن ــ م . ص ــ .

مانـەوەی ئەویاسایانە ـ م.ص ـ، چـونکە ئەگـەر فـەرمانڕەوا بـاوەڕی نەبێت بـەوەی کەئەویاسایانە بـەردەوام بـەگونجاوی ماونەتـەوە، ئەوا بۆ هـەزارجاران دەبـوو کەدەیسـپرینەوە .ئەمـەش ئـەو هۆیەیـە کـە یاساکان،لەجیاتی ئەوەی کەلاواز بن، ئەوا بەردەوام لەهەموو دەوڵـەتێکی باش پێکهاتودا هێزی نوێ وەدەستدێنن و ، واشدەکاتن کەلایەنداربوون ژبـۆ سـەردەمە دێرینـەکان، رۆژ لـەدوای ڕۆژ، هیڕێزلێنـانبێتن، ئـەوە لەکاتێکـدا کـە یاسـاکان لاواز و بێهێـز دەبـن ، هـەرکاتێك کەزەمـەن بەسـەریانبەرێتن و، ئەمـەش ئـەوە دەسـەلمێنێت کـە ئـیتر لەوێـدا دەسەڵاتێکی یاسادانەری بوونی نابێت و دەوڵەتیش ئیتر ناژێتن .

# جومگەی دوانزەدەهەم
## دەسەڵاتی فەرمانڕەوا چۆن خۆی دەپارێزێت

**کاتێـك** کە فەرمانڕەوا جگە لەدەسەڵاتی یاسادانەری، هێزێکی دی نابێت، ئەوا بەیاساکان نەبێت کارناکاتن و، لەبەرئەوەش کە یاساکان، چتێك نیین جگە لەکردە راستیەکانی ئیرادەی گشتی، ئەوائیتر لەتوانایدا نابێت کەکاربکاتن،مەگەر ئەوکاتەنەبێت کە(گەل)کۆدەبێتن.لەوانەیە بەسەرسامیەوە بگوترێت☹((گەل بەگردکراوەیی))!،ئای ئەوە چ بیرۆکەیەکی وەهمیە ! ئەوە لەمڕۆدا وەهمیە، لێ لەهەزار ساڵ لەوەوبەرەوە، ئاوها نەبووە، کەواتە ئایا سروشتی مرۆڤ گۆڕدراوە ؟.

لێ، لە کاروبارە بەرجەستەییەکاندا سنورە بەردەستەییەکان ـــ لەتوانادابوەکان ـــ م.ص ـــ کەم تەنگەبەرترن لەوەی کە ئێمە بۆی دەچین،ئەوەش کەوای لێدەکات کە تەنگەبەربێت بریتیە لەبێهێزی و، دەروونخراپی و بیرۆکە پێشینەکانمان، چونکە لەپیاوە مەزنەکاندا هەرگیز دەروونە پیسەکان جێی باوەڕنابن ! چونکە کۆیلەخەسێنراوەکان،بەناوهێنانی وشەی ئازادی بەگاڵتەجاڕیەوە بزەدەیانگرێت .

بالەبەرامبەر ئەوەی کەدەکرێت روبدات، چاوکراوەبین ، ناشچمە سەر لێکۆڵینەوە لە کۆمارە گریکیە دێرینەکان، لێ، وای بۆدەچم کەکۆماری رۆمانی، دەولەتێکی مەزنبووە، شاری (رۆما)ش شارێکی

مەزنبوە،بەوەی کەدوا ئامارکاریەك لە رۆمادا،بەڵگەکاری لەسەرهەبوونی (٤٠٠) هەزار هاوولأتی چەکدارکردو و، لەسەر ئاستی ئیمپراتۆریەتەکەش دواسەرژمێری ئەو رێژەیە لەهاوولأتی چەکدار گەیشتۆتە (٤)ملیۆن هاوولأتی، ئەوەبێ ئەژمارکردنی سەرپەرشتکراوان، بەواتای دەستوپێوەندەکان، واتە هاوولأتیانی پلە دوو ـ م . ص ـ و، بیانی و ژنان و کوران و کۆیلەکان .

ئیتر ئەوگرفتە کەلەوانەیە نەتوانین مەزەندەیبکەین - لەپێشچاو خۆمانیدابنێین ـ م.ص ـ، دەبێت ئەوە کامەبێت کە بەشێوەیەکی دوبارەبوەوە، ژبۆ کۆی دانیشتوانی ئەوشارەو ناوچەکانی دەوروبەری سەرشۆڕدەکاتن ؟ کەچی دەگەڵئەوەشدا هەمووی چەند هەفتەیەکی کەم تێنەدەپەری کەتیایدا هەموو گەلی رۆمانی کۆدەکرایەوە،بەڵکو بۆچەندجارێکیش کۆدەکرانەوە، ئیتر هەر مومارەسەی مافی فەرمانڕەوایی نەدەکرا، بەڵکو بەشێکیش لە مافەکانی حکومەت . ئەوە بوو کە کاروبارگەلێك دەستنیشانکراو چارەسەردەکران و ، لە کێشەگەلێکیش دەستنیشانکراودا ، دادوەری دەکرا و، بەجۆرێك کە بەزۆری ئەو گەلە هەمووی، وا دەردەکەوت کە بەوئەندازەیەیهاوولأتیەك بێتن،بەوئەندازەیە دەسەلأتدارێك بێتن .

بە گەڕانەوەش بۆ ماوەیەکەمینەکان لە مێژووی نەتەوەکاندا ، دەبینین کە زۆربەی حکومەتە دێرینەکان ، تەنانەت پادشایەتیەکانیش، وەك حکومەتەکانی { ماکدۆنیاو ئەفرنجە } ئەنجومەنی وێکچوویان هەبووە ، ئیتر پرسەکە هەرچیەك بوبێت ، ئەوا ئەم واقیعیەتەی کە هیچ پیلەبازی هەڵناگرێت ، هەموو کۆسپەکانڕا تێکدەشکێنێت ، کەواتە لە کائینەوە بۆ کردەبوو ، دەرئەنجامەکەم باش دێتەبەرچاو .

# جومگەی سیانزدەهەم

## ( دەسەڵاتی فەرمانڕەوا چۆن خۆی دەپارێزێتن )

## ـ پاشبەند ـ

**ئـەوە** بەس نیە کە گەلی کۆبۆوە ، بەجارێك پێکهاتنی دەوڵەتی دیاریکردبێت ، بەپێدانی ڕەزامەندیخۆی لەسەر کۆمەڵێك لە یاساکان : هەر ئەوەش بەس نییە کە حکومەتێك بەردەوامیڕا بونیادنابێت ، یانوەکو کەبۆ یەکجاری مافی هەڵبژاردنی دەسەڵاتدارانی دابێتن، چونکە سەرباری ئەو کۆبونەوە جیاکاریانەی کە حاڵەتە کتوپڕیەکان دەیخوازێتن ، پێویستە کە لەوێدا کۆبوونەوەگەلێك جێگیر و نەگۆڕ و،خولی هەبێتن،کەهیچ چتێك نەتوانێت بێئاکامیان بکات و،نە دواشیانبخاتن ، بەجۆرێك کە لەرۆژی دیاریکراودا و بەهێزی یاسا ، گەل بانگهێشتی کۆبونەوە بکرێتن ، ئەوە بێئەوەی ئیتر پێویستی بە هیچ بانگهێشتکردنێکی ڕواڵەتیی دی هەبێت .

وەلێ، تەنها و جگە لەم کۆبونەوە یاساییانە، بەو بەرواره دیاریکراوانەیانەوە ، ئەوا هەر کۆبونەوەیەکی دی گەل،کە لەلایەن ئەو دەسەڵاتدارانەوە کە خولیای ئەوەن و بەگوێرەی بنەڕەتە بڕیار لەسەردراوەکانیش نەبێت بانگهێشتی ژبۆ نەکرابێت ، ئەوا بەناشەرعی دادەنرێت ، هەروەها هەموو ئەو چتانەی تیایدا بەکار دەبن ، ڕەتکراو دەبن ، ژبەرئەوەی کە خودی فەرمانی کۆبونەوەکە پێویستە لەیاساوە دەربچێتن .

دووبارەبوونەوەی زۆر، یان کەمی ، ئەم کۆبوونەوە شەرعیانە ، ئەوە پەیوەستە بە رەپێشچاوکراوگەلێك واوە ، کە مرۆڤ ناتوانێت سەبارەت پێیان ڕێسایەکی دیاریکراودابنێت . بەشێوەیەکی گشتی هەر ئەوەندە دەتوانین بڵێین کە ئەوەندەی حکومەت هێزدار بێتن ، ئەوەندە لەسەر فەرمارەوا پێویستە کە دەرخستنی خۆی زیاتر بکاتن .

لەوانەیە پێمبوترێت کە ئەمە دەکرێت بۆ یەك شار چاکبێتن ، لێ، چ بکرێتن کاتێك کەدەوڵەت لەیەك شار زیاتر بێت ؟ ئایا دەبێت دەسەڵاتی فەرمانڕەوایی بێتەدابەشکردن ، یانوەکو پێویستە لەیەك شاردا چەقبەند بکرێت و هەموو شارەکانی دی، ملکەچ بکرێن ؟

وەڵامم ئەوەیە کە پێویستە نەئەمەیان بکرێت و نە ئەوەشیان ، یەکەم دەسەڵاتی فەرمانڕەوایی سادەیە و یەکگرتووە و ناکرێت دابەشبکرێتن، مەگەر بەتێکڕماندنی و لەپلەو ئاستی دوهەمیشدا ،ناکرێت کە شارێك هەروەها نەتەوەیەکیش، بەشێوەیەکی نایاسایی بکرێتە دەستوپێوەندی شارێکی دی، ژبەرئەوەی کەجەوهەری دەزگای سیاسی لەسەرپایەی گونجانجندن لەنێوان فەرمانداریوئازادی جێگیرە، هەریەك لەوشەکانی سەرپەرشتکراو و فەرمانڕەوا، دەگەڵ یەکدا پەیوەندییەکینزیکیان هەیە و ، بیرۆکەی هەردووکیشیان لەیەك وشەدا کە هاووڵاتیە بەیەکڕا دەگەن.

هەروەها ئەو وەڵامەش وێدەدەم کە یەکخستنی چەند شارێك لەیەك شاری سیاسیدا، بەردەوام زیانبەخشەو ئەگەر بمانەوێت کەئەم یەکخستنە کارکردبکەین ئەوا پێویستە کە هیوابڕاو نەبین لەدوورکەوتنەوە و خۆپاراستن لەو خراپیە سروشتیانەی کەلێیەوەڕا دێنەپەیدابوون و، پێویستیشە کەهەرگیز خراپ دەکارهێنانەکانی ئەو

دەوڵەتە گەورانەی کە تەنها دەیانهەوێت دەوڵەتە گچکەکان بونیادبنێن، لەئەستۆی خۆ نەگرین و چاو لێنەکەین . لێ ،چۆن کاربکرێت بۆئەوەی ئەوەندە هێز بدرێت بەدەوڵەتە گچکەکان کە بتوانن لەبەرامبەر دەوڵەتە گەورەکاندا بەرخودان بکەن ؟ هەروەکچۆن لەرابردودا شارەگریکیەکان بەرامبەر پادشا مەزنەکە، بەرخودانیان کردووە، هەروەهاش هەروەك لەم دواییانەدا هەریەك لە (هۆڵەندا و سویسرا)، بەرەنگاریماڵی نەمساوی بونە.

وەلێ ، ئەگەر نەمانەوێت کەدەوڵەت ژبۆ سنورە رێکەکەی تەنگەبەربکەینەوە، ئەوا هەروەها ئامرازکارێکمان لەبەردەست دەمێنێتن :کەبریتیە لەوەی هەرگیز رێ بەهەبوونی پایتەخت نەدەین و، کار لەسەرئەوە بکەین کە حکومەت بەدەستاوەری ـ جێگۆڕکێی ـ م.ص ـ لەهەموو شارێکدا بێتەدانان و، هەروەهاش بۆ چاوخشاندن بەسەر کاروبارەکانی ولأتدا، بەشێوەیەکی خولبەندی کۆبونەوەی تیادا ببەسترێت .

هەروەها پێویستە ولأت ئاوەدانبکرێتەوە و دانیشتوانەکەی بەیەکسانی نیشتەنی بکرێتن و، مومارەسەی هەمان ئەو مافانە بکرێت کە تیایدا بوونی هەبووە و، گشتاندنی خۆشگوزەرانی و ئاسودەیی بکرێتن. بەمشێوەیە کەدەوڵەت، بەهێزترین دەوڵەتێك دەبێت کەلەتواندابێت هەبێت و،باشترینیشیان دەبێت لەدەستەڵاتکردندا، بائەوەش وەبیرخۆمان بهێنینەوە کەدیواریشارەکان تەنها لە داروپەردوی خانوە وێرانبووەکانی گوندەکان نەبێت پێکنایەتن . چونکە لەهەموو ئەو کۆشکانەی کەدەبینم لەپایتەختدا بەرزدەبنەوە، وا دێتە خەیاڵم کە ولأت بەتەواوی وەرگۆڕدراوە بۆ کوخگەلێك .

# جومگەی چواردەهەم

## دەسەڵاتی فەرمانڕەوا چۆن خۆی دەپارێزێت

### ـ پاشبەند ـ

**هەرکاتێك** گەل بەشێوەیەکی شەرعیدەستەیدەستەڵاتداری پێکهێنا، ئەوا هەموو دەستتێوەردانێکی حکومەتی ڕاگیراو ودەسەڵاتی دادوەری ـ قەزائی ـ م.ص ـ لەحاڵەتی هەڵپەساردندا دەبێت و، کەسیش وەك کەسی گەورەترین دەسەڵاتدار، دەبێتە کەمترین هاووڵاتیەك کە پیرۆزکراو و پارێزراو بێتن .ژبەرئەوەی کاتێك کەکەسی بنەڕەتی بوونی دەبێت ئەوا ئیتر نوێنەرێکی نامێنێتەوە. سەرچاوەی زۆربەی ئەو پەشێویانەی کەلە ( ڕۆما ) دا لەسەندیکای هەڵبژێردراوەکانی گەلدا بەرپابوون، لەراستیدا بریتی بووە لە فەرامۆشکردن یان پێنەزانینی ئەم ڕێسایە، لەو کاتەشدا کۆنسولەکان جگە لەسەرکردەکانی گەل چتێکی تر نەبوون، پارێزراوانی گەلیش چ نەبوونە جگە لە گوتاربێژان [1]، ئەنجومەنی پیرانیش هەرگیز چتێکی شایانی باس نەبووە.

ئەم ماوانەی هەڵپەساردنی دەستەڵاتەکان، کەتیایاندا دان بەپادشاکاندا دەنرێت، یانوەکو پێویست دانبنرێت بەبوونی یەکێکی لەو بەرزتردا ، لەراستیدا بۆ پادشا، سامدار نەبوو. <u>ئەم سەندیکایانەی گەلیش ـ کەبریتی بوون لەقەڵغان و هێزی بەرپەرچی حکومەت و</u>

---

[1] تارادەیەک وەک کونجاندێک بەو واتایەی کەلە پەرلەمانی بەریتانیدا دەدرێتە ئەم ناوە ـ مەبەستە لەناوی گوتاربێژانە ـ م . ص ـ . لەراستیدا ئەو وێکچوونەی کە لەنێوان ئەم فەرمانگوزارییانەدا هەبووە، دووبەرەکیەکی لەنێوان کۆنسولەکان و پارێزەران لەگەڵ ناوەتەوە (لەنێوان ئەنجومەنە گەلیەکاندا) کاتێک کە هەموو دەسەڵاتێکی دادوەری هەڵپەسێردراوە .

دەزگاسیاسیەکە ـ لەراستیدا هەموو کاتێك جێگەی ترس و سامی سەرکردەکان بونە: لەبەرئەوەی هەرگیز درێغیان نەکردووە لەلایەنی بایەخدان و نەپێشگیری و نە لەدروستکردنی ئاستەنگ و،لەلایەنی بڕوبەڵێنەکانیشیانەوە زبۆ دوور ڕاگرتنی هاووڵاتیان لێیان ـ واتە لەو سەندیکاگەلیانە ـ م. ص ـ، کاتێکیش کە ئەو هاووڵاتیانە چاوتێبڕ وترسنۆك و بێ نرخ و زیاترعەودالی پشەوەدان دەبن تاوەکو ئازادی،ئەوا ناتوانن لەبەرامبەر هەوڵە چووەسەریەکانی حکومەتدا زۆر خۆڕابگرن و، تائەوکاتەش کە هێزی بەرخۆدان بەمشێوەیە و بەبەردەوامی زیاد دەکاتن ، ئەوا دەسەڵاتی فەرمانڕەوایی لەکۆتایدا دەڕەوێتەوە و زۆربەی شارە سیاسیەکانیش دادەڕمێن و پێش کاتی خۆی لە ناو دەچن .

ودلیٚ ، لێرەدا دەسەڵاتێکی نێوکار هەیە کە هەندێکجار دێتە نێوان دەسەڵاتی فەرمانڕەوایی و حکومەتی خۆسەپێنەریەوە، بۆیە کە پێویستە ئاخاوتن لەسەر ئەم دەسەڵاتە بکەین .

# جومگەی پانزەهەم
## جێگرەکان یان نوێنەرەکان

**هەرئەوەندەی** کە ڕاژەگوزاری گشتی، نەبووە ئامانج و سەرقاڵ بوونی سەرەکی هاوولاتیان و ڕاژەکردنیان بە پوولەکانیانەوە، پەسەندترکرد لەراژەکردن بەکەسەکانیانەوە، ئیتر ئەوەندە نابات کە دەولەت نزیک لەدارماندنی دەبێتەوە . ئەگەریش کەلە سەریانبێت بەرەو جەنگ بڕۆن ؟ ئەوا پوولدارەکان دەستدەکەنە بەکرێگرتنی سەربازان و بۆخۆشیان لەماڵەکانیاندا دەمێننەوە[1]، ئەگەریش لەسەریانبوو کە لە ئەنجومەنە گشتیەکاندا بەشداربن ؟ ئەوابۆئەوە کارە نوێنەرگەلێك بۆخۆیان هەڵدەبژێرن و،بۆخۆشیان لەماڵەکانیاندا بەخۆشراحەتی دەمێننەوە، دواجاریش لەزۆری رادەبەدەری تەمەڵی و پوول وداراییەوە، ئەوا بە کۆیلەیەتی کۆمەڵگەیا، دەخەنەنێودەست ئەوسەربازانەوە،بەجۆرێك کە لەبۆ نیشتیمان، سەربازگەلێکیان دەبێت و نوێنەرگەلێکیش دەکرنەوە بۆئەوەی دەنگیان وێدەنێ. لەبەرئەوەی کە سەرکردنەسەر بازرگانی و هونەر و خراپروکردنە قازانج و خۆشگوزەرانی ، بریتین لەو کاروبارانەی کە ڕاژەگوزاریە کەسیەکانیان بەپوول گۆڕیوەتەوە . بەمشێوەیە کە یەکێکیان ــ مەبەست لەوجۆرە هاوولاتیانەــ، لەبەشێك لەقازانجەکەی وازدەهێنێت تاوەکو بەئارەزووی خۆی زیادیبکاتن و، تۆش خێرا لەوبارەدا دەبیتە گرتی کەلەپچەگەلێك ـ زنجیرگەلێك ــ م.ص

---

[1] کوردەگوتەنی بەپوارمشتی لێیدادەنیشن ــ م . ص ـ .

ـ ئەگەربێتو لەجیاتی کار، پوولێك بدەیت . وشەی دارایی هاوتای وشەی کۆیلەیە و ، لەدەوڵەت ـ شاردا،هیچ کرپیارێکی‌نیە،لەبەرئەوەی کەلە کۆمەڵگەیەکی ئازاددا، لەراستیدا هاووڵاتیان بەبازووی‌خۆیان کارەکانیان ئەنجامدەدەن، نەك ئەوەی کە بە پارەو پوول ئەو چتەڕا بکەن. کەواتە ئەوان زۆر لەوەدورترن کەبۆ هەڵهاتن لەئەنجامدانی ئەرکەکانیان ،پارەڕا بدەن ، بەڵکو خۆیان دەبنە پاڵنەرێك کە ئەوکارەڕا ئەنجامبدەن . (من) دوور لەبیرەــ The Idea ــ م.ص ــ زانراوەکان ، باوەڕم وایە کە کاری سوگەرییانە، کەمتر ناکۆك و بەرهەڵستە دەگەڵ ئازادیدا تاوەکو باجەکان .

تاوەکو پێکهاتنی دەوڵەت باشتربێت ، ئەوەندە لەلای هاووڵاتیان کاروبارە گشتییەکان بالادەستردەبن بەسەر کاروبارە تایبەتەکاندا و،بەڵکو کارەتایبەتەکان زۆر کەمتردەبن، لەبەرئەوەی کە کۆی‌خۆشبەختی و بەختەوەریی هاوبەش، کە لەبەرکەوتی‌هەموان دەبێت، زۆر مەزنترەلە خۆشبەختی‌و بەختەوەری تایبەتیەوە کەدەستیدەکەوێتن و، ئیتر تاك پاڵنەرێکی بۆگەڕان بەدوای بەرژەوەندیەتایبەتیەکانیدا،لانامێنێتن .

کەواتە لە دەوڵەت ــ شارێکدا، کە بەباشی دەسەلاتداری دەکرێتن، هەموو یەکێك خێرا بەرەو ئەنجومەنە گەلیەکان، رادەبێتن،کەچی لەژێرسایەی حکومەتێکی خراپدا،کەسێك نابینین حەزبکات کە یەك هەنگاویش بنێت بۆیان ، لەبەرئەوەی کەسێك نابێت کەبایەخبدات بەوەی کە تایایدا لەگۆڕێیە ،بەڵکو واش پێشبینی دەکرێت کەئیرادەی گشتی تیایدا پیادەنابێت و دواجاریش بایەخدانە نێومالیەکان ،هەموو

چـتێکڕا پـەلکێش دەکـاتن . بەمشـێوەیەش یاسـا باشـەکان دەبنـەهۆی چێبوونی یاسای باشتر ، خراپەکانیش دەبنە هۆی خراپتر .

ئیتر هەرئەوەندە یـەکێکیان سەبارەت بەکارەکانی دەوڵـەت، بڵێت : چ پەیوەنـدی بەمنــەوە هەیـە ؟ ئـەوە ئـیتر هـەردەبێت ئـەژماری نـەمان و تیاچون بۆ ئەودەوڵەتەڕا بکرێتن .

لەراسـتیدا پوکانـەوەی خۆشەویسـتی نیشـتیمان و چـالاکبوون لـە بەرژەوەنـدی تایبـەتی و، گـەورەیی دەوڵەتـەکان و داگیرکـاری و خـراپ دەکارهێنـانی دەسـەڵات ، بوونـەهۆی چۆڵبوونی، یـان تـەختبوونی رێگـا بـۆ گـەیشـتنی جێگـر، یـان نوێنـەرانی گـەل بەئەنجومەنـەکانی نەتـەوە . ئەمەش ئەوەیە کەلـە هەنـدێك وڵاتـدا هەنـدێك بوێری دەکـەن کـە بەچینی سـێهەم نـاوزەدی بکـەن و، بـەم شـێوەیەش بەرژەوەنـدی تایبـەتی، بـۆ دووچینی پلە یەك و دوو حەڵاڵکرا و، بەرژەوەندی گشـتیش، بۆ چینی یان پلەی سێهەم مایەوە .

لەبەرهــەمان ئــەو هۆیانــەی، کــەوادەکات فــەرمانڕەوایی شــایانی دەسـتلێبەردان بـوون نـەبێت، ناشـتوانرێت کـە نوێنەرایـەتی بکـرێتن، چونکە بەشێوەیەکی بنەڕەتی (ئەو)، بریتیە لەکۆڵەکەی ئیرادەی گشتی و، ئــیرادەی گشــتیش بەهیچشــێوەیەك نانوێنرێــت : کەواتــە یــان بریتیـدەبێت لـەخودی خـۆی، یـانوەکو چـتێکی دی نـابێتن، واتـەلێرەدا نێوەڕاسـتی نیـە.بەوپێیـەش جێگرەکـانی گـەل نوێنـەرانی گـەل نـین و،ناشکرێت کەوا بێتن، ژبەرئەوە، ئەوان چ نین جگە لە قۆمیسـەرانی [1]

---

[1] مەبەست لەوکەسانەیە کەلەلایەن گەلەوە سەرپەشکن بۆ راپەراندنی کارو بارەکانی وڵات واتە پێدانی پێداویستی پۆستەدەسەڵاتیە جۆراوجۆرەکان پێیان - م.ص -

( ئـەو)و ، لەتوانایانـدا نیـە کەبەیـەکجاری دەسـت لەچـتێك ڕابـدەن ، لەبەرئەوەی هەموو یاسایەك کەگـەل ڕەزامەنـدی لەسـەر نـەبووبێت، ئـەوا نێـوەڕۆك بەتاڵـدەبێت، واتـە بەهیچشـیوەیەك نابێتـە یاسـایەك. کەواتـە کاتێك گەلی بەریتانیا وادەزانێت کە ئازادە ، ئەوا زۆر بەهەڵـەدا چووە، چـونکە (ئەو ) تـەنها لـەکاتی هەڵبـژاردنی ئەنـدامانی پەرلەمانـدا ئـازادە، ئـیتر هـەر ئەوەنـدەی هەڵبـژاردنی ئەوانـە تـەواو بـوو، ئـەوا(ئـەم) دەبێتـە کۆیلە یەك بەڵکو نابێتە هیچ چتێك، لەراستیدا لـەماوە کورتـەکانی ئـازاد بوونیدا،بەسوودوەگرتنێکی‌نادروست لـە شـێوازی دەکارهێنـانی وی، بـۆ ئازادییەکـەی،ئەوەی‌دەرخسـت کەمافەکانیشـی هـەمان ئـەو چـتەن کەلەدەستی‌بداتن .

بـیرۆ کـەی نوێنـەران نوێیـەو : لەحکومـەتی فیودالیـەوەڕا پێمانگەیشـتووە، ئـەو حکومەتـە زۆردارە سـەخیفەی کەتایایـدا جـۆری مرۆیـی بـەربارەدەو نـاوی مـرۆڤیش تیایـدا ڕێنـەدراوە، یـان ژەهراویـە . کەچی لەپادشایەتیەکان و لەکۆمارە کۆنەکانـدا، گـەل هـەرگیز نوێنـەرانی نـەبوەو، بـەڵکو مرۆڤ تـەنانت نەشـی زانیـوە ئـەم ووشـەیە چیە و، لـەکارە زۆر بێهاوتاکـانی (رۆمـا)ش، کاتێـك کـە پارێزەرەکـانی گـەل، زۆر پیرۆزبوون، ئەوە بووە کە بەخەیاڵی مرۆڤدا نـەهاتووە،کە توانـای ئـەوەی هەبێت فەرمانگوزاریەکانی گەلڕا، پاوان و داگیر بکـەن و، ئـەوان هـەرگیز لەگەرمـەی ئـەو گەردەلولەگەورەیـەی ڕوداوەکانـدا،هەوڵیاننـەداوە کـە لەخۆیانـەوەڕا تاکـە یـەك ڕاپرسـی گـەلی تێپـەڕێنن و ببـەزێنن . دەگەڵئەوەشـدا بائـەو پەشـێویەی کـە هەنـدێکجاران جـەماوەر بـەرپای دەکـاتن پێشـبینیبکەین،هەروەکئـەوەی

لەسەردەمی(گراکۆسی بنەماڵەدا)دا، روویدا، ئەوەبو کاتێك بەشێك لەهاوولاتیان، بەهۆی ئاپۆڕەی خەڵکەکەوە، لەسەر سەربانەکانەوە دەنگی خۆیان دەدا .

کاتێك کە راستی و ئازادی، هەموو چتێك دەبن، ئەوالەئەستۆگرتنی دژواریو زەرەروزیانەکان، چتێك نابێتن . چونکە گەلێك کە لێزان وبیرمەندبێتن،ئەوا میانڕەویلەکارەکانیدا،پشتگوێناخاتن:هەروەکو نموونەی رۆمەکان، کەرێگەی بە جێبەجێکەرانی یاساکانی دەدا،کە ئەوەبکەن کەپارێزەرەکانی نەیاندەتوانی کەبیکەن و ، لەوەش نەدەترسان کە جێبەجێکەرانی دەسەڵاتەکەی، ئارەزوو بکەن لەنوێنەرایەتی کردنیدا .

وەلێ ،بۆ ڕوونکردنەوەی ئەوەی کەچۆن هەندێکجار پارێزەرانی گەل، نوێنەرایەتی ئەویان کردووە، ئەوەندە بەسە ئەوە بێنینە پێشچاویخۆمان کەچۆن حکومەت نوێنەرایەتی(دەستە)یکردوە، بەهۆی ئەوەش کە یاسا چ نیە،جگە لەڕاگەیاندنی ئیرادەی گشتی، کەواتە ئێستائەوە روونە کە ناکرێت گەل لەدەسەڵاتی یاسادانەریدا، نوێنردراوبێت ،لێ سەبارەت بەدەسەڵاتی کارگێڕی کە جگەلەوەی هێزێکی جێبەجێکەری یاسایە ، نەك هەر دەکرێت، بەڵکو پێویستیشە کە گەل تیایدا نوێندراوبێتن . ئەوەش بۆمان دەردەخات کە ئێمە بەووردبینیکردنی کاروبارەکان ، چەند نەتەوەیەکی کەم دەبینین کە یاسایان هەبێت، بەهەرحاڵیش ئەوە جەختلێکراوە کە پارێزەرانی گەل،ئەگەر هیچ بەشێکی دەسەڵاتی کارگێڕییان نەبوایە، ئەوا هەرگیز نەیاندەتوانی کە بەپێی مافەکانیان نوێنەرایەتی گەلی ڕۆمانی بکەن،

لەو ئەرکانەی پێیان سپێردراوە، مەگەرتەنها بەپاوانکردنی مافەکانی ئەنجومەنی پیران.

گریکەکان هەرکارێك کەبیانوییستایەئەنجامیبدەن ،ئەوایەکسەرئەنجامیاندەدا ،ئەوخەسڵەت و ئەدگارەش بەهۆیئەوەبوو کە ئەم گەلە،بەردەوام دانەدەبڕا لەکۆ بوونەوەکانی گۆڕەپانی گشتی و لەژینگەیەکی میانڕەودا دەژیا و هەرگیزیش ئەوەندە دڵرەق نەبووە کە کۆیلەکان هەستن بەکارەکانی و بەردەوامیش ئازادییەکەی، کاری ڕۆژانەی بووە .کەواتە کاتێك مرۆڤ هەمان ئەو جیاکاری و ئەدگارانەی بۆ نەمێنێتەوە، کەواتە چۆن دەتوانرێت پارێزگاری لەهەمان ئەو مافانە بکاتن ؟ لەسەرئەوەشڕادەڵێین کە ژینگە سەختەکان پێداویستی زیاتریان دەوێت [1]، چونکە بۆ ماوەی شەش مانگی ساڵ، ناتوانرێت لە گۆڕەپانی گشتیدا کۆبونەوەبکرێت و، زمانە لاڵەکانیش ناتوانن کەلەهەوای کراوەدا گوێبیستی گۆتنەکانیان بن و ، ئیتر زیاتر بایەخدەدەنە نانپەیداکردن تاوەکو ئازادییان و، لە نەداری زیاتر دەترسن، تاوەکو کۆیلەیەتی.

چی ؟ ئایا بەپشتبەستن بەکۆیلەیەتی نەبێت، ناکرێت کە ئازادی بپارێزرێت ؟ لەوانەیە ئەو دوودژە بەیەکیشبگەن ، کەواتە هەرکامێکیان زیانی خۆی هەیە . ئەرەی هەرگیز کەلە سروشتدا نایانبێتن و کۆمەڵگای مەدەنیش جگە لەخۆی زیاترە لەهەموان .

---

[1] چاولێکردنی ڕابواردنی و ناسکی ژیانی خۆرهەڵاتیەکان، لەوڵاتە ساردەکاندا ، بەواتای هەبوونی نارەزووی دەسکەوتنی هەمان کۆتوبەندەکانیان دێت " بەڵکو هەروەها بەواتای ملکەچکردن بۆ ئەم کۆتو بەندانە ، بەپێویستەکی زیاترە لەوان .

کەواتەلەبارودۆخگەلێك لێکەوتەیی‌ئاوهادا،ناتوانرێت کەتیایاندا پارێزگاری لەئازادی‌بکرێتن ، مەگەر لەسەر حیسابی ئازادی ئەوانی‌دی نەبێت و، بەجۆرێکیش کە هاوولاتی بەتەواوی تیایدا ئازادنابێت، ئەوەئەگەر لەدواسنوری کۆیلەیەتیدا نەبێت. ئەمە دۆخی (ئەسپارتە) بووە، لیٚ، سەبارەت بەئێوە، ئەی گەلانی هاوچەرخ، ئەوا کاتێك بەهیچشێوەیك کۆیلەتان نابێت، بەخۆتان کۆیلەدەبن ، چونکە ئێوە، ئازادی ئەوانتان کردە قوربانی ئازادی خۆتان و، زۆرزیادلەپێویست بەولەپێشترییەی‌خۆتانەوە دەنازن، ئەوا(من) ترسنۆکی زیاتر، تیا بەدی دەکەم، تاوەکو مرۆڤایەتی .

ئەز بەهیچشێوەیەك نە مەبەستم لەهەموو ئەوانە ئەوەیە کە پێویستە کۆیلە هەبێت و، نەئەوەش کە مافی کۆیلەکردن پێویستە ببێتە مافێکی شەرعی ، لەبەرئەوەی کە بەڵگەم لەسەر پێچەوانەی ئەوە داناوە، لیٚ، تەنهائەوەدەڵێم کەبۆچە نەتەوەگەلێك نویٚ ،کە وادەزانن ئازادن کەچی نوێنەرەکانیان هەڵدەبژێرن ، بۆ چیش کە گەلانی پێشین نوێنەریان نەبووە ، ئیتر هەرچییەك لەگۆڕیٚ بوبێت ئەوا گەلێك، لەو چرکەساتەی کە نوێنەرانی خۆی دەستنیشان دەکات،ئەوا ئازاد نامێنێتەوە، بەڵکو ئیتر بونێکیشی نابێت.

وەلیٚ، کاتێك بەبایەخەوە توێژینەوە لەهەموو چتێك کراوە ئەوا ئیتر بەدوای ئەوە، وانابینم کە(دەستە) کاتێك دەتوانێت تواناکانی‌خۆی‌بپارێزێت ومومارەسەی مافەکانیبکاتن، کەدەوڵەت ـ شارەکە، زۆرگچکە بێتن. لیٚ، دەتوانین بڵێین کەئەگەرگچکەش بێت ئەوکات دەکرێت کەبەهۆی‌دەوڵەتانی‌ترەوەبێتەژێرکۆنترۆڵکردنەوە؟ وەلیٚ

باشە لەوەدانیە .لەدواتریشدا ئەوە روون دەکەمەوە [1] کە چۆندەکرێت لێکبەندی بکرێت لەنێوان هێزی دەرەکی گەلێکی گەورە و ئاسایشی ئاسان و ڕژێمێکی باش لەدەوڵەتێکی گچکەدا .

---

[1] ئەمە ئەوەیە کە لەدواداوای ئەم دانراوەدا ، دەمەوێت دەستی بدەمێ کاتێک کە لەناخاوتنم لەسەر پەیوەندیە دەرەکیەکان، دەکەمە یەکیتیەکان ــ فیدراڵیەکان ــ م.ص ـ ـ ئەوەش بابەتێکی زۆر نوێیە و هێشتا پرەنسیپەکانی پێویستیان بەبڕیار لەسەردانە.

# جومگەی شانزدە هەم

## دامەزراندنی حکومەت هەرگیز گرێبەست نیە

**دوای** باش جێگیرکردنی دەسەڵاتی یاسادانەری، دەمێنێتەوە سەر دامەزراندنی دەسەڵاتی کارگێڕیی بەهەمان ریتم ، لەبەرئەوەش کە ئەو دەسەڵاتە کارگێڕییەی کەبەکردە تاکیەکانڕا نەبێت کارناکات، لەقوڕی دەسەڵاتێکی دی نیە، ئەوا بەشێوەیەکی سروشتی لێی جودادەبێت[1]،ئەگەریش لەتوانادابوایە کە(دەستە)،بەو ئەدگارەی کەدەستەڵاتدارە، دەسەڵاتی کارگێڕیی لەدەستدابێتن، ئەوا ماف و کردەکان بۆ سنوور ورادەیەك، تێکەڵ دەبوون کە لەتوانامانـدا نەدەبوو یاسا لە نایاسایی جیابکەینەوە و، دەزگا سیاسیەکەش ـ کەبەمشێوەیە تێکوپێکپرژاو وشێواو دەبوـ بەخێرایی دەکەوتە داوی، یان وردتر بڵێین دەبووە نێچیرێکی ئەو زەبروزەنگەی کە لەدژیڕا دامەزراوە .

لەبەرئەوەش کە هەموو هاوولاتیان بەپێی گرێبەستی کۆمەڵایەتی یەکسانن ، کەواتە ئەوەی کە پێویستبوو پێکڤەڕا کارکردیبکەن، هەموویان پێکەوەڕا دەتوانن بڕیاری لەسەربدەن لەبری ئەوەی کە هیچ کەسێك مافی ئەوەنەبێتن کە داوا لەیەکێکی دی بکاتن ئەوە ئەنجامبداتن کە خۆی ئەنجامی نەداوە . لەراستیشدا ئەم مافە بەخۆی کە ژبۆ ژیان و جوڵەی دەزگای سیاسی ـ یان دەزگا سیاسیەکە ـ م.ص ـ چەندی بێتن

---

[1] واتە دەسەڵاتە کارگێڕیەکە جودادەبێت لەدەسەڵاتە یاسادەنەرییەکە ـ م.ص ـ .

کەمــە ، بریتیەلــەوەی کــە(دەســتە) لــەکاتی دامەزرانــدنی حکومەتــدا دەیبەخشێتە پادشا .

زۆرێك وای بۆ دەچوون کە پرۆسەی ئەم دامەزراندنە ، بریتی بووە لەگرێبەستێك لەنێوان گەل و ئەو سەرکردانەی کە بۆ خۆی هەڵیبژاردون و، بەپێی ناوەخنەکەشی ئەومەرجانە لەنێوان هەردوکلادا، دیاریدەکران کـە یـەکێکیان بـۆ دەسـەڵاتکردن پابەنـدڕا دەبـوو، ئـەوی دیشـیان ژبـۆ گوێڕایەڵی،یانوەکو ملکەچی . من باوەڕی تەواوم بەوەهەیە کە دەگەڵ (مـن)دا،دێنەسـەرئەو دانپیانانـەی کـە ئـەوە ڕێگەیـەکی سـەیرە ژبـۆ گرێبەستکردن و ، دەگەڵئەوەشـدا بـابزانین کـە ئەوتیۆریـە لایـەنگیری هەیە .

یەکهـەم :دەسـەڵاتی بـالاّ هـەروەك کـەناتوانێت خـۆی راسـتبکاتەوە ، ئەوهاش ناتوانێت کە سازشبکات یان ملبدات ، لەبەرئەوەی لەواقیعدا، دیارییکردنی بریتیـە لەتێکڕمانـدنی و،کـارێکی ئاسـتەنگ و ناکۆکیشـە کـە (دەستە)سـەرۆکێك بـۆ خـۆیڕا دەستنیشـانبکات، یـانوەکو دابنـێتن ، چونکە خـۆ پابەنـدکردنی بـە ملکەچکردنی بـۆ سـەرکارێك، بـەواتای دەستبەرداربونێتی لەئازادییە رەهاکەی .

دووەم :چـتێکی پێشـترڕا زانـراوە،یـان ئاسـاییە،کـە گرێبەسـتیگەل بەتاکگـەلێك کردەیـی،کارێکیتایبەتـە، لـەوێوە ئەوەدێتـە دەسـت کەئـەو گرێبەسـتە نـەدەتوانێت کـە یاسـایی بـێتن و نـە کـارێکیش دەبـێتن لەکارەکانیفەرمانڕەوایی ـ دەستە ـ و، بەوپێیەش ناشەرعی دەبێتن .

سـێیەم : تاکەیاسایبڕیاردەرلەسـەرهۆردووك لایـەنی گرێبەسـتکار،بریتیـە لەیاسـای سروشـتی، بـەبێ هـەبوونی هـیچ

دابینگەریـەك ـ **insurance** ـ ژبـۆ پابەنـدبوونی ئاڵوگۆڕکراویـان ، ئەوەش ئەوەیە کە حاڵـەتی مـەدەنی لەهەربارێکدا، یان بەهـەر شێوەیەك بێـت داویەتـە دواوە . لەبەرئـەوەش کـە ئـەوەی هێـزی لـەنێو دەستدایە، بـەردەوام هـەرخۆی سـەرکاری جێبەجێکردنیشـە، ژبـەر هەنـدێك، بەکردەیەك دەڵێن (( گرێبەست )) کەتیایـدا لایـەك بـەو لاکـەیتر دەڵێـت : هـەموو چـتێکی خۆمـت دەدەمـێ بەومەرجـەی لەوسـامانەی کـەدڵت دەیخوازێت ولەوەیکەهەتە،بیدەیتەمن .

لەدەوڵەتـدا تـەنها یـەك گرێبەسـت هەنـە ئـەویش بریتیـە لـە گرێبەستی هاوبەشـی و هـەر تـەنیا ئـەم گرێبەستەشـە کـە وەلامـی هـەموو گرێبەسـتەکانیدی وێـدەداتن وبێبەهایانـدەکاتن، لەتواناشماندانیـە کەڕەچاوی ئەوەبکەین کەهەر گرێبەستێکی کۆمەڵایەتیترهەبێت وناکۆك نەبێت بەم .

# جومگەی حەڤدەهەم

## سەبارەت بەدامەزراندنی حکومەت

**کەواتــە** پێویستە لەکامە گۆشەوە ئەو هەڵسوکەوتە نیشانبدەین کە لەوڕاوە حکومەت، دێتەدامەزراندن ؟ سەرەتا هەردەبێت تێبینی ئەوهە بکەین کە ئەم هەڵسوکەوتە ئاوێتەییە، یانوەکو لە دوو هەڵسوکەوتی دی، پێکهاتووە کە بریتیین لە : دانانی یاساو، جێ بەجێکردنی.

لەمیانی هەڵسوکەوتی یەکهەمیان، (دەستە)بڕیاردەدات، یان راست تر بڵێین، داندەنێت بەوەی کە لەوێدا دەزگایەکی حکومی دامەزراو، لەسەر ئەم، یان ئەوشێوەیە بوونی هەیە و، رونیشە کە ئەم هەڵسوکەوتە یاسایی دەبێتن .

لەمیانی هەڵسوکەوتی دووهەمیشیانەوە،(گەل) ناودەنێتە ئەوسەرکردانەی کە حکومەت دامەزراوەکەیان پێدەسپێرێت و، لێرەدا پێویستە ئەوهە بڵێین کە ئەم ناولێنانە یاسایی نیە، لەبەر ئەوەی‌کەکارێکی،یان کردەیەکی تاك لایەنیە،بەڵکوتەنهاتەواوکەری یەکهەمیانە و، فەرمانگوزارییەکیشە لە فەرمانگوزارییەکانی حکومەت .

کەواتە گرفت و کۆسپەکە، بریتیە لە تێگەیشتنی ئەوهەی کە پێش ئەوەی حکومەت بوونی‌هەبێت، چۆن چۆنی دەتوانرێت کارێك لە کارەکانی‌ڕا وەدەستبکەوێتن و، چۆنیش ئەو گەلەی کە جگەلە فەرمانڕەوا، یان سەرپەرشتکار چتێکی‌دی‌نابێتن، چۆن لەبارودۆخ گەلێك دەستنیشانکراودا، دەبێتە پادشایەك یان دەسەلآتدارێك.

لێرەدا هەروەها جارێکی دی، یەکێك لەو خەسڵەتە سەیرانەی دەزگا سیاسیەکە، کە بەهۆیەوە لەنێوان پرۆسە بەرواڵەت ناکۆکەکاندا لێکگونجاندن دەکرێت، روپامالڕاودەکەین . چونکە (ئەوە ) بەگۆڕانێکی کتوپڕ لەفەرمانڕەواییەوە ژبۆ دیموکراتیەت، تەواودەبێتن، بەجۆرێك هاوولاتیان، کەبوونەتە دەسەلأتدار لەکردەوە گشتیەکانەوە ژبۆ تایبەتیەکان و، لە یاساخوازییەوە ژبۆ جێبەجێکاری، راگوازراودەبن و، ئەوەش بەبێ هیچ گۆڕانکاریەکی هەستپێکراو و،تەنها بە پەیوەندیەکی نوێ لەنێوان گشت وگشتدا. ئەم گۆڕانکاریە لەپەیوەندیدا، هەرگیز کارامەییەکی تیۆریی نیە و بەس، کە لەکارکردندا هاووێنەی نەبێت : چونکە لەپەرلەمانی بەرتانیدا هەموو رۆژێك رودەداتن، بەجۆرێك کە ئەنجومەنی گشتی **The Holl consul** لە بۆنەگەلێك دیاریکراودا ، سەرەوژێر دەبێتەوە ژبۆ لیژنەیەکی گەورە، تائەوەی بەشێوەیەکی باشتر پرس و مەسەلەکان بێنە گفتوگۆوتاوتوێکاری. بەمشێوەیەش لەئەنجومەنێکی فەرمانڕەواییەوە، کەوەکئەوەی لەساتێکی بەسەر چوودا بوبێت، ژبۆ لیژنەیەك و بەس، وەردەگۆڕدرێت ، بەجۆرێك کە بەدوای ئەوەدا، (ئەو ) بەو ئەدگارەی ئەنجومەنێکی گشتیە، سەبارەت بەوەی کەوەك لیژنەیەکی گەورە یەکلاییکردونەتەوە راپۆرتێك بۆخۆی پێشکەشدەکات ،سەرلەنوێش بەناوێکی(نوێ)وە دەستئاوەری ـــ دەستگۆڕکێکردن ـ م.ص ـ دەکاتن، کەپێشتر لەژێرناوێکی دیدا بڕیارم لەسەر دابوو .

یەکێك لەجیاکەرەوە تایبەتەکانی حکومەتی دیموکراتی، بریتیە لەتواناداری بەرهەڵداکردنی لەواقیعدا، هەرتەنها بەهەڵسوکەوتێك

لەئیرادەی گشتیەوەڕا و، پاش بەرهەڵدابوونیشی، یانوەکی دی، بڵێین پاش هاتنە ئارای ئەم حکومەتە کاتیە، ئەگەر بەوشێوەو تەرزە بێتن کە رایەکان [1] لەسەریڕا پێکهاتوون، ئەوا لەدەسەلأتکردندا دەمێنێتەوە، یانوەکو ئەوەی بەناوی فەرمانڕەواوە، ئەو حکومەتەڕا دادەمەزرێنێت کە یاسا بڕیاری لەسەرداوە. بەمشێوەیەش هەموو چتێك وەك بنەڕەت و ڕێوشوێنە لەبەرگیراوەکان، بەڕێوەچووە ودەچێت. کەواتە بەهیچشێوەیەك و ڕێگەیەکی دی و، بەبێ دەستبەرداربوون لەو پرەنسیپانەی کە پێشتر سەلماندمان، ناکرێت کە حکومەت بێتەدامەزراندن .

(١) حاڵەتە بۆ گرووپێکی ئاژاوەچی یان پیلانگێڕ وەمافیاکەرایی نێو دەستەڵاتەکان ـ م . ص ـ.

# جومگەی هەژدەهەم

## ئامرازەکانی رێنەدان بەدەستدرێژیەکانی حکومەت

**وەك** لایەنگیریەك بۆ جومگەی شانزەهەم، لەم روونکردنەوە ئەوەڕا دێتەدەست، ئەو هەڵسوکەوتەی کە حکومەتڕا دادەمەزرێنێت، هەرگیز بریتی نیە لە گرێبەستێك،بەڵکو یاسایەکە ئەوانەش کە شەونخونی لەسەر دەسەلآتی کارگێڕیی دەکەن، هەرگیز سەرکارانی گەل نین، بەڵکو فەرمانبەرەکانین و، هەرکاتێك بویسترێت دەتوانرێت دابنرێن و لابرێن و، مەسەلەکەش بەلای ئەوانەوە هەرگیز مەسەلەی گرێبەستکاری نیە، بەڵکو گوێڕایەڵی و ملکەچیە و، ئەوانیش بەپشتبەستنیان بەو فەرمانگوزارییانەی کەدەولەت لەسەریانی دەسەپێنێت ،چتێك ناکەن،جگەلەوەی کەوەك هاوولآتیەك فەرمانەکانیان بەجێدەهێنن ، بێئەوەی کەبەهیچ شێوەیەك مافی تاوتوێکردنی مەرجەکانیان هەبێت .

کەواتە کاتێك ئەوە ڕودەدات، کە(گەل) حکومەتێکی بۆماوەڕا دابمەزرێنێت ، ئیتر چ ئەوەی پادشایەتی بێت لەخێزنێکدا، یان وەکو ئەرستۆکراتی بێت لەچینێك لەهاوولآتیان ، کەواتەئەوەی لەوەوەڕا پێیهەڵدەسێتن، یان لەبەرخۆیدادەنێت بریتی‌نیە لە پابەندییەك لەلای خۆیەوە، لێ، ئەوە بریتیە لەو شێوەکاتیەی کەبە ئیدارەی دەداتن، تائەوکاتەی کە بەشێوەیەکی دی، دەخوازێت یان حەز بەرێکخستنەوەی دەکات .

راستە کەوا بەردەوام ئەم گۆڕانکاریانە ترسناکن و بەهیچ شێوەیەك نابێت کەدەست لەحکومەتە بونیادنراوەکە بدرێت،مەگەر کاتێك

کەدەگەڵ بەرژەوەندی گشتیدا بەرهەڵستدەبێتن، لێ، ئەم وریاییە خۆی پرانسیپێکی بنەڕەتیە لەسیاسەتدا، نەك ڕێسایەکی یاسایی بێتن و، دەوڵەتیش ئەوەندەی کە پابەندە بەبەجێهێشتنی دەسەڵاتی سەربازیی لەنێودەستی سەرکردەکانیدا، ئەوەندە پابەند نیە بەجێهێشتنی دەسەڵاتی مەدەنی لەدەستی رابەرەکانیدا، هەروەهائەوەش راستە کە لەحالەتێکی ئاوهادا لە تواناماندا نیە کە بەبایەخێکی زۆرەوە تێبینی هەموو رواڵەتکاریە خوازراوەکان بکەین ژبۆ جیاوازیکردن لەنێوان هەڵسوکەوتێکی یاسایی و شەرعی و بزاوتێکی یاخیبو و،لەنێوان ئیرادەی تێکڕای گەل و داواکاریەکانی دەستەیەك. چونکە بەتایبەتی لێرەدایە کە نابێت ئەوەبدەینە حالەتە بێزراو و ریسواکە، تەنها ئەوەی کەلەتەنگترین چوارچێوەی یاسادانەبێت، ناتوانرێت لێڕا ڕێنەدراو بکرێتن، هەروەهاش هەرلەم پابەندیەوەیە کە پادشا، یان میر، ژبۆ پاراستنی دەسەلاتەکەی ئەدگارێکی مەزنڕا بەدەستدەخاتن، ئەوەش بێ گوێ دانە گەل و، بێئەوەش کە بتوانرێت بگوترێت کە(ئەو) واتە میر ـ م .ص ـ ئەوەیڕا داگیرو تالانکردووە، چونکە کاتێك کە (ئەو) وایدەردەخاتن کە جگە لەمافەکانی ئیتر چتێکی دی نیە، ئەوا زۆر ئاسان دەبێت بۆی کە فراوانیانبکات و بەبەهانەی The Argument ـ م.ص ـ خۆشی گشتیشەوە، ئەو کۆبونەوە تایبەتکراوانەی گەڕاندنەوەی ڕژێمی دروست، رێنەدراوبکاتن ، بەجۆرێك کە لەبێدەنگی و نقە نەکردنێك، کە هەرخۆی رێ لەواز هێنانیان دەگرێت، یان لەو سەرپێچیانەی کە هەرخۆی دەیانکاتن سودمەند دەبێت، بۆئەوەی دانپیانانی ئەوانەی ترس، بێدەنگی کردوون بەقازانجی خۆی بشکێتەوە

و سزای ئەوانەش بداتن کە بوێری بێژتن و ئاخاوتن دەکەن .ئالەسەر ئەم ریتیم و دەستڕازەیە بوو کە(دە) دەسەلاٚتدارەکە ـ **Decemvirs** ـ م.ص ـ دوای ئەوەی لەسەرەتادا بۆ ماوەی ساڵێك هەڵبژێردران و پاشان بۆ ساڵی دووەمیش لەپۆستەکانیاندا بەردەوامبوون، ئیتر هەوڵیاندا بەشێوەیەکی بەردەوام دەست بەدەسەلاٚتەکانیانەوە بگرن، ئەوەش بەرێنەدان بەکۆبونەوەی ئەنجومەنەگەلیەکان، لەبەرئەوەی کە هەموو دەسەلاٚتەکانی جیهان، ئەگەر بۆ جارێکیش پۆستی هێزی گشتیان کەوتەدەست، ئەوا زوو یان درەنگ، بەم رێگا ئاسانە پاوانی دەسەلاٚتی فەرمانڕەوایی دەکەن.

ئەو کۆبوونەوە خولیانەی ـ سوڕیانەی ـ م.ص ـ کە پێشترڕا ئاخاوتنم لەسەرکردن، هەرئەوانن کەبتوانن لەم شەڕو بەلاٚیە بەدووربن، یان روودانی دوابخەن،بەتایبەتیش پێویست بەوەنەبێت کەبانگهێشتی کۆبونەوەیەکی فەرمیانە بکرێتن، چونکە لەوکاتەدا حکومەت، بۆئەوەی کە راستەوخۆو راشکاوانە، بەوەتاوانبارنەکرێت کەیاسای پێشێلکردوە و دوژمنیگەلە، ئیترجگەلەوەی کەڕێنەگرێت لەکۆبوونەوەی ئەوئەنجومەنانە رێگەیەکیدی لەبەردەمدانیە[1] .

دەستبەکاربوونی ئەم کۆبونەوانەش کەجگە لەپاراستنی پەیمانە کۆمەلاٚیەتیەکە – م . ص – هیچ ئامانجێکی دیان نیە، بەردەوام پێویستە کەبەدو پێشنیار بێنە پێکهاتن، کەبە هیچ شێوەیەك ناتوانرێت بسڕدرێنەوە و هەرکامێکیشیان بەدەنگ بۆدانی نەبێت، ناکرێت کە پیادەو گوزەر بێتن:

---

[1] واتە رێگیری لەو کۆبوونەوانە بکاتن ـ م . ص ـ .

یەکهەم : ئەگەر هاتوو فەرمانڕەوا ( دەستە)،خوازیاری دەستپێوە گرتنی ئەم شێوە حکومەتەی ئێستا بێت .

دوهەمیش : ئەگەرهاتوو گەل، ئێستاکە خوازیاری بەجێهێشتنی ئیدارەبێت لەنێودەستی ئەوانەی راسپێردراون بەلەئەستۆگرتنی بارگرانی ودژواریەکان.

لێرەدا گریمانەی ئەوەدەکەم کەلەوباوەڕەدام سەلماندومە، کەبریتیە لەوەی هیچ یاسایەکی بنەڕەتی نیە لەدەوڵەتدا، کەنەتوانرێت پوچ وبێئاکام بکرێت، تەنانەت خودی بەڵگەنامە کۆمەڵایەتیەکەش، چونکە ئەگەر وەکو تێکڕای هاووڵاتیان بەڕێکەوتنێکی هاوبەشیانە، بۆ هەڵوەشاندنەوەی ئەم بەڵگەنامەیە کۆبینەوە، ئەوائەوکاتە ناتوانین گومانمان هەبێت لەوەی کەبەشێوەیەکی زۆر شەرعیانە هەڵوەشاوەتەوە، تەنانەت {گۆرتیوس} باوەڕی وایە کە هەر یەکێك دەتوانێت لابدات، یان بچێتە دەرەوەی ئەو دەوڵەتەی کە خۆی ئەندامێکە تیایدا و بەدەرچوونی لەوڵات[1]،ئازادی سروشتی و پارەوسامانی خۆیڕا وەربگرێتەوە،یان بەدەستبهێنێتەوە. کەواتەش لەسەخەفاتەوەیە کە ئەوەی هاووڵاتیەك بەتەنها دەیکاتن، هەموو هاووڵاتیان پێکڤەڕا نەتوانن بیکەن .

---

[1] مرۆڤ بۆ خۆدزینەوە لەکارەکەی و راکردن لەراژەکردنی نیشتیمانەکەی، لەو کاتەدا کە پێویستی پێیەتی ،وڵات بەجێناهێڵێت.چونکەلەکاتێکی ناوهادا، هەڵهاتن کارێکی تاوانکەری دەبێت وسزای لەسەردەبێت، کەواتە(نەو)گۆشەگیروتەریک نامێنێتەوە، بەڵکوهەڵدێتن.

### نوسراوی چوارهەم

## جومگەی یەکەم

### ئیرادەی گشتی بەردەوامە و لەکارناکرێتن

**مادامەکی** کە کۆمەڵێك کەس پێکەڤەرا خۆیان بەیەك دەستە یان دەزگا دادەنێن، کەواتە تەنها یەك ئیرادەش بوونی دەبێت، کە دەڕژێتە نێو ئاڕاستەی پارێزگاریکردنی هاوبەش و ئاڕاستەی خۆشگوزەرانیی‌گشتی. لەوێدایە کە هەموو هۆیەکانی دینامیکیەت لەدەولەتدا، بەهێز و سادەرا دەبێت و، پرەنسیپە بنەڕەتیەکانیشی روون و پرشنگداردەبن. کەواتە هەرگیز بەرژەوەندگەلێك نەگریس و ناکۆکیان نابێت بەڵکو بەرژەوەندی هاوبەش لەهەموو جێگایەکدا روون دەردەکەوێت و، بۆ دەرك پێکردنیشی جگە لەهەستێکی تەندروست، چی دی پێویست نیە . کەواتە ئاشتی و یەکێتی و یەکسانی لەسیاسەتدا، دوژمنی ئەوپەڕگرین، یان راستر بڵێین، زیادەڕۆین لەکاری مێشکدا[1]، چونکە لەخشتەبردنی کەسانی سادەوسەرراست، بەهۆی ئەو سادەییەیانەوە، کارێکی‌دژوارە. کەواتە هەرگیز فیڵ و ئارگۆمێنتە نەخشێندراوەکان، لەخشتەیان ناباتن، تەنانەت ئەوان لەوپلەو ئاستە لەدەبەنگی و سەرمەستی نین، تاوەکو لەخشتەببرێن. کاتێك لەلای بەختیارترین گەلی جیهان، کەدەبینین کۆمەڵ و گروپە جوتیارییەکان، لەژێرسایەی کۆنەداربەڕویەکدا کاروباری

---

[1] مەبەست لەکاری زەینیە واتە کاری عەقلی ـ م. ص ـ .

دەوڵەت ڕێکدەخەن و بەژێریەوە ڕێگەی ژیانیان گرتۆتەبەر، کەواتە ئایا لەتواناماندایە کەڕێبگرین، یان راستر بڵێین، بێزنەکەینەوە لەوزیادەڕۆییەی گۆشکردنی نەتەوەگەلێك دی، کە وایان لێدەکات وێڕای لێهاتویی تەواویان لە هونەرو دەستڕەنگینیدا، کەچی هێشتا بەختەوەرو دۆشداماوبن .

دەولەتێك کە بەمشێوەیە حکوم بکرێت پێویستیەکی زۆر کەمی بەیاساکان هەیە و هەرکاتێکیبش کە پێویستبکات یاساگەلێك نوێ دەربچێت ئەوا ئەم پێویستەگیە گشتکراو دەبێت، ئەوەش کە یەکەمجار پێشنیاریدەکاتن چتێك ناکات، جگە لەگوزارشتکردن لەوەی کە هەموان هەستیانپێکردووە و ، ئەم کارەش نەچاوبەستکردن و فرتوفێڵ پێوستدەکات و، نە ئەو زمان پاراویەش،بۆ ئەوەی کەئەوەی‌هەموو لەهەوڵی سەرگرتنیدابوون بەشێوەی یاسا بێتەخۆگرتنەوە،لەبەرئەوەی‌کەئیتر هەریەکێك ئەو متمانەیەی‌هەیە کەئەوانی‌دیش وەك ئەورەفتاردەکەن .

کەواتە ئەوەی کە ئارگومێنگەران لە خشتەدەبات ، کاتێك کە تەنها دەولەتگەلێك دەبینن کەلەبنەڕەتەوەڕا بەخراپی پێکهاتووە، بریتیە لەوەی کە ( ئەوان ) هەست بە ئاستەنگی و نەکردەبوونی پارێزگاریکردن لەسیاسەتێکی هاوشێوەدەکەن تیایدا . کاتێکیش ئەو گەوژێتیانە دێت بە خەیاڵیاندا کە هەموو فێڵباز و دەهۆبازێکی شارەزا، یان وتەبێژێکی کارامە، دەیهەوێت خەڵکی لەندەن و پاریسی پێ باوەڕداربکاتن، ئەوا گاڵتەیان دێت و ، ئەوە نازانن کە{کرۆمۆیل} ئەگەرلە{برن} دەرکەوتایە ،ئەوا لەلایەن گەلەوە ڕاپێچی کارە دژوارەکان

دەکرا[1] و، {دی بۆخۆری} دۆقیش ئەگەر لەلای خەڵکی {جنێف} بهاتایەتە دەرکەوتنەوە ، ئەوا وانەیەکی باشیان وێدەدا .

کەچی کاتێك هاوبەندی کۆمەڵایەتی دەستدەکات بە شیبوونەوە و دەوڵەتیش بەلاوازی ، کاتێکیش بەرژەوەندیە تایبەتیەکان دەستدەکەنە کارتێکردن لەسەر گەورەکان ، ئەوا ئەوکاتە بەرژەوەندی گەندەڵ دەبێت و بەرهەڵستکارانیشی بۆ پەیدا دەبن ، ئیتر کۆدەنگیش باڵ بەسەر دەنگدانەکاندا ناکێشێت ، یان وردتر بڵێین، لە دەنگدانەکاندا کۆدەنگی پەیدا نابێت و، دووبەرەکی و ناکۆکییەکانیش باڵادەستدەبن و هەرگیزیش دیدوڕا باشەکان بەبێ دەنگ و هەرا و شەڕەقسە، تێپەڕ نابن.

دواجاریش کاتێك کەدەوڵەت دەگاتە لێواری ماڵوێرانی و تەنها لە وێنەیەکی وەهمی و تێکشکاودا نەبێت بونیرا نامێنێت و ، ڕایەڵی کۆمەڵایەتیش لە دڵی هەمواندا دەپچرێت و ، دزێوترین و ڕوڕەشترین بەرژەوەندیەکانیش بەوپەڕی چەپەڵیەوە لە بەرگی پیرۆزی بەرژەوەندی گشتیدا ، خۆدەڕازێننەوە ، ئا لەوێدا ئیرادەی گشتی لاڵ دەبێت و خەڵکیش دوای ئەوەی کە هەموویان بە پاڵنەر گەلێك شاراوەوە ، وەك ئەوەی هاووڵاتیانن ، سەرکردەیی دەکرێن ، ئیتر ناتوانن گوزارشت لەدیدو ڕاکانیان بکەن ، هەروەك ئەوەی کە لەوەو پێش دەوڵەت بەهیچشێوەیەك بوونی نەبووبێت و، کاریش دەکرێت بۆ ڕاگوزەرکردن و

(1) هێمایە بۆ سەربازگەکانی، یان زیندانەکانی کە کاری سەختیان تیادا بەجێ دەهێنرێت بەسەر ئەوانەی کە سزای دورخستنەوەو کاری سەختکردن، یان زیندانیکردن و کاری سەختکردن دەدرێت بەسەریاندا ـ م . ص ـ .

پەردەپۆشکردنی ڕێوشوێنگەلێك[١] نارەوا کە جگە لەبەرژەوەندی تایبەت، هیچ مەبەست و ئامانجێکی دی لەپشتەوەڕا نیە،بەڵکو وەك ساختەکردنێك بە نێو یاساکانەوە.

کەواتە ئایا لەوانەوە ئەوە دێتەدەست کە ئیرادەی گشتی لە نێو برابێت و گەندەڵکرابێت ؟ نەخێر ، چونکە ( ئەو ) وەك ئەوەی هەیە بەردەوام جێگیرە و پاکژە ، لێ، بۆ ئیرادەگەلێك دی، ملکەچدەبێت کە بەسەریدا زاڵدەبێت .

لەبەرئەوەی هەموو یەکێك لەوانەی کەهەستاون بە پەسەندکردنی بەرژەوەندی خۆیان بەسەر بەرژەوەندی هاوبەشدا ، ئەوە باش دەبینن کە ناتوانرێت بەتەواوی لێڕا جیابکرێتەوە ، کەچی ڕۆڵی ( ئەو ) ـ مەبەستی لە ئیرادەی گشتی‌یە ـ م.ص ـ لە زیانپێگەیاندنی‌گشتیدا کە بانگەوازی بەدەستهێنانی‌دەکاتن، بەلای ئەوەوە هیچ چتێك نیە چونکە بەجیاکاریی ئەم فەڕە تایبەتە ئەوا (ئەو ) بەتەواوی لەپێناوی سوودی تایبەتی خۆیدا، فەڕی گشتی دەوێتن، بەهەمان ئەو هێزەی کە ئەوی دی لەپێناویدا دەیداتن تەنانەت کاتێکیش کەدەنگی خۆی بەپارە دەفرۆشێت ئەوا پریسکی، یان سکڵی ئیرادەی گشتی لەخۆیدا ناکوژێنێتەوە،بەڵکوهەوڵدەدات کەگوێ‌بەوەنەداتن. بەڵکو ئەو هەڵەیەش کە (ئەو) دەیکاتن بریتیەلەوەی کە (ئەو) شێوازی پرسیارەکە دەگۆڕێت و وەك ئەوەش وەڵامنەداتەوە کەلێیداواکراوە، بەجۆرێك (ئەو) لەبری ئەوەی بەدەنگدانەکەی بڵێت : کە بۆ دەوڵەت بەسودە، دەڵێت بۆ ئەم کەسە یان پارتە، ئەوە بەسودە کە ئەم دیدوڕایە پەردەپۆشبکرێت.

---

[١] مەبەست لەبۆنەڕەسمیەکانە واتە ـ المناسبات الرسمية ـ م . ص ـ .

بەمشێوەیەش لەکۆبونەوەکاندا، یاسای سیستەمی گشتیش ، وا نابێت کە تیایدا پارێزگاری لەئیرادەی گشتی بکرێت، بەئەندازەی کارکردن بۆئەوەی کە بەردەوام لێپرسراوبێت و بەردەوامیش وەڵام وێداتن .

لێرەدا بیرۆکەگەلێك زۆرم هەنە کە پێویستە سەبارەت بە مافی دەنگدانی سادە، بیاندەم بەسەر هەموو کارێك لەکارەکانی فەرمانڕەوایی ، ئەویش بریتیە لەومافەی کەهیچ چتێك ناتوانێت لە هاوولاتیانیڕا بستێنێت و ، هەروەهاش سەبارەت بەمافی دانی ڕا و، سەبارەت بەو پێشنیارکردن و دابەشکردن و تاوتوێکاریەی کە بەردەوام حکومەت چاودێریەکی گەورەدەکات کە تەنها بەئەندامەکانیڕا نەبێتن، بەکەسی دی نەداتن ،وەلیَ ، ئەم بابەتە گرنگە، توێژینەوەیەکی سەربەخۆ دەخوازێت، چونکە ناتوانم هەموو ئەوەی کە هەمە لەم لێتوێژینەوەیەمدا بیڵێم .

# جومگەی دووهەم
## سەبــارەت بەدەنگـــدان

**لـــە جومگـــەی** پێشودا ئەوەمان بۆدەردەکەوێت ئەو شێوازەی کە کاروبارەگشـتیەکانێرا پـێ چارەسـەرکراوە، دەکرێـت کـە تارادەیـەك هێمابەندییـەك مسـۆگەرمان وێـداتن سـەبارەت بەحالـەتی مـۆڕاڵی ئەوێسـتاو، بێـوەیی دەزگـای سیاسـی. چـونکە تـاوەکو هـاوێکی و گونجـاوی لەکۆبونەوەکانـدا پیادەبێـت ـــ واتـە تـاوەکو رایـەکان لەکۆدەنگیەوەنزیکبنـەوە ـ هـەروەهاش ئەوەنـدە ئیرادەی گشـتی بـالاً دەسـتدەبێت ، وەلـێ ، مشـتومڕەدرێژەکان و دوکـەرتبوون و هـەراکان ، هـەواڵی بەرزبوونـەوەی بەرژوەندیـە تایبەتیـەکان و سـەرەولێژبوونی دەوڵـەتان وێـدەداتن. ئـەو کـارە کـەم رونـتر دەردەکـەوێت، کاتێـك کـە دووچـین، یـان زیـاتر، دەربـاری پێکهـاتنی دەبـن، وەك بـەگزادە و رەشۆکیەکان لـە ڕۆما، کـە دوبەرەکیەکان بۆزۆرجار سـەندیکاگەلیەکانی توشـی دڵـەڕاوکێ کـردووە، تەنانـەت لەگەشـترین ڕۆژانـی کۆمارەکـەدا . بـەلاًم، ئـەم جیاکارییـە زیـاتر رواڵەتیـە، تـاوەکو راسـتینە بێـت ، چـونکە بـەهۆی ئـەو دەردەهاوبەنـدە، دەزگـای سیاسـی ـ ئەگـەر ئـەو گۆتنـەمان راستبێتن ـ،دوو دەوڵەت لەیەك دەوڵەتدا دەبینین و ، هـەموو ئـەوەش کە بـۆ هـەردوکیان بەیەکـەوە، راسـتنابێتن ئـەوا بـۆ یـەکێکیان بەتـەنها، راستدەبێتن. لەواقعیشـدا تەنانـەت لـەو ولاًتانـەی کە توندترین دەنـگ و هـەراش بـوونی هـەبووە، ئەگـەر ئەنجومـەنی پیران دەسـتی وەرنـەدابێت ونەهاتبێتـەناوەوە، ئـــەوا راپرســیە گشــتیەکانی گـــەل، بـــەردەوام

بەبێدەنگی و ئارامی بەڕێوە چوونە و، بەبەدەستهێنانی زۆرینەی رەهای دەنگەکان ، لەکاتێکیشدا کە هاووڵاتیان چتێك نین، جگە لەخاوەنانی یەك بەرژەوندی، ئەوا گەلیش جگە لەیەك ئیرادە، چتێکی دی نیە .

لەو سەری‌تری بازنەکەشەوە کۆدەنگیەك دێتەدەست، ئەوەش کاتێك کە هاووڵاتیان دوای کەوتنەخوارەوەیان بۆ نێوکۆیلەیەتی ئیتر نەئازادیان بۆ دەمێنێتەوە و نە ئیرادەش، ئالەوێدایە کەلەژێرسایەی‌ترس و کاسەلێسیدا،مرۆگەل رای‌خۆی دەگۆڕێت ژبۆ هەلهەلەو هەلپەرین بۆهاتنەسەری سیاسیەگەوژەکانیان، ئەوادەستئاوەری و ئالوگۆڕ، مایە پوچ و بەتاڵدەبن و جگە لە پەرستن و نەفرەتکاری چتێکی دی ڕا، نامێنێتەوە. لەراستیشدا ئەمە ئەوڕێگە بۆگەن و چەپەلانەیە بوو کەلەژێر بەیداخیدا ئەنجومەنی پیرانی‌رۆمەکان لەژێر دەسەلاتی ئەباتیرەکانیاندا رای خۆیان دەهێنایە دەرخستنەوە .

بەڵکو هەندێکجاریش ئەم حاڵەتە لەژێرسایەی یەدەك گەلێك پێکەنیناویدا، روویدەدا، ئەوەبوو {تاسیت} لەماوەی دەسەلاتی {ئۆتۆن ـ Othon}دا تێبینی ئەوەی کرد، کەئەندامانی ئەنجومەنی پیران، کاتێك بەنەفرەتکردن، داباریئەسەر {فیتیلليوس} ، ئەوا لەهەمانکاتداو بەدەستی خۆیان هەرایەکی ترسناکیان دەنایەوە، تەنانەت ئەگەر ئەوە روویدابایە کەیەکێکیان ببوایەتە سەرکارێك، ئەوا نەدەتوانرا بزانرێت کەهەریەکێکیان چی دەڵێت:

لەم دەربڕدراوە ئەو پرەنسیپە بنەڕەتیانەڕا دێنەدارشتن کە بەگوێرەیان، پێویستە رێگاوشێوازی ئەژمارکردنی دەنگەکان رێکبخرێت و هەروەها بەراوردی رایەکانیش بکرێت، بەشێوەیەك یان راستتر بڵێین بەوپێیەی کەوا گران، یان ئاسان نیە کەئیرادەی گشتیرا و، مەودای زیادوکەمی لێژداربوونی و سەرەولێژبوونی دەوڵەت ، پێبزانرێت .

لێرەشدا جگە لەیاسایەك بەتەنیا، شتێکی دی نیە، کەبەسروشتی خۆی، ڕەزامەندییەکی کۆمەڵی دەخوازێت، ئەمەش بریتیە، یان وردتر بڵێین، ئائەمەیە گرێبەستی کۆمەڵایەتی، لەبەرئەوەی کەیەکێتی مەدەنی بریتییە لەوگرێبەستانەی جیهان کەزۆرترین هەڵبژاردنیان هەیە، لەبەرئەوەش هەموو مرۆڤێك لەبەرئەوەی کەلەدایك دەبێت ئازادەو خۆی سەرکاری خۆیەتی، کەواتە هیچ کەسێك و بەهیچ ئارگومێنت و بەهانەیەك بێت، ناتوانێت کەبەبێ بڕیاری خۆی، خۆملکەچکاتن، چونکە دادوەری بەوەی کەکوڕە کۆیلەیەك بەکۆیلەیەتی لەدایك دەبێت، بریتیە لەدادوەریکردن بەوەی کەوەك مرۆڤ لەدایك نابێت .

کەواتە ئەگەر لەکاتی گرێبەستی کۆمەڵایەتیدا، بەرهەڵستکارانێکی هەبوونە، ئەوا بەو واتایە نیە کەبەرهەڵستکارییەکەیان، گرێبەستەکەی بەتاڵکردبێت، بەڵکو هەرئەوەندە وەریدەگۆڕێت بێئەوەی کەبچنەناوی، لەبەرئەوەی ئەوانە لەنێو هاووڵاتیاندا نامۆو نەناسراون. کاتێکیش کەدەوڵەت دادەمەزرێت، یان دامەزراودەبێت، ئەوا دانیشتن تیایدا بەواتای ڕازیبون دێت پێی، چونکە دانیشتن لەهەرێمێکدا دەبێتە ملکەچیەك بۆ فەرمانڕەوایی[1] .

بەدەریش لەم گرێبەستە بەرایيە، ئیتر دەنگی زۆرینە، بۆ هەموو ئەوانی دی، پابەندکراودەبێت،(ئەو) ـ مەبەست لەو دەنگە زۆرینەیە ـ م. ص ـ دەبێتە تەواوکەرێکی خودی گرێبەستەکە، لێ، یەکێك لەوانەیە بپرسێت: چۆن دەکرێت کەمرۆڤ ئازادبێت و لەهەمانکاتیشدا ملکەچی ئیرادەگەلێك بێت

---

[1] ئەمە بەردەوام پێویستە سەبارەت بەدەوڵەتێکی ئازاد، بێتە تێگەیشتن.لەبەرئەوەی هەریەك لەخێزان و موڵکەکان و نەبونی پەناگەیەك و پێویستەگی و زەبروزەنگ، هەموونەمانە،ژیانی ـ ئی یەکی دی، دەتوانن کەبەبێ ویستی خۆی، مرۆڤ ڕا لەوڵاتێکدا، بهێڵنەوە، لەوێشدا، تەنها مانەوە ـ دانیشتنەکەی ـ م. ص ـ یەتی، کەئیتر ڕەزامەندی یان هەڵوەشاندنەوەی (ئەو) لەسەر گرێبەستەکە ناسەپێنێت.

**کەئیرادەی وی نیە؟ چۆن دەکرێت کەبەرهەڵستکاران ئازادبن و لەهەمانکاتیشدا ملکەچی یاساگەلێك بن کەلەسەری نەبوونە؟**

وەڵامی ئەوپرسیارانە، وا ویدەدەم کەوەك پێویست فراژوونەکراون، چونکە هاوولاتی لەسەر هەموو یاساکان رازی دەبێت، تەنانەت لەسەرئەوەش کەبەبێ ویستی ئەو مۆڵەتی دراوەتێ، بەڵکو لەسەرئەوەش کەسزای دەدات، کاتێك کەبوێرێ ژێرپێنانی یەکێکیان بکات. لەڕاستیدا ئیرادەی جێگیری هەموو ئەندامەکانی دەوڵەت بریتیە لەئیرادەی گشتی، چونکە بەپێی (ئەو) - مەبەست لەئیرادە گشتیەکەیە - ئەوان هەم هاوولاتین و هەم ئازادیشن[1]. کاتێکیش لەئەنجومەنی گەل پێشنیاری یاسایەك دەکرێت، ئەوا ئەوەی کەلێیان داوادەکرێت تەنها هەرئەوەنیە کەڕەزامەندی، یان ڕەتکردنەوەی خۆیانیلەسەرڕا بدەن، بەڵکو: یەکەم، ئەوەی ئەگەر کەبەئیرادە گشتییەکە، کەئیرادەی خۆیانە، کۆك و تەبابێت، هەموو یەکێکیش کاتێك کەدەنگی خۆی دەدات لەوبارەوە، یان وەکی دی بلێین، رای خۆی سەبارەت بەمە دەڵێتن.... بەپێی دەنگەکان ئیرادەی گشتیڕا رادەگەیەندرێت. کاتێکیش، ئەگەر رای بەرهەڵستکار بەسەر رای مندا، سەربکەوێت، ئەوا ئەوە دەلالەت لەهیچ ناکات، تەنها لەوەنەبێت کە(من) هەڵەبووم و ئەوەش ئەوەی کە(من) بەئیرادەی گشتیم مەزەندە دەکرد، وانەبوو، ئەگەریش بهاتایە رای تایبەتی (من ) سەربکەوتایە، ئەوا ئەوەم دەکرد کەنەمدەویست بیکەم، ئەوردەمەش ئازاد نەدەبووم .

---

[1] لە(جەنەوا) — کاتیخۆی یەکێکبووە لەمیرنشینە بەنێوبانگەکانی ئیتاڵیا — م . ص — لەسەر رووکاری بەندیخانەکان و لەسەرکەلەپچەی زیندانیەکان، ئەم وشەیە ئازادیLibertas — دەبیندرا، پراکتیزەکردنی ئەم دروشمە لەخۆیدا جوان و ڕەوایە. چونکە لەڕاستیداو لەهەموو دەوڵەتێکدا، چەتوونەکان نەبێت ئەوا کەسی دی نیە کەڕێگربێت لەبەردەم ئازادبوونی هاوولاتیاندا، ئەگەریش لەتوانادابێت کەهەموو ئەوانە لەزیندانە کارەسەختەکاندا بەندبکرێن، ئەوا ئەوکات هەموو خەڵکی بەتەواوەتی ئازاددەبوون .

لەڕاستیدا ئەوە، ئەوەدەخوازێت کەهێشتا هەموو تایبەتمەندییەکانی ئیرادەی گشتی هەرلەحاڵەتی زۆرینەدا بن: کاتێکیش لەوە دەوەستێت کەئەوەبێت، ئەوا ئەوکاتە ئازادییەك نامێنێتەوە، ئیتر ئەو تیمەش کەسەربەندی دەبێتن، هەرچییەك بێت .

کاتێك لەپێشەوە ئەوەم روونکردەوە کەچۆن لەدەستئاوەریە گشتیەکاندا، ئیرادە تایبەتەکان جێگای ئیرادەی گشتی دەگرنەوە، بەتەواوی ئەو ئامرازە زانستیانەی خۆپاریزی لەم سنوور بەزاندنەم نیشانداوەوبەیانکردووە، هەروەها دواتر سەبارەت بەوەش ئاخاوتن دەکەم .لێ، لەپەیوەست بەژمارەی ڕێژەیی ئەو دەنگانەی کەپێویستن بۆ راگەیاندنی ئەم ئیرادەیە، ئەوا هەروەها ئەوەم داوەتەدەست کەبەهۆیەوە دەتوانرێت دەستنیشانبکرێت . لەڕاستیدا جیاوازی لەیەك دەنگدا، یەکسانی دەنگەکان لەنێودەباتو، یەك بەرهەڵستکاریش، کۆدەنگی لەناودەبات، لێ، لەنێوان یەکسانی و کۆدەنگیدا، دابەشکاری‌گەلێك نایەکسان هەنە، کەدەتوانێت بەپێی حاڵەتی دەزگا سیاسیەکەو پێویستیەکانی، بۆ هەموو یەکێکیانڕا ئەم ژمارەیە دیاریبکات .

لەڕێکخستنی ئەم پەیوەندیانەدا، دوو پرەنسیپی بنەڕەتی گشتی هەنە کەسوودمەندن: یەکەمیان : بریتیە لەوەی کەتاوەکو دەستئاوەریەکان گرنگو ترسناك بن، ئەوا ئەوەندە پێویستە ئەو رایەی کەسەردەکەوێت لە کۆدەنگیەوە نزیکبێت، ئەوی دیش،بریتیەلەوەی کەتاوەکو پرسە ورووژاوەکە خێراییەکی زیاتر داوابکات، ئەوەندە پێویستە کەجیاوازی دەستنیشانکراو لەدابەشکردنی رایەکاندا، تەنگ بکرێتەوە" کەچی لەو دەستئاوەریانەی کەپێویستە یەکسەر تەواوبکرێت، ئەوا یەك دەنگی زیادە، پێویستە بەسبێتن. واش بۆم دەردەکەوێت کەپرەنسیپی یەکەم، زیاتر بۆیاساکان گونجاوترەو، دوهەمیش زیاتر بۆ ڕاپەڕاندنی کاروبارەکان گونجاوترە، ئیتر هەرچییەك هەبێت، ئەوا بەتێکەڵکردنیان، باشترین ڕێژەیەك بونیاد دەنرێت کەدەتوانرێت لەپێناوی دەرکردنی بڕیارەکاندا ببەخشرێتە زۆرینە.

# جومگەی سێهەم
## (سەبارەت بەهەڵبژاردنەکان)

سەبارەت بەهەڵبژاردنی پادشاو دەسەڵاتدارەکان، کەهەروەك گوتم، بریتین لەکردەگەلێك ئاوێتەبوو، بۆکارکردن تیایدا، دووڕێگە هەن، کەبریتین لەدەستنیشانکردن و تیروپشك. ئەم دوو ڕێگەیەش لەهەر کام لەکۆمارە جیاجیاکاندا بەکارهاتوون‌و، تائێستاش هێشتا لەهەڵبژاردنی (دۆق) لەبەندوکیە، لەناویەککردنێکی زۆر ئاڵۆز لەنێوانیاندا دەبینین .

(مۆنتسکیۆ)دەڵێت: کەدەنگدان بەتیروپشك لەسروشتی دیموکراتیەتە. من ڕەزامەندم لەسەرئەوە،لێ، ئەوەچۆن دەبێت؟ بەردەوام دەبێت‌و دەڵێت[1]: تیروپشك بریتیە لەڕێگەو شێوازێك لەهەڵبژاردن کەزەرەر بەکەس ناگەیەنێت، چونکە (ئەو) بۆ هەموو هاوولاتیەك هیوایەکی بەجێ-**Ther aijihal hope** - م. ص - بۆ ڕاژەی نیشتمانەکەی بەجێدەهێڵێتن، لێ، ئەم هۆیانەش، وەرگیراو و جێ‌دڵ نین.

ئەگەر تێبینی ئەوەبکەین کەهەڵبژاردنی سەرکردەکان یەکێکە لەفەرمانگوزارییەکانی حکومەت، نەك لەفەرمانگوزارییەکانی فەرمانڕەوایی-دەستە، ئەوا دواتر دەبینین کەبۆچە ڕێگای تیروپشك، زۆرترینی ئەو ڕێگایانەیە کەلەسروشتی دیموکراتیەتە، بەجۆرێك کەچەندە، یان وردتر بڵێین بەو ئەندازەیەی کەکارەکان تیایدا کەم پلۆرالیزەتربێت، ئەوا ئەوەندەو بەوئەندازەیەش ئیدارەکە باشتردەبێت .

فەرمانگوزاری دەسەڵاتدار، لەهەموو دیموکراتیەکی ڕاستینەدا جیاکاری‌و ناسینەیەك نیە، لێ، ئەسپاردەیەك، یان کارسپاردەیەکی سەختە، کەبەڕاستی

---

[1] مەبەستی لە(مۆنتسکیۆ) یە - م. ص - .

ناتوانرێـت پـێش یـەکێکی دی، بەسـەر یەکێکـدا بسـەپێندرێت . چـونکە هەربەتەنها یاسایە کەدەتوانێت ئەم ئەسپاردەیە بسەپێنێتە سەرئەوکەسەی کەتیروپشکەکە دەکەوێتە سەری، چونکە لەبەرئەوەی کەبەلایەنی هەموانەوە، مەرجەکە یەکسان دەبێتو، دەستنیشانکردنیش بەهیچ ئیرادەیەکی مرۆییەوە پەیوەستنابێت، کەواتە لەوێدا پراکتیزەکردنێکی تایبەت، کەگشتیەتی یاسا، تێکو گەندەڵ دەکات، بوونی نیە .

لەئۆرسـتۆکراتیەتدا، پادشـا، پادشـاڕا دەستنیشـاندەکاتو، حکومـەتیش بەخۆی پارێزگاری لەخۆی دەکاتو لێرەدایە کەدەنگدان بەتـەواوی لەشـوێنی خۆی دەبێت .

لەڕاستیدا نموونـەی هەڵبـژاردنی دۆق لەبندوکیـە، لایـەنگیری لـەم جیاکارییـە دەکات، نـەك تێکڕمانـدنی، چـونکە ئـەم شـێوە لەناویەککراوە، لەحکومـەتێکی تێکەڵاودا گونجاوە . کەواتە، هەڵەیە کەحکومەتی {بندوکیە} بەحکومـەتێکی ئۆرستۆکراتی راستینە وەئـەژماربێنین و دابنـێین، چـونکە ئەگـەر(گـەل) تیایـدا، هیچ بەشێکی لەحکومەتەکەدا نەبێت، ئەوا چینی خانەوادەکان ـ النـبلاء ـ م. ص ـ بەخۆی بریتـی دەبێت لـە(گـەل)، ئـەویش بریتیـە لەکۆمـەڵێك لەنـەدارانی (بارنـابۆتیBarnabotes) کەبەهیچشـێوەیەك چـاوی بـەهیچ پۆسـتێکی دەسـتەڵات ناکـەوێت ولەخانەوادەکەیشـی تـەنها نازنـاوی نێـوەڕۆك بەتاڵیفـەرمانڕەواو، مـافی بەشـداریکردنی لەئەنجومەنـە گەورەکـەدا هەیـەو، لەبەرئـەوەش کەئەنـدامانی ئـەم ئەنجومەنـە گەورەیـە، ژمارەیـان زۆرە، هـەروەك ژمارەی ئەندامانی ئەنجومەنە گشتیەکەمان لە(جنێف)[1].

---

[1])دیارەلەکاتی نوسینی ئەم دانراوەیەدا رۆسۆ لەشاری جنێف ژیانی بەسەربردوە ـ م.ص ـ .

کەواتــە ئــیتر ئەندامــەناودارەکانی، دەســتیاوەریان زیاترنیــە لەهاوولاتیــە رەشــۆکیەکانی لای ئێمــە.ئــەوەش جــەختلێکراوە کەبۆرژوازیــەتی[1] جنیــف، سەرەڕای هەبوونی جیاوازی توند لەنێوان هۆردووك کۆمارەکـەدا، بەتـەواوی‌و زۆر بـــەوردی هاووێنـــەی چـــینی بـــەگزادەی جنێڤـــە، دانیشـــتوانی ولاتەکەشمان،هاووێنــە، یــان دانیشــتوانی شــارو گــەلی بنــدۆکی دەنــوێنن‌و، جوتیارەکانیشمان، سەرپەرشتکراوانی زەویە وشکە(ناوخۆکانی بندۆکیەڕا) دەنــوێنن: دواجــاریش لەهــەر لایەنێکــەوە بڕوانینــە ئــەم کۆمــارە، بــەبێ رەچـاوکردنی بارسـتاییەکەی، ئـەوا حکومەتەکـەی لەحکومەتەکـەمان زۆرتـر ئۆرستۆکراتی‌تر نیـەو، تاکە جیاوازیش لێرەدا بریتیە لـەوەی: کەمادامەکی بەدرێـژایی ژیـان، هـیچ سـەرۆکێکمان نیـە، کەواتـە هـەمان پێویستیشـمان بەتیروپشك نیە .

هەڵبـژاردنی تیروپشـك لەدیموکراتیـەتی راسـتینەدا کـەم زیـانترە، بـەجۆرێك کەهــەمووان یەکســاندەبن، چ لــەمۆرك‌و بەهرەدارییانــەوە بێــت، یــانوەکو لەپرەنســـیپە بنەڕەتیـــەکان‌و ســـامانەوەبێت، ئـــەوا وای لێـــدێت کەدەستنیشــانکردن،یان وردتــربڵێین لــەوە نزیکدەبێتــەوە کەببێتــە کــارێکی نــاگرنگ. لێ، (ئـەز) پێشـتر، ئـەوەم گـوت کەهـەرگیز دیموکراتیـەتی راسـتینە بوونی نیە .

---

[1] بۆرژوازییەت.بریتیەلەچینی دەسەڵاتداری کۆمەڵگەی سەرمایەداری.ئەوچینەی بەهۆی خاوەندارێتیەوە بۆ خاوەنـدارێتی هۆیـەکانی بەرهـەمهێنان، لەسەروبەندی روخـانی دەسـەڵات فیـودالی‌و هـاتنی دەسـەڵاتی سـەرمایەدایدا.نیتر هـەرزوو تـەواوی پێکهـاتووە سـەرخانیەکانی‌تری کۆمەڵگـە لەدەسـتخۆدەگرێت‌و پاوانـدەکات. لێ، لـەپێش ئـەم قۆناغەدا.بۆرژوازیـەت لـەقۆناغی فیودالیزمدا.چـینێکی شۆڕشـگێڕی پێکهێنـاوە بـەحوکمی دژایـەتیکردنی سەرسەختانەی بـۆ دەسـەڵاتی سیاسـی ــ نابووری‌چینی فیـوداڵ‌و بەگزادەکان ــ م. ص ــ .

کاتێك لەنێوان دەستنیشانکردن و تیروپشکدا، لەناویەککاری دەکرێت، ئەوا پێویستە کەیەکەم، هەموو تواناکانی خۆی لەپڕکردنەوەی ئەو پۆستانەدا خشتبەندبکات کەبەهرەمەندی تایبەت، داوادەکەن، وەك پۆستە سەربازییەکان. هەرچی تیروپشکیشە، ئەوا بۆئەوپۆستانە گونجاوە کەتەنها هەستێکی تەندروستی و دادپەروەری و دەستپاکی، بەسە بۆیان، وەك کارە دادوەرییەکان، لەبەرئەوەی کەئەم ئەدگارانە لەدەوڵەتێکی باش پێکهاتودا، لەنێوان هەموو هاووڵاتیاندا هاوبەشدەبن .

لەحکومەتی پادشایەتیدا، نەبۆ تیروپشك و نەبۆ دەنگدانیش، هیچ جێگایەك نیە،لەبەرئەوەی کەبەپێی یاسا،پادشا هەرتەنها خۆی شازادەو دەسەڵاتداری تاك و تەنیایە، ئەوا دەستنیشانکردنی هاوکارو یاوەرانیشی،هەرتەنیا تایبەت بەخۆیرا دەبێتن . کەواتە کاتێك کە{دی سان بیر}ی باوك پێشنیاری زیادکردنی ژمارەی ئەنجومەنەکانی پادشای فەرەنساو هەڵبژاردنی ئەندامەکانی، بەدەنگدانی نهێنی کرد، ئەوەی نەدەدیت کە(ئەو) پێشنیاری گۆڕانکاری شێوەی حکومەت دەکات .

لێرەدا ئەوەم لەسەرماوە کەلەسەر شێوازو ڕێگای دەنگدان و ئامارکردنی لەئەنجومەنی گەلدا، ئاخاوتن بکەم، لێ، لەوانەیە لەم پێوەندەدا، کەمێژووی ڕژێمی ڕۆمانی، بەوێنە و شێوەیەکی ڕونترەوە، ڕاڤەی هەموو ئەو پرەنسیپە سەرەکیانەمان بۆبکات کەدەتوانم بیان سەلمێنم. خوێنەری هێژا، پێویستە بەوردیەوە کەمێك بڕوانێتە ئەوەی کەچۆن لەئەنجومەنێکی پێکهاتوو لە(٢٠٠)هەزار کەس[1]، کاروبارە گشتی و تایبەتەکان، بەڕێوەدەچوون .

---

[1]) لەدەقە عەرەبیەکەدا ــ پیاو ــ بەکارهێنراوە، لێ، وام بەدروستزانی، ئەو چەمکە جێندەرییە دەکارنەهێنم، هەرچەندە بۆ ئەو سەردەمانەو تاسەدەی ڕابردوش، تەواوی ئەو ئەنجومەنانە لەپیاوان پێکهاتونە ــ م. ص ــ.

# جومگەی چوارەم

## (سەبارەت بەئەنجومەنە گەلیەکانی رۆمان)

**سەبارەت** بەسەردەمە بەراییەکانی رۆما، هیچ شوێنەوارێکی ساغکراوەمان نیە، بەڵکو لێرەدا بەڕوونی ئاماژە بەوە دەدەم کەزۆربەی ئەو شتانەی کەدەگێڕدرێنەوە بریتین لەئەفسانەکان[١]، بەشێوەیەکی گشتیش، گرنگترین بەشێکی پرشنگداری کلتوری گەلان، کەبریتیە لەمێژووی دروستبوونیان، زۆرترینی ئەوشتانەیە کەلەبەردەستمان نینە، یان راستتر بڵێین لەلامان ونن .

لەڕاستیدا ئەزموونەکان هەموو رۆژێك ئەوهۆیانەمان پێڕادەگەیەنێت کەشۆڕشی ئیمپراتۆریەتەکانی لێوەڕا دارشتەدەبێت، لێ، کاتێك کەلەوێدا ئیتر گەلانێك نەمابێت کەبێتەپێکهاتن، ئەوا ئیتر بەکەمی نەبێت لێکدانەوەی چۆنیەتی پێکهاتنیانمان لەلانابێت، مەگەر مەزەندەکردنێك کەم نەبێت .

ئەو نەریتانەش کەدەبینین ماونەتەوەو پیادەشن، لانی کەم گەواهی ئەوەدەدەن کەخاوەن بنەڕەتێکن و،لێرەدا خوونەریتێکیش هەنە کەبۆ ئەو بنەڕەتانە دەگەڕێنەوەو ئەوانیش کەگەورەترین متمانە لایەنگیریان لێدەکات و بەهێزترین بەڵگەش پشتگیرییان لێدەکات، پێویستە کەزیاتر لەهەموو ئەوانی دی بەجەختلێکراو دابندرێن .ئەمەش بریتیە لەو پرەنسیپە بنەڕەتیانەی کەهەوڵمداوە پەیڕەوییان لێبکەم، لەوکاتەدا لەشوێن ئەوە دەگەڕام کەچۆن

---

[١] ناوی رۆما کەپاکەندەی ئەوەدەکرێت لە(رۆمۆلۆس)ەوەبێت، یۆنانیەو بەواتای (هێز) دێت و" هەروەها ناوی (نۆما)ش هەریۆنانیەو بەواتای (یاسا) دێت. کەواتە ئەم پەیوەندیە رواڵەتیە چەند بەهێزەلەنێوان دووناودا کەدووپادشای یەکەمی پێشینەی ئەم شارە هێناویانەو لەنێوان ئەوەش کەئەنجامیانداوە.

بەهێزترین گەلانی سەر زەوی و لەهەموویان زیاتر ئازادتر، مومارەسەی دەسەلاتی بالایان دەکەن .

دوای دامەزراندنی رۆما، کۆمارە درووستبووەکە، بەتایبەتیش سوپا دامەزراوەکەی،لەهەریەک لە(ئەلپییەکان و کابینییەکان) و بێگانانی دی پێکدەهات و، دابەشی سیٚچینیش بووبوو، لەم دابەشکردنەوەڕا ناوی هۆزەکانی وەرگرتبوو و، هەرهۆزێکیش لەم سیٚهۆزە، بۆ(١٠) خێلٚ ـ **Curies**. و هەرخێڵەش بۆ(١٠) تیرە ـ **Decuries** ـ دابەشبوون، هەریەکێک لەمانەی دوایشیش سەرکردەیەکیان بۆ دانرابوو، پێیان دەوترا (کۆریون**Curion**) و (دیکۆریون – **Decurion**).

لەپاڵئەوەشدا لەهەموو هۆزێک کۆمەڵەیەک لە(١٠٠)ماین و ئەسپسوار وەرگیران و پێیان دەگوتن یەکەی سەد ـ **Centurie** ـ بەجۆرێك بۆمان دەردەکەوێت ئەم دابەشکردنانەی، کەلەشاردا پێویستیان کەم پێیەبوو، لەسەرەتادا شتێك نەبوون، جگە لەدابەشکارییەکی سەربازی و، وەلیٚ،لەوەدەچێت کەئایرۆسی ـ غریزة ـ م.ص ـ مەزنایەتی وای لەشارێکی بچوکی وەك رۆما کردبوو کەپێشوەخت رژێمێکی گونجاو بۆ پایتەختێکی جیهانی وێداتەخۆی .

لەم دابەشکردنەی یەکەمەوە، خێرا زیانێك هاتەدەست و بریتی بوو لەوەی کەهۆزی (ئەلپییەکان ـ **Albuins**)[1] و هۆزی (سابییەکان)[2] بەردەوام هەریەکێکیان لەسەرحاڵی خۆی بمێنێتەوە، ئەوا هۆزی بێگانەکان[3]، بێپچڕان لەزیادبووندابوون، بەهۆی هاتنی بەردەوامیانەوە بۆ رۆما، ئیتر ئەوەندەی نەبرد کەئەم هۆزە ژمارەی لەهۆردوك هۆزەکەیدی زیاتربوو، ئەو

---

(١) **Ramnenses**
(٢) **Tatienses**
(٣) **Luceres**

چارەسەرەش کە{سێرڤیوس ـ**Servius**} بۆئەم سنوربەزاندنە ترسناکەی دیتبویەوە، بریتی بوو لەگۆڕانی دابەشکردنەکە، بەشێوەیەك لەشوێنی ئەو دابەشکردنە سەپدراوەی کەلەسەر بناغەی رەگەزبوو، دابەشکردنێکی دی دانابوو، کەلەو جێگایانەوە وەرگیرابو و،هەموو هۆزێك لەشارەکەدا بۆخۆیڕا پاوانی کردبوو، لەبری سێ‌هۆزیش کردبویە چوار، کەهەریەکێکیان یەکێك لەگردەکانی رۆمای پاوانکردبوو، ناوی گردیشی لەخۆگرتبوو. بەمشێوەیەش کاتێك (ئەو) ـ مەبەست لە (سێرڤیوسە) ـ م.ص ـ، چارەسەری ئەو نایەکسانیەی شارەکەی دەکرد، هەروەهاش خۆی دورخستەوە لەوەی کەلەداهاتوودا تێیبکەوێت و، بۆئەوەش کەدابەشکردنەکە بەتەنها لەسەر جێگاکان نەبێت،بەڵکو هەروەها لەسەر خەڵکیش بێت، هەربۆیەکە گواستنەوەی لەگەڕەکێکەوە بۆ گەڕەکێکی دی لەسەردانیشتوان رێنەدراوکرد، هەرئەمەش بوو کەتێکەڵبوونی نەژادو بەرەکانی پێشپێگرت.هەروەهاش، یەکە سەدیەکانی سوارەکانی چەند هێندەکرد، بەزیادکردنی (١٢)یەکەی دی بۆیان و، بەهێشتنەوەی ناوە کۆنەکە بۆیان، ئەوەش کارکردێکی سادەو لێزانانەیە کەبەهۆیەوە جیاوازی نێوان دەستەی سوارەکان و گەلی پڕکردوە، بەبێئەوەی ببێتەهۆی ناڕەزایی و گازەندەی گەل .

هەروەها{سێرڤیۆس} پانزدە هۆزی‌تری بۆ ئەم چوارهۆزە دانیشتوەی شارەکە زیادکرد، کەناویان لێنرابوو هۆزی جوتیارەکان، لەبەرئەوەی لەدانیشتوانی گوندەکان پێکهاتبوون و، لەهەرێمەکاندا بۆژمارەیەکی بەرامبەر پێیان، دابەشکران و، دواتریش کاریکرد بۆ هێنانی (١٥)هۆزی نوێی دی، بەوەش دواجار، گەلی رۆمانی دابەشبووە سەر (٣٥)هۆز، ئەوەش ئەو ژمارەیەبوو کەتاکۆتایی کۆمارەکە بەجێگیری مایەوە.

لەو دووکەرتکردن و جیاوازیکردنەی نێوان هۆزەکانی شارو هۆزەکانی گوندان، کارلێککردنێکرا هاتەبەرهەم، کەهی‌ئەوەیە سەرنج وتێبینی بکرێت،

لەبەرئەوەی هەرگیز وێنەیەکی دی نیەو، لەبەرئەوەش کە ڕۆما، شارێکە لەیەککاتدا خاوەنی دووخەسڵەتی وەك پارێزگارییکردنە لەخوونەریتەکانی و بەگەشەی ئیمپراتۆرییەتەکەی، هەرچەندە واشدەزانرێت کەهۆزە شارییەکان، خێرا دەسەلآت و دەستیاوەرییەکانیان بۆخۆڕا پاوانکردبێت و، ئەوەندەشی نەبردووە کەهۆزە گوندییەکانیان ملکەچکردبێت، لێ،لەڕاستیدا ئەوەی کەرویداوە بەتەواوی پێچەوانەی ئەوەیە. ئێمە ملنان و ئارەزوخوازیی ڕۆمانە سەرەتاییەکان بۆ ژیانی گوندنشینی پێدەزانین، ئەم ملنانەش لەوەوەڕا دەرچووبوو کەدامەزرێنەرە لێزانەکەیان، نێوانی ئازادی و کارە گوندی و سەربازییەکانیڕا یەکخستبوو و، ئەگەریش ڕاستبێت بڵێین، کەهونەرو پیشەگەری و کۆکردنەوەی دارایی و ڕژێمی بەندایەتی[1]، بۆ شارەکە جێهێشتبوو.

بەمشێوەیەش، کاتێك کەهەموو نێودارەکانی ڕۆما، لەگوند بژین و زەوی بچێنن، ئەوا ئیتر ئاسایی‌دەبێت کەپایەکانی کۆمارەکە لەوێوەڕانەبێت، وەرنەگیرێت، لەبەرئەوەش کەئەمحاڵەتە، بریتیە لەحاڵی زۆربەی بەگزادەکان، هەربۆیەکە بووەجێگای دەستخۆشکەری هەموو خەڵکی: ئەوەبوو کەژیانی سادەو پیرۆزی گوندییەکان، بەسەر ژیانی ترسنۆکانەو پووچی بۆرژوازییەتی ڕۆمادا پەسەندکرا. ئەوەش کەنەدەتوانرا لەشارەکەدابێت، جگە لەپرۆلیتارێکی لێکەوتە،ئەوا دەبووە هاوولآتییەکی ڕێزدار، ئەگەر ببوایەتە جوتیارێك لەکێڵگەکاندا، ئەوەش خۆی بێ‌هۆ نیە، هەروەك {قارۆن **Varron**} دەڵێت: کەبنچینەی باوانی شەریفمان لەگوندەندایە، جێگەی ئەوپیاوە بەزەبرو ئازایانەی کەلەڕۆژانی جەنگدا بەرگریان لێدەکردن و

---

[1] ئەم ڕژێمە، ئەنگاوتی یەکەمی قۆناغی کۆیلەیەتیە، کەتیایدا کۆیلە لەلای خاوەنەکەی، هیچ مافێکی نیە.هەربۆیەکەش وەک بەندێکی ڕەهای خاوەنەکەیەتی، لەعەرەبیدا ــ نظام الرق ــ بەکاردێت، ئەز بۆ کوردییەکە لەزاراوەی ــ ڕژێمی بەندایەتی ــ چێترم نەدیت ــ م . ص ــ .

لەڕۆژانی ئاشتیشدا دەبوونە دابینکەرو نێردەری پێویستەکانیان. {پلینۆس}یش بەپتەوگیریانەوە دەڵێت: هۆزە گوندییەکان جێگەی ڕێزلێنان بوونە، بەهۆی ئەوپیاوانەی کەپێکیاندەهێنان، ئەوە لەکاتێکدا کەئەو ترسنۆك‌و بودەڵانەی دەویسترا رووڕەشبکرێن،ملکەچانە دەگوازرانەوە بۆ هۆزە شارییەکان‌و، کاتێکیش کە{ئەبیۆس کلۆدیۆس}ی سابینی[1]، بۆجێگیربوون هاتە رۆماو تیایدا بەوێنەگەلێك لەڕێزلێنانەوە پێشوازی لێکرا، لەبەرئەوەبوو کەناوی خۆی لەهۆزێکی گوندیدا تۆمارکردبوو کەدواتر ئەوناوە بووە نازناوی خێزانەکەی . دواجاریش لەڕاستیدا هەموو پیروپەککەوتەکان دەخرانە نێو هۆزە شارەییەکانەوەو بەهیچشێوەیەك نەدەخرانە هۆزە گوندییەکانەوە، بەدرێژایی هەموو مێژووی کۆمارەکەش، تاکە یەك وێنەو نموونە بوونی نیە، لەسەرئەوەی کەیەکێك لەو پیروپەککەوتانە، ئەگەرچیش بووبێتنە هاووڵاتی، بۆ هیچ پۆستێکی دەسەڵاتداری بەرزنەکرابێتنەوە .

ئەم پرەنسیپە بنەڕەتیە، خۆی زۆرباش بووە، لێ ،ئەوەندە زیادەڕۆیی تیاداکراوە تائەوئاستەی کەگۆڕانێکی لێوە هاتۆتەبەرهەم‌و بەدڵنیاییشەوە ڕژێمەکەی تێپەڕکردووە .

یەکەمجار، چاودێرەکان، دوای ئەوەی ماوەیەکی زۆر مافی گوازتنەوەی هاووڵاتیانیان بەشێوەیەکی دڵڕەقانە لەهۆزێکەوە بۆ هۆزێکی دی، پاوانکرد، ڕێگەیاندەدا بەزۆربەی هاووڵاتیان کەناویان لەو هۆزەدا تۆماربکەن کەئەمان پێیانخۆشبوو، ئەوەش چاوپۆشی‌و ڕێگەدانێك بوو، کەبەدڵنیاییەوە بۆ هیچشتێك باش نەبوو دەستی نەدەدا، ئەوە بێلەوەی کەمەزنترین تایبەتمەندییەکان، لەچاودێری دەستێندرایەوە. بێجگەلەوەی کاتێك کەهەموو

---

[1] نازناوی خێزانی {ئەبیۆس کلۆدیۆس} ە ـ م. ص ـ .

بەهێز ومەزنەکان، خۆیان دەدایەپاڵ ئەم یان ئەو هۆزەی گوندان و، پیرو پەککەوتەکانیش دەگەڵ سەرپەرشتکراوانی شاردا دەبوونە هاووڵاتیان پاڵکەوتوو لەهۆزەکانی شاردا، ئەوائیتر بەشێوەیەکی گشتی، هۆزەکان نەزەوی و نەجێگەیەکیان بۆ نەدەمایەوە، بەڵکو هەر هەموویان تێکەڵ بەهەندێکی دییان دەبوون، بەرادەیەك کەئیتر لەتوانادا نەدەبوو کەئەندامانی هۆزەکە لەخودی هۆزەکە جیابکرێتەوە مەگەر لەتۆمارەکاندا نەبێت، بەجۆرێك کەبیرۆکەی وشەی هۆز، وای لێهات لەجیاتی واتا واقیعیەکەی، کەسێتیانە بەدەستدەهێنرا ، یانوەکو وەکی دی بڵێین، بووە وەهمێك .

هەروەها ئەوەش هاتەروودان کەهۆزەکانی شار، بەهۆی نزیکبوونیانەوە لەنێوەند[1]، ئەوا بۆ زۆرجاران لەسەندیکا هەڵبژێردراوەکانی گەلدا، خۆی لەبەهێزترینیاندا دەبینیەوە، ئەوەبوو دەوڵەتیان دەفرۆشتە ئەوانەی کە تائاستی کڕینی دەنگی ئەو (ئەوباش)انەی کەئەو سەندیکایانە لێیانڕا پێکدەهاتن،سازشیان دەکرد.

هەرچی سەبارەت بەخێڵەکانیشە کەدامەزرێنەرەکە وایکرد کەهەر هۆزێك بەسەر دەخێڵدا دابەشبێت، ئەوا هەموو گەلی رۆمانی کەلەوکاتەدا لەنێو دیوارەکانی شاردا گیربەندبوو، وایلێهات کەلە(٣٠) خێڵ پێکبێت و هەریەکێکیشیان خاوەنی پەرستگاو خواوەندو فەرمانبەرو جەژنەکانی خۆیان بن، ئەم جەژنانە کەپێیان دەگوترا(**Compitalia**) بەوجەژنانەی هۆزە گوندییەکان دەچوون، کەدواتر پێیانەوە ئاهەنگ دەگێڕدراو پێیانگوترا (**Paganalia**) .

لەکاتێکیشدا کەنەدەتوانرا بەیەکسانی، ئەم (٣٠) ژمارەیە لەدابەشکردنە نوێیەکەی{سێرڤیوس}دا،بەسەر(١٤)هۆزەکەدا دابەشبکرێن، ئەوا ئیتر

---

[1] واتە لەنێوەندی وڵات، یان ئیمپراتۆرییەکە، کەپایتەخت دەگرێتەوە ــ م.ص ــ .

(ئەم))، هەرگیز نەیدەویست کەدەستی لێوەبداتن... بەوەش وایلێهات کەخێڵە سەربەخۆکانی هۆزە گوندییەکان، دابەشکردنێکی دی، بۆ دانیشتوانی رۆما پێکبهێنن. لێ، پرسی خێڵەکان، نەلە هۆزە گوندییەکانو نەلای ئەو گەلەیش ـ کەلێی پێکهاتبوو ـ فراژوونەکران، چونکەو لەبەرئەوەی کەهۆزەکان بەتەواوی بوونە دامەزراوەیەکی مەدەنیانەو لەپێناوی سەربازگیریی تیمەکاندا سیستەمێکی‌دی هێنرایە ناوەوە، هەربۆیەکەش، یانوەکی‌دی بڵێین، دابەشکردنە سەربازییەکانی {رۆمۆس} ئیتر پێویست نەبوونو، بەم شێوەیەش سەرباری ئەوەی کەهەموو هاووڵاتیەك ناوی خۆی لەهۆزدا تۆماركردبوو، ئەوائیتر بۆئەوەی ناوی لەخێڵدا تۆمارنەکات، ئەم کارە دژوارییەکی گەورەی پێویست بوو.

هەروەها {سێرڤیوس} دابەشکاری سێهەمی دانا، کەهیچ پەیوەندییەکی بەدوو دابەشکردنەکەی پێشووەوە نەبوو، لێ، بەهۆی کارتێکردنەکانیەوە، وایلێهات لەهەموویان گرنگتربێت، ئەوەبوو کەهەموو گەلی رۆمانی لە(٦)چیندا دابەشکردو نەبەجێگەو نەبەخەڵکیو نەبەسامانداری، جیاوازیی لەنێوانیاندا پێکنەهێنا، بەجۆرێك کەچینە یەکەمیەکان لەدەوڵەمەندەکان دەبوونو ئەوانی کۆتاییش لەنەدارەکانو چینەکانی ناوەڕاستیش لەوانە پێکدەهات کەسامانێکی کەمیان هەبوو. ئەم (٦)چینەش دابەشبوونە لەبۆ(١٩٣)دەزگای‌تر، کەپێیان دەگوترا سەدیەکان، ئەم دەزگایانەش بەجۆرێك دابەشبوون کەچینی یەکەمیان بەتەنیاخۆی نیوەی زیاتر لەخۆدەگرتو، چینی دواهەمینیشیان تەنها یەك دەزگای[1] لەخۆدەگرت، ئیتر بەمشێوەیە وارێکدەکەوت، یانوەکی دی بڵێین، ئەورێککەوتنە هەبوو کەئەوچینەی کەمترین پیاوی تیادابوو، لەسەدیەکاندا زۆرترین ژمارەیان دەبوو و، چینی

[1] واتە تەنها یەك دەزگا لەو(١٩٣) دەزگایە ـ م. ص ـ.

دواهەمینیش ئەژمارکراو نەبوو، مەگەر تەنها لەپێناوی لقبەندیکردنی نەبێت، ئەوە سەرەڕای ئەوەش کەبەتەنهاخۆی، نیوە زیاتری دانیشتوانی رۆمانی لەخۆگرتبوو .

بۆئەوەش کەئیدراکی گەل، ئەوەندە زۆر بۆ دەرەنجامەکانی ئەم شێوەیەی دواییان شۆڕنەبێتەوە، {سێرڤیوس} بەدەستیی، مۆرکێکی سەربازییانەی وێداوەتیێ: بەشێوەیەك کەدووسەدی لەهەڵگرانی زرێپۆشی خستۆتەناو چینی دوهەمەوەو، دووسەدیش لەخەریکبوانی پیشەسازی ئامێرەجەنگیەکان، خستۆتەناو چینی چوارەمەوەو، لەهەر چینێکیشدا ــ جگە لەوەی دواییان ــ،جوداکاری کردووە لەنێوان لاوان و پیراندا، واتە لەنێوان ئەوانەی کەپابەندبوون بەهەڵگرتنی چەك و ئەوانەش کەبەپێی یاسا، تەمەنیان لەوەی دەبەخشین. بۆزۆرجاریش ئەم جوداکردنە، زیاتر لەو جوداکردنەی کەلەسەرپایەی سامانداری بوو، پێویستی دووبارەکردنەوەی سەرژمێری و ئامارەکانی، چێدەکرد، دواجاریش دەیویست کەلەگۆڕەپانی {مارس}دا، ئەنجومەنەکە ببەسترێت و هەمووئەوانەش کەلەتەمەنی راژەی سەربازیدابوون، بەچەکەکانیانەوە ئامادەی دەبن. هۆی ئەوەش کە{سێرڤیوس} هەمان ئەم دابەشکارییەی لەنێوان لاوان و پیرانی چینی دواهەمیندا، پەیڕەونەکردووە، بریتیەلەوەی ئەودەبەنگانەی کەئەم چینەیان پێکدەهێنا،بەهیچشێوەیەك شەرەفی هەڵگرتنی چەکیان لەپێناوی نیشتماندا، پێنەدەبەخشرا، بەڵکو پێویستبوو لەسەریان کەخانوویان هەبێت تاوەکو مافی بەرگریکردنیان لێیدەستبکەوێت و، لەو پۆلە زۆرانەش لەو سەرڕوتاوانەی کەئەمڕۆ لەشکری پادشاکانیان پێڕازاندراوەتەوە، لەوانەیە یەکێکیان نەبووبێت کەسووکئامێزانە، لەلایەن کەتیبەی سوارەی رۆمانیەوە، دەرنەکرابێت، کاتێك کەسەربازەکان خۆیان بەرگریکەری ئازادی بوونە .

دەگەڵئەوەشدا، لەچینی دواهەمیندا ـ مەبەست چینەدارەکەیە ـ م. ص ـ، پرۆلیتارەکان[1]،لەوانە جیاکراونەتەوە کەپێیاندەگوترا(**Cupite censi**)، چونکە ئەوانەی یەکەم ـــ واتە پرۆلیتارەکان ـــ م.ص ـــ کەبەتەواوی نەگەیشتبوونە خاوەنداربوون، لانی کەم، وەك هاووڵاتیانی دەوڵەت، لێیاندەڕوانرا، بەڵکو هەندێکجاریش لەحاڵەتە پێویستەکاندا، وەك سەرباز ئەژماردەکران،کەچی سەبارەت بەوانەی کە بەهیچشێوەیەك هیچشتێك نەبوون و ئەوانەش تەنها لەڕێی سەریانەوە، دەتوانرا سەرژمێری بکرێن، ئەوا بەتەواوی وەك هیچ، لێیاندەڕوانراو، {ماریۆس}یش یەکەمین کەسێك بوو، کەسەربازگیرییانی خستەبەردەم.

لێرەدا، بێئەوەی بڕیاربدەم لەوەی کەئەگەر ئەم سەرژمێریی سێهەمە چاکە یان خراپە، ئەوا وایدادەنێم کەتوانای ئەوەم هەبێت، جەخت بکەم لەوەی کەلێرەدا شتێك بوونی نەبووە، جگە لەمۆڕاڵی سادەی رۆمانیە یەکەمینەکان و ئارەزووداریان بۆ کشتوکاڵ و کینهاتنەوەیان لەبازرگانی و لەچالاکی لەپێناوی دەستەبەرکردنی قازانجدا، ئەوانەش بریتین لەو کاروبارانەی کەلەتوانایاندایە، کەوای لێبکەن ـ واتە ئەم سەرژمێری سێهەمە ـ م. ص ـ شایانی جێبەجێکردن و وەدیهێنانبێت .

کەواتە، کوا ئەوگەلە نوێیەی کەتیایدا تێگەیشتنی چارشێودراو و بیری نائارام و پیلانگێڕی و هاتووچۆی بەردەوام وخولانەوەی لۆکەری هەمیشەیی

---

[1]) لەبیرکردنەوەی سۆشیالیزمی زانستیدا، پرۆلیتاریا، چینی بەرهەمهێنی کۆمەڵگای سەرمایەدارییە،کەبەرهەمهێنانی هەموو پێداویستیە مادییەکانی کۆمەڵگا لەسەر ئەم چینەیەو، ئەم چینە دروستیدەکات، کەچی، خۆی نابێتە خاوەنیان و بەردەوام لەلایەن چینی دەسەڵاتدارەوە، دەچەوسێندرێتەوە، لێ، پێش تیۆریزانانی مەزنی ئەم سیستەمە فیکرییە،بیرمەندی‌تر هەبوون کەئاماژەتیان لەم چینە کردووە،وەك ئەوەی کەلەم بەشەی ئەم دانراوەدا{رۆسۆ}ش کردویەتی،لێ،بەو نێوەرۆك وتێگەیشتنەی ئەوانەوە نا . ـ م. ص ـ .

سـامان، دەتوانێـت وابکـات کەدەزگایـەکی،یـان دامەزراوەیـەکی ئاوهـا بۆ(٢٠)ساڵ بەردەوامبێت، بەبێئەوەی کەدەوڵەت بەتەواوی ژێرەو ژووربکات؟ بەڵکو پێویستە کەبەباشی تێبینی ئەوەبکەین کەمۆراڵ و چاودێری بەهێزانەتر لـەم دامەزراوەیـەدا، خەوشـەکەیان لـەرۆمادا، مکـۆمکردو، هـەروەها ئـەوەش فلانـە دەوڵەمەنـد بـەهۆی زۆر هەڵـدان و شـانازیکردن بەزەنگینیەکەیـەوە، دابەزیوەتە، یان هاتۆتەخواریٚ بۆ نێوچینی نەداران.

لەهـەمووم ئەمانـەوە، بەئاسـانی دەتـوانین ئـەوەبزانین کـە بۆچـە، تاڕادەیـەك بەهیچشـێوەیەك جگەلـەو پێنج چینە، متمانـەو ئەسپاردەکاری نەدراوەتـەوە کەسـی دی، ئەگەرچـیش لەڕاسـتیدا ژمـارەی هۆزەکـان شەشن؟چـونکە کەشەشـەمیان، زۆر بەدەگمـەن نـەبێت، شـایانی ئاماژەپێـدان نـەبووە، لەبەرئـەوەی کەسـەربازی پێشـکەش بەسـوپا نـەکردووەو لـەگۆڕەپانی {مـارس}[1] یشـدا، دەنگیخـۆی نـەداوەو، بـەڵکو وایلێهـاتووە کـە لەکۆمارەکەدا خاوەنی هیچ فەرمانگوزارییەك نەبێت.

لەڕاستیدا ئەمانە دابەشکردنە جۆراوجۆرەکانی گەلی رۆمـانی بوون، ئێستا با لەوکارتێکردنە بڕوانین کەلەکۆبوونەوەکاندا بەرپای کردووە، ئەم کۆبوونەوانە کەشـەرعیانە، بانگهێشـتی بەسـترانیان دەکرا، پێیـان دەگـوترا(**comices**) ـ سـەندیکا هەڵبـژێردراوەکانی گـەل ـ ، بـەردەوام لـەگۆڕەپانی رۆمـا، یـانوەکو لـەگۆڕەپانی {مـارس}دا دەبەسـتران و، بەئەنجومـەنی خێلـەکان و ئەنجومـەنی هۆزەکـان، جیـاوازی لەنێوانیانـدا دەکـرا، بـەگوێرەی ئـەم سـیٚ شـێوەیەی کەلەسـەر بناغـەی هاتبوونـە ڕێکخسـتن: ئـەوەبوو ئەنجومەنـەکانی خێـلٚ لەدامەزرانـدنی {رۆمۆڵـۆس} بـوون و ئەنجومەنـە سـەدییەکانیش

---

[1])دەڵێم لەگۆڕەپانی(مارس) دا، لەبەرئەوەی ئەنجومەنەکەلیە سەدییەکان، لەویٚ کۆدەبوونەوەو، گەل لەدووشێوەکەیتردا لە(فۆرۆم ـ **Forum**)کۆدەبوەوە، یان لەجێگەیەکیدی و ئەوکاتیش ( **Capite censi**)قەڵەمڕەوی و دەسەڵاتێکی دەبوو هەروەك ئەوە هاووڵاتیە یەکەمینەکان هەیانبووە.

لەدامەزراندنی(سێرڤیوس)بوون، لەکاتێکدا ئەنجومەنی هۆزەکان لەدامەزراندنی پارێزەرەکانی گەل ـ **Tribuns** ـ بوون. کەواتە لێرەدا یاسایەك نەبوو کەراستباریی وەرنەگرتبێت و دەسەلاتدارێکیش نەبوو کەلەئەنجومەنەکاندا هەڵنەبژێردرێت .لەبەرئەوەش کەهاوولاتیەکیش نەبوو کەلەخێڵ، یان یەکەیەکی سەدی، یانوەکو هۆزدا، ناوی تۆمارنەکرێت، ئیتر لەوەوە ئەوەڕا بەرهەمهات کەهاوولاتیەك نەبوو بێبەشبێت لەمافی دەنگدان...و گەلی رۆمانییش لەڕاستیدا بەکردەوەو یاساییانە، خاوەن فەرمانڕەوایی بوو.

بۆئەوە کەکۆبوونەوەکانی ئەنجومەنە گەلیەکانیش شەرعی بن و ئەوەی کەتیایاندا بڕیاردەدرێت هێزی یاسا وەرگرێت، ئەوا هەردەبوو ئەم سێ مەرجە بوونیان هەبێت: یەکەم ئەو دەسەلاتدار، یان دەزگایەی کەداوای بەستنیانی دەکرد، بۆئەوە، دەبوو دەسەلاتی پێویستی لەدەستڕابوایە. دووەمیش: دەبوو کۆبوونەوەکە لەیەکێك لەڕۆژەکانی بەستنیدا، لەلایەن یاساوە رێگای پێبدرایە. سێیەمیش: دەبو کەپێشبینیەکانی پێشبینیکەرانیش گونجاوبوایە[1].

سەبارەت بەمەبەستی مەرجییەکەمیان، پێویستی بەلێکدانەوە نیەو، دووەمیشیان پرسی رژێمەو[2]، بەوپێیەش لەو ڕۆژانەی کەشانۆگەرییەك پێشکەشدەکرا، یان بازاڕێك دادەنرا[3]، ڕێگەنەدەدرا بەبەستنی ئەنجومەنە

---

[1] واتە دەبوو ئەو بڕیارانەی کەلەو کۆبوونەوانەوە دەردەچوون لەگەڵ پێشبینیەکانی ئەستێرە ناسەکانیشدا، بهاتایەتەوەو گونجاو بوایە ـ م. ص ـ

[2] واتە پرسێکی سیستەمیە، بەو واتایەی کەلەرژێم و یاسا بالادەست و پیادەبن.

[3] ئەو سەردەمە واباوبووە، کەناوبەناو بۆ کەلوپەلێک نایاب، یان کەلوپەلگەلێک نایاب یان وەکو هەرزان فرۆشکراو، رۆژێک دادەنراو بازاڕێک تەرخاندەکرا بۆ ساغکردنەوەیان، دیارە ئەو دیاردەی هەراج فرۆشکردنە، کەتائێستاش لەبازاڕەکانماندا، بەتایبەت مەزادخانەکان هەر ماون، پاشماوەی ئەوەیە ـ م. ص ـ

گەلیەکان، لەبەرئەوەی لەوبۆنانەدا خەڵکی لەگوندەکانەوە دەهاتنە رۆما بۆ بەسەربردنی کاتەکانیان، بەوهۆیەشەوە ئیتر کاتی پێویستیان بۆ نەدەمایەوە تاکو بچنە گۆڕەپانە گشتییەکان .

وەلێ، مەبەست لەمەرجی سێهەمیش، ئەوا ئەنجومەنی پیران،هەڵبژاردنیگەلی سەربڵندو، هەستاو - راپەڕیو - م.ص - ی رۆمی لەنێودەستدابوو، کەلەکاتی گونجاوداو لەجۆشی پارێزەرانی گەلدا بەخشندەیی لەبەرامبەر یاخیبوانی ئەنجومەنەکان پێدەکات، لێ، ئەوانە بۆ رزگاربون لەم دیسپلینە،زیاتر لەئامرازو دەستەچیلەیەك بەدیدەکەن .

یاساکانو هەڵبژاردنی سەرکردەکانیش، لەو پرسە تاکە ملکەچانەی دەسەلاتی ئەنجومەنەگەلیەکان نەبوون، چونکە کاتێك کە گەلی رۆمانی گرنگترین فەرمانگوزارییەکانی حکومەتیان پاوانکردبوو، ئەوا دەتوانین بڵێین کەچارەنووسی ئەوروپاش لەکۆبوونەوەکانیدا بڕیاری لەسەر دەدراو، ئەم جۆراوجۆریە لەمەبەستەکاندا ماوەی دەدا، یان راستتر بڵێین بواری خۆشدەکرد بۆ شێوەگەلێك جۆراوجۆر کەئەو کۆبونەوانە بەگوێرەی ئەومادانەی کەلەسەری بوو تیایاندا بڕیارەکان وەربگرێت لەخۆیدەگرتن .

بۆ حکومدان لەسەر ئەم شێوەگەلە جۆراوجۆرە، تەنها بەراوردکردنی بەسە، لەڕاستیدا{رۆمیلۆس} بەدامەزراندنی خێڵەکان **ـ Curise ـ** ئامانجی ئەوەبوو،کەبە(گەل) پشتی ئەنجومەنی پیران بشکێنێتو بەئەنجومەنی پیرانیش پشتی گەلڕا بکێشێنێتو، لەهەمانکاتیشدابەسەرهۆردووکیاندا دەستەڵاتداربێتن، کەواتە بەمشێوەیە لەدابینکردنی هاوسەنگی دەگەڵ دەسەڵاتو ساماندا کەلەدەستی بەگزادەکاندا هێشتبونیەوە، دەسەڵاتی هەموو ژمارەکانی دایە (گەل).لێ، دەگەڵئەوەشداو بەپێی رۆحی پادشایەتی، دەستیاوەریی گەلێك زۆری بۆ بەگزادەکان هێشتەوە .. بەکاریگەریی

پیاوەکانیـان ـ بـەکرێگیراوەکانیان ـ م.ص ـ لەسـەر زۆرینـەی دەنگـەکان.
لەڕاستیشـدا ئـەم سیسـتەمە سەرسـوڕهێنەرەی پەیوەسـت بـەخاوەن
بەرژەوەنـدەکان و بـەکرێگیراوەکان[1]، بەخۆیلەسیاسـەت و مرۆڤایەتیـدا،
کارێکی جوان و بەرزە و،چینی بەگزادەکانیش کەزۆر بەتوندی دەگەڵ رۆحی
کۆمارییەتـدا نـاکۆکبوون، لەتوانایدانـەبوو کەبـەبێ وی، بمێنێتـەوەو، تـەنها
رۆما بەتەنیا،شەرەفی پێشکەشکردنی ئەم نموونـە جوانـەی بەجیهان هـەبوو،
کەبەهیچشـــــێوەیەك هــــــیچ ســــــنووربەزاندنێکی لێــــــوە
پەیدانەبووەو،هەروەهادەگەڵئەوەشدا بەهیچشێوەیەك چاوی لێنەکراوە .
لەکاتێکـدا کـەخودی ئـەم شـێوەیەی ئەنجومـەنی خێڵـەکان، یـانوەکو وردتـر
بڵێین، ئەنجومەنەکانی خێڵ لەسـەردەمی پادشـاکانەوە تـاوەکو {سێرڤیوس}
درێـژەی کێشـاوەو، لەبەرئـەوەش کەدەسەڵاتی دوا{تارکینیـەکان} بەشـەرعی
دانەنراوە، هەربۆیەکە ئەوکارە بۆتەهۆی جیاکردنەوەی یاساکانی پادشایەتی
بەشێوەیەکی گشتیڕا، بەنێوی یاساکانی خێڵ**LaagesCuriates** .

لەژێرسـایەی کۆمارەکـەدا، کەبـەردەوام لـەهۆزە شـارییە چـوارییەکەدا
گیربەندبووەو،جگە لەسەرپەرشتکراوانی ـ مێگـەل ـ م.ص ـ رۆمـاش، کەسی
دی لەخۆنەگرتووە. ئەنجومەنەکانی خێڵ، لەتوانایاندا نـەبووە کەرەزامەندبن،
یان وردتر بڵێین، کەرەزامەندیی نیشانبدەن نەلەسەر ئەو ئەنجومـەنی پیرانـەی
کەلەسـەرو چـینی بەگزادەکانـەوە بـوو و، نەئـەو بەرگریکەرانـەی گـەل
لەئەنجومەنەکانیگەلـدا، کەئەگەرچـیش لەڕەشـۆکیەکان بـوون، لێ ،لەسـەروو
هاوولاتیـانی خۆشـگوزەرانەوەبوون. بەمشـێوەیە بـەختیان پوکایـەوەو
لاوازیشـیان گەیشـتە ئاسـتێك کـە(٣٠)جێبەجێکەرەکـەی یاسـاکان تیایانـدا ـ

---

[1] وشەی بەکرێگیراو، لێرەدا ئەو تێگەیشتن و واتا زانراوەی نێو فەرهەنگی ناخاوتنی میللیمان نیە، بەڵکو دەلالەتە بۆ بەفەرمانبوونی کەسانێک بۆ خزمەتی بەرژەوەندییەکانی کەس و دەزگاو دەسەڵاتەکان ـ م. ص ـ .

کەئاراستەکردنی بانگهێشتکردنی بەستنی کۆبوونەوەکانیان پێسپێردرابوو ـ کارێکیان دەکرد کەنەدەبوو ئەنجومەنە گەلیە سەدیەکان بیکەن .

لەڕاستیدا دابەشکردن بۆ سەدیەکان لەبەرژەوەندی ئۆرستۆکراتیەت بوو، بەڕادەیەك کەئێمە لەسەرەتادا، ئەوەمان بۆمان دەرناکەوێت کەچۆن ئەنجومەنی پیران، بەردەوام نەیدەتوانی سەربکەوێت، یان زاڵیشبێت لەو ئەنجومەنە گەلیانەی کەئەم ناوەیان هەڵگرتبوو، کەبەهۆیەوە کۆنسولو چاودێرو گەورە قازیو دادوەرەکان، هەڵدەبژێردران. لەواقیعیشدا لەو(١٩٣)سەدیەی کەشەش چینەکەی هەموو گەلی رۆمانی لێوە پێکدەهات، چینی یەکەمیان ـ (٩٨)یان هەبوو، لەبەرئەوەش کەدەنگەکان لەسەربناغەی یەکەی سەدی نەبێت، حساب ناکرێت ـ بەتەنها بەژمارەی دەنگەکان، بەسەرهەموو چینەکانیدیدا سەردەکەوتو، کاتێکیش کەهەموو سەدیەکانی ئەم چینە، رێکدەبوون، ئەوا ئیتر پێویستیەك نەدەمایەوە بۆکۆکردنەوەی دەنگەکانی دیو، ئەوەش کەژمارە گچکەکە بڕیاری لەسەردەدا، وەکئەوەی بڕیاری جەماوەربێت وەردەگیراو، دەتوانین بڵێین کەکارەکان لەئەنجومەنە سەدیەکانی گەلدا، بەپێی زۆرایەتی پوولودارایی رێکدەخران، زۆرزیاتر لەزۆرینەی دەنگەکان .

وەلێ ،ئەم دەسەلأتە پێگەیشتووە، بەدوو ئامراز، سووك دەکرا، یەکەم: پارێزەرانی گەل، وەك پیشەی بەردەوام ـ کەبەردەوام ژمارەیەکی زۆری خەڵکە رەشۆکیەکەبوون، لەبەرئەوەی ئەوانە لەچینی دەوڵەمەندان بوون ـ لەبەختو تاراجی بەگزادەکانیان لەچینی یەکەمدا کەمدەکردەوە .

هەرچی ئامرازی دووەمیشە، ئەوا لەسەرئەمەیخوارەوە چەقبەندبوو: لەجیاتی ئەوەی کەبەوەرگرتنی دەنگەکان لەسەدیەکاندا، بەپێی پێشەوەیەتی چینەکان، دەستپێبکرایە، ئەوەش بریتیەلەوەی کەوابکرێت بەردەوام لەیەکەوە دەستپێبکرێت، ئەوەی کەبەتەنیا دەستیدەکردە هەڵبژاردن،

تیروپشکی لەسەردەکرا[١]، دوای ئەوە لەڕۆژێکی دیدا دەستدەکرایە بانگهێشتکردنی هەمووسەدییەکان بەپێی پلەکانیان، بەوەش هەمان ئەوهەڵبژاردنانە دوبارەدەکرایەوەو، ئاساییانەش ڕەزامەندییان لەسەردەکرا. بەمشێوەیە دەسەڵات لەوەڕا دەستێندرا کەنوێنەری پلەوپایەی دەکرد، تاکو بدرێتە تیروپشك بەپێی پرەنسیپی دیموکراتیەت .

هەروەها لەم نەریتەوە، باشیەکیدی، دەهاتەدەست، لەبەرئەوەی کەماوەی نێوان هەڵبژاردنەکان ئەوماوەیەی دابیندەکرد، تاوەکو هاووڵاتیانی گوندەکان تەواوئاگاداربن لەتواناو لێهاتوویی پاڵێوراو، کەبەشێوەیەکی کاتیانە ناودەنرا[٢] تاوەکو دەنگی خۆیانیانی نەدەنێ، تەنها دوای دڵنیابوونیان نەبێت لە تواناولێهاتووییان .لێ ، بەبەهانەی خێراییەوە، دواجار کار گەیشتەئەوەی کەئەم نەریتە بسڕدرێتەوەو، وایلێهات کەلەهەمان ڕۆژدا، هەردوو هەڵبژاردنەکە ئەنجامبدرێت .

هەرچی ئەو ئەنجومەنانەی گەلیشە کەلە هۆزەکانەوە هەڵقوڵابوون، ئەوابریتی بوون لەئەنجومەنی گەلی ڕۆمانیو، تەنها لەلایەن پارێزەرانی گەلەوە نەبوایە، ئیتر بانگهێشتی بەستنی نەدەکراو، هەرئەوانیش تیایدا هەڵدەبژێردران و تیاشیدا ڕێگەی ڕاپرسیەکانیان پێدەدراو، کاریش گەیشتبووە ئەوەی کەئەنجومەنی پیران، نەك هەر جێگەیەکی تیایدا بۆنەمابوو، بەڵکو تەنانەت مافی ئامادەبوونیشی تیایدا نەبوو، لەمبارەشەوە ئەندامەکانی بەهۆی وادارکردنیان بەگوێڕایەڵیبوون بۆ یاساگەلێك

---

[١] ئەو سەدیەی کەبەمشێوەیە بەتیروپشک دەردەچوو،نێوی دەنرا( **Praerogativa** )ی نایاب، بەهۆی ئەوەی یەکەم کەس دەبوو کەداوای دەنگدانی لێبکرێتو، لێرەوەبوو کەوشەی نایاب (**Praerogativa**)

[٢] واتە کەسی پاڵێوراو، ناولێنانی وەک پاڵێوراو، کاتی بوو، چونکە ئەگەر لەلایەن زۆربەی خەڵکیەوە بەلێهاتوو بۆئەو پلەیە، ڕەزامەندیی بەدەستنەهێنایە، ئەوا، ناوی پاڵێوراوییان، لێدەسەندەوە ـــ م.ص ـــ .

کەنەیانتوانیوە دەنگی لەسەربدەن، کەمترین چێژێکیان لەئازادی هەبووە لەوەی کەلاوەکیترین هاووڵاتیەك، هەیبووە. ئەم کارکردە ناڕەوایەش بەتەواوی تێگەیشتنێکی بەدی لەسەرهەبوە و هەرخۆشی بەتەنها بەسبوو بۆ پوچەڵکردنەوەی بۆنە ـ مراسیم ـ ی دەزگایەك کەهەموو ئەندامەکانی خوازراو و پەسەندنەبوون، ئەگەریش بهاتایە کەبەگزادەکان هەموویان ئامادەی ئەم ئەنجومەنە گەلیانە بونایە بەپێیئەومافەی کەوەك هاووڵاتی تیایدا هەیانە، ئەوا ئەوکاتە تەنها دەبوونە تاکگەلێك، کەزۆر بەدەگمەن لەسەر شێوەی ئەو هەڵبژاردنانەی کەدەنگەکان تیایدا بەپێی سەر ئەژماردەکرێت، کارییگەرییان دەبوو، بەجۆرێك وایلێدەهات کە سادەترین پرۆلیتارییەك هێزی سەرۆکی ئەنجومەنی پیرانی هەبێت .

کەواتە ئێستا ئەوە دەبینین کەئەم دابەشکردنانە، سەرباری ئەو رژێمە ـ سیستەم ـ م.ص ـ ی کەلەدابەشکردنە جۆراوجۆرەکانەوە بۆ ئەژمارکردنی دەنگەکانی گەل بەم قەبەییەوە، بەرهەمدەهات ، کورت نەدەبوونەوە بۆشێوەگەلێك،کەلەخۆیاندا هیچ بایەخێك نەوروژێنن، بەڵکو بۆ هەریەکێکیان شوێنەوارێکی هەبوو کە دەگونجا دەگەڵ مەبەستەکانی ئەوانەی کاریان بۆپەسەندکردنی دەکرد .

لەم پەیوەندەدا، بەبێ چوونەناو وردەکاریی زیاترەوە ، روونکردنەوەکانی پێشوڕا، ئەوەیان لەسەرڕا پێکدێت کەئەنجومەنە گەلیەکانی هۆزەکان زیاتر گونجاوبوون بۆ حکومەتی گەلی، لەکاتێکدا کەئەنجومەنە گەلیە سەدیەکان، زیاتر بۆ ئۆرستۆکراتیەت گونجاوبوون. هەرچی سەبارەت بەئەنجومەنە گەلیەکانی خێڵیشە، لەکاتێکدا کەپیاوماقوڵانی رۆما زۆرینەیان پێکدەهێنا، وەکئەوەی کەبەکەڵکی هیچ نەیەت، تەنها بۆ بەرێوەچوونی، یان گوزەرکردنی ملهوڕیو نیازە خراپەکان، کەواتە هەردەبوو کەسەنگی خۆیان لەدەستبدەن، تەنانەت لەوکاتەشدا کەخودی چەتەکان لەبەکارهێنانی وەك ئامرازێکی

دەستیان خۆیان پاراست، چونکە ئیتر وای لێهاتبوو کەنەخشەکانیان ریسوابکاتن. بەدڵنیاییشەوە شکۆمەندی هەموو گەلی رۆمانی، تەنها لەئەنجومەنە گەلیە سەدیەکاندا بوونیان هەبووە، کەهەرخۆیان بەتەنها پڕو تەواوبوون، لەبەرئەوەی کەئەنجومەنەکانی خێڵ، وانەبوون کەهۆزە گوندیەکانیش بگرنەوەو، لەئەنجومەنە گەلیەکانی کەلەسەر بناغەی هۆزەکان پێکهاتبوون، هیچکام لەئەنجومەنی پیران و بەگزادەکان نەدەنوێندران .

هەرچی پەیوەندی بەئەژمارکردنی دەنگەکانیشەوە هەیە، ئەوا لەلای رۆمانیە یەکەمینەکان: وەك سادەیی مۆرکیان، ئەمیش سادەبوو، هەروەها ئەگەرچیش سادەتربوو لەوەی کەلە{ئەسپارتە}لەسەری بوو، بەشێوەیەك هەموو یەکێك بەدەنگی بەرز رای خۆی دەداو نووسەرێکی تایبەتیش دەینوسیەوەو، لەهەموو هۆزێکیشدا، زۆرینەی دەنگەکان رەزامەندی هۆزی دیاریدەکردو، لەنێوان هۆزەکانیشدا، زۆرینەی دەنگەکان رەزامەندیی گەلی دیاریدەکردو، بەهەمان دەستەزاوە، ئەم کارە سەبارەت بەئەنجومەنەکانی خێڵ و ئەنجومەنە سەدیەکان، بەرێوەدەچوو. لەراستیشدا ئەم نەریتە چاك و بەفەرە، تاوەکو راستۆیی لەنێوان هاووڵاتیاندا پیادەبێت و، لەراستیشدا هەموو یەکێك شەرمی دەکرد کەبەئاشکرا دەنگی خۆی بداتەپاڵ رای ناڕاست، یانوەکو لەبەرژەوەندی پاڵێوراوێکی ناشایستە دەنگبدات. لێ، کاتێك کەگەل گەندەڵ و خراپکرا و، وایلێهات کەدەنگەکان بکڕدرێت، ئیتر ئەوە گونجاوبوو کەبەنهێنی دەنگی خۆی بدات، بۆئەوەی بەوریاییەوە کاربکات بۆ وەستاندنی سەرکوتکاران لەئاستێکداو بۆ گلدانەوەی دەرفەتیش بۆ دابەزاندن تائەوەی ناپاك دەرنەچن .

ئەوە دەزانم کە{شیشرون} ئەم گۆڕانکارییەی پرۆتستۆ کردووەو تاڕادەیەکیش مالۆیرانی کۆمارەکەی دەگەڕانەوە بۆئەوە. لێرەدا (من) دەگەڵئەوەی هەستدەکەم بەوبەهایەی کەپێویستە بدرێتە ئەو ئارگۆمێنتەی

{شیشـرون}، وەڵێ نـاتوانم کەدەگـەڵ رای ویـدابم. بـەڵکو بەپێچـەوانەوە، لـەوباوەڕەدام کەلەبـەر ئەنجامنـەدانی گۆڕانکـاری پێویسـتی هاووێنـە، پەلەیـەککرا لەلەدەسـتدانی دەوڵەتـدا، کەواتـە هـەروەك چـۆن کەسیسـتەمی تەندروسـتخوازیی بـۆ نەخۆشـەکان ناگونجێـت، ئـەوا نابێـت کەبەهـەمان یاساگونجاوەکانەوە، خوازیاری دەسەڵاتێکی گەندەڵ بین بۆ گەلێکی باش، چونکە جگـە لەمانـەوەی کۆمـاری بندۆکیـەو بـەس، کەتائێسـتاش وێنەکـەی هـەرماوە،ئیتر شـتێك نیـە کـەبتوانێت راسـتی ئـەم پرەنسـیپە بنەڕەتیـە بسەلمێنێت، لەبەرئەوەی کەیاساکانی تەنها بۆ کەسانی چەتون بەکەڵك دێن .

کەواتـە، هاووڵاتیـان، ئـەو لیسـتانەیان بەسـەردا دابەشـکرا، کەبەهۆیانـەوە هەریەکێکیان دەیتوانی دەنگیخۆی بدات، بێئەوەی کەس بەرای وی بزانێت، هـەروەها بـۆ کۆکردنـەوەی لیسـتەکان و ئەژماریدەنگـەکان و بـەراوردکردنی ژمارەکان و هتد... رێوشوێنگەلێك نویێ دانران، لێ، ئەمە زۆرجاران رێگرنـەبوو لەگومانکردن لەدەستپاکی ئـەو فەرمانبەرانەی کەبەم کارە راسپێردرابوون و[1]، دواجاریش بڕیار گـەلێك بۆ ڕێنـەدان و پێشـگرتن لـەفرتوفێڵ و بازرگـانیکردن بەدەنگەکانـەوە، بڕیـار گـەلێك هاتنـەدانان، کـەزۆربوونی ژمارەیـان دەلالـەتی لەبێئاکامی و بێکەڵکیان دەکرد .

لـەڕۆژەکانی دواییـدا، بۆخۆپاراسـتن و دوورکەوتنـەوە لەکـەموکوڕی لەیاساکاندا، زۆرکەس وادارادەکران کەپەنابەرنەبەر کارکردگەلێك جیاکارییانە ـ نائاساییانە ـ م.ص ـ . ئەوەبوو هەندێکجار گریمانەی موعجیزاتەکان، لێ ، ئەم رێکارە ـ The instrument ـ م.ص . ـ کە دەتوانرا گـەلی پێخامۆش و سـرپکرێت، نـەدەتوانرا کەدەسەڵاتدارەکانیشـی پـێ لەخشـتەبرێت، هەندێکجاریش پێشنەوەی کەپالێوراوەکان ماوەی ئەوەیان هەبێت کە هەستن

---

[1] Custodes, Distributores (Eds 1872: Diribitores) Rogatores

بەچـنین و داڕشـتنی فێـڵ و سـاختەکارییەکانیان، لـەپڕ داوای بەسـتنی کۆبوونەوەدەکرا، و هەندێکجاری دیش کاتێك کەدەردەکەوت گەلی بەلای خۆدا ڕاکێشراو، ئامادەیە کەبەلای لایەنی خراپدا لابدات، ئەوا تـەواوی دانیشتنەکە هەڵدەوەشـێندرایەوە ـ لێ لـەدواجاردا خوازەکـان ـ الطمـوح ـ م.ص ـ لەهەمووچـتێکرا ڕزگـارکران و، ئـەوەش کەلـەوەدا جێگـەی سەرسـوڕمان بـوو، ئـەوەبوو کەئـەم گەلـە بێشـوماره، لەژێرسـایەی رژێمـە پێشـینەکانیداو لـەنێو سـەروبەندی ئـەم سـنووربەزاندنانەدا، لەهەڵبـژاردنی دەسـەڵاتدارەکان و داڕشـتنی یاسـاکان و دادوەریکـردن لەسـکاڵاکان و تـەواوکردن و ئەنجامـدانی کاروبـارە تایبـەت و گشـتیەکان، تاڕادەیـەك بەهـەمان ئـەو ئاسـانیەی کـەدەکرا خودی ئەنجومەنی پیران، پێیهەستێت وپێڕابێت، دانەبڕا .

# جومگەی پێنجەم

## ( پۆستی پارێزەری گەل )

**کاتێک** کەناتوانرێت گونجاندن، یان ڕێژەبەندییەکی دروست لەنێوان هەموو ئەوبەشانەی کەدەوڵەت لێیان پێکهاتووە دابندرێت، یانوەکو ئەوهۆگەلانەی کەلەناوچوونیان ناتوانێت کەئەوگونجاندنەڕاتیایدا پەیوەندیەکان ئاڵوگۆڕبکەن، ئالەوێدا دەسەڵاتێکی قەزائی تایبەت دادەمەزرێنرێت کەبەشێکنابێت لەدەزگاکانی دی‌و، لەسەردانانی هەموو سنوورێك لەپەیوەندییە ڕاستینەکانیدا کاردەکات و، دەبێتە ئەڵقەیەکی پەیوەندی، یانوەکو ئاستێکی ناوەند ـ چ لەنێوان حکومەت و گەلدا، یانوەکو لەنێوان (دەستە)و حکومەتدا ـ یان ئەوەی ئەگەر پێویستبوو هەڵدەستێت بەهۆردووك کارەکە بەیەکەوە .

ئەم دەزگایەی کەناوی پۆستی بەرگری لەگەل ـ Tribunat ـ ی لێدەنێم، پاسەوانێکە لەسەریاساکان‌و دەسەڵاتی یاسادانەری‌و، هەندێکجاریش لەپاراستنی (دەستە) لەدەست حکومەت خزمەتدەکات، هەروەکئەوەی هەندێکجار پارێزەرانی گەل لەڕۆما، لەپشتگیریکردنی حکومەت لەدژی گەل دەیانکرد، وەکئەوەی ئێستاش ئەنجومەنی (١٠)کان، لەبندۆکیە دەیکەن‌و، هەندێکجاری دیش ئەم دەزگایە لەپاراستنی هاوسەنگی نێوان هەردووك لایەنەکە خزمەتدەکات، هەروەك ئەوەی دەسەڵاتدارە ئەسپارتیەکان دەیانکرد.

لەڕاستیدا پۆستی پارێزەری لەگەل، بەهیچشێوەیەك بەشێکی پێکهاتووی شاری سیاسی(دەوڵەت ـ شار)نیەو، پێویستیشە کەهیچ بەشێکی لەدەسەڵاتی کارگێڕیی‌و یاسادانەریدا نەبێتن، لێ، هەرلەبەر خودی ئەمەشە کەدەسەڵاتی ئەم پۆستە، بەهێزترینیانە: چونکە (ئەو) کاتێك کەناتوانێت

شتێکبکات، ئەوا دەتوانێت کەهەمووشتێك ڕێنەدراو بکاتن. کەواتە(ئەو) مەبەست لەپۆستی پارێزەرانی گەلە - م.ص ـ، وەك بەرگریکەرێکی یاساکان، پیرۆزترین و زیاترین ئافەرینکراوێکە، لەو حکومەتەی کەجێبەجێیدەکات و لەو فەرمانڕەوایەش کەپێیدەبەخشێت. لەڕۆمادا، ئەم پرسە سەلمێندرا، کاتێك کەئەو بەگزادە لەخۆڕازییانەی کەبێزیان لەهەموو گەل دەکردەوە، ناچارکران کە لەبەرامبەر فەرمانبەرێکی سادەی گەلدا سەردانەوێنن، کە نەپەناو کۆڵەکەیەکی هەبوو بیپارێزێت نەدەسەڵاتێکی قەزاییش .

کەواتە کاتێك پۆستی پارێزەری گەل، بەرێگایەکی عەقڵانیانە یەکسان وڕێکوڕاستبێت، دەبێتە پتەوترین پایەیەك بۆ دەستورێکی چاك، لێ، ئەگەر کەمێك زیاتری هەبێت لەوەی کە ڕێگەی پێدراوە، ئەوا ئەوکات هەموو شتێك هەڵدەگەڕێنێتەوەو سەرنخووندەکات. هەرچی سەبارەت بەبێهێزیی و زارەترەکبوونیشە، ئەوا لەسروشتی ئەوڕا نیە، بەومەرجەی کەشتێك بێت، ئەوا بەهیچشێوەیەك لەوەی کەپێویستبێت کەمتر نابێت.

کەچی کاتێك ئەم پۆستە، ئەو دەسەڵاتە کارگێڕییەی کەلەڕاستیدا شتێك نیە جگە لەڕاستکردنەوەی وی، پاوان و داگیردەکات، ئەوا بۆ ملهوڕییەت دەگۆدڕێت و، دەخوازێت، یان دەیەوێت کەئەو یاسایانە دەربکات کەجگە لەپارێزگارییکردنی وی، چتێکی‌دی داواناکاتن .

لەڕاستیداو سەبارەت بەم پرسە، پێویستە ئەوە بڵێین کەدەسەڵاتی قەبەو کەتەی دەسەڵاتدارە ئەسپارتیەکان، لەبەرئەوەی کەئەسپارتە پارێزگاری لەمۆڕاڵی خۆی دەکردو بێئەوەی مەترسییەك پێکبهێنێت مابووەوە، دەستوبردی بەو گەندەڵیەکرد کەدەستپێکردبوو. لەڕاستیدا جێنشینەکەی {ئاجیس ـ Agis} تۆڵەی (ئەو)ی‌لەو ملهوڕانە کردەوە کەکوشتبوویان: وەلێ،تاوان و سزای دەسەڵاتدارانیش هەروەها، لەلەدەستدانی کۆمارەکەدا دەستوبردیانکرد و، ئیتر پاش{کلیومن}، ئەسپارتە شتێك نەبوو کەناوی

ببڕێت و، ڕۆماش بەهەمانشێوە هاتە لەنێوچوون. هەرچەندە لەدوایشدا ئەو زێدەڕۆیەی کەپارێزەرانی گەل وورده وورده پاوانیانکردبوو - بەیارمەتی ئەو یاسایانەی کەلەپێناوی ئازادیدا دانرابوون - سوودی گەیاند لەپاراستنی ئەو ئەباتیرانەی کەبەسەریەکیاندادابوو ، یان راستتر بڵێین کەتێکوپێکیاندابوو. هەرچی ئەنجومەنی(١٠)کانیشە لەبندوکیەدا، ئەوا دادگایەکی خوێناوی پێکهێنابوو کەسەرچاوەی ترس و سامی بەگزادەکان و گەلیش بوو بێجیاوازی و، لەبریئەوەش بەمورافەعەکردنێك کەئیتر سوودێکی نەبوو، یاساکان بپارێزێت، مەگەر دوای ڕووڕەشکردنیان بەلەژێرەوە وەشاندنی گورزگەلێك، کەکەس تەنانەت بوێری تێبینکردنیشی نەدەکرد.

لەڕاستیدا، پۆستی پارێزەری لەگەل، هەروەك حکومەت بەزۆرکردنی ئەندامەکانی بێهێزدەبێت، چونکە کاتێك کەپارێزەرانی گەلی رۆمانی – کەلەیەکەمجاردا ژمارەیان دووکەس بووەو دواتر بونەتە پێنج - ویستیان کەژمارەیان چەند بەرامبەر بکەن، ئەنجومەنی پیران ڕێگەی ئەوەی بۆخۆشکردن، ئەوەش بەدڵنیاییەوە بەخاتری شکاندنی پشتی هەندێکیان بەوانی تریان و، ئەمەش هەردەبوو ڕوویداتن .

باشترین ڕێکارێکیش بۆ دانەدواوەی داگیرکاری و پاوانکردنەکانی دەزگایەکی وەك ئەم دەزگا ترسناکە – ئەویش بریتیە لەڕێکارێك کەتائێستا هیچ حکومەتێك پەنای بۆنەبردووەو پێینەزانیوە - بریتیە لەوەی ڕێنەدرێت کەئەم دەزگایە هەمیشەیی بێت و، لێ، بەومەرجەی کەئەو ماوانە ڕێکبخرێت کەتیایدا، یان لەکاتێکدا دەسڕدرێتەوە. ئەم ماوانەی کەنابێت ئەوەندە دورودرێژبن، بەجۆرێك بوار بەسنووربەزاندنەکان بدات کەڕەگی خۆیان داکوتن وجێپتەوبن، بەڵکو دەکرێت کەبەیاسا دیاریبکرێت بەشێوەیەك کەدەگەڵیداو لەکاتی پێویستدا کورتکردنەوە، یان راستتر بڵێین هێنانەخواریان تائاستی لیژنەجیاکارییەکان، ئاسانبێتن .

بەلای منەوە ،ئەم ڕێکارە، بێ زیان دەردەکەوێت، لەبەرئەوەی کەپۆستی پاریزەری لەگەل، هەروەك پێشتر گوتم، دەکرێت کە رزگارمان بێت لێی، بێئەوەی کاربکاتەسەر رژێم، ـ هەرچەندە کە(ئەو)،بەشێکی پێکهاتووی رژێمەکە نیە ـ . هەروەها بەلای منەوە، ئەم ڕێکارە ئاکتیڤو چالاکیشە، لەبەرئەوەی کەدەسەلاتداری سەرلەنوێ دامەزراو، هەرگیز لەو دەسەلاتەوەڕا لێدەرچوون ناکات کەهی پێشخۆیەتی، بەڵکو لەو دەسەلاتەوە کەیاسا پێیدەبەخشێت .

# جومگەی شەشەم

## ((سەبارەت بەدیکتاتۆریەت))

ئـــەو پتـەوی و خۆڕاگریـەی کـەناهێڵێت، یـان ڕێگـەدەگرێت لـەوەی کەیاسـاکان سـەردانەوێنن بـۆ ڕوودەوەکـان، لەهەنـدێك حاڵاتـدا دەتوانێـت کـەوایلێبکات کەزیانـداربێت و، هەربـەخودی ئـەم یاسـایانەش لـەکاتی تەنگژەکەیـدا، دەوڵـەت لـەناودەبات . کەواتـە ڕژێـم و هێواشـبوونەوەی شێوەکان،خوازیاری کـات ڕەخساندنێك دەکـەن کەهەنـدێکجار بارودۆخەکـە ڕێگـەی پێنـادات. دەشـتوانرێت کەهـەزار حاڵـەت بێتـە پێشـەوە کەبـەهیچ شێوەیەك یاسادانەر ئامادەکاری بۆ نـەکردووەو، دووربینیـەکی زۆر پێویستـە واهەستبکەین کەناکرێت پێشبینی هەموو شتێك بکەین.

کەواتــە پێویســتە، ئەوەنــدە ئــارەزوو لەپتــەوی و ڕەگــداکوتراوی ڕژێمــە سیاسـیەکان نەکـەین، بـەجۆرێك کەدەگـەڵ ڕاوەسـتانی کاریگەرییەکەیـدا، دەسەڵاتەکەیشـی لـێ بکشـێندرێتەوە، لەڕاسـتیداخودی{ئەسـپارتە} کـاری دەکرد بۆئەوەی لەسەر یاساکانیڕا خەوی لێبکەوێت .

وەڵێ، لێرەدا، تەنها ئەو مەترسییە مەزنانە هـەن کەدەتوانن مەترسـی گۆڕانی، یــان وردتــر بڵــێین ئــاڵوگۆڕی ڕژێمــی گشــتی، ڕاسـتبکەنەوەو، پێویسـتە بەهیچشـێوەیەك دەسـەڵاتی یاسـا پیرۆزەکـان، نەوەسـتێندرێت، تـەنها کاتێـك نـەبێت کەکارەکـە پەیوەنـدی بـەبێوەیی هاوولاتیانـەوە دەبێـت. لـەم حاڵەتـە دەگمـەن و دیارەشدا پەنادەبرێتەبەر دابینکردنـی ئاسایشـی گشـتی، ئـەوەش بـەبڕیارێکی تایبــەت کەئــەرکی ئەنجامــدانی دەدرێتــە بـوێرترین کەسـێك کەدەتوانێت پێڕابێت و، ئەم ئەرکەش بەگوێرەی جۆری مەترسیەکە، دەکرێت بەدوو ڕێگە پێیهەڵبستین :

ئەگەر، بۆ دانەدواوەی مەترسیەکە، ئەوە بەسبێت کەچالاکی حکومەت زیادبکرێت و هەردەبێتیش کەلەیەکێك یان دوو ئەندامیدا چەقبەندبکرێت. بەمشێوەیەش ئیتر ئەوە دەسەڵاتی یاساکان نابێت کەپێویستە بێتە ئاڵوگۆڕکردن، بەڵکو تەنها شێوەی ئیدارەکردنەکەی پێویستی بەوەدەبێت. ئەگەریش مەترسیەکە لەوجۆرەبێت کە یاسا ببێتە کۆسپ و ڕێگرێك لەبەردەم خۆلێپاراستنیدا، ئەوا ئەوکاتە هەردەبێت سەرۆکێك باڵا بێنینەگۆڕێ[1] کە ژبۆ بێدەنگکردنی هەموو یاساکان کاردەکات و بۆماوەیەکیش دەسەڵاتە فەرمانڕەواییەکە دەوەستێنێت، لەم حاڵەتەشدا ئیرادەی گشتی، جەختلێکراو و روون و دیارییکراودەبێت، هەروەهاش مەبەست و ئامانجی یەکەمینی(گەل) بریتییە لەوەی کەدەوڵەتەکە تیادانەچێت. کەواتە هەڵپەساردنی دەسەڵاتی یاسادانەری، بەم ڕێگەیە، نابێتەهۆی سڕینەوەولابردنی، ئەوەنەبێت کەئەو دەسەڵاتدارەی کاری بۆ بێدەنگکردنی کردووە، توانای زار پێکردنەوەی نابێت، بەڵکو(ئەو)هەر بەسەریدا باڵادەستدەبێت، بێئەوەی بتوانێت، یان توانای نوێنەریکردنی وی هەبێت و، لەتواناشیدایە کەهەموو شتێك بکات تەنها دارشتنی یاساکان نەبێت.

لەڕاستیدا ئەنجومەنی پیرانی رۆمانی، کاتێك کەبەشێوەیەکی تایبەت، ئەسپاردەکاری کۆنسوڵەکانی دەکرد کەبۆ بێوەیی و پارێزراوی دەوڵەت، شەونخونی بکەن، ڕێگای یەکەمی بەکاردەهێنا، هەرچی ڕێگای دووەمیشە، ئەوا کاتێك روویدەدا کەکۆنسولێك دیکتاتۆرێکی[2] دابمەزراندایەو، ئەوەش نەریتێك بوو کەڕۆما لەشاری {ئەلپ ـ Albe}ەوە گوازتبوویەوە بۆخۆی.

---

[1] لەوەرگێڕانە عەرەبیەکەدا، هاتووە کە(سەرۆکێک باڵا ناولێبندرێت)، لێ، لەوەرگێڕانەفارسیەکەدا(فەرماندەباڵادەستەکان) هاتووە، ـ م. ص ـ.

[2] ئەم دامەزراندنە لەشەوداو بەنهێنییەوە ئەنجامدەدرا، هەروەک ئەوەی شەرمبکەن لەوەی کەکەسێک بخەنە سەروی یاساکانەوە.

زۆرجـارو لەسـەرەتاکانی کۆمارەکـەدا، پـەنا دەبرایەبـەر دیکتاتۆریـەت، لەبەرئەوەی هێشتا دەوڵەت نەبوبوە خاوەنی وەزعێکی جێگیر، تاکو بتوانێت بەدەستورەکەی پشتیوانی لەخۆی بکات. لەبەرئەوەش کەلەوکاتـەدا مۆراڵ، زۆری ئەو یەدەکانەی کە دەکرا لەزەمەنێکی‌دیدا پێویستبن، وایدەکرد کـەئیتر پێویست نەبن، ئیتر لەوێدا ترسێك نـەبوو نـە لـە سنووربەزاندنی دیکتـاتۆر بۆ دەسـەلآتەکەی‌و، نەلـەوەش کەهـەوڵی دەستپێوەگرتنی بـدات بۆ دوای کـاتی دیاریکراوی، بەڵکو بەپێچەوانەوە، وادەردەکەوت کەدەسەلآتێکی ئاوهـا قەبەو کەتـە لەسـەر ئەوکەسـەی کەدەیگرێتەدەست، تائەوڕادەیـە بـارێکی گرانبـوو کەبەپەلـە هـەوڵی لـەکۆڵ خۆکردنـەوەی دەدا، هەروەکئـەوەی چۆن کەچوونە جێگەی یاساکان، پۆستێکی زۆر دژوارو ترسناکە !!.

هەروەها ئەوە مەترسی لاوازبوونە، نەك مەترسی سنووربەزاندن دەسەلآت، کە لەسـەردەمە سـەرەتاییەکاندا، لۆمـەت دەداتـەپاڵ دەسـتپارێزی نـەکردن لەبـەکارهێنانی ئـەم فـەرمانگوزارە سـەرمەندە. چـونکە لەبەرئـەوەی کەلەهەڵبژاردنەکان‌و لەئاهەنگە ئایینیەکانداو لەکاروبارێکی شێوەیی رووتدا، بەزێدەڕۆییـەوە دەهاتنـە بـەکارهێنان، ئـیتر ئـەوەبوو کـەترس هـەبوو لـەوەی کەلەکاتی‌پێویسـتدا کـەمترین مەترسـی هـەبێت‌و، خـەڵکیش واڕابێـت کەوالێبڕوانن لەشتێکەوە کەبەهای نەبێت، بۆ نازناوێك کەلەئاهەنگە نێوەڕۆك بەتاڵەکاندا نەبێت، نەیەتە بەکارهێنان .

پێش کۆتایی سەردەمی کۆمارەکەش، رۆمانەکان بەخۆیاندا هاتنەوەو خۆیـان رێککـردەوە، بـەجۆرێك کـەزۆر حـەزەریان پەیـداکرد لـەوەی کەدیکتاتۆریـەت بەوێنەیەکی زێدەڕۆییانەوە بێتە بەکارهێنان، هەروەکو لەڕابردودا زێدەڕۆییان لەبەکارهێنانیـدا کـردوە. چـونکە ئـەوە ئاسـان بـوو مـرۆڤ بـۆی دەرکـەوێت کەترسیان لەبناغەیەکی نەبوو و لاوازیی پایتەختیش لەوکاتەدا، زامنکـەرێکی ئاسایشـیان بـوو لەودەسـەلآتدارانەی کەلەسـەر پشـتیان بـوون‌و، لەهەنـدێك

حالآتی دیاریکراویشدا، دیکتاتۆرێك دەیتوانی کەبەرگری لەئازادی گشتی بکات، بێئەوەی بەهیچشێوەیەك بتوانێت کەدەستدرێژی بکاتەسەرو، کۆتوپێوەندەکانی رۆماش، بەهیچشێوەیەك لەرۆماخۆی نەهاتوونەتە چێکردن، بەڵکو لەنێو سوپاکانیدا، ئیتر ئەو بەرگرییە لاوازەش کە(ماریوس) لەبەرامبەر (سیللا)و (بۆمبی)و لەبەرامبەر (قەیسەر)دا، ئەنجامیدا، بەڕوونی دەلالەتی لەوەدەکرد کەدەکرا پێشبینی بکرێت لەدەسەلآتێکی لەناوەوەڕا دەرچوو لەبەرەنگاربوونەوەی هێزێکی لەدەرەوەڕا هاتوو .

ئەم هەڵەیە، پاڵپێوەنان بۆ ئەنجامدانی هەڵەگەلێك قورس و گران، بۆ نموونە وەك، هەڵەکردن لەدانەمەزراندنی دیکتاتۆرێك لەپرسی(کاتیلینا ـــ Catilina)، چونکە لەکاتێکدا مەسەلەکە لەناو شارەکەو[1] زیاتر لەچەند ویلایەتێکی ئیتالی، تێپەڕینەدەکرد، ئەوا دیکتاتۆر بەو دەسەلآتەی کەیاساکان بێهیچ سنوورێك پێیاندەبەخشی، بەئاسانی دەیتوانی پشتی ئەو پیلانگێڕییە بشکێنێت کەنەتوانرا لەناوببرێت تەنها بەپاڵپشتکردنی، یان وردتر بڵێین بەکۆمەکی ڕێکەوتگەلێك دڵخۆشکەرنەبێت، کەبەهیچشێوەیەك تێگەیشتنی مرۆڤ نەیدەتوانی پێشبینی بکاتن .

لەجیاتی ئەوە، ئەنجومەنی پیران تەنها ئەوەندەی لەدەستهات کەهەموو دەسەلآتی خۆی بسپێرێتە کۆنسوڵەکان، بەجۆرێك کەخودی{شیشرون}بەناچاری خۆی‌دییەوە کەچالاکانە هەڵسوڕێت و کارابکات بۆئەوەی کەئەم دەسەلآتە لەقۆناغێکی گرنگی یەکلاکەرەوەدا بێتە گوازتنەوەو، ئەوەش کەئەگەرچی فوارەی خۆشیە برایيەکان، پشتی ئەو هەڵسوڕانەیان کرد، لێ ، بەڕاستی دواتر ، داوای لێکرا خوێنی ئەو هاوولآتیانەی کەپێچەوانەی یاساکان هاتنەڕژان، بژمێرێت، لەکاتێکدا کەئەم

---

[1] مەبەست لەشاری ئاماژەبۆکراوی(کاتیلینا)یە ـ م. ص ـ .

لۆمەتکردنە نەدەکرا ئاراستەی دیکتاتۆر بکرێت.. لێ، زمانپاراوی کۆنسوڵ، هەمووانی پەلکێشکرد ـ واتە ڕاکێشا بەلای خۆیدا ـ م.ص ـ ، کەچی (ئەو) بۆخۆی، ئەگەرچیش ڕۆمانی بوو و، زیاتر لەوەی نیشتمانەکەی خۆشبوێت، شکۆمەندی خۆی خۆشدەویست، لەبەرئەوە ئەوەندەی کەبەشوێن ئەوەدا دەگەڕا کەلەو پرسەدا [1] هەموو شەرەفێکی هەبێت، ئەوەندە نەدەگەڕا بەشوێن زۆرترین ڕێکارێکی شەرعی و بەکارترینیان بۆ ڕزگارکردنی دەوڵەت. هەروەها بەڕاستی وەك ڕزگارکەری ڕۆما مەزنکراو، بەڕاستیش وەك دەستدرێژیکەرێکی سەر پیرۆزی یاساکان هاتە سزادان، ئیتر لەجارێکی دی بانگکردنەوەیدا هەرچ درەوشانەوەیەك هەبووبێت، ئەوا بەدڵنیاییەوە ئەوە لێبوردن و بەخشینێك بووە .

سەرباری ئەوانەش، ئەو ڕێگەیەی کەئەم کارسپاردە گرنگەی پێوەبەخشراوە، هەرچیەك بووبێت، لێ، گرنگ بریتی بووە لەدیاریکردنی ماوەی ئەم کارئەسپاردەییە بەماوەیەکی زۆرکەم کەبەهیچشێوەیەك نەتوانرێت درێژبکرێتەوە. چونکە لەو تەنگژانەدا کەناچاردەبیت پەنابەریتە بەر دیکتاتۆریەت، ئەوا دەوڵەت لەوبارەیدا: یان دەستبەجێ تێکدەڕمێت، یانوەکو بەخێرایی ڕزگاردەبێت. ئەگەریش پێویستی زۆر ویستراو بەسەرچوو، ئەوا دیکتاتۆرییەت دەبێتە شتێکی بێسوودو بەسەرچوو، لەڕۆماش لەبەرئەوەی کەدیکتاتۆرەکان بۆماوەی شەش مانگ دەسەلات، یان پۆستەکانیان دەگرنەدەست، ئەوا زۆربەیان پێش تەواوبوونی ئەوماوەیە، دەستیان لەکارکێشاوەتەوە، ئەگەریش ماوەکە درێژتربوایە، ئەوا لەوانەبوو هەوڵی

---

[1] لەبەرئەوەی کە(ئەو) ـ مەبەست لە{شیشرۆن}ە ـ م.ص ـ لەمەدا ئەوەی لەتوانادانەبوو کەبەپێشنیاری دامەزراندنی دیکتاتۆر، دەگەڵ خۆی بێتەوە، کەواتە نەیدەتوانی کەبۆنەوە بوێری ناولێنانی خۆی بکات، بەڵکو توانای ئەوەشی نەبوو جەختبکات لەوەی کەهاوڕێیەکی ناوی لێبنێت .

زیاتر درێژکردنەوەیان بدایە، هەروەکئەوەی کە دەسەڵاتدارەکە، ئەنجامیدا لەدرێژکردنەوەی ماوەی دەسەڵاتەکانیان، کەساڵێك بوو. لەڕاستیدا دیکتاتۆر تەنها ئەوەندە ماوەی هەبوو کەهەستێت بەپێداویستیەکانی ئەو پێویستیەی کەهەڵبژاردنی ئەوی پێکهێنابوو، ئیتر کاتی ئەوەی نەبوو کەبیر لەپرۆژەکانی دی بکاتەوە .

# جومگەی حەوتەم

## ((سەبارەت بەچاودێری))

هەروەکچۆن راگەیاندنی ئیرادەی گشتی بەیاسا بەڕێوەدەچێت و تەواودەبێت، ئەوا راگەیاندنی دەسەڵاتی گشتیش بەچاودێری دەبێت و بەڕێوەدەچێت، کەواتە رای گشتی، ئەوجۆرە یاسایەیە کەچاودێری وەزیرێکێتی و هەروەك حکومەت، لەهەندێك حاڵاتی تایبەتدا نەبێت پراکتیزەی ناکات .

دەزگای چاودێری، دوورە لەوەی کەناوبژیوان و نێوکاری ڕای گەل بێت،بەڵکو سەرئاستخەرو نیشاندەرێتی و، ئیتر هەرئەوەندەش کەلەم دەزگایە دوورکەوتەوەرووبدات ئەوا بڕیارەکانی بەتاڵ و بێ ئاکامدەبن.

ئەوەش کەسودێکی نیە ئەوەیە کەجیاوازی بکەین لەنێوان مۆراڵی نەتەوەیەك و شوێن و پانتایی ڕێزو بەهاکانیدا، لەبەرئەوەی کەهەموو ئەمانە لەهەمان پرەنسیپەوەڕا هەڵدەقوڵێت و بەپێویستەگی، هەندێکیان بەهەندێکی‌دییان تێکەڵدەبن. چونکە لای هەموو گەلانی جیهان، سروشت[1] ڕەهانیە، بەڵکو بریتیە لەو ڕایەی کەچێژو خۆشیە پەسەندەکانی مرۆڤان ڕێنمایی‌دەکاتن ، کەواتە راوبۆچوونە خوارو گۆجەکانی خەڵکی چاکبکەنەوە، ئیتر مۆراڵیشیان لەخۆیەوە گۆش و بەرێژە دەبێت . لەڕاستیدا مرۆڤ بەردەوام حەزدەکات جوانبێت یانوەکو ئەوەی کەدەیبینێت وابێت، لێ ، ئەوەی کەهەڵەی تیادادەکەیت بریتیە لەم بڕیارلەسەردانە، کەواتەمەبەست لەم بڕیارلەسەردانە ڕێکخستنە، یان وردتر بڵێین، ڕێکخستن ئامانجی لەپشتڕاوەستاوی ئەم بڕیار لەسەردانەیە، کەواتەش ئەوەی کەبڕیاری‌لەسەر،

(١) مەبەست لەسروشت ووەک پێکهاتەو نێوەڕۆکی سروشتیانەوە دیاردەو شتەکانە - و.ع.ب.

یانوەکو دەسەڵاتی بەسەر مۆراڵدا هەبێت، دەسەڵاتی بەسەر شەرەفیشدا هەیەو ئەوەی دەسەڵاتی بەسەر ئەمەی دوایشیاندا هەبێت ئەوا یاساکانی لەڕای گشتییەوە وەردەگرێت .

دیدوڕاکانی گەلێك لەگەلانی جیهان لەدەستورەکەیەوە داڕشتەدەبێت، کەواتە سەرەڕای ئەوەی کەیاسا، مۆراڵ ڕێکناخات، لێ ئەوە تەشریعە کەداڕشتەی دەکاتو، کاتێکیش کەتەشریع لاوازو بێهێز دەبێت، ئەوە مۆراڵیش هەڵدەوەشێتەوە، لێ، لەوێدا دەسەڵاتی چاودێرەکان ئەوەی کەهێزی یاسا ناتوانێت بیکات، ئەمیش ناتوانێت بیکات .

لەوەوە ئەوەڕا دێتەبەرهەم، کەلەوانەیە چاودێری بۆ پارێزگاریکردن لەسەر مۆراڵ بەسوودبێت، لێ ، هەرگیز بەکەڵکی چاککردنی نایەت باچاودێرەکان ماوەیەك بەرهەڵداو دامەزراوبن، دەبینین کەچۆن یاساکان لەلوتکەی زیندوێتیاندا دەبن، ئیتر تەنها ئەوەندە کەئەم زیندوێتییە لەدەستچوو، ئەوا ئیتر بێهیوایی باڵ بەسەر هەموو شتێکدا دەکێشێت، چونکە کاتێك کەیاساکان هێزی خۆیان لەدەستدەدەن ئەوا ئیتر هەرشتێکی شەرعی، هێزێکی بۆ نامێنێتەوە .

لەڕاستیدا چاودێری بۆ ڕێگەگرتن لەگەندەڵبوونی ڕاکان، پارێزگاری لەمۆراڵ دەکات، ئەوەش بەپارێزگارییکردن لەسەر ڕاستی‌خۆی، بەیارمەتی پراکتیزەگەلێك لێزانانە، بەڵکو هەندێکجار بە[1] جێگیرکردنی،کاتێك کەهێشتا هەرناجێگیربێت. لەڕاستیدا خوونەریتی دانانی یاریدەدەران لەبەرامبەرکێکاندا، گەیشتە ئاستێك کەترس‌و سامیان لەفەرەنسادا ڕەواندەوە، ئەم وشانە کەبەتەنها لەفەرمینامەیەکی پادشادا[2] هاتوون،

---

[1] ) بەرامبەرکێ: جۆرە یارییەکی باوی ئەوکاتەی ئەوروپابووە بەتایبەتیش لەوڵاتانی(فەرەنسا،ئیسپانیاو پورتوگال) کەدووکەس، لەکۆڕەپانێکدا بە(شیرو...) بەرەو ڕووی یەکدەبوونەوە ـ م. ص ـ .

[2] مەبەست لەپادشای فەرەنسایە لەوکاتەدا ـ م . ص ـ .

بوونــــەهۆی ڕەواندنــــەوەی ئــــەوترس و ســـامە: ئەوانـــەی کەلـــەدانانی یاریدەدەرەکاندا ترس دایاندەگرێت،ئەم بڕیارلەسەردانە کەپێش بڕیارلێدانی جـەماوەر کـەوتوە، بەیـەکجاری ئـەوی دیـاریکردوە. لێ، کـاتێکیش کـەخودی فەرمینامەکان دەیانویست پێداگرن لەسـەرئەوەی بەرامبـەرکێکانیش هـەروەها بەخۆیان کارێکی ترسنۆکانەن، کەئەوەش خـۆی بۆچوونێکی زۆر ڕاستە، لێ پێچەوانەی ڕای گشـتیە، جـەماوەر کەپێشـتر ڕای خـۆی تیایـدا دەربڕیبـوو، گاڵتەی بەوبڕیارەدەهات .

لەشوێنێکی دیدا[1] ئەوەم گوت کەلەبەرئەوەی ( ڕای گشتی) بـەهیچ شـێوەیەك ملکەچـناکات بـۆ وادارکـردن و زۆر لێکـردن، کەواتـە پێویسـتناکات هـیچ قەڵەمڕەویـەك، هـەبێت بۆ نوێنەرایـەتیکردنی (ئـەو) لەودادگایـەدا کـەدانراوە. هەربۆیەکـە تـەنها دەتـوانین بەوشـارەزاییەی کەڕۆمانـەکان دەکاریانهێنـاوەو ئەسـپارتیەکانیش باشتر لـەوان دەکاریـان هێنـا، سەرمەسـت و دڵبەنـدبین، ئـەم هاندەرەی کەبەتەواوی لەزەینی هاوسەردەمیەکانماندا ون و بزرە .

جارێك لەئەنجومەنی ئەسپارتەدا، ئەوە ڕوویدا کەپیاوێکی شێوە ناشرین ڕایەکی باشی خستەبەردەم، ئەوەبوو دەسەڵاتدارانیش بێگوێدانە ئەو خەوشە لەباڵاوشێوەیدا، کاریـانکرد بۆئەوەی کەهـەمان ئەوڕایـە لەلایـەن هاووڵاتیـەکی پێشینە باشەوە[2] بخرێتەبەردەم. ئای‌ئەمـە چـەند ڕێزلێنـانی بۆئـەمیان تیایـەو چـەندیش سەرشـۆڕی بۆئـەویان، ئـەوە بێئـەوەی هـیچ مـەدح و سەرزەنشـتێك بۆهیچـکامێکیان دەربچـێت!. هــەروەها جـارێکیش ئــەوە ڕوویــدا کەچــەند

---

[1] ) لێرەدا هەردەتوانم ئاماژە بەوەبدەم کەپێشتر بەدوورودرێژی لە(نامەیەك بۆ بەڕێز دالامبێر)لێیدواوم.

[2] لەوەرگێڕانە عەرەبیەکـەدا، هـاتووە کـە(پیـاوێکـی شـێوە ناشرین ڕایـەکی باشـی دەربڕیـوەو دواتـر دەڵێت کـە لەلایەن دەستەڵاتدارانەوە هەوڵدرا ڕای ئەوپیاوە ناشرینە.لەلایـەن هاووڵاتیـەکی ڕەوشتباشـەوە بخرێتەڕوو) ـــ م . ص ـــ .

سەرخۆشێك لە(ساموس)[1] پەرژینی دادگاکەیان بەزاندو پیسیان بڵاوکردەوە، ئەوەبووکاتێك لەڕۆژی دواتردا فەرمینامەیەکی گشتی دەرچوو، (سامیان)یەکانی بەگلاووپیس هێنایە ئەژمارکردن، لێ ،دەکرا کەلەجیاتی ئەم سزادانە، سزایەکی راستینەی نەرمتر دەربچوایە، بەوەستان لەسەرئەوە دەتوانین لەوەتێبگەین کاتێك کەئەسپارتە باریسەرنجیخۆی سەبارەت بەوەی کەئەوە راستبێت یان نا، دەربڕی، ئەوا سەراپای وڵاتی گریك بێهیچ چەندوچوونێك پەیڕەوی لەوهە دەکرد .

[1] تێبینییەکی زیادکراوە بۆ چاپی(١٧٨٢): ((ئەوانە لەدوورگەیەکی دی بوون بەنێوی (شێوەChio)کەوێژەو گۆشیزمانەکەمان رێگەمنادات لەم بۆنەیەداناوی خۆم بێنم)).

# جومگەی هەشتەم

## (سەبارەت بەئایینی مەدەنی)

مــــرۆڤ لەسەرەتادا، جگە لەخودا، هەرگیز نەپادشای هەبووەو، نەحکومەتێکی‌دیش جگە لەحکومەتی ئایینی (Theocratique). ئەوەبووە هەردەم بەلۆژیکی {کالیگۆلا} بیریان دەکردەوە، لەوێشدا بیرکردنەوەیان دروستبووە. کەواتە بۆئەوەی کەمرۆڤ بتوانێت خۆی بێنێتە سەرئەوباوەڕەی کەئادەمیەکی دی وەکخۆی بهێنێت و بیکاتە سەرکارێکی خۆی‌و، واخۆشی دەربخات کەئیتر حاڵەتی باشدەبێت، ئەوا هەردەبێت لەبیر ـ Theidea ـ م.ص ـ وهۆشەکانیدا، ئاوەژوو کارییەکی زۆربکات.

تەنهاهەر لەمەشەوە،واتە ئەوەی کە مرۆڤ لەسەرهەموو کۆمەڵگەیەکی سیاسی خودایەك دادەنێت، ئەوەهاتەدەر کەبەژمارەی گەلانی جیهان، خوداوەندیش پەیدابوو، چونکە دوو گەلی نامۆبەیەك‌و تاڕادەیەکیش دوژمن بەیەك، بۆماوەیەك ناتوانن کەدان بەیەك سەرکاردا بنێن: هەروەها ناکرێت کەدوسوپای دەگەڵ یەك بەشەڕهاتو،ملکەچی یەك سەرکردەبن.

بەمشێوەیەش بووە، کەلەدابەشکاریە نەتەوەییەکانەوە، فرەخودایی هاتۆتە دروستبوون‌و لەفرەخودایشەوە، چاونەپۆشین‌و گیان نەبوردەیی لاهوتی‌و[1] مەدەنیانە کەهەروەك دواتر دێینە سەری، هەردووکیان هەمان چتن، هاتوونەتە چێبوونەوە.

لەڕاستیدا ئەو ئارەزوەی کەگریکەکان هەیانبووە، بۆ هەڵبژاردنی خوداکانی گەلانی بەربەری،وەك خودای‌خۆیان، لەوخودتێڕوانینەیانەوە هاتوە

---

[1] لاهوت، بەواتای زانستی خوداوەندی دێت، لەواقیعدا خوێندنگەو میتۆدی تیۆریی بنەڕەتی‌مەسیحیەکانە،یان ڕاستتر بڵێین تیۆری‌کەوهەری‌ئایینی مەسیحیە ـ م.ص ـ .

کــەخۆیان وەك ســـەرکاری سروشـــتی ئەوگەلانـــە،وەئـــەژمارکردووە. لێ، سەرسـوڕمان لەزانسـتدا، بەڕاستی جێگـەی پێکەنینـە، ئـەوەی کەئێسـتا لـــەڕۆژگاری ئەمڕۆمانـــدا ســـەبارەت بەهاووێنـــەبوونی خوداوەنـــدی نەتـــەوەجۆراوجۆرەکان، لەگۆڕێیـــە، وەك ئـــەوەی کەهەریـــەك لـــە{مۆلـــۆخ و ساتۆرن و کرۆنۆس} دەکرێت کەهەمان خودایەك بن، هەروەکئەوەی کە(بـەعل) خودای فینیقیەکان و (زیوس)خودای گریکەکان و (جۆبیتر) خودای لاتینەکان، لەوانەبێت کەبکرێت هەمان چت بن و، وەکئەوەش کەلێرەدا بتوانرێـت شتێکی هاوبـەش لـەنێو بوونـەوەرە وەهمیەکانـدا هـەبێت، کەناوگـەلێك جۆراوجـۆری هەڵگرتووە .

بـەلآم ،ئەگــەر ئــەم پرســیارە لەیـەکێکیان بکـەیت کەچـۆن لەســەردەمی بتپەرستیدا، جەنگە ئایینیـەکان بەرپانەبوونە، لەکاتێکدا کەهەموونەتەوەیـەك خوداوەنـدو پەرسـتگای‌ئایینی‌تایبەتی خۆیـان هـەبووە؟ وەلآمـی (مـن)ئەوەیـە کـەهۆی ئـەوە هەمانچـتە: واتـە ئـەوەی کەلەکاتێکـدا کەهەموودەوڵـەتێك پەرستگای تایبـەتی خـۆی هـەبووە، هـەروەهاش حکومـەتی خۆشـی هـەبووە، ئـەوا ئیتر بەهیچشـێوەیەك لـەنێوان یاسـاکانی و خوداوەندەکانیـدا، جیـاوازی نەکراوە. چونکە جەنگە سیاسیەکانیش هـەروەها ئایینیش بوون: ئەگـەریش راســتبێت ئـــەوەبڵێین، تایبەتمەندییـــەکانی خوداوەنـــدیش، بەســـنووری نەتـەوەکان دیـاریکراوبووە، بـەجۆرێك کـەخودای هـیچ گـەلێك، هیچـی نـەبووە بەســەر گــەلانی دییــەوە. ئــەوەبوە خوداوەنــدی بتپەرســتەکان، لــەخۆڕازی و لــەخۆبایی نــەبووە، ئــەوەبووە کەئیمپراتۆریــەتی جیهــانی لــەنێوان خۆیانــدا بەشــکردووە: تەنانــەت {موســی} و گــەلی{عیــبری}یش،هەنــدێکجار ئــەم بیرۆکەیـەیان قـەبوڵکردووە کاتێـك کـەئاخاوتنیان لەسەر خـودای {ئیسـرائیل} کردووە. ئەوە راستبووە

کەئەوان خوداوەندی{کەنعانیە}کانیان بەپوچگەرایی داناوە، هەروەها وەك گەلانێك کەخوێنڕشتنیان حەلألبێتو بەلەناوچوون مەحکوم بن، ئەژماریان کردوون، لەبەرئەوەش بەلایانەوە پێویستبووە کە{عیبرانیە}کان جێگەیان بگرنەوە. لێ، سەیربکەن چۆن ئاخاوتن دەکەن لەسەر خواوەندی گەلانی هاوسێیان، کەڕێنەدراوبووە، یان وەکی دی بڵێین لەسەریان حەرامبووە کەهێرشیان بکەنەسەر! {یەفتاح}بە{عامۆنیە}کان دەڵێت: ((ئایا دەستبەسەراگرتنی ئەوەی تایبەتە بە{کموش ئالهك} مافێکی شەرعی تۆ نیە؟ ئێمە بەهەمان ئەم ڕێگەیە هەموو ئەوزەویانەمان کەخوداوەندی سەرکەوتوومان بردویەتیەوە، خستۆتەژێرخاوەندارێتی خۆمانەوە))[1] ئەوەش بەلای منەوە هاوسەنگیەکی دانپیانراوی مافەکانی نێوان {کموش} و خوداوەندی {ئیسرائیل}بووە.

وەلێ ، کاتێك جووەکان ــ ئەوەبوو کەسەریان نە بۆ پادشای بابل و داوتریش نە بۆ پادشاکانی ئاشوریەکان، دانەنەواندبووـ دەیانویست کەکەللەڕەقی بکەن لەدانەنان بەهیچ خوایەك جگە لەخوداکەی خۆیان، ئەوا ئەو ڕەتکردنەوەیە، کەوەك هەڵگەڕانەوەیەك لەدژی سەرکەوتوو، لێیدەڕوانرا،بەرەورووی ئەو چەوساندنەوەشکەنجەیەی کردنەوە،کەچۆنیەتی بەڕێوەچوونی لەمێژوویاندارگەیاندراوەو، لەماوەی پێش مەسیحیەتدا وێنەیان بەدی ناکەین .

---

[1] Nonne ca qpossdet chamos deus tuus tibi jure debentur
نەمەدەقی(فولگات)ە، هەرچی (دوکابیر)ی باوکە، ئەوا دەقەکەی بەمشێوەیە وەرگێڕاوە: ((ئایا وانابینیت کەمافی ئەوەت هەبێت کەئەوەی{کەوش ئلهك} هەیەتی، تۆش هەمان چتت هەبێت؟)) من هێزی دەقە عیبریەکە فەرامۆشدەکەم. لێ، لەوەی (فولگات)دا، دەبینم کە{یفتاح} جەختکارانە داندەنێت بەمافی خوداوەند{کموش} و وەرگێڕی فەرەنسیەکە ئەم دانپیانانە بێنرخ دەکات بەدەستەواژەی ((وەك دەبینین))کەلەدەقە لاتینیەکەدا بوونی نیە.

کەواتە لەبەرئەوەش کەهەموو ئاینێك تەنها بەیاساکانی ئەودەوڵەتەی کەدەریدەکات گرێدراودەبێت، هەربۆیەکە لەوێدا بۆوەرگۆڕینی گەلێك بۆ ئاینەکەی،ڕێکارێکی دی، بوونی نەبووە ، تەنها بەپەرستکارکردنی نەبێت و جگە لەسەرکەوتوانیش هیچ موژدە بەخشێکی نەبووە.لەبەرئەوەش کەپابەندبوون بەگۆڕینی پەرستنیاریەوە بریتیە لەیاسای دۆڕاو، ئەوا پێویستبوو بەسەرکەوتن دەسپێبکرێت پێشئەوەی ئاخاوتن لەگۆڕانی ئایین و، لەجیاتی ئەوەی کەمرۆڤ لەپێناوی خوداوەندا بجەنگێت، ئەوا ــ هەروەك لە(هۆمیر)دا هەیە ـ هەر خوداوەندەکەلەپێناوی مرۆدا دەجەنگێت و، هەموو گەلێکیش داوای سەرکەوتن بۆ خوداکەی دەکات و باجی ئەوەش بەپەرستگەگەلێك نوێ، دەدات.ڕۆمانەکانیش پێشئەوەی کە وڵاتێك داگیربکەن، خوداوەندەکەی ئاگاداردەکەنەوە کەوازیان لێبهێنێت و، کاتێکیش کەخوداوەندە رقهەستاو و توڕەکەی{ترانتین}یەکانیان، بۆیان جێدەهێشت ، لەبەرئەوەبووە کەئەوان لەوێدا، ئەم خوداوەندەیان وەك ملکەچێکی خوداوەندەکەی‌خۆیان و ناچارکراوێك لێڕوانیوە،ئەوەش بە پێشکەشکردنی قوربانی پێی ـ واتە بەخوداوەندی خۆیان ـ م.ص ــ: بەمشێوەیە ئەوان بۆدۆڕاوەکان،خوداوەندەکانیان بۆجێهێشتوون، هەروەکچۆن یاساکانیشیان بۆجێهێشتون، زۆرجاریش تاکەسەرانەیەك کەسەپاندویانە بریتی‌بووە لەدانانی چەپکەگوڵێك لەسەر{جوپیتێر} لە{کابتیۆڵ}دا.

دوای ئەوەی ڕۆمانەکان،ژلایەکی، لەسەردەمەکانی دواییاندا، بەپانتایی ئیمپراتۆریەتەکەیان، خوداوەندوباوەڕەکانیان بڵاوکردۆتەوەو،ژلایەکی‌دیش، هەرخۆشیان بەزۆری باوەڕیانهێناوە بەخوداوەندو باوەڕگەی گەلە دۆڕاوەکانیان، ئەوەبوە کەگەلانی‌ژێرچەتری ئەم ئیمپراتۆریەتە پانوپۆڕە، وردە وردە خۆیان بەخاوەنی ژمارەیەکی زۆر لەخوداوەندوباوەڕگەی‌جۆراوجۆرەوە، دیوەتەوە، کەتارادەیەك

لەهەموجێگایەکدا وەکیەکبوونە، بەم شێوەیەش، لەدواییدا،وایلێهات کەلەهەموو جیهاندا، بتپەرستی، تەنها یەك ئایین پێبزانێت .

چونکە لەم بارودۆخەدا{یەسوع}هات و لەسەرزەوی،مەملەکەتی رۆحی دانا، ئەوەش ئەوەیە کەسیستەمی لاهوتی لەسیستەمی سیاسی جیادەکاتەوە، واشیکرد کەئیتر دەوڵەت یەکێك نەبێت و، بووەهۆی ئەو دابەشبوونە ناوخۆییانەی کەئەوەندەی نەبرد، بەردەوام لەنێوگەلانی مەسیحیدا پشێوی ونائارامی دەنایەوە. لەسەرئەمەش کاتێك کەبەهیچ شێوەیەك ئەم بیرەنوێیە سەبارەت بەهەبوونی مەملەکەتێك لەجێهانێکی دیدا، لەچونەناو مێشکی بتپەرستەکانەوە، سەرکەوتنی بەدەستنەهێنا، لەبەرئەوە ئەوان بەردەوام مەسیحیەکانیان وەك یاخیبووی راستەقینە وەئەژمارکردووە، کەلەپشت ملکەچبوونی فێڵاویانەوە، تەنها بەشوێن ئەو دەرفەتەوەن کەتیایدا دەیقۆزنەوەو ژێرباری خۆیانیدەهێنن و بەوەش دەبنەسەرکارو، هەروەهاش لەلاوازیاندا ئەودەسەڵاتەی کەوا دەردەخەن رێزی لێدەگرن، ئەوا بەکارامەییەوە پاوانیدەکەن، ئەمەش لەڕاستیدا خۆی هۆی چەوساندنەوەکانە.

لەڕاستیشدا ئەوەی بتپەرستەکان لێیدەترسان، هاتەڕوودان: ئیتر لەوێداهەمووچتێك گۆڕدراو، مەسیحیە سادەکانیش زمانی خۆیان گۆڕی و ئەومەملەکەتە هەڵبەستراوەی رۆژی دوایش، بەخێرایی دیتمان والەژێر سەرکردایەتی سەرۆکێك کەزەبردارترین دەسەڵاتی سەرکوتگەرییانەی لەجیهاندا والەبەرچاوانەوە .

لەئێستاشدا، کاتێك کەبەردەوام حکومەت و یاسامەدەنیەکان بوونیان دەبێت، ئەوا لەم دەسەڵاتە دووفاقیەوە، دووبەرەکانیەکی هەمیشەیی لەتایبەتمەندیەکاندا، هاتەبەرهەم و، وایکرد کەهەرسیاسەتێکی راست و چاك لەدەوڵەتە مەسیحیەکاندا، لەکردەنەهاتووبێت، خەڵکیش ئیتر نەگەیشتنە

ئەوەی کەبزانن بەرەوڕوی کێ پێویستە، پابەندی گوێڕایەڵی بن، پادشا، یان قەشە؟

دەگەڵئەوەشـــدا گـــەلانێکی زۆر، تەنانـــەت لەئەوروپاودەوروپشـــتیدا، دەیانویست کەڕژێمی پێشوو بپارێزن، یانوەکو کار بۆگەڕاندنەوەی بکەن، لێ ،لەوەداسەرکەوتوونەبوون،چونکە ڕۆحـی مەسـیحیەت هەمووچـتێکی بـەلای خۆیـــدا ڕاکێشـــابوو،ئاینی پیرۆزیـــش ـــ واتەمەســـیحیەت ـــ بـــەردەوام مایـــــــەوە،بێهـــــــــەبوونی هـــــــــیچ پەیوەندییـــــــــەکی پابەندییانەبەدەوڵەتـــەوە،لەفەرمانڕەواییـــ دەســـتە ـــ بـــەجیا مایـــەوە. لەڕاســـتیدا{محمـــد}تێڕوانینـــی زۆر دروســـتی هـــەبوو، ئـــەوەبوو ڕژێمـــە سیاسـیەکەی بەچـاکی بەیەکـەوە بەسـتەوە، لەبەرئـەوەش کەشـێوە وفـۆرمی حکومەتەکـەی لەژێرسـایەی جێنشینەکانیشـدا هەربـەردەوامبوو، ئـەوا ئـەم حکومەتە لەمەدا بەتەواوی یـەکێك بوو و، چاکیش بـوو. کـاتێکیش کەعـەرەب گەشـــــــەیانکردو ڕۆشـــــــنبیربوون بەوپێیـــــــەش بوونـــــــە خەڵکیزانستپەروەرو،خوویاندایە ویـژە وبیرکردنـەوە،لەوێدائیترسسـت ولاواز و نێـوەڕۆککرمیێ بـوون و، چوونەژێردەستەڵاتگەلێك مـەدەنیترەوە و، لەوێـدا ئـیتر سـەرلەنوێ لـەنێوان دوودەسـتەڵاتەکەدا، دابەشبوون دەسـتیپێکردەوەو، سـەرەڕای ئـەوەش کەئـەم دابەشـبوونە لای موسڵمانەکان کـەم دەرکـەوتوتربوو تـاوەکو لای مەسـیحیەکان، کەچـی لەهـەموو جێگەیەکیانـدا بـوونی هەیـەو بەتایبـەتیش لای ڕەوتـی{عـەلی}ـــ شیعەکان ـ م.ص ـ لەوێشـدا دەوڵـەتێکی وەك{فارس} هەیە،کە بەردەوام تیایدا دەرکەوتەیە .

هەروەك ڕوونمـان کـردەوە، پادشـاکانی ئینگلتـەرە،خۆیانکردبوە سـەرۆکی کڵێسـاکان، هـەروەها قەیسـەرەکانیش هـەمان چـتیان کـرد: لێ،(ئـەوان)بـەم ئەدگارەوە زیاتر خۆیانکردبووە خزمەتکارێکی ـ واتە خزمـەتکاری کڵێسـە ـ م

.ص ـــ تــاوەکو ســەرکارێکی، دەســەڵاتی پارێزگاریکردنیشــیان زیــاتر بەدەستهێنابوو، تــاوەکو مـافی گـۆڕینی و،ئـەوان تیایـدا یاسـادانەر نـەبوون ـ واتــە مشــرع ـــ م.ص ـــ ـــ بــەڵکو تــەنها فەرمانــدارێك بوونــە. کــاتێکیش کــە{ئــەکلیرۆس}دەســتە[1] یــان دەزگایــەك پێکــدەهێنێت، ئــەوا ئــەوان لەســوێنەکانیاندا هــەم یاســادانەرن و هــەمیش ســەرکارن، کەواتــە لێــرەدا چ لەئینگلتەرە و چ لەڕوسیاو ئەوانی‌دی... دوودەسەڵاتی فەرمانڕەوا هەیە .

لــەنێوانی هــەموو نووســەرە مەســیحیەکاندا، ئــەوا{هــۆبس}فەیلەســەفە بەتــەنیا، کەبــەڕوونی زیــان و چارەســەرەکانی دیــت و وێــرای کەپێشــنیاری یەکخســتنی هەردووســەری بازەکــە بکــات و هەمووچــتێکیش بگەڕێنێتــەوە بۆئەویەکێتیــە سیاســیەی کەبەهیچشــێوەیەك ناکرێــت هــیچ دەوڵــەت و حکومــەتێك بــەبێ وی، پێکهــاتنێکی چــاکی هــەبێت.لێ،(ئــەو)،دەبــوو ئــەوە ڕووناکبکاتــەوە کــەڕۆحی مەســیحیەتی بــاو، پێچــەوانەی ڕژێمەکەیــەتی و بەرژەوەندی قەشەش، بەردەوام بەهێزتردەبێت لەبەرژەوەندی دەوڵەت. چونکە

---

[1] هەردەبێت ئەوە تێبینی بکەین کەئەوەی (ئەکلیرۆس) لەدەستەیەکدا یەکدەخات بریتی‌نیە لەکۆبوونەوە دابڕییەکانیان، وەك کۆبوونەوەکانیان لەفەرەنسا، ئەوەندەی کەبریتیە لەقوربانیکردنەکانی کڵێسەکان. چونکە قۆچکردن و ئەهیکردن ـــ حرمان ـــ م . ص ـ ، لەواقیعدا گرێبەستی کۆمەڵایەتی ئەکلیرۆس پێکدەهێنن: ئەو بەڵگەنامەیەی کەبەپێی ئەو، بەردەوام پیاوانی ئاین دەبنەسەرکاری گەلان و پادشاکان، کەواتە هەموو ئەوقەشانەی کەسەربەندی یەك رایەڵن، هەرهاووڵاتین ئەگەرچیش لەچواردەوری جیهانیش بن. ئەم داهێنانە یەکێکە لەدەستڕەنگینیەکانی سیاسەت، لەبەرئەوەش کەلەنێوان قەشە بتپەرستەکاندا هاوێنەی نەبوو، هەربۆیەکە بەهیچشێوەیەک

ئەوەی کەوای‌کرد سیاسەتەکەی نەویستراوو چارەگرانبێت[1] ئەوەندەی کەئەو ڕاستی و دادپەروەریانەبون کەتیایدابوو، ئەوەندە هەڵەکانی ناوی نەبوو، لەوباوەڕەشدام گەربێتو وەقایعە مێژووییەکان بەپێی ئەم دیدوبۆچونە تەرتیبکەین، ئەوا بەئاسانی دەتوانین دیدوڕا بەرهەڵستەکانی هەریەك لە{بایل} و {واپۆرتن} کەیەکێکیان تیایدا وای بۆدەچێت کەهیچ ئاینێك نیە کەبۆ دەزگای سیاسی بەسوودبێت، لەکاتێکدا کەئەوی دییان، بەپێچەوانەوە جەخت لەوەدەکات کەمەسیحیەت بریتیە لەجێگیرترین کۆڵەکەکانی دەزگای سیاسی، بەمەش بۆ یەکەمیانی دەسەلمێنێت کەبەهیچشێوەیەك دەوڵەتێك نەبووە کەدامەزرابێت و ئاین بناغەی نەبووبێت و، بۆ دووەمیشیان دەسەلمێنێت کەشەریعەی مەسیحیەت لەبنەڕەت و بناغەوە لەپرۆسەی پێکهاتنی بەهێزی دەوڵەتدا زیاتر زیانبەخشە، تاوەکو سوودبەخشبێت. بۆئەوەش کەبێرتووش بم، ئەوا ئەم پرسە،تەنهائەوەم لێداوادەکات کەبەدیارییکردنێکی‌زیاترەوە،ئیدیائاینیە تەمومژاویەکان بەڕێبکەم، زیاترلەوەی کەپێویستەو پەیوەستە بەباتەکەمەوە.

لەسەرڕۆشنایی پەیوەندیەکەیەوە بەکۆمەڵگە، کەیان پەیوەندیەکی گشتی دەبێت،یانوەکو تایبەت، ئاین بۆ دووجۆر دابەشدەبێت: ئەوانیش بریتین لەئاینی مرۆڤ و ئاینی هاوڵاتی. یەکەمیان، کەبەبێ پەرستگاو پەیکەر-

---

[1] لەپاڵ کتێبکەلێک دیدا. بڕوانە ئەوەی کە(گرۆتیوس)زانا لەنامەیەکیدا بۆ براکەی بەبەرواری (١١/نیسان/١٦٤٧)ڕەزامەندبووە لەسەری و، ئەوەش کەلەکتێبەکەیدا بەنیۆی(دی سیڤ)پرۆتستۆی دەکات، ڕاستەکە وادەردەکەوێت کە(ئەو)بەهاندەری ئەون" لەخراپیەکانی نووسەر خۆشدەبیچت لەبەرامبەری چاکەکانیدا، لێ خەڵکی هەموویان لەسەر ئەم ئەندازەیە لەخەون نین.

هەیکەل ـ م .ص ـ و سروتە، لەسەر پەرستنی پڕاوپڕی ناوخۆییانەی خودای گەورە رادەوەستێت، هەروەها لەسەرئەرکە مۆڕاڵیە هەمیشەییەکان، لێرەوەڕا ئاینی سادەو بێگەردی{ئینجیل} یەکخستنێکی راستینەیەو، ئەوەیە کەدەتوانین بەیاسای خوداوەندی سروشتی نێودێری بکەین. دووەمیش، کەلەتاکە وڵاتێکدا نوسراوەتەوەو تۆماربەندە، خوداوەندو لەخوداپاڕاوە تایبەتەکان وپێشڕەوانی خۆی هەیەو،ئەم باوەڕگەیە خاوەنی باوەڕو سروت و پەرستیاریە دەرەکیە بەیاسا سەپێنراوەکانەو،لەتێڕوانینیەوە جگە لەو نەتەوەیەی کەباوەڕی پێیەتی، ئەوا هەموونەتەوەکانی دی جیهان بەلای وییەوە، بێئاین ـ کافر ـ م . ص ـ و بیانی و بەربەرین و، مافەکانی مرۆڤیش، لەدەرەوەی سنوری پەرستگاکانیدا، بوونی نابێت. ئەمانە بریتی بوون لەئاینەکانی هەموو گەلانی یەکەمین، کەدەتوانین ناوی یاسای خودایی مەدەنی یان دانراوی لێبنێین .

لێرەدا جۆرێکی سێهەمی ئاینەکان هەیە کەزۆر نامۆترە، چونکە (ئەو) بەپێشکەشکردنی دووشەریعەت و دووسەرۆك و دوونیشتمان بەمرۆڤ، بۆ فەرمانگەلێك ناکۆك ملکەچیاندەکات و ڕێگەیاننادات کەلەیەك کاتدا باوەڕدارو هاونیشتمان بن، ئەوە بریتیە لەئایینی {لامیی} و ئاینی{ژاپۆن} و{مەسیحیەتی ڕۆمان}، دەشکرێت کەئەم ئاینەبە ئاینی {کاهن}ناولێبندرێت و، لێیەوە جۆرێك لەیاسای تێکەڵ و لەخۆدا خولخواردوی داڕشتەدەبێت، کەبەهیچشێوەیەك هیچ ناوێکی نیە .

ئەگەر لەباری سیاسیەوە بڕوانینە ئەم سێ جۆرە لەئاین، ئەوا دەبینین کەهەرهەموومان لەسەر هەڵەگەلێکین، بۆ وێنە سێهەمیان، زۆر بەڕوونی دیارە کەخراپ و نێگەتیڤە، بێهودەیشە بۆ سەلماندنی ئەوە، کات بەفیڕۆبدەین، لەبەرئەوەی هەرشتێك کەیەکێتی کۆمەڵایەتی دووکەرتبکات، بەهای نابێت و،

هەموو ئەو دامەزراوانەش کە دەگەڵخۆیدا، مرۆڤ لەناکۆکیدا دادەنێت، هیچ بەهایەکیان نیە .

دووەمیش لەسنووری یەکخستنیدا بۆ پەرستنی خودایی و خۆشویستنی یاساکان، چاکە، چونکە کاتێك کەئەمجۆرەیان، نیشتمان دەکاتە بابەتێك بۆ پەرستنی هاوولاتیان، فێریان دەکات کەخزمەت و راژەکردنی نیشتمان بریتیە لەخزمەتی ئەو خودایەی کەدەیپارێزێت. کەواتە ئەمجۆرەیان وێنەیەکە لەدەسەلاتی ئایینی، بەجۆرێك کەهەرگیز نابێت جگە لەپێنوسی شازادە، پێنووسێکی مەزنتری تیابێت و، جگە لەدەسەلاتداران (کەهەنە)یەکی تیابێت، ئالەوێدا مردن لەرێگەی، یان لەپێناوی نیشتماندا دەبێتە گیانبەختکردن ـ شەهادەت ـ م.ص ـ و پێشێلکردنی یاساکانیش دەبێتە کارێکی بێباوەڕی و، ملکەچکردنی تاوانباریش بۆ نەفرەتلێکردنی گشتی دەبێتە خۆدانەدەستی ئەو ـ واتە ئەو تاوانبارە ـ م.ص ـ بۆ تورەیی خوداوەند، کەواتە چاك بە .

ئەمجۆرەی دووەم، لەواقیعدا خراپە، لەبەرئەوەی کە مرۆڤ لەخشتەدەباتن،چونکە لەسەر هەڵەو درۆکردن وەستاوەو، بەهەوادارکردنی بەئەفسانەکان، مرۆ گەوژو گەمژەدەکات و، پەرستنی راستینەی خودا لەزریانێك لەسروشتی نیوەرۆکبەتاڵدا نگرۆدەکات. هەروەهاش لەبەرئەوەی دەبێتە ملهوڕ، یان بێ توانایەك، ئەوا جارێکیدیش خراپ و بێفەرە، چونکە گەل خوێنرێژو دەمارگیردەکات، بەجۆرێك بەکوشتن و کوشتارکاری نەبێت، هەناسەی بۆنادرێت و لەو باوەڕەشدایە کاتێك ئەوانەی کەباوەڕ بەخوداکەی ناکەن و دەیانکوژێت، ئەوا ئەوە کارێکی پیرۆزیئەنجامداوەو، هەرئەویشە کەگەلێکی ئەوها لەحاڵەتی جەنگێکی سروشتی دەگەڵ هەموو گەلانیدیدا، دادەنێت و بەوەش زیانێکی زۆر دەگەیەنێت بەئاسایشی تایبەتی.

کەواتە ئێستا هەر ئایینی مرۆڤ ،یان مەسیحیەت، واتە مەسیحیەتی (ئینجیل)ماوەتەوە، کەزۆر جودایە لەمەسیحیەتی ئەمڕۆ. چونکە بەپێی ئەم

ئایینە پیرۆزە راستوسەرمەندە، مرۆڤ ،کەکوڕانی هەمان خوداوەندن، داندەنێت بەوەی کەهەموویان بران و ئەو کۆمەڵگایەش کەبەیەکگرتووی دەیانگرێتەخۆ، هەتاکو مردن هەڵناوەشێتەوە .

بەلام، ئەم ئاینە، لەبەرئەوەی کەهیچ پەیوەندییەکی تایبەت بەدەزگا سیاسیەکەوە نایبەستێتەوە، ئەوا ئەوهێزە تەنیایە،بۆ یاساکان جێدەهێڵێت کەلەخۆیڕا وەریدەگرێت بێئەوەی کەهیچ هێزێکی‌دی زیادبکات بۆی‌و، بەوەش وەك یەکێك لەڕایەڵە مەزنە تایبەتەکانی کۆمەڵگە دەمێنێتەوە، بەبێئەوەی هیچ شوێنەوارێك دابنێت. بەڵکو لەوەش زیاتر، لەجیاتی‌ئەوەی کەدڵی هاووڵاتیان بەدەوڵەتەوە گرێبدات، هەڵدەستێت بەجیاکردنەوەیان، هەروەکئەوەی دەگەڵ هەمووچتەکانی تری دونیادا دەیکات: (من) بەخۆم شتێکی‌دی زیاتر ناکۆك دەگەڵ رۆحی کۆمەڵایەتیدا پێنازانم .

پێمان دەگوترێت کەگەلەکەمان لەمەسیحیە راستینەکانەو لەوانەیە تەواوکارترین کۆمەڵگەیەك پێکبهێنێت کەمرۆڤ بتوانێت بەبیری خۆیدا بهێنێت. لەم گریمانەیەدا جگە لەیەك ئاستەنگ‌و دژواری مەزن، شتێکی دی بەدیناکەم، ئەویش بریتیە لەوەی کەکۆمەڵگەیەك پێکهاتوو لەمەسیحیە راستینەکان، ئیتر،چی‌دی کۆمەڵگەیەك مرۆیی نیە .

بەڵکو(ئەز)ئەوەش دەڵێم کەئەم کۆمەڵگە پێشنیارکراوە، سەرەڕای هەموو تەواوکارییەکەی، ئەوا نەبەهێزترین کۆمەڵگەدەبێت‌و نە هەرە تەمەندرێژیشیان دەبێت. چونکە ئەوە لەبیرۆکەی گەیشتن بەپلەی تەواوکارئامێزییانەدا،نگرۆدەبێت،کەتیایدا رایەڵبەندییەکی درووست لەنێوان تاکەکانیدا بەرهەڵدانابێت و،بەڵکو تەواوکاربوونی دەبێتەهۆی فەوتان و تێکڕماندنی .

{هەموو مرۆڤێك هەر هەڵدەستێت بەئەرکەکانی‌و، گەلیش هەر ملکەچی یاساکان دەبێت‌و، سەرۆکەکانیش دادپەروەرو میانڕەودەبن‌و، دادوەرو

دەسەڵاتدارانیش ڕێکوڕاستو پاکدەبنو، سەربازەکانیش ڕۆژێك دێت سوکایەتی بەمردن بکەنو، لەوێدا،ئیتر نەکەرامەتو نەخۆشگوزەرانی بوونینابێت. هەموو ئەمانە جوانن، زۆریش جوانن، لێ ڕێگەماندەن بالەوە دوورتر بڕوانین}.

مەسیحیەت بەتەواوی ئاینێکی ڕۆحانیەو،تەنها کاروبارەکانی ئاسمان نەبێت شتێکیدی نیە جێبایەخی وی بێت: چونکە نیشتمانی مەسیحیەت لەم جیهانەدا نیە، ڕاستە ئەو فەرمانی خۆیرا بەجێدەهێنێت، لێ،ئەوکارەرا بەکەمبایەخی قوولێ بەسەرکەوتن، یان دەرەنجام خراپی هەوڵەکانیەوە بەجێدەهێنێتو، بەمەرجێك شتێك نەبێت کەئەوی لەسەر سەرزەنشتبکرێت، ئەوا ئیتر بەلایەوە گرنگ نیە کەهەموو کاروبارەکان لەم جیهانە دونیاییەدا خراپ، یان چاك بەڕێوەبچێت.ئەگەریش هاتوو دەوڵەت بوژاوەو پێشکەوتبوو،ئەوائەو پرکێشی ئەوەی نیە ــ ئەو هاوولاتیە مەسیحیە ئاماژەبۆکراوە ـ م.ص ـ کەچێژ لەبەختەوەریو کامەرانی گشتی وەربگرێتو، دەشترسێت لەوەی کەشانازیکردن بەشکۆمەندی ولاتەکەیەوە، ڕاپێچیبکاتو، ئەگەر دەوڵەت لەناوچوو ئەوا ئەو دەستیخوداڕا پیرۆزدەکات کەکاریگەری خۆی لەسەر گەلەکەی توندترکردووە .

بۆئەوەش کەکۆمەڵگەیەکیئەوها ئارامبێتو پێکەوەگونجاوی تیادا بمێنێت وهاوسەنگیکۆمەلایەتیبەسەریدابڕیاردەربێت، ئەوا هەردەبێت هەمووهاوولاتیانی بەبێ جیاوازیی، وەك یەك مەسیحیەکی چاکبن. لێ ، ئەگەر لەوێدا لەبێبەختیەوە،یەك خوازە، یەك لەخشتەبەر ـ گۆڵلێکەر ـ م.ص ـ ی وەك{کاتیلینا } یان{کرۆمۆیل} هەبوو،ئەوا بەبێگومان، کەسێکی ئەوها،بەئاسانیدەتوانێتکلاولەسەریهاونیشتمانیە باوەڕدارەکانی ـ لەخوا ترسەکانیداـ م.ص ــ بکاتن وبازاڕێکی گەرمیان تیادابەدیبکات، چونکە بانگهێشتی مەسیحیەت هەروا بەئاسانی ڕێگە بەخراپ حاڵیبوون لەهاوسێ

نـادات و، هەرئەوەنـدەش کەیـەکێکیان بەهــەر فێڵێکـەوەبێت ئەوکارامەییـە پەیـدابکات کەبەهۆیـەوە خـۆی بسـەپێنێت و، دەسـتبگرێت بەسـەر بەشـێك لەدەسەڵاتی گشتیدا، تائەوەی ببێتە پیاوێك کەڕێزو پێشوازی دەورەی بدات، ئـەوا لەوانەیەکـەبڵێتن :خـودا فـەرمانی داوە کەبـەگوێی مـن بکـەن ـــ واتەملکەچی‌من بن . م.ص ـ ــ، ئەگەریش خاوەن دەسـەڵاتێکی‌ئەوها،خراپ سوودلەدەستەڵاتەکەی‌بکات و دڵڕەقی بنوێنێت، ئـەوا لەوکاتـەدا ئیتر سـەرەی گەلـە کـە بڵێـت : کـەخودا ڕۆڵـەکانی خـۆی سـزادەداتن . ئایـا ویـژدانی نەتەوەیەکی‌ژێردەســـتەلات ژبـــۆ وەدەرنـــانی داگیرکـــەر، بەتـــەواوی بەئاگانەهاتۆتـەوە؟؟ نـەخێر،چونکە بۆئـەوە هـەردەبێت کەپشوخۆشـی گشـتی نەسرەوت بکرێـت و زەبروزەنگ بـەکاربێت و خوێنڕژێـت و، هـەموو ئەمانـەش دەگەڵ باوەڕی مەسیحیدا ناگونجێن.بەهەرحاڵ لەم دۆڵی بێدەرەتانیەدا، مرۆڤ ئازادبێت، یان کۆیلە چ گرنگیەکی هەیە؟ کاتێك کە چتی گەوهـەری ئـەوەبێت کەمرۆ بڕواتە بەهەشت و،تەنیارێگەیەکیش بۆئەوە خۆدانەدەست ورازیبوونە.

کاتێـك کەجـەنگێکی دەرکـیرا، دەکەوێتـەوە ئـەوا هاوولاتیـان بـەبێ هـیچ بارگرانیەك بەرەو شەڕەکان دەچن و، کەسێکیان نیە کەبیر لەهـەڵهاتن بکاتـەوە، وەڵێ ئەرکی سەرشانی خۆیان بەبێ جۆش وشوروشەوقەوە ئەنجامدەدەن و،لـە بیری سەرکەوتندا نین،بەڵکو زیاتر ئەوە دەزانـن کەچۆن دەمرن، نـەك ئـەوەی کەچـۆن سـەردەکەون، چـونکە سـەرکەون یـان تێکبشـکێن، بـۆ وان هـیچ گرنگیەکی‌نیـە؟ ئایـا خوداوەنـد زۆر لـەوان زیـاتر ئـەوە نازانێـت کـەچ بۆیـان باشەوچیش خراپە؟؟؟. بائەوە بێنینە پێشچاوی خۆمان کەدوژمنێکی شانازی بەخۆکـەرو،عاشق وسەرشێتی سـەرکەوتن ، چ سوودێك دەتوانێت لـەوگیانی بێبایەخیـەی وان . واتەئەوهاوولاتیەمەسیحیە بەرگریکەرانـە ـ م.ص ـ ـــ ، بـەکاروباری ئـەم دونیـا دەتوانێـت وەربگرێـت!! هــەروەها بائەوکەسـانە لەبەرەوڕوبونەوەیانـدا بەوگەلـە ئازایانـە بەراوردبکـەین کەخۆشەویستییەکی

گرگرتوو بۆشکۆمەندیو نیشتمان، دەستوپای کەلەپچە کردوون ـ چاوی کوێرکردون ـ م .ص ـ و، بامەزەندەی ئەوەش بکەین کەئەم کۆمارە مەسیحیە لەبەرەنگاریی رۆما، یان ئەسپارتەدایە، ئەوا مەسیحیە لەخواترسەکان،پێشئەوەی کەکات توانای خۆناسینیان وێداتیٚ، تێکدەشکێنو دەهاڕدرێنو لەبندەردێن ، یانوەکو ئەوان بۆ ڕزگاربوونیان تەنها قەرزارباری ئەوبێزو قێزلێکردنەوەیە دەبن کەدوژمن لەبەرامبەریان هەیەتی. لەڕاستیداو بەباوەڕی(من) ئەوەی کەسەربازەکانی {فابیوس} پێشکەشیانکرد، وانەیەکی جوانبوو، چونکە ئەوان لەسەر مردن یان سەرکەوتن سوێندیان نەخوارد ، بەڵکو لەسەرئەوە سوێندیانخوارد کەبەسەرکەوتوویی بگەڕێنەوەو، سوێندەکەشیان نەشکاند، مەسیحیەکان بەهیچشێوەیەك نەیاندەتوانی کەچتێکی ئاوهابکەن، چونکە ئەوکارە بریتیە لە دەستتێوەردان لەکاروباریخوداوەند .

بەڵام ،(من) کەدەڵێم کۆماری مەسیحیەت، چونکە هەریەکێك لەو دوو وشەیە ئەوی دیان وەلادەنێت ـ رەتدەکاتەوە ـ م.ص ـ، لەبەرئەوەی کەمەسیحیەت تەنها مژدەبەخشی کۆیلەیەتیو پاشکۆیەتیەو، رۆحیشی تادواسنوور، بۆ ملهوڕی گونجاوە، ئەوە هەرچەندەکە بەردەوام ژێربار، یان دەکاری ناهێنێت. چونکە مەسیحیە راستینەکان بۆئەوە هێنراون کەکۆیلەبن، بۆخۆشیان ئەوە دەزاننو بەدەگمەنیش نەبێت پێی نائارامنین ، لەبەرئەوەی کەبەلایەنی ئەوانەوە، یانوەکیدی بڵێین لەدیدو تێڕوانینی واندا ئەم ژیانە کورتماوەیە زۆر کەم بەهایە .

پێمان دەگوترێت کەسوپاکانی مەسیحیەت زۆر نایابن، لیٚ ،(من) ئەوە نکۆڵی لێدەکەم، چونکە بائەوەی ئەوە هەڵدەبەستێت، ئەم سوپایانەم نیشانبداتن؟؟ ئەز لەلای خۆمەوە هەرگیز سوپاگەلێك مەسیحی پێنازانم. لەوانەیە هەندێکیان جەنگەکانی خاچپەرستیم وەبیربهێننەوە .

وەڵێ ،(من) پێشئەوەی مشتومڕ لەبەهای خاچپەرستەکان بکەم، ئەوا دەڵێم کەئەوان ـ واتە خاچپەرستەکان ـ م.ص ـ زۆر دوورن لەوەی کەمەسیحی بن، بەڵکو ئەوانە سەربازانی {کاهین ـ کەشیش ـ م.ص ـ ـ} بوون، چونکە لەڕاستیدا ئەوانە هاوولاتیانی کڵێسابوونەو، لەپێناوی ولاتی ڕۆحی کڵێسادا جەنگیون، ئەو ولاتەی کەنازانم چۆن ئەم کڵێسایە ژبۆ (زەمەنی) وەریگۆڕی!؟و،ئەگەر بەوردیش لەم پرسە بڕوانین، ئەوا دەبینین کەئەوجەنگانە گەڕانەوەیەکن بۆ بتپەرستی، کەواتە کاتێك کە {ئینجیل} هەرگیز ئاینێکی نەتەوەیی دانەمەزراندووە، ئەوە لەبەر ئەوەبووە کەهەموو جەنگێکی پیرۆز لەنێوان مەسیحیەکاندا نەکردە و ئاستەنگبووە .

لەڕاستیدا لەسەردەمی ئەباتیرە بتپەرستەکاندا، سەربازە مەسیحیەکان ئازابوونە، پێموایە کەهەموو نوسەرە مەسیحیەکان جەخت لەوەدەکەن، چونکە ئەوە کێبەرکێیەك بووە لەسەر شەرەف لەدژی بتپەرستەکان و، ئیتر لەوکاتەوەی کەئەباتیرەکان بوونەتە مەسیحی، ئیتر ئەو کێبەرکێیانە بوونیان نەماو، کاتێکیش کەخاچ، بازەکەی وەدەرنا، هەموو ئازایەتی ڕۆمانی دیارنەما و لەبەرچاو ونبوو.

وەڵێ ، بالەبەرچاوگیراوە سیاسیەکان ژلایەکی دابنێین و، بگەڕێینەوە بۆ ماف و ، پرەنسیپە گشتیەکان لەم پنتە گرنگەدا دەستنیشانبکەین، ئەوەی کەگرێبەستی کۆمەڵایەتی بەفەرمانڕەوایی وێدەدات لەسەر سەرپەرشتکراوانی، هەروەك پێشتریش گوتم، هەرگیز سنووری سوودی گشتیرا[1] تێپەڕنەکات، چونکە بۆ سەرپەرشتکراوان نیە کەلەسەر رایەکانیان

---

[1]){مارکیزدارجنستون} دەڵێت ((لەکۆماردا هەموو مرۆڤێک بەتەواوی ئازادن لەهەموو ئەوشتانەی کەزیان بەوانیدی ناگەیەنێت))و ئەم پێودانگە جێگیرەش کەناگۆڕێتو" ناشکرێت وردتر بێتەداڕشتن و، نەشمتوانی کەهەندێکجار لەبەرامبەر فریوخواردن بەڵگەهێنانەوەی ئەم هێڵکارییە لەسەرخۆڕاگرم، سەرەڕای ئەوەی کەلای جەماوەرنەناسراوە،ئەوەش وەک ڕێزلێنانێک بۆ یادی پیاوێکی بەڕێزی ناودار،تەنانەت کەوەزیریش بووە، پارێزگاری لەدڵی هاوولاتیەکی ڕاستینەکردووە، هەروەها لەبیروبۆچوونێکی ڕاستو چاکی حکومەتی ولاتەکەی.

ئەژمارێك پێشكەش فەرمانڕەوابكەن، مەگەر تەنها بەو ئەندازەیە نەبێت کەئەو رایانەیان کۆمەڵگە بگرێتەوە - واتە لای کۆمەڵگە بایەخێکی هەبێت - م.ص - ـــ، لەسەرئەوە دەوڵەتیش بەلایەوە گرنگە کەهەموو هاووڵاتیەك ئاینێك بپەرستێت، یان پەیڕەوبكات کەبەئەرکەکانی خۆشیبوێتن، بەڵام ،باوەڕەکانی ئەم ئاینە، نەدەوڵەت دەگرێتەوەو نەئەندامەکانیشی، مەگەر بەئەندازەی پەیوەنداربوونی نەبێت بەمۆڕاڵ و بەوفەرمانانەی کەهاتۆتەسەر باوەڕداریەکەی بەرامبەر ئەوانی دی. سەرباری ئەوەش هەموو یەکێك دەتوانێت کەئەو رایانە باوەڕپێبهێنێت، یان بپەرستێت کەخۆی پێیخۆشە، ئەوە بێئەوەی کەفەرمانڕەوا مافی پێزانینی هەبێتن. کەواتە لەبەرئەوەی کەهەرگیز لەو جیهانی دیدا[1]تایبەتمەندیەکی نیە، ئەوا چارەنووسی سەرپەرشتکراوان لەژیانی داهاتوودا هەرچیەکبێت،هەرگیز ئەوە لەکاری ئەو نابێت، بەومەرجەی کەلەم دونیادا هاووڵاتی چاکبن .

کەواتە لەوێدا بانگەشەیەکی ئاشکرای تەواومەدەنیانە بەباوەڕی ئایینی هەیە، کەدەستنیشانکردنی مادەکانی، لەکاری فەرمانڕەوایە، نەك بەتەواوی وەك باوەڕنامە ئاینیەکان، بەڵکو وەك هەستێکی کۆمەڵایەتی،یان راستتر بڵێین وەك ئەوهەستە کۆمەڵایەتیەی کەبەبێ وی مرۆڤ نەدەتوانێت ببێتە هاووڵاتیەکی چاك و نەسەرپەرشتکراوێکی دڵسۆزیش،[2] هەرچەندەش

[1] مەبەست لەجیهانی دواییە کەبەپێی گێڕانەوە ئاینیەکەجیهانی زیندوبوونەوەی رۆحەکانە.زیندوبوونەوەی دروستکراوەکانی ئەم دونیا مادییە بەرجەستەیە لەو دونیا خەیاڵیە ئەمرە هەمیشەییەدا ــ م.ص ـ .

[2] ) کاتێک کە{قەیسەر} بەرگری لە{کاتیلینا}دەکرد، هەوڵیدا کەپەیڕەوداری، یان باوەڕی لەناوچوونی رۆح بسەلمێنێت؟ لێ ،هەریەک لە{کاتۆ} و{شیشرۆن}، بۆ تێکشکاندن و هەڵوەشاندنەوەی گریان بەفەلسەفەکردن نەکرد، بەڵکو تەنها بەوەندە وەستان بیسەڵمێنن کەوەک هاووڵاتیەکی بێفەڕ، ئاخاوتن دەکات و باوەڕگەیەکی زیانبەخش بەدەوڵەترا پێشکەشدەکات. لەواقیعیشدا هەرئەمەبووە کەئەنجومەنی پیران لەڕۆما بۆ حکومدان لەسەری کۆبوونەوە، نەوەکو بۆ تێڕامان لەکێشەیەکی لاهوتی .

کەفەرمانڕەوا ناتوانێت زۆر لەیەکێك بکات کەباوەڕی پێبهێنێت،بەڵام،دەتوانێت کەهەموو ئەوانەی باوەڕی پێناهێنن لەدەوڵەتڕا دورخاتەوە، دەتوانێت وەك کەسێکی لەخۆداپێچخواردوو ـ کۆمەڵ رەتکەرەوە ـ دووری بخاتەوە، نەك وەك کەسێکی بێباوەڕ ـ بێئاین ـ م.ص ـ و، بەو رەچاوکردنەش کەکەسێك ناتوانێت دڵسۆزانە یاساکان و دادپەروەری خۆشبوێتن و، لەکاتی پێویستیشدا لەپێناوی فەرمانەکانیدا توانای قوربانیدانی بەژیانی نیە ، ئەگەریش یەکێکیان دوای ئەوەی کەبەئاشکرا دانی نا بەخودی ئەم باوەڕانەدا، واهەڵسوکەوتبکات وەکئەوەی باوەڕی پێنەهێنابێت، ئەوا باسزاکەی مردن بێت، لەبەرئەوەی کەگەورەترین تاوانی ئەنجامداوە بەوەی کەلەبەردەم یاساکاندا درۆی کردووە .

پێویستە کەباوەڕەکانی ئاینی مەدەنی سادەوکەم ژمارەو بەوردی دیاریکراوبن، بێلێکدانەوەو لەسەردوان . لەڕاستیدا باوەڕ بەهەبوونی خودایەکی بەتوانا، زیرەك، چاك، چاوکراوە، ئەنجامدەرو پێزانەرو، بەژیانی ئەودنیاو بەکامەرانی چاکەخوازان و سزادانی خراپەکاران و، بەپیرۆزی گرێبەستی کۆمەڵایەتی و یاساکان،بریتین لەباوەڕە بەفەڕو پۆزەتیڤەکان. هەرچیش پەیوەندی بەباوەڕە نێگەتیف و بێفەڕەکانەوە هەیە، ئەوا (مـن) لەیەکێکدا کورتیان دەکەمەوە، کەبریتیە لەلێنەبوردەیی و: دەخرێتە ئەوپەرستیاریانەوە کەبەدوورمانزانین .

بەڕای(مـن) ئەوانەی کەلەنێوان لێنەبوردەیی مەدەنی و لێنەبوردەیی ئاینـدا جیاوازی دەکەن، ئەوانە هەڵەدەکەن، چونکە ئەم دووجۆرە لەلێنەبوردەیی لەیەکدی جیاناکرێتەوە. چونکە ئاستەنگ و نەکردەییە دەگەڵ کەسانێکدا بژیت کەوادەزانرێت لەدەستوپاکەوتوون، چونکە خۆشەویستی ئەوانە بەواتای رقهاتنەوەیە لەوخودایەی کە سزایاندەداتن، چونکە هەردەبێت

بگەڕێندرێنەوە بۆئاینە راستەکەیان یان ئەشکەنجەبدرێن. لەبەرئەوەی کە لەهەموو جێگەیەکدا کەلێنەبوردەیی ئایینی تیادا بڕیارلەسەربدرێت و پیادەبێت، ئەوا لەکردەنەهاتویی دەبێت، کەهەندێك شوێنەواری مەدەنیانە بەجێنەهێڵێت[١]، تەنها هەرئەوەندەش کەئەم شوێنەوارە مەدەنیانەیەی

---

[١] بۆنمونە، هاوسەرێتی، لەبەرئەوەی کەگرێبەستێکی مەدەنیە، شوێنەوارگەلێک مەدەنیانەی هەیە، تاوەکو بەبێ (ئەو) مانەوەی کۆمەڵگە ئاستەنگو ئەکردەبێتو. باواش دابنێین کە {ئەکلیروس} لەبەدرۆ مافی مۆڵەتدانی ئەم گرێبەستە تەنهابەخۆی سەرکەوتوە" ئەوەش مافێکە بەپێویستەکی پێویستە لەهەموو ئاینێکی لێنەبوردەدا، پاوانبکرێت ـ دەستی بەسەردا بگیرێت ـ م.ص ـ، کەواتە ئایا لەوێدا، ئەوە روون و ئاشکرانابێت کەئەم ئەکلیرۆسە، بەم بۆنەیەوە، بەوکارەی کەدەسەڵاتی کلێسایرا داسەپاندووە، دەسەڵاتی پادشای بێتاکامکردووە کاتێک کەهیچ سەرپەرشتکراوێکی لەبندەستراناهێنێت. تەنها ئەوانە نەبێت کەئەکلیرۆس کەرەسەدەکات وەدویانخاتن؟ چونکە زاڵبوون بەسەر هاوسەرێتی، یان ناهاوسەرێتی خەڵکیدا، بەگوێرەی باوەڕداربوونیان بەم یان بەو پێڕەوگەو، بەپێی دانپیانان، یان وەلانان و توردانیان بۆ ئەم داڕشتنە ئاینیە، یان ئەوی دیو، بەپێی ئەوەی کەزیاتر، یان کەمتر دڵسۆزدەبن بۆی، کاتێک ئەو بەلێزانی و پێداگریەوە هەڵسوکەوتدەکات، ئایا ئیتر ئەوە روون نیە کە(ئەو) تەنیا لەبەشکیرییەکان ـ میرات ـ م.ص ـ و فەرمان گوزارییەکان و هاووڵاتیان و تەنانەت لەو دەوڵەتەشدا کەلەتوانایدا نابێت کەبمێنێتەوە دەبێتە هەڵسوڕێنەری، بەلەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە(ئەو) ـ مەبەست لەو دەوڵەتە ئامازە بۆکراوەیە ـ م.ص ـ ئیتر تەنها لەڕۆڵەزۆڵەکان پێکدێت؟ لێ لەوانەشە کەبگوترێت، خەڵکی وەک سنوربەزاندنێکی دەسەڵات، دەتوانن کەفەرمانەکانیرا ـ بڕیارەکانی ـ م.ص ـ دەستپێبکەنەوە، یان دوابخەن بۆکاتێکی دیو، فەرمینامەکان دەربکەون و، دەستبگرن بەسەر دەسەڵاتی ئەمڕۆییدا ـ زەمەنیدا ـ م.ص ـ. نای لەوەکە چەند دیمەنێکی پەژاراوەیە! چونکە ئەگەر ئەکلیرۆس، ناڵێم ئازایەتیەک، بەڵکو هەستێکی دروستی هەبوایە بۆنەوەی ئەم کاروبارانە جێبهێڵێت کەخۆیان بڕۆنە رێوەو بەخۆشی بەرێگەیاندا بڕوات، ئەوا (ئەو) بەهێمنانە دەستپێکردنەوەکان و دواخستنەکان و فەرمینامەکان بەجێدەهێڵێت کەبۆخۆیان، بڕۆنەڕێوە، پاشانیش کۆتاییدێت بەوەیکەببێتە سەرکارێک، چونکە وەک بۆم دەردەکەوێت، کاتێک کەمرۆڤ دڵنیادەبێت لەوەی کەدەستدەگرێت بەسەر گشتدا، ئەوا دانەدەستی بەشێک، قوربانیەکی گەورەنابێت. (١) ئەم تێبینیە، تەنها لەهەندێک کۆپی، یان دانەی چاپە بنەڕەتیەکەدا هەیە، چونکە {رۆسۆ} دوای ئەوەی کەچاپکردنی دەستپێکردبوو داوای لابردنی لەبڵاوکەرەوەکەی کرد، پاشان لەچاپی ساڵی (١٧٨٢)دا دەرکەوت.

(تێبینی بڵاوکەرەوەکان)

هـەبێتن، ئـەوا ئـیتر فـەرمانڕەوا تەنانـەت لـەکاروبارە زەمەنیەکانیشـدا، وەك فـەرمانڕەوا نامێنێتـەوەو بـوونی نابێـت: ئـیتر لـەوێوە کەهەنـەکان دەبنـە سەرکارو، پادشاکانیش لایان، تەنها فەرمانبەرانێك دەبن.

ئێستاش، کەئاینێکی نەتەوەیی تاکبەند نەماوەتەوەو ناشکرێت، یان وردتر بڵێین ناشتوانرێت کەبمێنێتەوە،ئەوا پێویستە دەگـەڵ هـەموو ئـەو ئاینـەی کەدەگــەڵ ئەوانی‌دیــدا لێبــووردەیی دەکــەین، لێبــووردەیی بکرێــت، بەوئەندازەیــەی کەپــەیڕەوەکانی، چــتێکی دژبەئەرکــەکانی هــاووڵاتی لەخۆناگرێت. وەلێ ،هەموو ئەوانەی پڕکێشی بکەن کە بڵێن: بەهیچشێوەیەك لەدەرەوەی کڵێسا ئاشتی بوونی نیە، ئەوا پێویستە کەلەدەوڵەت دەربکرێن ئەگەر بەلانی کەمەوە کەدەوڵەت خودی کڵێسا نەبێت‌و، پادشایش پاپی‌مـەزن نـەبێت، چونکە پـەیڕەوێکی ئاوهـا چاك نیـە، مەگـەر تـەنها لەحکومـەتێکی ئاینیدانـەبێت، کەچـی لەحکومـەتێکی دیـدا ئـەوا زیانبەخشـە، لەڕاسـتیدا ئەوهۆیـەی کـە بەهۆیـەوە (هـۆی چوارەم)، دەوترێـت بـاوەڕی بەکاسـۆلیکیەت هێنـاوە، یـانوەکی‌دی بڵێین هاتۆتەسـەر پـەیڕەوی کاسـۆلیکیەت، پێویسـتە کەبەلای هەموو کەسێکی شەریفەوە ببێتە پاڵنەرێك بۆ وەلانانی - توڕهەڵدانی - م.ص - و، بەتایبەتیش بۆ هەموو پادشایێك کەلەتوانایدایە بیربکاتەوە.

# جومگەی نۆهەم

## ((کــــــۆتــــــایی))

دوای ئەوەی کەپرەنسیپە راستینەکانی یاسای سیاسیمان داناو، هەوڵماندا کەدەوڵـــەت لەســـــەربناغەی وی دابمەزرێنین،ئـــەوا ئـــەوە دەمێنێتـــەوە کەبەپەیوەندیە دەرەکیەکانی پشتگیری بکەین‌و، ئەمەش هەریەك لەیاسای نێودەوڵەتی‌و بازرگانی‌و مافی جەنگ‌و داگیرکردنەکان‌و یاسای گشتی‌و وتووێژەکانی- Thenego- و بەڵێننامەکان‌و هتد... دەگرێتەوە، لێ ،هەموو ئەمانــە بــەخۆیان بابــەتێکی نــوێرا پێکــدەهێنن، کەلەدیــدو تێڕوانینــی تەسکی(من) فراوانترە، چونکە لەسەرمبوو کەوای لێبکەم جێگیرتربێت لەوەی کەلەمنەوە نزیکە .

## فەرهەنگۆكی هەندێك چەمك و ناو

**لەبەر هەبوونی كۆمەڵێك وشە و چەمك و ناوی كەس و شوێن لەم دانراوەیە دا ، وام بە چاكزانی كە بەژێدەر دایان نەنێم ، بەڵكو لە پاشكۆی كتێبەكەدا بە فەرهەنگۆكێكی تایبەت بیانخەمە بەردەم**

**كایوس كالیگۆلا** : لەسالأنی ( ١٢ــ ٤١) پێش زاین ئیمپرا تۆری ڕۆم بووە .

**لیكۆرگ** : یلسادانەری ئەفسانەكانی ئەسپارتەیە لەسەدەی نۆی پێش زایندا.

**نوما** (پۆمپیلیۆس) (٧١٥ـ ٦٧٢) پ.ز : دووەمین فەرمانڕەوای ئەفسانەكانی ڕۆمە .

**سیر فیوس** ( تیلویس ) (٥٧٨ ــ ٥٣٤) پ.ز شەشەمین فەرمانڕەوای ڕۆمە .

**پرۆسیۆس** ( ٨٥ ــ ٤٢ ) پ . ز : سیلسیەكی ڕۆمە .

**شیشرۆن** ( ١٠٨ ــ ٤٣ ) پ . ز : گوتار بێژ و سیلسەت مەدارێكی ڕۆمە .

**تاركوین** ( ٥٣٤ ــ ٥٠٩ ) پ. ز : دوا پاشای ڕۆمە .

**پۆلیب** ( ٢٠٢ ـ ١٢٠ ) پ . ز : مێژوو نوسێكی ڕۆمە .

**ماریۆس** ( ١٥٧ــ ٦٨ ) پ.ز : ژەنەڕاڵ و سیلسەتمەدارێكی ڕۆم.

**سیلا** ( ١٣٨ ــ ٧٨ ) پ . ز: = = = .

**پۆمپ** ( ١٠٦ ــ ٤٨ ) پ . ز : = = = .

**كەیسەر** ( ١٠١ ــ ٤٤ ) پ . ز : = = = .

**سكافیولا** : پاڵەوانی ئەفسانەی ڕۆمەكانە لە جەنگدا ، كۆتایی سەدەی شەشەمی پێش زاین .

**كاتیلینا** ( ١٠٨ ــ ٦٢ ) پ . ز : سیلسەتمەداری ڕۆمەكان .

**فابیۆس** ( ٢٧٥ ـ ٢٠٣ ) پ . ز : سەرکردەو سیلسیەکی ڕۆمەکانە .

**ئیفۆرس** : ئەو پێنج دادوەرە بوون کەلە ئەسپارتە کاریان تەنها بریتی بووە لە رلستکردنەوەی تواناو دەسەلاتی پادشا و ئەنجومەنی حوکم ( سەنا).

**ئاگیس** : دوا پادشای ئەسپارتیەکانە کە پیلانی لەدژی (لیونداس ) ئەنجامداوە ، لەسالی ( ٢٤٠ ) پ . ز ، لەزیندانداندا لەسەر دەستی ئەفوریەکان کوژراوە .

**سان ئۆگست**(٣٥٤ ـ ٤٣٠ ) ز ، قەشەی بەناو بانگی ئەفریقی و ناودار ترین

**سان جۆست** (١٧٦٧ ـ ١٧٩٤ ) سیلسەتمەدارێکی فەرەنسیەو یەکێك لە شۆڕشگێڕانی سەرسەختی لایەنگری ( ڕۆبسبێر) و ئەندامی ئەنجومەنی شۆڕشی فەرەنسا ، سەری بە مەقسەڵە بڕدراوە .

**تۆماس هۆبس** ( ١٥٨٨ـ ١٦٧٩ ) فەیلەسوفی ئینگلتەراییە ، بەلای هۆبسەوە حکومەتی پادشاکان بلشترینی حکومەتەکانە .

**زیۆس** ، یان ژۆپیتەر : خودای خوداوەندەکانە .

**جان بۆدان** ( ١٥٣٠ ـ ١٥٩٦ ) فەیلەسوف و زانای ئابوورینلسی فەرەنسیە .

**دیدرۆ** (١٧١٣ ـ ١٧٨٤ ) :نوسەر و مێژوو نوسی فەرەنسی .

**کالڤین** ( ١٥٠٩ ـ ١٥٦٤ ) : زانای ئاینی و نوسەری فەرەنسی و یەکێك لە رابەرانی بزاڤی ریفۆرمگەریی ئاینی پرۆتستانتی .

**کرۆمۆیل**(١٥٩٩ ـ ١٦٥٨ ) : سیلسیەکی ئینگلیزیە .

**داڤید هیوٚم** ( ١٧١١ـ ١٧٧٦ ) فەیلەسوفێکی ئینگلتەراییە .

**گرۆتیۆس** (١٥٨٣ ــ ١٦٤٥) مافناس و سیلسیەکی هۆڵندیە .رۆسۆ هەردوو (هۆبز)و (گرۆتیۆس ) بەبونیاتنەرانی دیکتاتۆریەت دادەنێت .

زانای ئاینی کەنیسەی کلسۆلیکیە.

**دالامبیر** : (١٧١٧ــ ١٧٨٣) : فەیلەسوف و نوسەر و ماتماتیکزانی بەناو بانگی فەرەنسیە ، یەکێکە لە گرنگترینهاوکارانی(دیدرۆ)لەدانانی(دائیرەتولمەعاریف) دا.

**مۆلوك**: خودای کەنعانیەکان بووە کە بنەماڵەی ئیسرئیل ئەویان پەسەند بووە.

**ساتور ن** : خودای رۆمانیەکانە .

**کرۆنۆس** : خودای یۆنانیەکانە .

**بەعل** : ناوی خودای هەر یەك لە ئەرمەنی و فینیقی و کەنعانیەکانە .

**ئامۆنی** : گەلانی کۆنی دانیشتوی کەنارەکانی روباری ئوردونن کەبەردەوام دەگەڵ ئیسرئیلیەکاندا دەجەنگدابوون .

خراوەتەسەر ئیتالیا .

**رۆم** : وشەیەکی یۆنانی گریکیە و بەواتای توانا دێت .

**نۆما** : وشەیەکی گریکیە و بەواتای یلسا دێت .

**تریبن** : لەوشەی تریبوو ( هۆز ) ەوەها تووە ، ، بەواتای نوێنەر یان کارمەندی هۆز دێت ،لە رۆمانی دێریندا کارمەند یان ئەفسەری رۆمی ، یەکێك لە و شەش کەسە بوون کەلەلایەن کۆنسوڵەکانی رۆمەوە دەستنیشانکراون . بەلام لەکۆماری رۆمدا ، بەو نوێنەرو کارمەندانە گوتراوە کەلە لایەن خەڵکی ئلساییەوە بۆبەرگریکردن لەمافەکانیان هەڵبژێردراون .

**خاچ** : سیمبولی مەسیحیەت و ( باز ) یش ، سیمبولی ئیمپراتۆری رۆمە .

**کۆسمۆپۆلیتی** : بەواتای نانیشتیمانیەت دێت ،واتە نێو نەتەوەیی .

**تارینت** : یەکێکە لە شارە دێرینەکانی یۆنانی مەزن ، کەلە ساڵی (٢٧٢) پ.ز،

**کاتون**(٩٣ ــ ٤٦ ) پ . ز : سیلسیەکی ڕۆم .

**تاسیت** ( ٥٥ ــ ١٢٠ ) ز : مێژوو نوسی لاتینی .

**ئۆتۆن** ( ٣٢ ــ ٦٩ ) ز : ئیمپراتۆری ڕۆمانی.

**دانتۆن** ( ١٧٦٧ ــ ١٧٩٤ ) شۆڕشگێڕێکی بەناو بانگی فەرەنسیە و هاوڕێی ڕۆبسبێر ، سەری بە مەقسەڵە بڕدراوە .

## تێبینیگەلێك پێویست

١- تەواوی هێلّ بەژێر هێنانەکانی ناو ئەم دانراوەیە ، دەگەڕێتەوە بۆوەرگێڕی کوردی و ، وشەو زاراوە تۆخکردنەوەکانیش هی وەرگێڕی عەرەبیە.

٢- بەدوای لێبوردن لە خوێنەر و بەدوادا چوانی بەڕێزی پڕۆژە ئیدیایەکی خۆم ( زنجیرەی نوسراوە نەتەوەییەکان ) کەماوەی (٣) سالّی تەواوە ، نەمتوانیوە هیچ بەرهەمێکی نوێی تری لیّ چاپ و بلاڤ ڤەکەم . بەهۆی دژواری باری گوزەرانم ، کەماوەی گونجاوی وەهای پێنەداوم بۆنوسین و چاپکردنی (٢ ــــ ٣ ) بابەتی ئامادەی تری ئەو زنجیرەیە . بەهیوام لە داهاتوی نزیکدا ، دەستیانبدەمێ .

٣- بەپێویستم نەزانی هەموو جیاوازیەکانی نێوان هەردووك وەرگێڕانە فارسی و عەرەبیەکە ، هێما بەندی بکەم ، لەبەر ئەوەی دژواری زۆری بۆخوێنەری کوردیی پێکدەهێنا ، هەربۆیەکە لەزۆر بەی جیاوازیەکاندا ، گونجاندنی درووستم ئەنجامداوە .

م.ص

# پێڕست

**بابەت ـــــــــــــــــــــــــــــــــــــــ لاپەڕە**

پێشکەشکردن ........................ ١
ئاخاوتنی وەرگێڕی کوردی ........................ ٧
گافەکانی ژیانی رۆسۆ ........................ ١١
پێشەکی ........................ ٢٢
سەبارەت بە گرێبەستی کۆمەلایەتی ........................ ٤٨
جەمگەی یەکەم
بابەتی ئەم نوسراوەی یەکەمە ........................ ٥٠
جومگەی دووەم
سەبارەت بە کۆمەیلگابەراییەکان ........................ ٥٢
جومگەی سێهەم
سەبارەت بە مافی بەهێزەکان ........................ ٥٦
جومگەی چوارەم
سەبارەت بەکۆیلایەتی ........................ ٥٨
جومگەی پێنەم
بەردەوام پێویستە بگەڕێینەوە رێککەوتنی یەکەم ........................ ٦٧
جومگەی شەشەم
سەبارە بە پەیماننامەی کۆمەلایەتی ........................ ٦٩
جومگەی حەوتەم
دەستەی دەستەلاتدار ........................ ٧٥
جومگەی هەشتەم
سەبارەت بە حالتی مەدەنی ........................ ٨٠

جومگەی نۆیەم
سەبارەت بە موڵکدارێتی پارەو پووڵ ........................٨٢
نوسراوی دووەم
جومگەی یەکەم
مافی فەرمانڕەوایی دەستی لێبەر نادرێت ........................٨٨
جومگەی دووەم
مافی فەرمانڕەوایی دابەش نابێت ..............................٩١
جومگەی سێهەم
دەکرێت ئیرادەی گشتی هەڵە بکاتن .........................٩٥
جومگەی چوارهەم
سەبارەت بە سنووری دەستەڵاتی فەرمانڕەوایی ...............٩٨
جومگەی پێنجەم
سەبارەت بە مافی ژیان و مردن ..............................١٠٦
جومگەی شەشەم
سەبارەت بەیاسا ..........................................١١٠
جومگەی حەوتەم
سەبارەت بە یاسا دانەر ....................................١١٧
جومگەی هەشتەم
سەبارەت بەگەل ...........................................١٢٥
جومگەی نۆهەم
سەبارەت بە گەلی "پاشکۆ" ..............................١٢٩
جومگەی دەهەم
سەبارەت بەگەلە "پاشکۆکان " .............................١٣٤
جومگەی یازدەهەم

سەبارەت بەڕژێمە تەشریعیە جیاوازەکان ........................ ١٤٠
جومگەی دوانزەهەم
دابەشکردنی یاساکان ............................ ١٤٤
نوسراوەی سێهەم ................................. ١٤٧
جومگەی دوهەم
پرەنسیپێك کە کۆڵەکەی شێوە جیاوازەکانی حکومەتە .......... ١٥٨
جومگەی سێهەم
دابەشکردنی حکومەتەکان ............................ ١٦٤
جومگەی چوارهەم
سەبارەت بەدیموکراتیەت ............................ ١٦٧
جومگەی پێنجەم
سەبارەت بە ئۆرستۆکراتیەت.............................. ١٧٢
جومگەی شەشەم
سەبارەت بەپادشایەتی ............................ ١٧٧
جومگەی حەوتهەم
سەبارەت بەحکومەتە تێکەڵەکان.......................... ١٨٨

جومگەی هەشتهەم
سەبارەت بەوەی کەهەر دەسەلاَتێك بۆهەموو ولاَتێك گونجاو نیە .١٩١
جومگەی نۆهەم
نیشانەکانی حکومەتی چاك ............................ ٢٠١
جومگەی دەهەم
دەستەلاَت خراپ بەکار هێنانی حکومەتو گەیشتنی بە گەندەڵی ..٢٠٤
جومگەی یانزەهەم

سەبارەت بەمردنی دەزگای سیاسی ........................٢٠٨
جومگەی سیانزدە هەم
دەستەلأتی فەرمانڕەوا چۆن خۆی دەپارێزێتن "پاشبەند".. ....٢١٣
جومگەی چواردەهەم
دەستەلأتی فەرمانڕەوا چۆن خۆی دەپارێزێتن "پاشبەند" ......٢١٦
جومگەی پانزەهەم
جێگرەکان یان نوێنەرەکان ...............................٢١٨
جومگەی شانزدەهەم
دامەزراندنی حکومەت هەرگیز گرێبەست نیە ..................٢٢٦
جومگەی حەڤدەهەم
سەبارەت بەدامەزراندنی حکومەت ...........................٢٢٩
جومگەی هەژدەهەم
ئامرازەکانی ڕێنەدان بەدەستدرێژیەکانی حکومەت ..............٢٣٢
نوسراوی چوارەم
جومگەی یەکەم
ئیرادەی گشتی بەردەوامە و لەکار ناکرێتن ...................٢٣٦
جومگەی دووهەم
سەبارەت بەدەنگدان ........................................٢٤١
جومگەی سێهەم
سەبارەت بە هەڵبژاردنەکان ..............................٢٤٦
جومگەی چوارەم
سەبارەت بە ئەنجومەنەگەلیەکانی رۆمان .......................٢٥٠
جومگەی پێنجەم
پۆستی پارێزەری گەل .....................................٢٦٩

جومگەی شەشەم
سەبارەت بەدیکتاتۆریەت ........................................ ٢٧٣
جومگەی حەوتەم
سەبارەت بەچاودێری ........................................ ٢٧٩
جومگەی هەشتەم
سەبارەت بە ئاینی مەدەنی ........................................ ٢٨٣
جومگەی نۆهەم
کۆتایی ........................................ ٣٠٢
فەرهەنگۆك ........................................ ٣٠٣
تێبینییەکانی پێویست ........................................ ٣٠٧